قوربانیی ژماره ٢٥٦

**تێبینی:**

نووسەر یەکەمجار ناونیشانی ڕۆمانەکەی کردبووە (قربانی شماره ٢٥٦)، بەڵام دەزگای بڵاوکردنەوەی چاپە تی بە (کلاغی لای موهایم)، ئێمە بۆ چاپە کوردییەکە، لەسەر ڕەزامەندیی نووسەر ناونیشانەکەی پێشتر (قوربانیی ژمارە ٢٥٦)مان بۆ دانایەوە، کە زیاتر گوزارشت لە نێوەرۆکی ڕۆمانە دەکات.

# قوربانیی ژمارە ٢٥٦

گەلاوێژ نەزەریان

بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا

قوربانیی ژمارە٢٥٦
بابەت: ڕۆمان
نووسین: گەلاوێژ نەزەریان
بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا
تایپ: زریان ڕێباز
پێداچوونەوە و هەڵەچنی: حوسێن مستەفا
دیزاین و بەرگ: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی هێڤی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢ - هەولێر

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ٢٥٣ ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە.
مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

«باشتر وایە هەر لە ئێستاوە ئەوە بڵێم کەوا تۆ لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا ڕووبەڕوو نیت، من ڕێک دوو ساڵ بە ئەندازەی دوو سەدە، لە گەڕەکی قاوەچییەکان لەنێو کەسانێکدا ژیاوم، کە هەر یەکەیان لە نێو تیرەیەکی یاجووج و ماجووجەوە هاتبوون و خۆیان وەک پەیامبەری عەشق دەناساند و ...، من زۆر زوو لەنێو ئەوانەدا گەورە بووم، تەنانەت گەورەتر لە حەسەنی سمێڵ قیت، کە قاچێکی لە لێوی گۆڕ بوو و ناوی هەموو فەیلەسوفەکانی جیهانی دەزانی».

***

ئەوەتەی کۆچ هەیە، کۆچ ئەکەم
ئەوەتەی گڕ هەیە، ئەسووتێم
ئەوەتەی ئاو هەیە، ئەخنکێم
ئەوەتەی تیخ هەیە، قوربانییم
ئەوەتەی خاک هەیە، بێ خاکم
ئەوەتەی شاخ هەیە، من تلۆر ئەبمەوە
ئەوەتەی دار هەیە، لێی ئەدرێم
من لە پێش مووساوە ئاوارەم
پێش مەسیح من خاچم
پێش قورەیش من زیندەبەچاڵ و
پێش حسێن من سەری بڕاوم
ئەنفالە ئەنفالە ئەنفال...

## ١
## ئێرە دوورگەی هەزار داستانە.**

داپناسۆر گەڕاوەتەوە شار. دونیا لە قەندیلەیەک دەچێت، ڕێگاکان سەهۆڵبەندانن و مرۆڤگەلێکی زۆر بە چاوی هەڵتۆقیوی وەکو هەڵوژەی گەییو بە دەمی داپچڕاو و نیوەکراوەیانەوە، کە جگەرەیەک بە لالێویاندا لار بووەتەوە، دەخولێنەوە و دەڵێن مەرگ، ڕاستیش دەکەن، مەرگ...

کاتژمێرەکەی تۆ نازانم، بەڵام کاتژمێری ماڵی ئێمە لە دووی نیوەشەویش لای داوە. کەڵەشێرێک لەسەر بانی ماڵێکدا دەقووقێنێت، دەڵێی کەسێکی لەنێو قوڕگیدا سەردەبڕن. ئێژن لە نیوەشەودا قووقەی کەڵەشێر شوومە. ئەمەیان تەنانەت ئەو پشیلەیەی دراوسێشمان، کە عومەری شەهلا چەند ڕۆژێک پێشتر هاوجووتەکەی لێ کوشت، دەیزانی. حەسەنی سمێڵ قیت ڕاستی دەکرد، کە لەم شارەدا شتگەلی سەیر و سەمەرە زۆرن، کەسانێک، کە نیوەڕۆیان دەزریکێنن و دوای کەمترین پەلەقاژە بۆ مانەوە لە ژیان، بەلادادێن و دەمرن؛ کیسەڵان دەبینین، کە لە چەند ڕیزی هاوتەریبدا پێکەوە بە ئاسماندا دەفڕن، ئەوەش کەی! لەو زستانانەدا، کە بۆنی میوەی گەییو لە درەختە ڕووت و بێبەرەکانەوە ئەم ناوە دادەگرێت؛ کەواتە خوێندنی کەڵەشێر لە نیوەشەودا پێناچێت هێندەش شتێکی سەیر بێت. خەریک بووم بە دزیی باپیرەم ئەم قسانەم بە

ورتە ورتێکەوە لەگەڵ بووکەڵەکەم دەکردن...

ئەو شەوە شەوێکی سەیر بوو، لانی کەم من وام بیر دەکردەوە. باپیرە، کە ڕاستییەکەی دەیکردە باوکی عومەری شەهلا، وەکو کەچەلێفێکی گەورە لە کونجێکی هۆڵەکەدا کەوتبوو. قاچەکانی ئاوسابوون و هەرچەندەی مەڵهەمم تێهەڵدەسووین ئاوسانەکە نەدەنفایەوە و تا دەهات زیاتر دەبوو؛ پێستی تەنک بووبوو و شتێکی لەژێر پێستە تەنکەکەیدا دەجووڵا، باپیرە دەیگوت بایە و زیاتر لە ئاو دەچوو، لاجانگەکانی دەرپەڕیبوون و سەرپەنجەی قاچی ڕاستی کەمێک قەڵشیبوون و زۆری نەمابوو لێکهەڵبزڕێن و قورسایی نەمێنێت و وەک قەلاشک بە هەوا بکەوێت.

ئازاری هەبوو، ئازاری کەسێک، کە میزی گیرابێت، بەڵام کپ و بێدەنگ بوو. لێوەکانی وەکو سێگۆشەیەکی شکاویان لێ هاتبوو، لیکاویان پێدادەهاتە خوار و پەڵەیان لەسەر بەرچێری** کراسەکەی جێدەهێشت، بەڵام نیگای لەسەر دیوارەکە گیرسابووەوە، لەو شوێنەی، کە وێنە لەچوارچێوەگیراوەکەی عومەری شەهلا و ئەو دوو کوڕانەی دیکەی، کە یەکێکیان لاوازێکی باڵابەرز بوو، دەتگوت سیمێکی بادراوی لاربووەوەیە، من ئەوم قەت نەبینیبوو، بەڵام هەر کاتێک بە لای وێنەکەیدا ڕەت دەبووم هەستم دەکرد خەریکە بە چاوی چەپی، کە ئیدی لەسەر ڕوخساریدا بەدی نەدەکرا لەسەر ئەو کارتۆنە ساف

و بریقەدارەوە ورد ورد لێمەوە ڕاماوە، بە شێوەیەک لێم نزبووەتەوە**، کە بیەوێت بە قینەوە بڵێ ئاسۆ و نەتوانێت هیچ بڵێ و زمانی لە گۆ بکەوێت...، بەڵام کوڕەکەی دیکەی نێو چوارچێوەکە بە نیگایەکی ساردەوە تا ئەژنۆی چەقیوەتە نێو بەفر و بە دوو چاوی ڕەش و بەقووڵداچوویەوە لە خاڵێکدا نز بووەتەوە، وەک نزبوونەوەی جانەوەرێکی مردوو و بەسەهۆڵبووی بە عەرزەوە نووساوەوە، کەوتبووە نێو ڕووباری سیروان و ئاوەکە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کردبوو و هەرگیز تەرمەکەی نەدۆزرابووەوە و ئێستا من لە وێنەی ئەو سێ کوڕە، تەنیا عومەری شەهلا دەناسم، کە بەشێکی لە هەر یەک لە دوو برایەکەی هەڵگرتبوو، بە سمێڵی بابڕ و لە بناگوێوە تێپەڕیوی، کە نووکی لاسمێڵێکی دەگەیشتە لوولەی ئەو تفەنگەی بە دەستیەوە بوو و پەنجەکانی گۆد کردبوون.

باپیرە بەرامبەر بە دەرد و ئازار زۆر خۆڕاگر بوو، بە شێوەیەکی سەیر مرۆی سەرسام و دەستەپاچە دەکرد. منیش دەستەپاچە بووبووم، بەڵام بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکەی هیچ شتێکم لە دەست نەدەهات، ئەو قیچە مەڵهەمە (ئەمیل تانج)**ەی مابووەوە بە دەستەپاچیەوە لە قاچەکانیم هەڵسووی، بە خێرایی هەستام، دەستم بە جلەکانم سڕینەوە و بۆ سێیەمین ژوور، کە لەوسەری هۆڵەکەوە بوو گەڕامەوە.

شتێک وەک بڵێی ڕۆشناییێک بێت لەنێو ژوورەکەدا

هەناسەی دەدا و بە ئەسپاییێکی زۆرەوە هەناسەی دەدایەوە، ماڵەکە لە پڕێکدا کپ و بێهەست و خوست بوو و وەک بڵێی یەکێک لەنێو ئەو بێدەنگییەدا گوتی: 'ئاسۆ'...

ئاوڕێکم دایـەوە، ماڵ بۆ ساتێک کەوتە نێو تاریکییێکی خەست؛ دایکم بوو سێ جار هـاواری کرد: 'ئاسۆ'... و من هەرچەندی هەوڵم دا لە شیپانەی دەرگاکە ڕەت ببم نەمتوانی، هەندێ جار وا بیر دەکەمەوە کەوا عومەری شەهلا بزمارێکە و لە هەر جێیەک مرۆڤ وەگیر بخات توند بە عەرزیدا دەکوتێت، بە شێوەیەک، کە جووڵە و بڕستی لێ زەوت دەکات، ئەوساش هەر ئەو هەستەم هەبوو، کە هەنووکە هەمە، وام هەست دەکرد کەوا عومەری شەهلا بە قاچەکانمەوە چەسپاوە و بە هەموو هێزییەوە بە عەرزیمدا دەباتە خوار.

لەنێو ئەو تاریکییەدا دوو دەست کەوتنە سەر شانەکانم و گوتی: 'بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟'.

خێرا ئاوڕم لێ دایەوە و گوتم: 'عومەری ش...ش...›.

دایکم سەرمی خستە سەر سنگی و بە ئەسپاییەوە گوتی: 'مەترسە هێشتا نەگەڕاوەتەوە!'.

ویستم باوەش بکەم بە دایکم و توند بیگرمە ئامێزمەوە، بەڵام هەرکە دەستم بە دەوری کەمەریدا هەڵقە کردن، سێبەری لەژێر قاچەکانمدا خوشی و ڕێک لەژێر ڕووناکایی ئەو زۆپا نەوتییەی، کە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بوو، ئاسەواری نەما.

بە شڵەژاوییەوە بەرەو لای زۆپاکە چووم، کە وەکو کیسەڵی ئاوی تەنیا سەری بە دەرەوە بوو و دووکەڵێکی تەنکی لێ هەڵدەستا.

بە هێواشییەوە گوتم: 'فتیلەی ئەم زۆپایە سووتاوە!'.

وەک ئەوەی دەنگێک لەنێو دووکەڵەکەوە باگۆم بداتەوە بە نزمی گوتی: 'فتیلەی ئەم زۆپایە سووتاوە!'.

لە هەموو لایەکەوە دەنگە دەنگ بوو، دەنگی هەراوزەنای پچڕپچڕ، دەنگەکە لە دەرەوە خۆی بە ژووریدا دەکرد و دیسان لە ژوورەوە دەرژایەوە کۆڵان. لەو شەوەدا ئەو جۆرە دەنگانە لە هەموو ماڵێکدا دەبیستران، نازانم بۆچی هەموو جارێکیش گشتمان وامان هەست دەکرد یەکێک خەریکە شوێنمان ئاشکرا دەکات، یەکێکی وەکو عومەری شەهلا؛ ئاخر ئەو جاش بوو. ئەم وشانە، داویین وشە بوون، کە لە دەمی باوکمەوە بیستبوومن، بێگومان مایەی سەرسوڕمانیش نەبوو، کە باوکم بەر لە مردنی بە عومەری شەهلای گوتبوو جاش، لەو سەردەمەدا بەو کەسانە دەگوترا جاش و خۆفرۆش، کە دەستیان لەگەڵ سەربازانی عێراقیدا تێکەڵ دەکرد و یارمەتیی سەدام حوسێنیان دەدا؛ خۆفرۆشەکان لە خۆمان بوون و ئاگایان لە هەموو شتێکی ئێمە هەبوو، تەنانەت ئاگایان لە هەناسە هەڵکێشانیشمان هەبوو و عومەری شەهلا یەکێک لەو

خۆفرۆشانە بوو، کە شوێنەکەمانی بۆ یەکێک ئاشکرا دەکرد.

دەستمم خستە بناگوێم، هەر لەوێدا لە تەک زۆپا نەوتییەکە دانیشتم و لە پەنجەرە چوارگۆشەیی و بچوکەکەی ژوورەکە ڕامام، کە پارچەیەکی گوڵداری پێدا هەڵواسرابوو و بۆی هەبوو هەندێ لە دەنگەکان بگرێتەوە و لەنێو خۆیدا گلیان بداتەوە، بەڵام سێبەرەکان نا، خەڵکێکی زۆر، وەک ئەوەی سێبەر بن تا ئەوسەری کۆڵانەکە دەچوون و زۆر خێرا دەگەڕانەوە، وەک ئەوەی لەسەر هێڵێکدا قورمیش کرابن و ئەو شەوە بە بیر خۆم دەهێنمەوە و هەمووی بیر لەوە دەکەمەوە، کە ئەو هەموو خەڵکە چۆن ئاوا لە یەک کاتدا دەیانتوانی ئاوا بە وردی پێکەوە بەسەر هێڵێکدا بڕۆن و ئەو هەموو قسەیە چی بوو دەیانکرد، ئەویش یەکبێن و پێکەوە..

پێنەدەچوو لەم کۆڵانە و لە کۆڵانەکانی دیکەشدا هیچ کەس خەوتبێت، نەخۆشیی بێخەوی بڵاو بووبووەوە و ماڵی ئێمەشی گرتبووەوە.

هەوا سارد بوو.

دایکم لە ژوورۆچکەکەی ئەوسەری حەوشەکە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، خشەخشی سۆڵەکانی** هیچ دەنگێکی تایبەتیان نەبوو، بەڵام نازانم مرۆڤ بۆ وای هەست دەکرد شەکەتییێکی فریودەرانە و نهێنییانە قاچەکانی خواردبوون و هەزار ساڵ زیاترە ئەو کەمئەندامیکی بەجووڵەیە...

دەستی بوکەڵەکەمم گرت و لەگەڵ خۆمدا ڕامکێشایە ژێر پەتۆکەم، لە ژێرەوە سێبەری دایکمم، کە دووبارە هاتبووەوە ژوورەوە و کەمێک لە خۆی درێژتر بوو سەیر کرد، ئەو خەریک بوو شتێکی دەخستە نێو لاپەڕەکانی قورئانەکە و بە ئارامییەوە دەیگوت: ‹خوایە بەزەییت پێماندا بێتەوە›.

ڕۆژانە نزیکەی دووسەد و پەنجاوشەش جار ئەم ڕستەیەم لە دەمی دایکمەوە دەبیست و هەر جارێکیش بۆ من واتایەکی تازەی هەبوو.

باپیرە، کەی؟ نازانم، بەڵام لەژێر ئەو دوو پەتووە قورسە هاتبووە دەر و بەو قاچە ئاوساویانەیەوە وەکو کەمانێکی کشراو لەنێو شیپانەی دەرگادا وەستابوو، دەنگی ئەگەرچی غەمگین بوو، بەڵام بە شێوەیەکی سەیر خەوی بووکەڵەکەمی زڕاند و سێبەری دایکم لە هەمان شوێن لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا توایەوە و نەما.

باپیرە گوتی: ‹سبەی سەری ئەم کەڵەشێرە دەبڕم؛ فێر بووە لە کات و ناکات دەخوێنێت!›.

دایکە ئاوڕی دایەوە و بە خەمگینییەوە گوتی: ‹کەڵەشێرەکانی دیکەشی وروژاندوون! شار یەکپارچە پڕ بووە لە قووقەی کەڵەشێران›.

باپیرە ناڵاندی و بە حەسرەتێکەوە گوتی: ‹پێویستە هەموویان لە شیش بدرێن!›.

دایکە گریا و کەڵەشێرەکە سێ جاری دیکەش قووقاندی.

هەم دایکم و هەم باپیرە ترس سیمای هەردووکیانی دایگرتبوو، هەردووکیان لە ترسان خەویان لێ نەدەکەوت. ئاخر ئەمە یەکەم جار نەبوو کەوا کەڵەشێرێک نیوەشەو لەسەر باناندا بخوێنێت و بەیانییەکەی گێژەڵووکەیەک هەڵنەکات، لافاوێک ڕانەسێت، ئەستێرەیەک نەکەوێت و...

بۆچی درۆ بکەم منیش ترسابووم، بەڵام زیاتر لەوە دەترسام خەوم لێ بکەوێت، ئینجا باپیرە بووکەڵەکەم ببینێت و بەگژمدا بێتەوە. ئاخر لەو کاتەوەی، کە باوکم لە ئەنفال نەگەڕابووەوە ئەو لە نەبوونی عومەری شەهلادا پیاوی ماڵەکە بوو و هەر ئەوەش هێزی ئەنجامدانی زۆر کاری پێدابوو. کارگەلێک، کە...

ڕۆژی یەکەم، کە زانیم ئەنفال ناوی هیچ شارێک، یان شوێنێکی دیاریکراو نییە، خەم دایگرتبووم و چوومە نک دایکم و بۆ هەزارەمین جار لێم پرسی: 'دایە ئەنفال چییە؟'.

لێ دایکم وەک هەموو جارەکان پەنجەی خستە سەر لێوی و بە دەنگێکی نزم و بە یەک ڕستەی دووبارەکراوەوە : «وسسسس، عومەری شەهلا و باوکی گوێیان لێ دەبێت و..."

وەڵامی دابوومەوە و ئەمن دیسان دەبوا بێدەنگیی لێ بکەم.

«گەورەکان هەموویان وەکو یەکن، هیچ کات نایانەوێت ئەوە تێبگەن، کە مرۆڤ ئەگەر تەمەنی بچوکتر و بەژنی

کورتتریش بێت، مانای ئەوە نییە لە شتەکان نەگات، بەڵکو ئەویش دەتوانێت لە ڕووداو و سەربردەکان بگات و بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆی هەڵیان بسەنگێنێت. من لە ئەنفال تێدەگەیشتم، بە وێناکردنێکی زۆر هۆڤناکتر**، لێ دایکم هەمیشە ئەوەی نەدەزانی و قرچۆکانە** هەوڵی دەدا لێم بشاریتەوە. نە، بە هەڵە تێمەگە ئێستا بە نیاز نیم باسی ئەنفالت بۆ بکەم، یان قسە لەبارەی داوەریکردنی گەورەکانەوە بکەم، تەنیا گەرەکمە بزانی، کە خوێندنی کەڵەشێر لە نیوەشەودا بە ڕاستی واتایەکی باشی نابێت».

–دایکم دووبارە گەڕایەوە ژوورۆچکەکەی ئەوسەری حەوشەکە و جاڵجاڵۆکەکەش تەونی خۆی ڕاچاندبوو. لێ باپیرە هەر لەوێ لە لای دەرگاکەوە لەسەر چیچکان ڕونیشتبوو و نەدەجوولا، کەڵەشێرەکە بۆ جاری هەشتەم قووقاندی و کڕ بوو. ڕووناکییێکی کز تاوناتاوێک لە کۆڵانەکەی دەدا و خێرا ون دەبوو و نەدەما، بەڵام ژوورەوە هەر تاریک بوو و قاچەکانی باپیرە لەنێو ئەو تاریکییەدا تا دەهات زیاتر دەئاوسان و دەنگێکیان لێوە دەهات، دەنگێک وەک قاشکردنی کاڵەک لە هاویندا؛ لە ترسی عومەری شەهلا و تاریکی و زۆر شتی دیکە سەرم خستبووە ژێر دوو پەتۆی گەورەوە، کە یەکێکیان پەتۆیەکی زەرد بوو نەخشی پڵنگێکی لە کاتی ڕاکردنی لەسەر بوو و ئەوەی دیکە پەتۆیەکی نارنجی ڕیشوەدار بوو و هیچ

نەخشێکی لەسەر نەبوو، هەردوو پەتۆکە و چەند دانەیەکی دیکەش یەکێک لە هـاوڕێ کۆنەکانی عـومـەری شەهلا بۆ پێبووکانەی** دایکم لە کوەیت بۆی هێنابوون، لە سەدەقەی سەری دایکە ئەم دوو دانەیان بە من درابوون و من ئێستا لەژێر ئەو دوو پەتۆ گەورەیەدا وەکو سەگێک، کە شۆربای داغیان کردبێت بە قوڕگییەوە، خەریک بووم دەنگەکانم لە قوڕگمدا دەجووین و خڕە خڕم دەکرد، هەستم دەکرد شتێک لە دڵمدا خەریکە دەخلیسکێ، شتێکی وەک ماسی، یان بۆقێکی زۆر گەورە، بە تەواوی نازانم، وابزانم دایکیشم هەمان ئەو هەستەی منی هەبوو، ئاخر هیچ ئۆقرە و حەجمێنی نەبوو، بــەردەوام دەستی لەسەر دڵـی بـوو، توند فشاری دەدا و بێپسانەوە دەیناڵاند.

سەیرێکی دایکمم کرد و خێرا خێرا سـەرم بۆ جاری هەشتەم خستەوە ژێر پەتۆکە و چاوم نوقاندن، لەناکاو گرانایی دەستی دایکم کەوتە سـەر سـەرمـەوە، هـەر وەک گرانایی پەتۆکانم هەست پێکردبوو ئاوا گرانایی دەستەکانی ئەویشم هەست پێکرد، بە دەستی چەپم پەتۆکانم لەسەر ڕوخساری خۆم لادان، ئێستا ئیدی بە ڕوونی دەمتوانی دەستەکانی ببینم، ئەو دەستەی، کە زۆر مافووری پێ چنیبوون و زۆر جاران لەبەر کەمتەرخەمیکردن بڕیبوونی، بە هەمان ئەو چەقۆیەی زۆر جاران باپیرە هەڕەشەی پێ لێ کردبووم، کە گوێیەکانم

دەبڕێت و هەڵیان دەداتە بەر پشیلەکانی عومەری شەهلا، دەستێک، کە ئێستا ئیدی دەستی هەمووان بوو و چیدی دەستی خۆی نەبوو...

بیری تازە، بەڵام سەیر و ئاڵۆز لە سەرمدا دەخولانەوە؛ بیرگەلێک، کە بەردەوام بە دوای یەکدا دەهاتن و گاڵتەیان بە جزمە** سوورەکانی یەکدی دەکرد...، لەپڕێکدا بڕیارم دا واز لە بیرکردنەوە لە دایکم بهێنم و خەمێک لەو بیرە سەیر و سەمەرانەم، کە هەموویان وەکو یەک بوون، بخۆم، ئەم کارەم وەک پیاوێکی غەمگین ئەنجام دا، کە لەناکاوێکدا بڕیار دەدات مەی بخواتەوە، خۆی مەست بکات، جگەرە بکێشێت و جنێو بە کەون و کاینات بدات.

ژوورەکە بۆنی ئەو بنێشتەی دەدا، کە زیاتر لە چەند جار بیانجووبێت، لەو جۆرە بنێشتانەی، کە عومەری شەهلا هەمیشە لە گیرفانەکانیدابوون و هەر کاتێک کەسێک بهاتبایەتە ماڵمان بە زۆریش بایە دانەیەکی دەرخوارد دەدا و ناچاری دەکرد، کە تۆپی پێ بکات و بە لێویدا بیتەقێنێتەوە و ئەویش لەبەر پێکەنین دوولا ببێتەوە. ئێستا دیسان ترسی گەڕانەوەی عومەری شەهلا باڵی بەسەر هزر و خەیاڵمدا کێشابوو، ئەگەرچی لەبەر بوونی چەکدارانی ئێرانی گەڕانەوەی عومەری شەهلا بۆ هەڵەبجە ئاسان نەبوو، بەڵام ئەمە بیر و خەیاڵ بوو و مێشکی مژوول کردبووم و لەگەڵ خۆیدا ترس و دڵەڕاوکێی

دەهێنا، دایکیشم لە لا نەبوو تا بڵێ نیگەران مەبە، بەڵام من نیگەران بووم و لەو ژووورە تاریکەدا جگە خۆخستنە ژێرئەو دوو پەتۆ قورسە، کارێکی دیکەم لە دەست نەدەهات.

کۆڵان نیوە تاریک، بەڵام چۆڵ بوو، حەپە حەپی چەند سەگیک لە کۆڵانەکە هات و دەنگێکی ژنانە بە ئارامییەوە گوتی: ‹چەغە›.

باپیرە لە پڕ هەستایەوە، قاچە ئاوساوییەکانی بە دوای خۆیدا ڕاکێشان و بەرەو لای ژوورەکە چوو، بە سەردەستە فشوفۆڵەکانی هەڵمی سەر جامی پەنجەرەکەی سڕی و لە دەرەوە ڕاما، لە پڕێکدا هاتە سەری پەنجەرەکە کەمێک بکاتەوە و تف فڕێ بداتە کۆڵان، ئەمە خووێکی هەمیشەیی خۆی بوو، هەر کاتێک ترس تینی بۆ بهێنابایە ئەو کارەی چەند جار دووبارە دەکردەوە، ڕێک وەک ئەو نزایەی بەسەر چاوی کوێرێکدا دەخوێندرێت و کوێرەکەش بەو خەیاڵەی، کە چاوی چاک ببنەوە، خێرا خێرا ئارەزووی ئەوە دەکات و دوا جار کاتێک چاو دەکاتەوە دەبینێت دونیا هێشتا هەر تاریکە.

کاتژمێرەکەی ماڵمان وەک ئەوەی جەڵتە لێی دابیت لەسەر ژمارە دوو خەوتبوو. باپیرە هەر لەوێ لە لای پەنجەرەکە وەستابوو و دایکم خەریک بوو بەرەو لای ژوورەکەی من دەهات، قۆڵی وەک دوو جاڵجاڵۆکەی گەورە بە هەردوولای شانەکانیدا شۆڕ بووبوونەوە و بەو جلە سەوزانەیەوە

دەتگوت دوو پەڵەی ڕەشن، سەرم بۆ لای وەرسووڕاند، کە ئێستا ئیدی لە گۆشەی لای ڕاستی ژوورەکە دانیشتبوو و خەریکی پاککردنەوەی فتیلە سووتاوەکەی زۆپاکە بوو، لە دوورەوە ڕوخساری وایدەنواند، کە خەوتبێت، بەڵام نە، نەخەوتبوو، ڕاستییەکەی چاوی نیوەکراوە بوون، تەنیا دوو درزی باریک و هاوتەریبی پێڵووەکانیم دەبینین، خێرا نیگام لەسەر ڕوخساری دایکم و پەنجەرەی ژوور سەری، کە ڕوخسارێکی وەک دەبدەبەی تەقیوی پێیەوە نووسابوو، لابرد و وام نواند خەوتووم؛ هەستم دەکرد ڕەنگبێت هەر ئێستا نا ئێستا عومەری شەهلا پێلەقەیەکی توند لە پەنجەرەکە بدات و بهێتە ژوورەوە، قوڕگم هەڵبدڕیت و من دیسان بە ترسەوە لە خەوی حەوت ساڵەییم ڕابپەڕم و سێبەرم دوو گەوز بکات و لێم دوور بکەوێتەوە، دوور و دوورتر... لەسەر پێداگری دایکم باپیرە ڕاکشابوو و لەژێر دوو پەتۆ و لێفەیەکی گەورەدا تازە خەوی لێ کەوتبوو، دەنگی پرخەپرخی نزم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەوی لێ دەزڕاندین، بەڵام من خەوم لێ کەوتبوو. بە تەواوی نازانم کەی؟ پێم وایە یەک دوو کاتژمێر خەوتم، هەڵبەت ئەگەر سەروسەدای سێوەر لێگەڕابا و خەوی بوکەڵەکەمی نەزڕاندبایە، ڕەنگبوو لە یەک دوو کاتژمێریش زیاتر بخەوتبام.

–سێوەر کچی کاک هەیاسی بەرگدروو بوو، ڕێک دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەد و قیافەمان لە یەک دەچوو، تاکە شتێکی جیاوازی نێوانمان قژمان بوو، ئەویش لە سایەی سەری باپیرە، کە هەمیشە پرچی کورت دەکردمەوە، وای کردبوو خەڵکی دی لە لەیەکجیاکردنەوەمان ماندوو نەبن، بەڵام هەندی جار لێوە گۆشتن و چاوە شین و گۆنا خڕەکانمان، زۆر لە خەڵکەکەی دەخستە گومانەوە.. لێ ژێهات کەمێک لە ئێمە جیاواز بوو، قژێکی تۆپەڵی ڕەش و گـروازە وەک کارگێک، کە بـەردەوام هـەور و بروسکە لێی دابێت، لەسەر تۆقی سەریدا شین بووبوو و شکۆیەکی پیـاوانـەی پێ بەخشیبوو، بـەڵام دەستەکانی هەمیشە بە تەنیشتیدا شـۆڕ بووبوونەوە و دەتگوت هاکا قەمامەی** جلەکانی هەڵبوەشێنەوە و هـەردوو دەستی لێ بەرببنەوە؛ من پێم وابوو هۆکارەکە دەبێ لە نەخۆشییەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەو بە ساڵی تاعون ناوی دەبرد، بەڵام سێوەر دەیگوت: دایکی گوتویەتی کاتێک ژێهات ویستویە لە دایک بێت شەیتان دەستەکانی ڕاکێشاون و هەشت ڕۆژی ڕەبەق بووەتە بروسکە و هەورەتریشقە، لەبەر ئەوەیە، کە قۆڵی ئاوا شل و خاون.

دەنگی سێوەر بەرزتر بووبوو. وەکو ڕۆشنایی دەڕژایە نێو ژوورەکـە، ڕێگای خۆی دەکـردەوە و خەریک بوو بگاتە

ژوورەکانی دیکەش، ئیدی نەدەکرا بخەوین، ژوورەکە پڕ بووبوو لە دەنگ و ڕۆشنایی، تیشکی خۆریش لە شوێنێکەوە، کە نازانم کوێ بوو دەهاتە ژووریٚ، لە مافوورەکەی دەدا، بە دیوارەکاندا هەڵدەگەڕا، دەگەیشتە بنمیچ و ڕادەی دەنگی سێوەری زیاتر دەکرد.

دەمویست هەستمەوە، بەڵام حەزێکی زۆری خەوتن بەسەرمدا زاڵ بووبوو، کە نەمدەتوانی لە بەرامبەریدا بەرگریی بکەم؛ لەگەڵ ئەوەشدا چار نەبوو دەبوا بەر لەوەی باپیرە بکاتە شیرەشیڕ هەستابام، هەر چۆنێک بوو خۆم لە عەرزی کردەوە و لە ژوورەکە چوومە دەریٚ، باپیرە لە نزیک زۆپا نەوتییەکە بە کزی خۆی گرمۆڵە کردبوو و چاوە ڕەش و بچوکەکانی بە شێوەیەکی نائاسایی لەنێو ئەو هەڵمە چڕەی، کە لە لوولەی کترییەکە بەرز دەبووەوە تەڵخ بووبوون و منی نەدەبینی. دوو دانە لەو جۆرە چاوانەش بە دەموچاوی عومەری شەهلاوە بوون، هەروەها قژێکی ژەنگاوی، کە پێموابێت چەند وەچەی پێشتریشی تووشی لەخۆگۆڕین دەکرد.

دەنگێکی نەرم گوتی: ’ئاسۆ‘.

سەرم بە چوار لایماڵدا سووڕاند، دەنگ لە هیچ شوێنێکەوە نەدەهات. ویستم بۆ لای پەنجەرەکە بچم، کە باپیرە لچکی کراسەکەی ڕاکێشام و گوتی: ’برۆ سۆراغی دایە خەجێم بۆ بکە!›

لە ڕوخساری باپیرە، کە هیچ جووڵەیەکی تێدا نەدەبیندرا نز بوومەوە و گوتم: 'ئاخر...'.

باپیرە لێوە سپییە هەڵگەڕاو و باریکەکانی دووبارە بە سەختی جووڵاندن و گوتی: 'نابینی حاڵم چەند خراپە، سەگباو!'.

منیش بە دەنگێکی هەر ئەوە بوو دەبیسترا گوتم: 'باشە، ئێستا دەچم'.

دەرگای ژووری عومەری شەهلا کلۆم درابوو، دەرگای ژوورەکانی دیکە، کە هەمووی سێ ژوور بوون و زۆر بە نارێکی لەنێو دالانێکی گەورەدا هەڵکەوتبوون، کرابوونەوە. جگە لەو ژوورەی، کە کەمێک پێشتر لێی بووم و دەرگاکەی قاوەیی بوو و کیلۆنی هەر نەبوو، سەرم بە دوو ژوورەکەی دیکەدا کرد و بە وردی چاوم پێداگێڕان تا دڵنیا ببمەوە لەوەی عومەری شەهلا نەگەڕاوەتەوە، نەگەڕابووەوە. ژوورەکان هەر وەک ئەو کاتە بوون، کە هێشتا نەڕۆیشتبوو و کەمترین گۆڕانیان بەسەردا نەهاتبوو، بە هەمان باڵنجە مەخمەڵی و بالیفە خڕەکانەوە، کە بە ڕیز لەتەک دیواردا هەڵچنرابوون و چواچێوەی وێنەی ئەو کەسانەی، کە سەر بە سەدەکانی ڕابردوو بوون و بە چاویان کەسێکیان قووت دابوو و گەرەکیان بوو ئەوانی دیکەش قووت بدەن، من لەناویاندا زیاتر لە بچمی یەکێکیان دەترسام، کە چاوی چەپی خێل بوو...

لە ژوورێ هاتمە دەر، جزمە سوورەکانم کردنە پێ و

بەرەو حەوشە ڕۆیشتم، ڕووەو لای دەنگی سێوەر، بۆنی داری تەڕ و نانی تازە دەهات. دایکم لە ڕۆخ تەنوورەکە دانیشتبوو، دەستێکی لای هەویرەکە و دەستەکەی دیکەی شۆڕکردبووەوە نێو تەنوور. بەرچاوی قووڵ بووبوون و سیمای لە دوورەوە لە پارچەیەکی سەنگینی کەتیرەکراو، کە زۆر لەنێو ئاودا خووسێندرابێت، دەچوو. ویستم بچمە لای، بەڵام دەنگی سێوەر وەکو زیندەوەرێکی قەبە بە بنمیچی ماڵمانەوە نووسابوو، لێکدەکشایەوە و تا دەهات درێژتر دەبوو و زیاتر بۆ لای خۆی ڕایدەکێشام. نیگام لەسەر بنمیچەکە و ڕوخساری دایکم لادا، کە بە هۆی دووکەڵی زۆرەوە پەنمابوو و چووم بەرەو لای سێوەر، کە لە کۆڵان بوو.

کۆڵان بەو خانووە چیمەنتۆیانەی، کە وەکو شقارتە پاڵیان وێکدابوو چۆڵ نەبوو. هەر کەسەو بۆ ئەنجامدانی کارێک لە ماڵ دەرکەوتبوو و ئەگەر بتویستبایە ژمارەی شوێنپێی هەر یەکێکیان بژمێری دنیایەک شوێنپێت دەژمارد؛ سێوەر لەو سەری کۆڵانەکە وەستابوو. بە ئاماژەی دەستێکی خەریک بوو داردەستی یاریی ‹پەلیکانە›**ی پیشان دەدام و بە دەستەکەی دیکەشی چاوی خۆی هەڵدەگلۆفی، کە پێدەچوو بە هۆی ئەو با و زریانەوە بووبێت، کە هەڵیکردبوو و تۆز و خۆڵی کۆڵانی بە چڕ و چاو و دەمو لوتی مرۆڤدا دەکرد.

ڕامکردە لای و گوتم: 'پیرۆزە!'.

دوا زەنگی خوێندنگەکە لێدرا.

سێوەر گوتی: ’چی؟‘.

گوتم: ’پێڵاوەکەت دەڵێم‘.

سێوەر گوتی: ’تازەم کڕیوە›.

گوتم: ’زۆر جوانە!‘.

سێوەر گوتی: ’جووتێکی دیکەی وەک ئەمەی هەبوو، پێم وایە ئەندازەی پێی تۆیە!‘.

سەیرێکی جزمە سوورەکانی خۆمم کرد و گوتم: ’ئاخر...‘.

سێوەر پێکەنی، ژێهاتیش پێکەنی و من دارەکەم لە سێوەر وەرگرت و گوتم: ’بچینە خوێندنگە؟‘.

سێوەر گوتی: ’نا، مامۆستا ئەمڕۆکەش نایەت‘.

گوتم: ’ئەی بۆ بانگی منت کرد؟‘.

سێوەر ملی خۆی لار کردەوە و گوتی: ’باشە.. من... ویستم کایە بکەین و دواتریش بچینە لای چەکدارەکان، وێنەیان لەگەڵدا بگرین و ...› و توند ئەنگوستی خۆی گەست.

ڕوخساری سێوەر جۆرێک بوو، کە مرۆڤ دەیویست بگرییێت، بەڵام من نەگریام پێکەنینم دەهات و هەر بەو پێکەنینەشەوە داردەستی پەلیکانەکەم لە سێوەر وەرگرت و تا هێزم تێدا بوو پەلیکەکەم تێهەڵدا، ژێهات ڕایکرد بۆی، سێوەر هاواری کرد و منیش بە دوای دا بە دەنگی بەرزەوە هاوارم کرد، شار هاواری کرد،ماڵەکان گشتیان هاواریان کرد لە

هەموو کۆڵانەکاندا دەنگی تووڕەی پیاوێک بەرەو هەرسێکمان دەهات، کە بە تووڕەییەوە دەیگوت: 'مەرگ'.

بەمڕۆوە ئەوە سێ ڕۆژ بوو هەڵەبجە ئارام بوو، سەربازانی عێراقی لەوێ نەمابوون، بەڵام شار هێشتا لەنێو ترس و دڵەڕاوکێدابوو، لە سەری هەر کۆڵانێکدا یەک دوو چەکداری ئێرانی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی پێشمەرگە وەستابوون. ژمارەیەکیان لەم چەند ڕۆژەدا لە هەموو جێیەکی شاردا بەدی دەکران و من پێشتر بیرم نایەت کەسێک ئاوا بە ئاسوودەییەوە بەم شارەدا پیاسەی کردبێت.

سێوەر بە هێمنییەکەوە دەستی ڕاکێشام و گوتی: 'ئاسۆ دایکت...'.

بەلەز** سەیری لای سێوەرم کرد، کە ڕووی لە ماڵی ئێمە بوو، دایکم لەنێو دەرگادا وەستابوو و بە نیگەرانییەوە بانگی دەکردم: 'ئاسۆ، ئاسۆ زووبە بڕۆ بانگی دایە خەجێ بکە'

دەنگی دایکم نزم بوو و تا دەگەیشتە من تین و تاوی نەدەما، لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستەکەی تێگەیشتم، دەستی سێوەرم بەردا و لە دوورەوە دەستێکم بۆ دایکم ڕاوەشاند و گوتم: 'هەر ئێستا دەچمە دوای'.

تازە بە بیرم هاتەوە، کە باپیرەش گوتبووی بچمە دوای دایە خەجێ و من لە بیرم چووبوو و..؛ یارییەکە تازە گەرم بووبوو و دڵم نەدەهات جێی بهێڵم، زۆر دەمێک بوو ئەو

جۆرە یارییانەمان نەکردبوون، جاران یارییەکانمان زیاتر شێوەی جەنگ و توندوتیژییان هەبوو و..، پێشتر بەر لەوەی ئێرانییەکان شارەکە بگرن و عومەری شەهلا شار بەجێ بهێڵێت و ڕابکات... زۆر خێرا بە دوای ژێهاتدا ڕامکرد، داردەستەکەی لە دەست کەوتبوو و هەرچی دەمکرد ئەوەی منی نەدەدایەوە، ناچار بووم توند شەلوارەکەی لە دواوە ڕابکێشم تا بەڵکو بوەستیت داردەستەکەمی لێ بستێنمەوە، بەڵام ئەو ڕەفتارەم خراپ کەوتەوە و بووە هۆی ئەوەی دۆخینی شەلوارەکەی بپسێت و سێوەر پێی پێبکەنێت، من سەرم لەبەر خۆم نایەوە، کارێک، کە سێوەریش دەبوا بیکردبایە؛ بەڵام ڕوخساری ژێهات وەکو هەویری ترشاو، کە سۆدەی زۆری تێکرابێت هەڵچووبوو، ڕێک وەکو ئەو پشیلەیەی، کە عومەری شەهلا هەفتەی پێشوو خەساندبووی و پشیلەی بەستەزمان بە دەوری خۆیدا پێچی دەخوارد و دەیزریکاند. چەند جار بە دوای یەکدا بە دەنگی بەرز داوای لێبوردنم لە ژێهات کرد، بەڵام ئەو تا توانی جنێوی پێ دام و بەرەو ماڵی خۆیان پێی پێوەنا.

سێوەر هێشتا هەر پێدەکەنی و بە دەست هەر ئاماژەی بە ساتەگۆڕەکە و داردەستەکەی ژێهات دەکرد، کە ئیدی لەوێ کەوتبوو. نیگام لەسەر سێوەر گواستەوە و نەمدەویست بۆی ڕوون بکەمەوە، ڕوونکردنەوە بۆ ئەو هەر تەنیا کارەکەی

پۆلەکتر** دەکرد، نەدەکرا، نەمدەویست، سەرم نایە بەر خۆم و بەرەو ماڵی دایە خەجێ چووم، کە چەند کۆڵانێک لە خوار ماڵی ئێمەوە بوو. سێوەر بە پێدزە بە دوامدا دەهات، بە شێوەیەک وەک ئەوەی کەسێک، کە دزیی لێ کرابێت و بە داوی دزەکەدا بڕوات و تاقیبی بکات، ئاوڕێکم لێ دایەوە و خۆم لە گێلی دا، وەک ئەوەی ئاگام لێ نەبێت سێبەرەکەی بە سێبەرم بکەوێت و لە گەڵ مندا بڕوات.. لە سووچی شەقامەکە ڕێبوار ئەو پیاوە قەڵەوە سپییەکەڵەیە لە ماڵێکدا هاتبووەدەر و بە ڕوخساری هەڵچوویەوە دەینەڕاند و جنێوی بە دونیا بونیا دەدا؛ دەستم بە ڕاکردن کرد و ڕێک وەکو خەڵکەکەی دیکە زۆر بە خێرایی خۆم گەیاندە سووچی شەقامەکە، سێ پیاو بوون، هەر سێکیان پانتۆڕیان لە پێ بوو، تیشکی خۆر لە سیما خوریکاوییەکەیانی دەدا، لەسەر دەستی چەپی یەکێک لە پیاوەکان، کە سێ قۆپچەی یەکەمی کراسەکەی کرابوونەوە و چاوی بچوک و بە قووڵداچوو بوون، کوتانێک هەبوو، کە لە وێنەی ژنێکی نیوەڕووت دەچوو، سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، دەستی گۆشتن و سپیی هەر سێکیان بەردەوام لە هەوادا دەجووڵان، هەندێ جار بۆ ئاماژەکردن بە شوێنێکی دوور، هەندێ جاریش بۆ توندکردنەوەی قایشی پانتۆڕ و...، هیچ کەس لە تاکە وشەیەکیان نەدەگەیشت.

ژنێک دەتگوت لوولەیەکی چیمەنتۆییە لە دوای منەوە قیت ڕاوەستابوو، لچکی ڕەفتەکەی بە ددان گرتبوو و بە دەنگێکی نزمەوە لە پیاوە لەندەهۆرەکەی دەپرسی: ’شمەکی گرانبەهایان لێ دزیون؟‘، کابرای تاین وەڵامی ژنەکەی نەدایەوە، بەڵام ئەو ژنە زیاتر لە هەشت جاری دیکە نائومێدانە ئەو پرسیارەی لە پیاوەکە کردەوە و دواجار لەنێو خەڵکەکەدا ون بوو.

سێبەری سێوەر لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا ون بووبوو، سێبەری هەمووان ون بووبوو، ئێستا ئیدی کەس ڕوخساری ئەو پیاوانەشی نەدەبینی، کە لە بەر تووڕەیی سوورهەڵگەڕابوون.

تا دەهات شەقامەکە قەرەباڵغتر دەبوو، بە باشی نەتدەتوانی هەناسە هەڵمژیت، بە خێرایی خۆم لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکە کشاندە دواوە و بەرەو لای ماڵی دایە خەجێ ڕۆیشتم، کە زۆریش دوور نەبوو.

ماڵی دایە خەجێ دوایین ماڵی گەڕەکی دارتاشەکان بوو، دەرگای ماڵیان بێ جەرەس بوو و ناچار بووم بە هەموو هێزمەوە بە پێلەقە بکێشم بە دەرگاکەیان، بەڵام کەس دەرکەی لێ نەکردمەوە، لە کاتێکدا بە پێلەقە و سەروسەدا وەرگژابوومە دەرگاکە، پیاوێک لەسەر سەکۆی ماڵێکی بەرامبەریان دانیشتبوو، تەنانەت چاوی نەدەکوتین. نیگای لەسەر دەستی چەپی، کە بەرزی کربووەوە کلۆم بووبوو.

گوتم: ’دایە خەجێ لە ماڵ نییە؟‘.

کابرا شانی هەڵتەکاندن و خۆی کوورِ کردەوە، دەتگوت لە ناخەوە پێچ دەخوات و قۆڵنجی هەستاون، لە ترسان دۆغاوەی لە دەموچاوی هەڵسوویبوو و بەو بێدەنگییەی دەیەویست مرۆڤ بخنکێنێت؛ نائومێدانە ڕووی خۆم وەرگێڕا و سێ جاری دیکە توند لە دەرکە بچوک و ڕەنگڕۆیشتووەکەی ماڵی دایە خەجێم دا، بەڵام دایە خەجێ دەرکەی هەر نەکردەوە و ئەو پیاوەش ئیدی جووڵەیەکی نەدەکرد.

ماوەیەک هەر لەوێ لەبەر دەرگا دانیشتم و لە چەند کەسێکی دیکەش سۆراغیم پرسی، بەڵام هیچ کەس هەواڵیان نەدەزانی. ئیدی دڵنیا بووم، کە ئەو لە ماڵ نییە، لە کوێ بوو نازانم، ڕەنگبێت لە کۆڵانێک، شوێنێک ون بووبێت. بە بیرمە دایکم بە سەلما خان، ئەو ژنەی دراوسێمانی گوتبوو کەوا پیری بەر لە وادەی خۆی بە هێواشی یادەوەریی مرۆڤ دەخوات، یادەوەریی دایە خەجێشی خواردووە، لەبەر ئەوەیە، کە ئەو زۆربەی کات نازانێت کەی و بۆ ئەنجامدانی چ کارێک لە ماڵ دەچێتە دەر.

بۆنی چێشت لە پەنجەرە نیوەکراوەکانەوە دەگەیشتە کۆڵانەکانی شار و هەستی برسێتی ختووکە دەدام، پێم وایە زۆر لەبەر دەرکەی ماڵی دایە خەجێ ماتڵ مابووم، هەستام و خێرا بەرەو کۆڵانی خۆمان کەوتمە ڕێ، کە مەوداکە بە

هەنگاوە گەورەکانی من سەد و هەشتا و سێ و بە هەنگاوە بچوکەکانی سێوەریش، دووسەد و پەنجا و شەش هەنگاو بوون.

ئەو ڕۆژە کۆڵانی ئێمە زۆر چۆڵ نەبوو. وەکو هەمیشە، دەرگای ماڵی ئێمە و زۆربەی ماڵەکانی دیکەش نیوەکراوە بوون، دروست وەکو دەرگای ماڵی مەیفرۆشەکان لە درەنگانی شەودا...؛ دوو ژن کەمێک لەولاتری ماڵی ژمارە دە، کە ماڵی ئێمە بوو، سەرگەرمی قسەکردن بوون، با سەمای بە سێبەرەکەیان، کە هی جلوبەرگیان بوو، دەکرد و سێبەریان کورت دەبوو و درێژ دەبووەوە. سێ مێرمنداڵیش لە بەردەم ماڵی ئێمە بوون، کە دوو داریان بە دەستەوە بوون ڕوبەڕووی یەکدی گوللەی خەیاڵییان بە یەکدیەوە دەنان، یەکێکیان لەگەڵ هاوێشتنی هەر گوللەیەکدا جنێوی دنیای بە عەرەبی لە دەم دەردەهات و ئەوەکەی دی بە هێواشی بە شێوەزاری هەورامی باگۆی دەدایەوە.

دارەکەم هێشتا بە دەستەوە بوو، دامنا، ژێهات لەبەردەم دەرگای ماڵی خۆیان هەردوو دەستی لە پشتەوە تێکهەڵێنابوون و تەماشای منی دەکرد، چەند جار بە دەنگی بەرزەوە گوتم: 'بمبوورە من نەمدەویست...'.

بەڵام خۆ ژێهات دیسان جنێوی دان و بەرەو ماڵی خۆیان ڕایکرد و من سەردەستی کراسەکەمم خستە ژێر لووتم تا سێوەر گریانم نەبینێت.

نیوەڕۆیان گەڕەکی قاوەچییان بۆنی ماسیی گەنیوی لێ دەهات و هێڵنجی دەهێنایە مرۆڤ، بە سەردەستی کراسەکەم توند کەپووی خۆم گرت، بە تەنیشت ئەو دوو کوڕەدا تێپەڕیم و خۆم گەیاندەوە ماڵەوە، دایە خەجێ لە ماڵی ئێمە بوو و بینیم وا لە ژوورەکەی ئەوسەری حەوشە دێتە دەرەوە و دایکم لە دوایەوە بوو و تەلیسێکی سپی بە دەستەوە بوو، هەرکە چاوی بە من کەوت، سەیرێکی کاتژمێرە فلزییە زەردباوەکەی کرد، کە لە دەستی چەپیدا بوو، بۆم هات و بە تووڕەییەوە گوتی: ’تا ئێستا لە کوێ بوویت؟‘.

لەو ڕۆژگارەدا هەمووان کاتژمێری فلزی زەردیان لە دەستی چەپیان بوو و لێکلێکە** سەیریان دەکرد. منیش یەکێک لەو کاتژمێرانەم لە دەستی چەپ بوو. بە دڵەڕاوکێوە سەیرێکی کاتژمێرەکەم و ئینجا دایە خەجێم کرد و گوتم: ’چاوەڕێی گەڕانەوەی دایە خەجێ بووم، ئاخر ئەو لە ماڵ نەبوو!‘.

دایە خەجێ دەنگی هەڵێنا و گوتی: ’زریان، زووبە دەرەنگ دادێت ها!!‘.

هێشتا بۆنی ماسیی گەنیو دەهات، دایکم دەستی هێنامە خوار و دەستی چەپی خستە ژێر چەناگەم و بە تووڕەییەوە گوتی: ’زووبە بڕۆ فراوینەکەت** بخۆ و وەرە دەبێ بڕۆین، خۆت نەگنخێنی ها!›.

پرسیم: 'بۆ کوێ؟'.

دایکم زۆر تووڕە بوو و هەر بەو تووڕەییەوە دەستی لە هەوادا هەژاندن و گوتی: 'بۆ هەر جێیەک، کە عومەری شەهلای لێ نەبێت'.

گوتم: 'بۆ چما گەڕاوەتەوە؟'.

دایکم بە تووڕەییەوە ددانەکانی لەسەر یەک جیڕ کردنەوە و گوتی: 'بڕۆ بابۆڵەم بۆ کردوویت، هەڵیگرە و زوو بیخۆ'.

لەو ترسەی دایکم، کە لە عومەری شەهلای هەبوو تێدەگەیشتم، ئەم ترسە ڕێک دوو ساڵی ئازگار** بوو لە من جیا نەبووبووەوە، لەگەڵمدا دەڕۆیشت، دادەنیشت، پێدەکەنی، دەگریا و ... بەڵام ترسی من لە کوێ و هی دایکم لە کوێ، ئەو ترسە دایناسۆرێک بوو بۆ خۆی و جڵەو نەدەکرا و تا دەیتوانی مرۆڤی دەجوو، ڕەگ و ڕیشاڵی دەخواردی. ویستم شتێک بڵێم، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە، سەرم دانەواند و لە چەند پلیکانەیەکی چیمەنتۆیی، کە حەوشەی دەرەوە و ماڵەکەمانی پێکەوە دەبەستەوە بەسەر کەوتم، لە بەردەرگا جزمەکانم داکەندن و چوومە نێو دالانەکە، باپیرە لە دالانەکە نەبوو، ویستم بچمە ژوورەکەی، بەڵام دایکم هاواری کرد: 'ئاسۆ هاتی؟'.

هاوارم کرد: 'نا هێشتا'.

بە هەموو هێزیەوە هاواری بەسەرداکردم و گوتی: 'نا

هێشتا و زەقن! زووبە‘.

برسیم بوو، بەڵام ئەو هاوار بەسەرداکردنانە و شڵەژانی دایکم و دیمەنی ژێهات و ئەو کارەی، کە بێدەستی خۆم بەرامبەریم کردبوو، مگێزی** خواردنیان لا نەهێشتم، وازم لە نانخواردن هێنا، بابۆڵەکەم خستە گیرفانم، دووبارە جزمەکانم کردنە پێم و بە غاردان بە دوای پشیلە دایکانەکانی دراوسێکانماندا چووم، کە لە سەربانی ماڵی ئێمەدا لانەیان چێکردبوو تا شتێکیان بدەمێ بیخۆن، نازانم چۆن بوو هێشتا باپیرە نەیکردبووە هاتوهاوار؟! بە ئەندازەی وەرزێکی ساڵی قاتوقڕی چنکەنان لەسەر بان هەڵڕشترابوو و وردکە گۆشت و ئێسقان و...

دەستم دانانە سەر ڕۆخی گوێسوانەکە و کەمێک خۆم بردە پێش و بانگم کرد: ’ئەو هەموو وردکەنانە چییە لەم سەر بانە ڕۆکراوە؟‘.

دایکم سەری هەڵبڕی و بە تووڕەییەوە گوتی: ’چ دەکەیت لەوێ؟‘.

گوتم: ’پشیلەکان...›.

دایکم تاکە نەعلەیەکی تێگرتم و من خۆم لەبەری لادا و لەو سەر بانە قسەکەم هەروا لەنێو ددانەکانمدا مایەوە...

ویستم تاکو تووڕەیی دایکم دادەمرکێتەوە هەر لەوێدا ڕابکشێم و نەچمە خوارێ و دواتر بۆی ڕوون بکەمەوە، کە

من هیچ کارێکی هەڵەم نەکردووە و... بەڵام هێشتا بیرۆکەکەم تەواو بە مێشکدا نەهاتبوو، کە سێبەری درێژی فڕۆکەیەک کەوتە سەر حەوشەکەمان و یەکسەریش ون بوو، بە پەلە دەستم خستە سەر دەمم و هەرایەکم لەو سەر بانە نایەوە نەبێتەوە، ڕاهاتبووم، لەو ساڵانەدا ئەمە عادەتی هەموو منداڵەکان بوو، هەر کاتێک فڕۆکەیەک، هەلیکۆپتەرێک بە ئاسماندا ڕەت دەبوو، هەمووومان دەچووینە سەر بانەکان و دەستمان بە دەممانەوە دەگرت و هەرامان دەنایەوە تا فڕۆکەکان ون دەبوون و هەناسەبڕکێمان پێ دەکەوت ئەوەمان دەکرد، دواییش زۆر کەیفمان دەکرد و لەبەر پێکەنین دوولا دەبووینەوە، بەڵام ئێستا ئیدی هیچ کەس ڕێگای سەر بان پێ نازانێت، هیچ کەس ئیدی فڕۆکە نابینێت، دەست بە دەمییەوە ناگرێت، دەنگ هەڵنابڕێت، پێناکەنێت و لە بەر پێکەنین دوولا نابێتەوە. ئێستا خەڵکەکە ئیدی تەنیا لە پشت پەنجەرەیەکی بچوکەوە سەیری ئاسمان دەکەن.

ژنێک سەری بە جامی پەنجەرەیەکەوەنابوو و سەیری ئاسمانی دەکرد، چەند پیاوێک بە هەشتاوی** بەرەو کۆڵانەکانی خوارەوەتر ڕایان دەکرد، دایە خەجێ لەنێو شیپانەی دەرگا وەستابوو، بەڵام دایکم وەکو کیسەڵی لێهاتبوو، بە چەفییەکەی سەری شتێکی بە پشتی خۆیەوە بەستبوو و بوخچەیەکیشی خستبووەوە سەر سەری، بەردەوام بە دەوری خۆیدا

دەخولایەوە و هەر بانگی منی دەکرد، سەرم هەڵبڕی و ویستم وەڵامی بدەمەوە، بەڵام نەدەکرا، دەنگێکی بەرزتر، کە نازانم لە کوێوە دەهات دەنگی منی قووت دابوو و خەریک بوو شاریشی قووت دەدا، بە هەموو ماڵ و کۆڵان و شەقامەکانییەوە...

ڕێک لە ژوور سەرمەوە پەڵە هەورێکی تووڕە و توسن و فڕۆکەیەک بە دوو پەروانەوە لە بانی ماڵەکان نزیک بووەوە، ئەوەندە نزیک، کە دەکرا دەست درێژ بکەیت و پیاڵەیەکی چای گەرم بدەیتە فڕۆکەوانەکە و دڵنیا بیت لەوەی بەوپەڕی ئاسوودەییەوە هەموو چایەکە بە یەک قوم فڕ بکات.

فڕۆکەکە یەکەم جار دانەیەک بوو، بوونە دووان و سێیان و...، تا دەهات زیاتر و زیاتر دەبوون، لە لای خۆرئاوای ئاسمانەوە دەهاتنە سەر شار و بەرەو باشووری شار دەکشان، خۆیان تێ ڕۆ دەکرد و لە دوای خۆیانەوە بە چەند تەقینەوەیەکی بەهێز بڕبڕەی پشتی شاریان دەهێنایە لەرزین.

پەڵە هەوری زەردباو بە سەر شاردا تێکدەقژقژان و ئینجا پێکەوە بەسەر بانی ماڵان و دار و درەختان و... شۆڕ دەبوونەوە، وەک چەتربازی ماندوو، کە چەندین شەو لەسەر یەک نەخەوتبن. میچی زۆربەی خانووەکان درزیان بردبوو، درزی چی قەڵشی وا، کە مرۆڤ دەترسا بێئەوەی بواری هاوارکردنێکی هەبێت، لەگەڵ زرمە و ڕمبەی تەقینەوەکان فڕێ بدرێتە دەرەوە، چوارچمکی بە دیواری ماڵەوەمان چەسپیبووم

و هەر دەمقیژاند و هاوارم دەکرد: 'سیرواان'.

لە دەر و دیواری شار وردەشووشە دادەبارین و هەر خوێن بوو لە گەرووی کەڵەشێران فیچقەی دەکرد، دەنگی فڕۆکە و مرۆڤ و ئاژەڵ و... تێکەڵی یەکدی بووبوون و کەس بە دروستی گوێی لە دەنگی کەس نەدەبوو، هەمووان پەنجەیان خستبووە کونی گوێچکەیان و ڕایان دەکرد، هەمووان جگە لە باپیرە، ئەو هیچ سۆراغێکی نەبوو و لە هیچ شوێنێکم نەدەبینی.

دەرگا دارینە قاوەییەکانی چایخانەی حەسەنی سمێڵ قیت نیوە کراوە بوون و وردە شووشە بەسەر موشتەرییەکانیدا باریبوون. پیاوێکی کورتەبنەی قەڵەوی قژ ڕەشی بێ ڕدێن لە بەر دەرکی چایخانەکە سەری هەڵبڕیبوو و بە چێژێکی سەیرەوە مژی لە جگەرەیەکی خەیاڵی دەدا، لەولاتر ژنێکی ڕووگرژ و تووڕە، کە بە ناوساڵان کەوتبوو، لە ناوەڕاستی کۆڵانێکدا بە پەلکە پیاز و تەپاڵە ئاگری دەکردەوە و بە دەنگی بەرز بەرز دوعای دەکردن و دەستی هەڵدەبڕین، بە شێوەیەک، کە بیەوێت تەڵەسمێکی کۆن و ترسناک بەتاڵ بکاتەوە، کاک جەبار، دراوسێکەی بەرامبەرمان دەڵێم، لەبەر دەرگایماڵی خۆیان پاڵی بە بەرمیلە نەوتێکەوەدابوو، کە لە پارەوە تا ئێستا بەتاڵ بوو و ژەنگی هەڵێنابوو و بنی کون کون بووبوو، ئەو لێکلێکە هەر خەریک بوو شتێکی دەنووسی، سەری وەکو خانووی دووکەڵاوی شەوانی زستان قورس و شەکەت بوو

و چاوی بە قووڵداچووبوون.

نازانم کەی و چۆن، بەڵام لەسەر بان هاتبوومە خوارێ و دایکم خەریک بوو دەستی ڕادەکێشام و ڕایدەکرد، ڕێک وەکو ئەوەی دایناسۆرێکیان خستبێتە دوایەوە، لەوانەی، کە ژێهات وێنەکەیانی لە گۆڤارە بیانییەکان دەردەهێنا و نیشانی ئێمەی دەدان، ئێستا تا بڵێی لەو گۆڤارانە لە کۆڵانەکانی شاردا فڕێ درابـوون و کەس هیچی لەو وێنە و دیمەنە جۆربەجۆرانە نەدەبینی، ئەوەی دەبیندرا تەنیا شوێنپێی ئەو کەسانە بوو، کە هەموویان تووڕە بوون، هاواریان دەکرد و غاریان دەدا، شتێک، کە ئاوڕیشیان لێی نەدەدایەوە ئەو گۆڤارانە بوون و ...

پیکەبێک لەوسەری کۆڵاندا ڕاگیرابوو، شۆفێرەکەی تووڕە و حەپەساو هەر دەستی ڕادەوەشاند و ڕووی لە پیاوێکی لاواز بوو، کە لە هەواسی لانەواز دەچوو و بە تووڕەییەوە بانگی دەکرد: 'کاکە زووبە...'.

هەواسی لانـەواز لە ناوەڕاستی کۆڵاندا داهاتبووەوە و خەریک بوو یەک دوو دانە لەو گۆڤارانەی، کە تەواو پێماڵ بـووبـوون، هـەڵدەگرتنـەوە، بـەڵام کـاک هـەیـاس کەمێک لە دواوەتـری ئێمە هەوڵی دەدا هەنگاوی گەورەتر هەڵێنێت و خۆی بگەیەنێتە پیکەبەکەی ئەوسەری کۆڵان، بەڵام ئەو چەند پەتۆیەی، کە خستبوونیە سەر شانی کارەکەیان لێ سەخت کردبوو.

دایکم خستمیە پشتی پیکەبێک، کە پڕ بوو لە خەڵک و خۆیشی چەند هەنگاوێک کشایە دواوە تا یارمەتیی کاک جەبار بدات، بەڵام کاک جەبار هەر لەوێ لە بەردەرگای ماڵی خۆیان دانیشتبوو و نەدەجووڵا، ڕوخساری شین هەڵگەڕابوو و تەنیا هێڵێکی باریک لە نێوان مژۆڵە ڕەش و درێژەکانیدا بەدی دەکرا.

تەمێکی چڕ لەسەر بانی ماڵاندا بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە و لە هەر دە پەنجەکانمانەوە بەفر دەباری و دەڕژایە نێو گیرفانمان، بۆنی سێو و بۆنی شێداری خاک وەکو ئەسپێ و مۆرانە لەنێو قژ و لە جلەکانمانەوە دەردەچوو و بەو ناوە وەردەبوو و ڕێگای خۆی بۆ نێو کووچە و شەقامەکانی دیکەی شار دەکردەوە، هەر خاک و خۆڵ بوو لە کۆڵانەکاندا بەرز دەبووەوە و سنگی شاری خستبووە خیزەخیز.

سنگم کەوتبووە خیزەخیز. لە پیکەبەکە دابەزیم، ڕامکردە لای دایکم، دەستیم ڕاکێشا و گوتم: ‘دایە ناتوانم هەناسە بدەم›.

دایە خەجێ لە ناوەڕاستی کۆڵان دانیشتبوو و کفری دەکرد، دایکم دەستێکی بە ڕوومەتمدا داهێنا و گوتی: ‘هیچ نییە مەترسە! بوەستە ئێستا دەگەڕێمەوە’ و بۆ لای دایە خەجێ چوو، چەندی هەوڵی دا بەرزی بکاتەوە نەیتوانی، هەمووان هەر ڕایان دەکرد، بۆ هەر لایەک بایە جیاوازی

نەبوو، بەڵام من لەو ناوە وەستابووم، دەگریام و بەس بانگی دایکمم دەکرد، ژێهات لەناو پیکەبەکە بوو، قاچی ڕاکێشابوون و دەینالاند. کەمێک لەولاتر سێوەر چەند پارچە پەڕۆیەکی تەڕی بە دەستەوە بوون و بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، چەند جارێک بە لای مندا تێپەڕی و دووبارە ئاوڕی دایەوە و دواجار پارچە پەڕۆیەکی بۆ من درێژ کرد و خێرا گوتی: 'ئاسۆ ها ئەمە بە بن دەمتەوە بگرە'. دواتر پەنجەی بۆ لای ئەوسەری کۆڵانەکە، کە کۆڵانێکی بنبەست بوو درێژ کرد و گوتی: 'ئەمە ئەو پیاوە پێی دام›.

چەند جارێک سەرم وەرسووڕاند پیاوەکە ببینم، بێهوودە بوو. کۆڵان جمەی دەهات و نەتدەتوانی ئەو کەسەی، کە پارچە پەڕۆکانی دابوون لەوانی دیکە جیابکەیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا فرمێسکی چاومم سڕین و گوتم: 'لە کوێیە؟'.

سێوەر دووبارە پەنجەی ئاماژەی بۆ ئەوسەری کۆڵانەکە ڕادا و گوتی: 'لەوێیە دەیبینیت؟'.

لێ من دیسان هەر نەمتوانی بیبینم...

گوتم: 'لێگەڕێ من هیچ نابینم›.

سێوەر بۆ ئەوسەری کۆڵانەکە ڕایکرد و من پارچە پەڕۆ تەڕەکەم خستە سەر دەمم و گەڕامەوە لای پیکەبەکە، خۆم هەڵدایە پشتی پیکەب و چاوم بڕیە دایکم و چەند ژنێکی دیکە، کە ژێربالّی دایە خەجێیان گرتبوو و دەیانهێنایە لای پیکەبەکە.

لە پشتی ئەو پیکەبە دەرزیت هەڵدابایە بە عەرزی نەدەکەوت. دایکم بە زەحمەتێکەوە جێی خۆی و دایە خەجێی کردەوە و پیکەب زۆر بە خێرایی بەڕێ کەوت.

زیرەم کردبوو، هەمووان زیرەیان کردبوو. قیافەم دەتگوت مەترسەکی** دۆزەخە، لەوانەی هەموو گیانی دەرزیئاژن دەکەن و پەنجە دەخەنە هەردوو قۆڵتی چاوی و ئەویش مافی ئەوەی نییە تەنانەت بڵێ ئاخ! سێوەریش دانەیەک لەو مەترسەکانەی هەبوو و دایە خەجێ پێی گوتبوو نابێ پەنجە بخاتە چاوی و ئەویش ئەمەی بە هەموو کەس گوتبوو.

شار بە هەموو هێز و بڕستی خۆیەوە ڕایدەکرد و بۆ پێشەوە پاڵی دەداین، دەیزریکاند و هاواری بەسەردا دەکردین و بە تووڕەییەوە پێی دەگوتین: ‹ڕاکەن، مەرگ سواری سەر پشتم بووە، دەیەوێت هەمووتان پێکەوە قووت بدات! ڕاکەن و لە من دوور کەونەوە، دوور و دوورتر...›.

لێ ئێمە هەرچی تەقەللامان دەکرد بێهوودە بوو، شار لە ناوەوە تێکئالابوو، گرمۆڵە بووبوو و ئێمە تەنیا دەمانتوانی بناڵێنین، هەرچی دەتبینی دەستی بە سکییەوە گرتبوو و ڕای دەکرد و دەیناڵاند، ژن و پیاو و منداڵ و مریشک و کەڵەشێر و سەگ و پشیلە هەر هەموو. هەر کەست دەبینی تا ئەو شوێنەی بڕستی هەبوو ڕای دەکرد، هەتا ئەگەر بستێک، مەترێک، سەرە کۆڵانێک و...

مەرگ زۆری گل دانەوە، هەترەشی بردن و گەڕاندنیە دواوە، وەک جووینی شریتی کاسێتێک، کە لەنێو ددانەی ڕیکۆردەرێکی کۆندا گیر دەخوات گلی دانەوە و هەڵیوێزنین، تەواو ئاوا خێرا و ئاسان...

ژنێک لە ناو کۆڵانێکی تەنگەبەر هاواری کرد، کوێر بووم، دوو پیاو و سێ منداڵی دیکەش بەدوای ئەو ژنەدا هاواریان کرد، کوێر بووم.. هەمووومان لە پشتی ئەو پیکەبە سپییەی، کە بە لەقەلەق دەڕۆیشت سەرمان هەڵبڕی و هەمووومان بە چاوی خۆمان بینیمان کەوا چۆن ڕوخساریان ڕەش هەڵگەڕا و زەرداوێکی خەست وەک ئەوەی دۆندرمەیەکی تواوە چۆن بە سەر دەستی منداڵێکدا دەڕژێت ئاوا لە لووت و چاویان دەردەبوو و بەسەر ڕوومەت و چەناگەیاندا دەهاتە خوار.

من دەترسام، ڕەنگە زۆر لەوانی دیکە زیاتر، دەگریام و دایکم دەستی توند بە چاوییەوە گرتبوون و بە دڵنیاییێکەوە دەیگوت: 'مەترسە هیچ نییە'.

من لە دڵی خۆمدا دەمگوت نەکا دایکم تەلەڤزیۆن بێت و تەنیا کەناڵێکی هەبێت و هەر تەنیا ڕستەیەک دووپاتە بکاتەوە: 'شتێک نییە، نیگەران مەبە'.

ڕێک وەکو پەخشی ڕۆژانەی سەمای عەرەبی و دیمەنی دایناسۆر، بە چەنگاڵە هەڕەشەئامێزەکانییەوە و...

**

٢

شەقامەکە لە پیاوێکی درێژی لاواز دەچوو، کە کڵاوێکی قووچی بە سەرەوە بێت، کۆڵانەکان وا هەڵکەوتبوون دەتگوت سۆندەی ئاون و بۆ ناو شەقامەکە شۆڕ بوونەتەوە، بەدڵنیاییەوە کۆتاییەکەشیان دەگەیشتەوە ماڵێک، ماڵێک بە ئاوپژێنێکی بچوکی بە چیمەنتۆ دروستکراو...

دەنگی تایەی ئۆتۆمبێل دەهات، ماتۆڕێکیش، کە لەو سەری کۆڵانێک دەسووڕایەوە و دەسووڕایەوە، زەین و هۆشی مورتەزای بۆ لای شەقامەکە پەرت دەکرد، من لەوەی، کە هەر خەریک بووم جلەکانی ڕابکێشم، هەر سەرم هەڵبڕم و پرسیاری لێ بکەم خۆشحاڵ بووم. سەرم زیاتر هەڵبڕی و گوتم: 'کاک مورتەزا، کە کەسێک دەکوژیت سەر و دڵت تێک هەڵنایەن؟'.

مورتەزا کەللەیەکی گەورە و ناقۆڵای هەبوو، بە کڵاوێکی سووفی سەوزباو، کە مسۆگەر لە شوێنێک لە بیری کردووە و ئێستا ئاوا بە سەری تاس و بەلاداکەوتووی بێ کڵاو و بە دوو لۆچی درێژەوە بەملا و ئەولایدا دەیهەژێنێت، گوتی: 'مەگەر تۆ هەواڵەکان نابیستی!'.

ویستم پێی بڵێم تەلەڤزیۆنی هەمووماڵەکانی شار تەنیا یەک کەناڵ پەخش دەکات ئەویش سەمای عەرەبییە و دیمەنی دایناسۆر بە دوو چەنگاڵی ترسناکییەوە، بەڵام نازانم بۆ هیچم نەگوت و پرسیارەکەی ئەوم بە پرسیار وەڵام دایەوە: ’ئێوە کەی بۆ شاری خۆتان دەگەڕێنەوە؟‘.

مورتەزا دەستێکی بە چەناگەیدا هێنا و گوتی: ’لە جەنگدا خۆ حەلوا دابەش ناکرێت!‘

گوتم: ’حەلوا!؟‘.

مورتەزا گوتی: ’بەڵێ، بەڵێ حەلوا!‘.

دیسان سەرێکم بۆ هەژاند، شانەکانم هەر لە خۆڕا بەرز کردنەوە، دەمم پڕ هەوا کرد و بەرەو سەرەوە فووم کرد و لەژێر لێوەوە شتێکم گوت: ’ئەو حەلوایە چییە؟‘.

مورتەزا گوتی: ’چ بوو؟ هیچت نەگوت؟‘.

ئەبرۆم تێک نان و بە وەڕەسبوونێکەوە گوتم: ’چی؟‘.

مورتەزا بە پێکەنینەوە گوتی: ’تۆ هێشتا زۆر منداڵی و...›.

منیش لە دڵی خۆمدا گوتم: ’هیچیش منداڵ نیم!‘.

مورتەزا گوتی: ’شتێکت گوت؟‘.

گوتم: ’ئێوە کەی دەگەڕێنەوە شاری خۆتان؟‘.

مورتەزا وەک تەختەدارێک چوست و ساف بە پێوە وەستابوو. دەمی بەشکردبووەوە، بە نیگای چاو دوای کابرایەکی عەرەب کەوتبوو، کە زیاتر لە جلێکی سادە و

گوڵداری دەکرد تا پیاوێک، من تێدا مابووم بۆچی مورتەزا وەڵامێکی دروست و ڕاشکاوم ناداتەوە و بە هەموو نیگایەوە کەوتووەتە دوای ئەو پیاوە عەرەبە و هەر قسە دێنێت و دەبات تا خۆی لەنێو وشەکاندا بپێچێت و بشارێتەوە.

باپیرە گوتی: 'ئەو چەکدارانەی ئێرانی بە تەمای ڕۆیشتن نین، هەر ئاوا دەیانەوێت خۆ بگنخێنن و بمێننەوە، ئاخر ئەگەر ئەوانەی خۆمان هاوکارییان نەکردبان، ئەگەر ئەم خەڵکە نارەسەنە ناپاکییان لەگەڵ سەدامدا نەکردبایە خۆ حاڵمان بەو حاڵە نەدەگەیشت و...'.

دایکم هاتە نێو قسەکانی باپیرە و گوتی: 'جەنگە ئیدی...'.

باپیرە گوتی: 'جەنگ لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ ئێمە؟'.

دایکم گوتی: 'نا بۆ لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ بەعسییەکان و...'.

باپیرە نەڕاندی، تاهێزی تێدابوو هاواری کرد: 'قسەی قۆڕ، پردییان ڕووخاندوون پرد، لەوە زیاتر؟'.

دایکم هەستا و بە هەنگاوی لەسەرخۆ دوور کەوتەوە و گوتی: 'بەستەزمانانە خۆ لە خۆشیی خۆیان پردیان نەڕووخاندوون!؟.

باپیرە دەنگی خۆی زیاتر گڕ کرد و گوتی: 'تۆ چ کارەی لەو نێوە؟ قسەی قۆڕ دەکەیت، چاوی عومەری شەهلات لێ دیار نییە ئاوا خۆت لێ گۆڕاوە'.

ئەو قسانەی باپیرە وەکو کوتک بە سەری دایکم دەکەوتن

و هەموو گیانیان دادەهێزاندە سەر یەک، دووبارە و چەندبارە دەبوونەوە، بەڵام دایکم ئیدی بێدەنگ بووبوو و هیچی نەدەگوت.

دووکەڵێکی کەمڕەنگ خۆی لە پەنجەرەکانی چایخانەی حەسەنی سمێڵ قیت هەڵدەسوو، مورتەزا هێشتاش زەینی هەر لەسەر ئەو کابرا عەرەبە و دەنگی ئەو ماتۆڕە بوو، کە نازانم لە قوژبنی کام کۆڵانەوە دەهات. جاری دووەم بوو، یان سێیەم، کە شاقەلی** کراسەکەی مورتەزام ڕاکێشا و لێم پرسیەوە: ‹کەی بۆ شاری خۆتان دەگەڕێنەوە؟›.

مورتەزا سەری وەرسووڕاند، بزەیەکی هاتێ، دەستی خستنە سەر سەرم و بە هەمان ئەو زەردەخەنەیەی، کە چاڵی لەسەر ڕوومەتیدا دەکرد، گوتی: ‹ئاسۆ، ناوت ئاسۆیە! وانییە؟›.

سەرم هەژاند و گوتم: ‹بەڵێ›.

مورتەزا گوتی: ‹ماڵتان لە کوێیە؟›.

گوتم: ‹گەڕەکی قاوەچییەکان› و بیرم نەمابوو، کە من و ژێهات ئەم ناوەمان لەو گەڕەکە نابوو و ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی شتێکی دیکە بوو، کە ئێستا بە بیرم نەدەهاتەوە.

مورتەزا گوتی: ‹دەخوێنیت؟›.

گوتم: ‹بەڵێ›.

مورتەزا گوتی: ‹پۆلی چەندەمی؟›.

گوتم: ’پۆلی سێیەم‘.

مورتەزا بە دوو پەنجە سەری خۆی خوراند و گوتی: ’کەواتە هێشتا هیچ لەبارەی جەنگەوە نازانیت! سەیرکە ئاسۆ ئەگەر ڕۆژێک گورگێک پەلاماری ماڵەکەتانی دا و ویستی تۆ بخوات و بووکەڵە و لەیستۆکەکانت ببات، باوکت چۆن بەرگری لە تۆ و دایکت دەکات؟‘.

پیاوێک، کە هەر ئێسک و پێست بوو لە ماڵی کاک هەیاس بەژوور کەوت و سێوەری گرتە باوەش، نیگام کەوتە سەر کیلۆنی دەرگای ماڵیان، کە یەکێک بە توندی دایخست و بەم شێوەیە نیگای منیش تێکشکاو و بەو گۆڕە وەربوو.

مورتەزا گوتی: ’نەتگوت؟‘.

گوتم: ’چی؟‘.

مورتەزا گوتی: ’گورگ و..‘.

چوومە نێو قسەکانی و بە شێوەیەک وەک ئەوەی ڕاویان نابم خێرا خێرا گوتم: ’نازانم! من کە... بەڵام تۆ باسی کامە گورگ دەکەیت؟ گورگەکان خۆ ناتوانن بە دیواردا هەڵگەڕێن، ناتوانن بچنە ماڵی هیچ کەسێک›.

با لە بەینی خۆمان بێت من تا ئەو کات هەرگیز گورگی بە ڕاستیم نەبینیبوو، ئەوەی دەمزانی بە سایەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بیانییەوە بوو، کە حەسەنی سمێڵ قیت هەر جارێک بچووبایە سەفەر لەگەڵ خۆی دەیهێنان و دیار

هەمووی نیشان دەداین.

بە بیرمە ئەو ڕۆژەش هەوا سارد بوو. ڕوخساری مورتەزا گۆڕا و بە دەربڕینێکی نەرمتر گوتی: ’تۆ چی لە جەنگ دەزانیت؟‘.

گوتم: ’مەبەستت ئەو تانک و تفەنگ و ماڵە پرسەدارانەیە، یان ئەو سەربازانەی عێراقی، کە ئێستا ئیدی لە شار نین تا بە کەیفی خۆیان خەڵک بکوژن؟‘.

مورتەزا وەک مردوو بێدەنگ بوو. دەستیم توند ڕاکێشا و وەکو دارگوێزێک، کە گوێزەکانی پێگەیشتبن ڕاموەشاند، ئینجا وەک ئەوەی لە خەوێکی قووڵ بە ئاگا هاتبێتەوە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و پرسی: ’کاتژمێر چەندە؟‘.

پێم گوت ’نۆ›.

پێم وابوو مەبەستی تەمەنم بێت.

مورتەزا دەستێکی بە ڕیشیدا داهێنا و گوتی: ’پێم وانییە، ڕەنگە دوو بێت›.

گوتم: ’نە، من...‘.

مورتەزا گوتی: ’تۆ ئەمانە چۆن دەزانیت؟‘.

گوتم: ’چی؟‘.

مورتەزا گوتی: ’هەر ئەم جەنگ و..‘.

دەستێکم بە سەرمدا هێنا، پێکەنیم و گوتم: ’مەگەر ئەوە نییە لەم شارەدا دەژیم!›.

مورتەزا دووبارە تەماشای کاتژمێرە فلزییەکەی دەستی کرد، کە خۆری سەر جامەکەی لە کاتی ئاوابووندا بوو و دیسان پێکەنی و من بەم چاوانەی خۆم بینیم ئەو پیاوە بە قەلافەت و تێکسمراوە، کە لەبەر چاوی من وەکو غوول وابوو، چۆن ماسکەکەی لە دەمی کردەوە و لە ناوەڕاستی کولان بەلاداهات و چاوە گەورە و بریسکەدارەکانی لەسەر کاتژمێرەکەی دەستی گیرسانەوە و کەوتە هێلنجدان و ڕشانەوە، شتێکی وەک شیری کولاوی دەردایەوە...

هەورێکی چلکن بەری ئاسمانی گرتبوو، گەوالەی ڕەش دەتگوت پەڕی قەلەڕەشن، مەرگ سواری سەر پشتی شار بووبوو و ئاوازی ترس و بیمی دەچڕی، مالەکان دەستیان بە لووتیانەوە گرتبوو و مرۆڤ دەڕشانەوە.

مەرگ پێویستی بە یارمەتیی هیچ کەس نەبوو. ئەو گازە نەفرەتییانە بە ویژدانێکی ئاسوودە کاری خۆیان دەکرد و بەربینگی هەزاران مرۆڤیان دەگرت و ڕێی مانەوەیان لێ دەگرتن.

ئەم کارەساتە لە سەرەتاکانی سالی ٨٨ ڕووی دا و دوای ئەوە ژیان هەرگیز وەک خۆی لێ نەهاتەوە.

ناو کۆلانەکانی شار پڕ بوون لە تەرمی قوربانیان، هەموویان گرمۆلە بووبوون و خۆیان وێکهێنابووەوە و نیشانەی پرسیارێک لەسەر لێویان نەخشی بەستبوو، یەکێک بە

دەنگێک، کە لە تەقینی پۆقژی بنێشت دەچوو لەنێو ئەو هەموو بێدەنگییەدا گوتی: ’ئەم شەپۆلەی مەرگە کاری هەموومان یەکلا دەکاتەوە و هەر بینیتان هەموو شتێک کۆتایی هات‘.

دایە خەجێ گوتی: ’هەر دەبێ یەکێک تۆڵەی ئەم پردتێکدانەی لێ بێتەوە!›.

هەموومان دەمانزانی پردی زەڵم دەڵێت و دەمانزانی پردی زەڵم تاکە پردی پەیوەندیی نێوان هەڵەبجە و سلێمانی بوو و سەربازانی عێراقی حەوت ساڵی تەواو لەسەر ئەم پردە هەڵپەڕیبوون و بە تانک و تۆپەکانیانەوە پەلاماری ئێرانیان دابوو، خەڵکیان کوشتبوو و لەوێوە دیل و یەخسیریان هێنابوونەوە. ئێستا ئیدی هەموو نەخشەکانیان کەوتبوونە ژێر ئەم پردە؛ پردێک، کە ئێرانییەکان توانیبوویان تەختی بکەن. ئەمەم بەم چاوانەی خۆم بینیبوو، ئەو کاتەی، کە لەگەڵ سێوەر لە گەڕەکی قاوەچییان بە دوای هەواسی لانەوازدا دەگەڕاین و ئەویش بۆ ئەو سێوە مێخەکڕێژە دەگەڕا، کە چەند ساڵ پێشتر لە ڕێبەنداندا دڵخوازەکەی بۆ ڕۆژی ئەڤینداران بە دیاری پێیدابوو و ئێستا ئەو ونی کردبوو.

هەواسی لانەواز گوتی: ’پردێک، کە ناپاکی لە خەڵکی بکات، باشتر وایە بڕووخێت.‘

تۆفیقی چاوشووشە گوتی: ’ناپاکی لەگەڵ کێ؟‘.

هەواسی لانەواز هەردوو دەستی لە پشتەوە تێکهەڵێنانەوە و هەستا بەرەو لای پردەکە چوو و گوتی: 'لەگەڵ ئێمە! مەگەر نەتبینی چۆن عێراقییەکان هەر جارە و یەکێکمانیان لەژێر ئەم پردەدا سەر دەبڕی؟ ئێستا بزانم سەدامی سەگباب چۆن دەتوانێت سەرباز و کرێگرتەکانی خۆی بنێرێتە هەڵەبجە! سوپاس بۆ خوا ئیدی هەرگیز دەستی نە بە ئێمە دەگات و نە بەو ئێرانیانە› و دەستی بۆ لای مورتەزا و چەند پیاوێکی دیکە درێژ کرد، کە ژنێکی باڵابەرزی قەڵەو بە خوانچەیەک نانی تازە و قاپێکی گەورەی چێشتی بۆ دەبردن.

تۆفیقی چاوشووشە قاقا پێکەنی و لەنێو پێکەنیندا گوتی: 'ئەرێ ئەرێ ڕەنگبێت تا ئێستا سەدام خۆی پیس کردبێت و...' دەستێکی بە قاچیدا کێشا و دیسان پێکەنی.

سێوەر گوتی: 'وەرە با بگەڕێینەوە! بۆی هەیە مووشەکێکیش بەر ئێمە بکەوێت›.

گوتم: 'ئەمانە بەس پردان دەڕووخێن خۆ ئێمە پرد نین!'.

سێوەر گوتی: 'ئەوان بە چی بزانن، کە من و تۆ پرد نین!'.

گوتم: 'کێ؟'.

سێوەر گوتی: 'مووشەکەکان..'.

گوتم: 'ئەگەر بە ئاراستەی ئێمە هات خۆی لەبەر لا دەدەین›.

سێوەر دەستی لە هەوادا ڕاوەشاند و گوتی: ’بڕۆ بابە! تۆ لێت گۆڕاوە! من دەگەڕێمەوە›.

پێکەنیم و بە پێکەنینەوە گوتم: ’ئای، کە ترسنۆکی!‘.

ئەو ڕایکرد و ڕۆیشت و من تـەواوی ئەو ڕۆژە سارد و درێـژە هەر بیرم لەو نەخشە جوگرافیایە دەکـردەوە، کە بە دیـواری چاخانەکەی حەسـەنی سمێڵ قیت هەڵواسرابوو و شوێنی دوو پەنجەی گەورەی چەوراوی لەسـەر گۆشـەی لای ڕاستیدا بە جێمابوون، ئای چەند پێم خۆش بوو لەنێو ئەم هەرا و ژاوەژاو و قەرەپەستانەیە** لەگەڵ یەکێکدا قسـەم بکردبایە، لەگەڵ یەکێکی وەکو سێوەر. نا، پێت سـەیر نەبێت! هەڵەبجە پڕ بوو لە منداڵ، بەڵام من تەنیا لەگەڵ سێوەر و دیار و ژێهات هاوڕێ بووم. هیچ کەس لە هەڵەبجە ڕێگەی بە منداڵی خۆی نەدەدا هاوڕێیەتیی من بکات، ئەمە هەمووی بە هۆی ڕەفتارەکانی عومەری شەهلا و باپیرەمەوە بوو. سێوەر و ژێهات کەمێک لەبەر خۆم و کەمێکیش بەهۆی ڕاسپاردەی دایە خەجێ و تکای دایکم بووبوونە هاوڕێم، بەڵام هی دیار لە هەموو ئەوانی دیکە جیاواز بوو. ئەو کوڕی حەسـەنی سمێڵ قیت بوو، ئەو ئیدی لەگەڵ باوکیدا هەڵەبجەیان جێهێستبوو و پردی زەلْم لە یەکدی دابڕاندبووین.

حەسـەنی سمێڵ قیت نۆکەری عومەری شەهلا بـوو و هەمووان بە سمێڵ قیت بانگیان دەکـرد، بـەڵام نەک لەبەر

ئەوەی سمێڵەکانی قیت بن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە ژیانیدا کەس نەیزانی سەر بە چ بنەماڵەیەکە، وەلێ بە ڕاستی من حەزم لە چیرۆکەکانی بوو، هەروەها سمێڵیشی سەرنجڕاکێش بوون، کە هەر تاڵەمووێکی فەیلەسوفێکیان پێوەهەڵواسرابوو و مامۆستای پۆلی سێیەممان هەر ناوی دە دانە لە هەزار دانەی ئەو فەیلەسوفانەی دەزانی، کە حەسەنی سمێڵ قیت چیرۆک و سەربردەیانی بە ترش و خوێوە بۆ موشتەرییەکانی گێڕابووەوە و ئێستا لە هەموو شوێنێک بوو و لە هیچ شوێنیکیش نەبوو تا بە هەمووان بڵێت پردەکان ئەرکیان پێکەوە بەستنەوەی دونیا جیاوازەکانە و هەر پردێک، کە دەڕمێت نەوەیەک لەژێر داروپەردوویدا دەمێنێتەوە و تا چەندین سەدەی دیکە دەنگی بە هیچ شوێنێک ڕاناگات، مەگەر ئەوەی، کە هەموو گوێی زەوی ببێتە تەلەڤزیۆن و لەجیاتی سەمای عەرەبی تەنیا و تەنیا باسی ڕووخاندنی پردەکان و ئەو نەوانەی لەژێر داروپەردوودا ماونەتەوە، پەخش بکات و...، هەر بەو شێوەیەی، کە پێشتر بە عومەری شەهلا و زۆری دیکەشی گوتبوو.

یەکێک دەبا ئەم پردەی چاک کردبایەوە بۆ ئەوەی مەرگ تەنیا هەر لە لایەکەوە بیتوانیبا بڕوات، بەڵام کەس خۆ نە کاتی ئەوەی هەبوو نە سەروحەسەڵە. هەموو پیکەبەکان لە جادەیەکی باریک بە دوای یەکدا هۆڕنیان لێ دەدا و هەموو

ئەوانەی لە پشتی ئەو پیکەبانە سوار بووبوون جنێویان دەدا و هەرچی بە دەمیاندا دەهات نەیاندەگێڕایەوە. من توند دایکمم گرتبوو و ئەویش، کە لە دواوەتـری ئەوانی دیکە بەملا و ئەولادا ڕادەهـەژا، توند خۆی بە شیشە ئاسنەکانی تەنیشتی پیکەبە سـەوزەکـەوە چەسپاندبوو. هەموو شوێنێک زەرد هەڵگەڕابوو، یەکێک لە نێو پیکەبەکە دانیشتبوو و بە دەنگێکی خەمناک سیاچەمانەی** دەچڕی، بە جۆرێک دەیخوێند وەک ئـەوەی هەموو خەڵکی شار لەم سپێدەیە، یان زۆر زووتر مردبن و ژیان بارگەوبنەی پێچابێتەوە و لە شوێنێکدا، نازانم لە کوێ و کەینێ خۆی سەرقاڵ کردبێت و ئەو بیەوێت بەو دەنگە پڕ لە حەسرەتەیەوە بیگەڕێنێتەوە.

ئۆتۆمبێلەکە کیسەڵئاسا ڕێگاکەی دەبـڕی، بـەڵام هەر جـارێک، کـە لـە نشێوی کۆڵانێکدا شـۆڕ دەبـــووەوە، توند هەڵدەبەزیەوە و یەکێمان، کە نازانم کێ بوو پەلار دەبووە خوارێ و سوارکردنەوەی کاتێکی زۆری لێ دەگرتین.

کـوڕە گەنجێک لـە چاخانـەکـەی حەسـەنی سمێڵ قیت دەرپەڕیبوو، دەستی لەبەر ئاسمان پان کردبوونەوە و بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد: 'یەکێک یارمەتیم بدات. ئێوە و خوا من نامەوێت بمرم!'.

کاک هەیاس ویستی لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزێت و سواری بکات، بـەڵام لەکاتێکدا، کە زۆر لێی نزیک بووبووینەوە،

ئۆتۆمبێلێکی ڕەشی مۆدێل ئەمریکایی بەخێرایی بەوێدا تێپەڕی و هەر لەگەڵ ڕۆیشتنیدا سەری کوڕە گەنجەکەی لەگەڵ خولانەوەی تایەکانی پێشەوەی خۆی پێچایەوە و خوێن بەو ناوەدا پرژا، خوێنێکی ئاماڵ ڕەش و مەییو!›.

هەمووان ڕوخساری خۆیان بە لەپی دەستیان شاردبووەوە و دەیانقیژاند، هەمووان جگە لە من و دایکم، کە سێ تنۆکە خوێنی بچوک کەوتبوونە سەر دەستی و پێنج تنۆکیش بە دەموچاوی کەوتبوون و تا دەهات گەورەتر دەبوون. دایە خەجێ خەریکبوو لچکی چارۆگەکەی بە دەم تەڕ دەکرد و هەوڵی دەدا دەموچاوی دایکم بۆ لای خۆی وەرسووڕێنێت و تنۆکە خوێنەکان پاک بکاتەوە، بەڵام بۆی نەدەکرا و بە شێوەیەک ئەمەی دەکرد وەک ئەوەی بیەوێت کەسێکی باڵق سونەت بکات. هەرچەندە ئەو کوڕە گەنجە ئیدی مردبوو، پیکەبەکە لۆقەلۆق دەڕۆیشتە پێشەوە، هەمووان دەموچاوی خۆیان داپۆشیبوو و کاتژمێرە دەستییەکەی دایە خەجێ لەسەر ژمارەی دوو خەوتبوو، بەڵام کات تێدەپەڕی و ئەو کاتتێپەڕینەش لە قازانجی ئێمەدا نەبوو. ڕووم لەسەر ئەو هەموو دەستەی، کە بە دەموچاوانەوە بوون وەرگێڕا و بە شیشە ئاسنی تەنیشتەکانی پیکەبەکەمەوە نا. نیگەران و پەشۆکاو لەو پیاوانە ورد بوومەوە، کە لەنێو تەرمەکاندا دەخولانەوە و هیچ جیاوازییێکی دیاریکراوم لێ بەدی نەدەکردن، هەر ئەوە نەبێ

گەورە بوون، زیندووەکانیان سواری ئۆتۆمبێلەکان دەکردن و من بیرمە چەند جارێک بە دزی لەگەڵ یەکێک لەمانە قسەم کردبوو، زۆریش بە هۆی ئەو قسەکردنە لەگەڵ ئەو پیاوە، لە لایەن باپیرە جنێو و لێدانم خواردبوو.

بە هەردوو لەپی دەستم توند سەری خۆم گوشی، وەک ئەوەی بمەوێت بەرامبەر زەبرێکی بەهێز خۆم بپارێزم. دەنگی باپیرە لە هەموو لایەکەوە دەهات؛ دەنگێکی گڕ و گەورە زرمەی لە گوێیەکانم هەڵدەستاند و هەر جارێکیش، کە سەری خۆم دادەخست بە تووڕەییێکی زیاتر گوێی ڕادەکێشام و دەیگوت: 'سەڵیتەی ناکەسبەچە!؛

منیش چ بکەم! هەموو جار بە ترسەوە سەرم وەردەسووڕاند و لەژێر لێوەوە دەمگوت: ‹تۆبە، جارێکی دی وا ناکەم!›.

تاوناتاوێکیش یەکێک، کە نازانم کێ بوو فیکەیەکی لێ دەدا و دەیگوت: 'قەل فڕی!›.

لە ترسان سەرم لەبەر خۆم نابووەوە. دەترسام چاوی لەم دەوروبەرانە بێت و تەماشای من بکات. هەر جارێک سەیری دەکردم هەستم دەکرد شتێکم لێ دەبێتەوە و دەکەوێتە نێو شوێنێکی قەدەغەکراو و هێنانەوەی بە بەهای گیان تەواو دەبێت. بە بیرم نایەت ئەو بوێرییەم هەبووبێت بێترس و دڵەڕاوکێ ژیابم. ڕاستییەکەی بێژم لە هەموو تەمەنمدا تەنیا دووسەد و بیست و پێنج جار توانیومە بە دڵی خۆم و بە بێترس ژیابم

و لەو ساتەوە، کە مەرگ بە چاوسوورکردنەوەکانی باپیرەم خزاوەتە ناو دڵمەوە ئیدی نەمتوانیوە ژیانێکی ئاسایی وەک ئەوەی خەڵکانی دیکە هەیانە، بژیم. من ئیدی ژیانی ئاساییم هەر لە بیر کردووە.

دوو پیاوی باڵابەرزی ئێرانی لە ڕۆخ جادە وەستابوون و بە شێوەیەکی تایبەت دەستیان بۆ ئۆتۆمبێلەکان ڕادەدا و ڕێنوێنییان دەکردن؛ بە شێوەیەک، کە هەر تەنیا شۆفێرەکان تێی دەگەیشتن و ئێمە واماندەزانی گەرەکیانە بڵێن، "بە سلامەت..»، منیش دەستم هەڵبڕی و بۆ ئەو پیاوانەم ڕاوەشاند، کە ئێستا ئیدی مێشکیان سەرقاڵ کردبووم.

باپیرە توند دوو پێلەقەی بە تەرۆکمدا دان، قژی گرتم و ڕایکێشا و بە تووڕەییەوە گوتی: ’سەڵیتە! لەگەڵ غەواراندا پیاسە دەکەیت؟‘. دەستم لە پشت خۆم شاردنەوە، ڕامکردە لای دایکم و گوتم: ’تۆبە، دووبارەی ناکەمەوە!›.

باپیرە پڕکێشی دەکرد بمگرێت، بەڵام دایکم توند دەستی گرت و پێی گوت: ’وازی لێ بێنە، چیت داوە لەم منداڵە؟ بەستەزمانە مەگەر چی کردووە؟‘.

باپیرە بەرەو دیوارەکە پاڵێکی بە دایکمەوە نا و هێند لێبڕاوانە گوتی: ’دەبێ ئەو سەڵیتەیە لە بری چاپەستێک بدرێتە حەسەنی سمێڵ قیت›. دایکم بەو هەڕەشەیەی باپیرە لە شوێنی خۆی ڕەق هەڵات و سەری داخست و وەک مردووان زاری لێ بەش بوو.

هەمووان دەمیان لێ بەش بووبووەوە، خەمگین و پەرێشان سەریان داخست. وەک بڵێی کەسێک لە سەدەیەکی دوورەوە عومەری شەهلایەکی دیکەی هێنابێتە دونیا و هەمووان بەو هاتنە دونیایەی زەندەقیان چووبێت، هەمووان بێجگە لە من...

پیکەبەکە هەروا کیسەڵئاسا بەنێو کۆڵان و خانووی نزم نزم، کە پاڵیان ویکدابوو و دەتگوت شیوەن دەگێڕن، دەچووە پێش. ژنێکی قەدبڵندی نە قەڵەو نە لاواز، کە خەم و کۆڤانت لە چاویدا دەبینی، بەرامبەری من لە تەنیشت دایە خەجێ وەستابوو. لێوی گۆشتن و کەمێک شۆڕ بوون و بە لای شینییاندا دەڕوانی، ترپەی دڵی دەتگوت نرکەی نەهەنگێکە، لەوانەی، کە لەنێو کتێبی پۆلی دووەممماندا هەبوون، بەخێرایی لێی دەدا و دەنەگەکەی لە دەمییەوە دەردەچوو و... نیگام لەسەر ژنەکە لابرد و لە پلێتی ناو پیکەبەکە ڕامام، کە پڕ بوو لە پێی سەرنشینان. حاڵم هیچ باش نەبوو. چاوم دەزوورانەوە و دەتگوت سرکەیان کردووەتە قوڕگمەوە، بۆڕی هەناسەم دەئێشا و دەسووتایەوە. توند سەرم خستە سەر قاچی دایکم، کە بە هۆی هەڵبەزینە لەناکاوەکانی ئۆتۆمبێل دەلەرزین.

دایە خەجێ تووڕە و قەڵس بوو. بە خەیاڵ لێکلێکە جگەرەی دادەگیرساندن و مژی قووڵی لێ دەدان و هەر هەناسەی ساردیش بوو، کە لەنێو دوو لێوە وشک و ڕەنگپەڕیوەکانیدا دەردەچــــوو. ســەرما لــەو پشتی پیکـەبـەدا حەجمانی لێ

هەڵگرتبووین و کەللەی سەری دەتەزاندین و تێکەڵی ئەو دووکەڵانە دەبوو، کە لەو سەربانە بەلاداهاتووانەی ماڵاندا بەرز دەبووەوە و نەدەزاندرا داخۆ کامیان هەناسەی قووڵی مەرگن.

سەرم دانایە سەر قاچەکانم و لە تەنیشت دایکم خۆم گرمۆڵە کرد. سێوەر دەستی خستە سەر ئەژنۆم و گوتی: ‹ئاسۆ›.

سەرم هەڵبڕی، بەڵام ئەو خۆ لەوێ نەبوو، نە، لە هیچ جێیەکدا نەمدەبینی. ئۆتۆمبێل وەک پیاوێک، کە لەنێوەشەودا مەست بێت و بە لاکەلاک بڕوات، هەر نەتری دەدان؛ دەوەستا و دواجار لە ناوەڕاستی دوایین دەروازەی شار نەترێکی کرد و مەکینەی کوژایەوە و بە یەکجاری پەکی کەوت. گرفتەکەی چ بوو، نازانم. کاک هەیاس سێوەری بە باوەشەوە بوو و بە دەستە پان و گەورەکانییەوە لە تەنشتی پیکەبی دەدا و دەیگوت: ‹دەی! زووبن دەبێ ڕابکەین، هاکا فڕۆکەکان گەڕانەوە›.

هەمووان ڕایان دەکرد، هەندێک ڕۆحیان، هەندێک جەستەیان، هەندێکی دیکە خەون و خەیاڵیان... هەر یەکەو بە جۆرێک لەپێناو مانەوەدا هەوڵی دەدا.

دایکیشم ڕای دەکرد. بە دەستێک منی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا و بە دەستەکەی دیکەی کیسەیەکی گەورە و قورسی

هەڵگرتبوو، کە پێم وایە هەموو دارونەدار و شتە تایبەتییەکانی خۆی تێدابوون، ڕێک وەکو هەموو ئەوانی دی..

شار لە دوامانەوە هاواری دەکرد و ئێمە داماوانە ڕامان دەکرد، بێگومان ئەگەر بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕاکردن بۆ ئێرە گونجاو بێت؛ چونکە بە سەرنجدان لەو شەپۆلە حەشاماتەی، کە پێڵاوی ئاوارەبوونیان کردبووە پێ و بەر یەک دەکەوتن، ڕادەهـەژان، دەکەوتن و هەڵدەستانەوە، ئەم دەستەواژەیە پێناچێت زۆر لەجێی خۆی بێت و باشتر وایە ڕاستی بکەمەوە و بڵێم خەریک بووین هەنگاوی خێرا خێرامان هەڵدەهێنان.

حەسەنی سمێڵ قیت پاڵی بە دیواری چایخانەکەیەوەدابوو و ئەو خەڵکەی دەژمـارد، کە خێرا خێرا دەهاتن و دەچوون و دەیگوت: ‹دوو پیاو و ژنێکی عەرەب لەوسەری دونیاوە کۆمپانیای ڕێگاوبانیان کردووەتەوە، شەو و ڕۆژیان نییە و بەردەوام خەریکی جادە و دروستکردنی ڕێگاوبانن›.

عومەری شەهلا گوتی: ‹جا مەبەستت چییە؟›.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ‹ئەگەر ئێمەش لقێکی لێرە بکەینەوە ئیدی لە کۆڵ ئەو هەموو تۆز و خۆڵە دەبینەوە و چیدیکە چاومان هەڵناگلۆفین. هەموو جادەکان سەرێکیان دەگەیەنینە هەڵەبجە و سلێمانی و ...›.

عومەری شەهلا گوتی: ’نا، نابێت. ئەوکات ئیدی کەس لێرە نامێنێت و ..‘.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ’هەموویان دادەمەزرێنین و ئەوەندە جادە و شەقامان دروست دەکەین، کە بۆ هەر کوێیەک بچن، هەر بۆ هەڵەبجە بێنەوە›.

عومەری شەهلا پەنجەی ڕاستی بە بن سمێڵیدا هێنا و گوتی: ’هەڵبەت دەبێ زۆر زیرەک بیت و بتوانیت لێرە گیریان بکەیت کە...‘ و پێکەنی.

پێکەنین ئەو تاکە فارگۆنە بوو، کە هەمیشە دەیتوانی کار و نیازە نهێنییەکانی خۆی لێ بار بکات، پاڵی پێوە بنێت و لە خۆی و لە هەمووان دووریان بخاتەوە. مسۆگەر نەیدەزانی، کە ڕۆژێک دادێت دونیا پڕ دەبێت لە جادە و لە هەر لایەکەوە یەکێکیان هەر دەگاتەوە هەڵەبجە، یان ڕەنگە بشیزانیبێت و لەبەر ئەوە بووبێت پێدەکەنی.

هێشتا لە هەڵەبجە نەچووبووینە دەر. جادەکە باریک و درێژ بوو و ئێمە هەرچی زیاتر ڕامان دەکرد دەتگوت جادە زیاتر لێکدەکشێتەوە و نەدەگەیشتینە هیچ جێیەک، یان ڕەنگبێت وامانزانیبێت ڕادەکەین، وەلێ ڕاکردن نەبووە و لە شوێنی خۆمان بووین و بە دەوری تەرمەکاندا سووڕاوینەتەوە و هەر چاوی خۆمانمان هەڵگلۆفیوە.

کات وەک ئەوەی مردبێت، یان لە کونجێک وەستابێت و

لە کەسێک نز بووبێتەوە و خەیاڵ بردبێتیەوە، تێنەدەپەڕی و ئێمەش هەرچی هەوڵمان دەدا بێهوودە بوو. دایکم تووڕە دیار بوو. من هەترەشم چووبوو. سێوەریش هەترەشی چووبوو، بەڵام دایە خەجێ لەپڕ دەیدایە قاقای پێکەنین، بێدەنگ دەبوو و دووبارە لە قریتەی پێکەنینی دەدا. پاشان لە پەنجە باریک و ئێسقانییەکانی ڕادەما، لۆچ و کوریشکی کراسەکەی ساف دەکرد و بە وشە و دەربڕینی سەیر و سەمەرە دڵی خەڵکەکەی دەدایەوە و دواجاریش جنێوی بە دونیا و بونیا و داروبەرد... دەدا و دیسان بێدەنگ دەبووەوە. وابزانم شێتی، قاچە درێژ و بۆگەنیوەکانی خۆی خستبوونە نێو پێڵاوەکانی و پێ بە پێی ئەوەوە دەڕۆیشت و دەستبەرداریشی نەدەبوو.

بۆ چەند ساتێک چاومم نوقاندن و ویستم بیر لە دایە خەجێ نەکەمەوە. تێگەیشتن و خوێندنەوەی دایە خەجێ لەوێ و لەو هەلومەرجەدا کاری من نەبوو. هەر چەند ساتێک پێش ئێستا هۆش و هەستم لەژێر زرم و هۆڕی فڕۆکەکان و بۆنی خەستی سێو و گیاکەڵەدا نێژرابوو و ئێستا بیر و هزرم دووبارە لەنێو بەرزەخی جەنگدا پەلەقەژەی دەکرد؛ بەرزەخێک، کە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت داخۆ کەینێ ئەو دەمارگیرییە هۆڤناک و شێتانەیەی دابمرکێ و لە بەرامبەر ژیان و مانەوەدا بدۆڕێت و دیسان ژیان سیما و ڕێڕەوی خۆی وەربگرێتەوە.

هەواسی لانەواز خەریک بوو عارەبانەکەی بەخێرایی پاڵ دەدا و ڕوو لە کاک هەیاس دەیگوت: ‹جەنگ مرۆڤ دەگۆڕێ و دەیکاتە کاڵا و شتومەک›.

گریان قورگی کاک هەیاسی گرتبوو و بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: ‹هەمووان بیریانە، کە ئێمە پێنج هەزار و چوار سەد کەس بووین›.

دایکم دەستی بە سەرمدا هێنا و بە دڵنیاکردنەوەوە گوتی: ‹ئەگەر بگەینە ئەودیو ئیدی نامرین، دەربازمان دەبێت و...›.

وێناکردنی ئەوەی، کە ئێمە هەموومان بگۆڕێین و ببینە شتومەک و کاڵا خستبوومیە گریان. ئەمە بۆمەلەرزەیەکی خستبووە دڵ و دەروونمەوە و خەریک بوو وێرانی دەکردم؛ وێرانکردنێک، کە بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی بەری پێ بگرم. سەرمم خستە نێو هەردوو دەستم و توند گرتم نەوەکا بکەوێت و غلۆر ببێتەوە و لێم دوور بکەوێتەوە، نیگام هەر لەسەر دایکم بوو، کە دەستی گرتبووم و خەریک بوو دەیگوت: ‹مەترسە! هیچت بەسەر نایەت. خۆ ئەوەتا دڵنیات دەکەمەوە›.

دایکم بەهێمنی دەئاخفت، ئەوەندە هێمن و لەسەرخۆ وات هەست دەکرد لەپشت دیوارێکی ئەستوور هەوزینگ** دەدا. دەستی لەسەر دڵی بوو و بەردەوام پێچی دەخوارد. دوو کوریشک** کەوتبوونە نێوچاوانی و گۆناشی سەیر زەرد هەڵگەڕابوون.

دەستیم گوشی و گوتم: ’کوێت دێشێت؟‘.

دایکم دەستی توندتر بە سکییەوە گرت و گوتی: ’پێم وایە ناوکم کەوتووە!‘.

من هەر بیرم لـەوە دەکـردەوە، کە ناوکی مـرۆڤ چۆن دەکەوێت!.

گوتم: ’مەگەر ناوکیش دەکەوێت؟‘.

دایکم چەند جار زمانی بەو تامیسکە بچوکەی کونجی لێویدا هێنا، کە تا دەهات گەورەتر دەبوو و گوتی: ’دەستی بشکێت...‘.

گوتم: ’کێ؟‘.

دایکم هیچی نەگوت و گریا.

من تێگەیەشتم مەبەستی باپیرە و دایناسۆرە.

حـەسـەنـی سمێڵ قیت بـیـری دایـنـاسـۆری خستبووە مێشکمانەوە، کاتێک، کە خەریک بوو چای لـەبـەردەم ئەو کابرا ئەرمەنییە دادەنا، ڕۆژنامەیەکی پیشان دەدا و دەیگوت: ’دایناسۆرەکان نەمردوون، تەنیا شێوەیان گۆڕاوە. هەر ئەوەیە ئێستا لەسەر دوو پێ دەڕۆن و مگێزیان دەچێتە هەموو شتێک تەنیا ماڵ نەبێت›. تییەچاویشی بۆ لای عومەری شەهلا وەردەسووڕا.

سێوەر لەدواوە کراسەکەمی ڕاکێشا و گوتی: ’ئاسۆ، تۆ ناترسیت دایناسۆر بگەڕێتەوە؟‘.

چاوم وێک هێنانەوە و بە سەرسوڕمانەوە گوتم: 'دایناسۆر؟'.

سێوەر گوتی: 'ئەو قیافەیە چییە، دەڵێی بۆقی، خۆت ئاوا لێکردووە! ئاشکرایە خۆ! عومەری شەهلا دەڵێم!'.

چاوم زیاتر بچوک کردنەوە و بە دەنگێکی گیراوەوە گوتم: 'ئێ، ئەوە چییە؟'.

نازانم بۆچی سێوەر لە وەڵامدا بە دەنگی بەرزەوە گوتی: 'ئەوە چییە و دەردا!'.

من هەرچەندی هەوڵم دا شتێک بڵێم نەمتوانی. بێدەنگی هەر وەک تۆپەلۆکەیەک بیناقاقای گرتبووم نووزەی لەبەر بڕیبووم.

من باش ڕاهاتبووم بەرگەی ئێش و ئازار بگرم، بەڵام قسەکردن نا، نەشمدەزانی بۆچی ئەو ڕۆژە حەزم لێ بوو بە گژ یەکێکدا بچمەوە، هاوار بکەم، جنێو بدەم، لەو جنێوانەی، کە عومەری شەهلا بێپەروا بە دونیا و بونیای دەدان و باکیشی بەوە نەبوو کەس لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات؛ لەگەڵ ئەوەشدا سێوەر بژاردەیەکی گونجاو نەبوو، کە بە گژیدا بچم. ئەو زۆر دەمێک بوو دەمی خوار کردبوو و ڕووی خۆی بەرەو لای کاک هەیاس وەرگێڕابوو، ئێستا ئیدی شێوەی بۆ من دوور دەینواند، زۆر دوور...

شتێک ڕێک لەنێو قوڕگمدا گیر بووبوو و هەرچی هێڵنجم دەدان بێهوودە بوو. دایکم توند چەند کوڵەمستێکی لە پشتم دان و گوتی: ’هاوار بکە!‘.

دەستمم خستە سەر قوڕگم. سێوەر ڕۆیشتبوو و نەمدەزانی دەبێ بەسەر کێدا هاوار بکەم. حاڵم لە حاڵی دوپشکێک دەچوو، کە خرابێتە نێو بازنەی ئاگرەوە. چرنوکم لە دەموچاوی خۆم دەدا و هێڵنجم دەهێنانەوە. دایکم توند سەرمی بە سنگیەوە نووساندبوو، دەگریا و دەیگوت: ’سیروان›.

ڕەوشی دایکیشم باش نەبوو. ڕەوشی هیچ کەس باش نەبوو. لەنێو سەری هەر یەکێکماندا ژاوەژاوێک بوو نەبێتەوە، ژاوەژاوێک دەتگوت باڵندەیەکی بزۆزە دەیەوێت بە دەنووک یاخەی داخـراوی ئاسمان هەڵبدڕێت، ئاسمانێک، کە سپی سپی دەچوەوە و وەک شەنەبا بەفری بەسەر شان و ملماندا دەباراند و...

ئاوا ئەو ڕاکردنە درێژ و بێڕاوەستانە دواجار گەیاندنیە ئۆردوگـایـەک، کـە جـادە و کۆڵانەکانی خـۆڵاوی بـوون و بەردڕێژ نەکرابوون، خانووەکانی دەتگوت دەببەی نەوتن و پاڵیان دابووە یەک، بەڵێ ئەو ئۆردوگایە ناوی ‹زەمەقی› بوو و نێوانی لەگەڵ هەڵەبجە هەر پێنج سەد هەنگاوێک دەبوو، دوو کوڕی گەنج، کە لەسەر دەستی چەپی هەر یەکێکیان پیتێکی گەورە بە خوار و خێچی بەدی دەکرا، تەواوی ئەو پێنج

سەد هەنگاوەیان ژماردبوو.

‹ئۆردوگاکانی دەوروبەری هەڵەبجە و شارۆچکە و شارەدێکانی دیکەش، کە لە دەوروبەری شارە گەورەکانی باشووری کوردستاندا هەبوون، بە فەلسەفەیەکی تایبەت دروست کراون›. ئەمە قسەی ئەو پیرەمێردە بوو، کە هەمیشە گەواڵەیەک دووکەڵی جگەرەی لە دەم دەردەچوو و بۆ ئاسمان هەڵدەکشا و شێوەی چەند باڵندەیەکی لێ دروست دەبوو، کە لەو تاقی ئاسمانەدا باڵەفڕەیان بوو.

کاک هەیاس دەنگی هەڵبڕی و گوتی: 'سندان لە خۆی و فەلسەفەی دا، زۆڵی ناڕەسەن!'.

پیرەمێردەکە دەستی بردنە نێو گیرفانە گەورەکانی، چاوە شین و شووشەییەکانی بڕینە بەر پێی و بێدەنگ بوو.

بەڵام کاک هەیاس هێشتا هەر تووڕە بوو و بە هەڵچوونێکی زیاترەوە دەینەڕاند و دەیگوت: 'ناڕەسەنی سەگباب!'.

من ئێستاش نازانم بۆچی ئاوا هەناسەم بەخێرایی دایەوە و گوتم: 'سەگباب!'.

دایکم گریا و گوتی: 'بقیژێنە! ڕۆڵە بقیژێنە!'.

منیش دووبارە هاوارم کرد، زەوی لێی وەرگرتمەوە هاواری کرد، ئاسمان هاواری کرد، هەمووان هاواریان کرد؛ هاوارکردنێکی درێژ و...

ناو کۆڵانەکانی زەمەقی کپ و بێدەنگ بوون، نائومێدی لەو نێوەدا سەری مەیدانی لێ گرتبووین و باڵی خۆی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو، بە چەشنێک هەموو بوون و ژیانی تاریک داهێنابوو و هەمووان بڕوایان وا بوو، کە ژیانی چەند نەوەی داهاتووش لەژێر ئەم پردەدا لە بەین دەچێت. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم، کە بەدڵنیاییەوە هەموومان پردێکمان لە مێشکدا هەبوو، پردێکی دارماو، کە پێدەچوو بۆ هەر کوێیەک بچین لەگەڵمان بێت و بتوانێت مەودا بخاتە نێوان ئێمە و ئارەزووەکانمان و...

هەوا بۆنی دارستانی لێ دەهات، کە لێمان نزیک بووبووەوە و ئێمە تەنیا بیرمان لە بەفرێک دەکردەوە، کە دەتگوت بە شەنەبا بە سەر خەڵک و ئەو خانووانەدا دەبارێت، کە بە یەکشێوە و لەم بەر و ئەو بەری جادەکان پاڵیان بەیەکەوە دابوو و پەنجەرەی بچوک و دەرکەی باریک و لاکێشەییان هەبوو... لە تەک چەند خانووێکدا گردێک تەپاڵە هەڵدرابوونە سەر یەک و بە نایلۆنێکی ئەستوور سەریان داپۆشیبوون. لە بەردەمی چەند خانووێکی دیکە کۆنە تایەی ئۆتۆمبێل و پارچە ئاسنی گەورەی ژەنگاوی فڕێ درابوون. هەندێک لە خانووەکان یەک دوو پلیکانەیان هەبوو، هەندێکی دیکەیان لەگەڵ عەردەکە تەخت بوون و دەتتوانی بە سانایی پێ بخەیتە نێو حەوشەیان و...

وا دیار بوو بەر لە هاتنی فڕۆکەکانماڵەکان چۆڵ کرابن، بەڵام نەک هەموویان. کەمێک لەولاتر دەرگای چەند ماڵێک بە هێواشی کرانەوە و ئاپۆرەیەک لە کەسانێک، کە سەریان دەتگوت قەندیلەیە بە نێو کۆڵانەکان وەربوون. هەموویان چاویان شین بوو، تەنیا شێوە و قەد و قەوارەیان لە یەک جیاواز بوو. بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ئەو هەموو خەڵکە، ژمارەم لەبەر نەبوون، وەلێ بەگوێرەی ژمارەی قاچەکانیان، کە دەڕۆیشتن دەکرا تێبگەین، کە زۆر بن، زۆر زۆر.

دایکم وەکو حەلەزوون لەنێو خۆیدا گرمۆڵە بووبوو. لە دوورەوە قیافەی لە شووشەیەکی بێ سەر و گەردنی شەراب دەچوو، کە بۆ کارێکی گرنگ دروست کرابێت. تازە تەمەنی بووبووە سی ساڵ، سی تاڵە مووی سپی و درێژ لەنێو قژیدا ڕێک وەکو جەستەی کەسێکی ڕووت، کە لەبەر خۆرەتاودا ڕکشابێت، ئاوا ڕاکشابوون.

هەر جارێک سەیری دایکمم دەکرد، وێنەی پیاوێکی باڵابەرزم لەنێو چاوانیدا دەبینی، کە دانیشتبوو و من هەموو جار وا بیر دەکەمەوە ئەوە دەبێ باوکم بێت.

باوکمم بیر کەتبووەوە. دایکم بەرامبەری دانیشتبوو. پێکەنینی لێ دەباری، ڕوخسار و هەموو گیانی یەکپارچە بووبووە پێکەنین.

باوکم لێی نزیک کەوتەوە، دەمی دایکمی ماچ کرد و گوتی: 'خۆشمدەوێیت'.

دایکم بۆ دواوە پاڵی پێوەنا و گوتی: 'ئاسۆ وا سەیرمان دەکات!'.

من سەرم دانەواند و خۆم خستە نێو ئامێزی باوکمەوە. دایکم لە ژوورەکە چووە دەرەوە و باوکم بە گوێمدا چرپاندی و گوتی: 'خۆشمدەوێیت...'.

***

٣

که گەیشتینه زەمەقی دوانیوەڕۆیەکی درەنگ بوو. سەرما ئاسمانی گوشیبوو و هەر پڕووشکه بەفری ئـاوداری لێ دەهاتنه خوار.

پیاوێکی کورتەبنەی ورگنی قژ گـروازه، قاچی لێ خوار کردبوون و لەو گۆڕه دانیشتبوو. لاقی باریک و کورتیله بوون، بەو کەوچکه زیوینەی پێیبوو به هەردوو دەست بەفری هەڵدەگرت و دەیخسته دەمی و به چێژێکی زۆرەوه دەیخوارد. دوو کوڕیژگەی ڕەقەڵەی بنێسیش** ڕێک له لای ڕاستییەوه لەسەر چیچکان دانیشتبوون و به پەنجەی دۆشاومژه وێنەی جانەوەرێکیان لەسەر بەفرەکه دەکێشا، که دەست و پێی پێوه نەبوون. تەنیا دوو چاوی ڕەشیان بۆ دانابوون، دوو چاوی ڕەشی به قووڵداچوو و دوو کەلای سەوزیان خستبوونه نێو قۆڵتەکانی چاوی، واتدەزانی چاوی له مرۆڤ زەق کردووەتەوه و بەردەوام دەڵێت، 'مەرگ...'.

دایـە خەجێ خەریکبوو کەزییە دریـێژ و سپییەکانی بە چارۆگەیەکی گەورە دادەپۆشین و قسەی دەکرد. بێ ناوبڕ قسەی دەکـرد. لێوی وەکو لێوی مـردووان تەنک و ئەوەی ڕەنگە تێیاندا نەمابوو، ماندوێتیی هەمووبمان لە چاوە ڕەش و پڕ لە بەزەییەکانیدا بەدی دەکرا.

مەرگ بە نهێنی و بێ خۆدەرخستن لەنێوماندا دەخولایەوە، ئێمەش بە درێژایی ئەو ماوەیە وەکو کەسێک، کە لە خەودا بڕوات، بەملا و ئەولادا دەڕۆیشتین...

پیرەمێردێک بە چاوی نیوەکراوەوە، کە سمێڵی لە سەرمان وەک چلوورە بەستبوویان و لێوی شۆڕ و شینهەڵگەڕابوون، لە دوای دوو پیاوی باڵابەرز هاتە دەر و خەریک بوو پشت لە خەڵکەکە دەڕۆیشت و بە دەنگی بەرز بەرز دەیگوت: 'ئەی بۆچی وەستاون؟ مەرگ لە دوامانەوەیە و دەلوورێنێت! مانەوە لێرە هیچ بە قازانجی ئێمە نییە!'

پیرەمێردی تاین هەر خەریک بوو قسەی دەکرد و هێشتا زۆر قسەی دیکەی هەبوون بیانکات، بەڵام ئێستا لە هەموو کۆڵانەکانی زەمەقی بووبووە هەرا و غەڵبەغەڵب، دەنگی بەرز و توورە، هی نزم و ناسک و...، خەڵکەکە هەمووی ڕووی لە لای پیرەمێردەکە بوو، یەکێک لەو نێوە وەڵامی پیرەمیردی دایەوە، کە هێشتا هەر دەڕۆیشت و قسەی دەکرد و لەگەڵ قسەکردندا هەڵم لە دەمی دەردەچـوو، بە دەنگی بـەرزەوە

هاواری کرد: ’ئەی کەوایە بۆ ناڕۆین؟‘.

پیاوێکی باڵابەرز، کە هەر دەستێکی پێوەبوو و دەموچاوی خۆی دەمامک دابوو، پێشی بە ژن و سێ کوڕی گەنج گرتن، کە بەرەو لای پیرەمێردەکە دەچوون و گوتی: ’گوێ بگرن، ڕۆیشتن هیچ سوودێکی نییە. زۆر زوو هەموومان دەمرین و...‘.

هەواسی لانەواز دەستی ڕاوەشاند و بە تووڕەییەوە هاواری کرد: ’هەرگیز کەسێک لە ترسان نەمردووە. تا ئەودیو ڕێگایەکی ئەوەندە زۆر نییە‘ و ڕای کرد و ئێمەش بە دوایدا رامان کرد.

تا ئەودیو ڕێگایەکی زۆر بوو، ڕێک سەد و چل و شەش کیلۆمەتر، چونکە هێشتا وانەی کیلۆمەترمان نەخوێندبوو، من نەمدەزانی هەر کیلۆمەترێک دەکاتە چەند مەتر و دەبێ چەند لەنێو ئەو بەفر و شلتاوەدا ڕێگا ببڕین تا سەد و چل و شەش کیلۆمەترەکە تەواو دەبێت.

توند دەستی دایکمم گرت و گوتم: ’سەد و چل و شەش کیلۆمەتر دەکاتە چەند؟‘.

دایکم بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ’سەد و چل و شەش کیلۆمەتری چی؟‘.

سەرم وەرسووڕاند و گوتم: ’ئەو پیاوە گوتی، کە ڕێگاکە تا ئەودیو سەد و چل و شەش کیلۆمەترە‘.

دایکم گوتی: ‘کام پیاو؟’.

بەڵام من هەرچەند سەرم هەڵبڕی، بیرم نەهاتەوە کام یەک لەو پیاوانە بوو، کە ئێستا ئیدی هەموویان سەریان داخستبوو و ڕوخساری خۆیان داپۆشیبوو، ئەو قسەیەی کرد.

هەمووان خەریک بوون ڕایان دەکرد، دەموچاوی خۆیان داپۆشیبوو و سەریان لەبەر خۆیان نابووەوە، هەوڵی من بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوە بێهوودە بوو. منیش دەبوا ڕابکەم و ڕامکرد، بەڵام دایکم نەیدەتوانی زۆر پێ هەڵێنێت. ڕەنگی شین هەڵگەڕابوو و تا دەهات کۆکە زیاتر ڕکەی لێ دەگرت، کۆکەکانی دایکم کۆکەی مورتەزای بیر دەهێنامەوە، کاتێک ماسکەکەی لە خۆی کردەوە دای بە من. من خۆ نەمدەویست لێی وەربگرم، بەڵام ئەو خورتی لێ کردم و خستیە سەر دەمم و گوتی: ‘تۆ تەنیا ڕاکە، ماسکەکە لە خۆت نەکەیتەوە...’.

گوتم: ‘ئەی تۆ چی؟’.

دایکم دەستی بە سکییەوە گرت و گوتی: ‘من باشم، خەمی منت نەبێ! تۆ بەس ڕابکە و...’.

چیدی دەنگی قورتەقورتی نێرگلەکانی چایخانەی حەسەنی سمێڵ قیت نەدەهات. کوڕە گەنجێک خەریکی شوشتنی ناوکەوی چایخانەکە بوو و مێزەکانی بە دەستماڵ دەسڕین. ڕەنگی بە ڕووانەوە نەبوو و دەتگوت زەردەچوویان دەرخوارد داوە. سێوەر سەری بە جامەکەوە نا و گوتی: ‘ئاسۆ، وەرە

ئێرە. تۆش پێت وایە جنۆکە چوونەتە جەستەیەوە؟‘.

به هێواشی گوتم: ’وازی لێ بێنە! بەدبەختە جنۆکەی چی؟‘.

سێوەر گوتی: ’هەستە وەرە خۆت سەیری کە!‘.

سەرم توند بە جامە تەڵخەکانی چایخانەوە نا و چاوم دایە لای ڕاستی ئەو سەماوەرە گەورەیە و لەژێر لێوەوە گوتم: ’ئەمە خۆ هیچی نییە! بۆ لە خۆتەوە قسە دەردێنیت؟‘.

کاتێک باران دەباری، یان ئەو کاتەی حەسەنی سمێڵ قیت حەکایەتی دەکردن و ڕۆژنامەی دەهێنایە چایخانە، مشتەری زیاد دەبوون و ئەو کوڕە گەنجە دەبوا پیاڵەی زیاتر بشوات، چای تێ دەکرد و دەیبرد لە پێش مشتەرییەکانی دادەنا، ئەو ڕۆژەش وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە خەریک بوو پیاڵەکانی دەخستنە ناو ئاوی سارد و هەڵدەلەرزی.

سێوەر توندتر سەری خۆی بە جامی پەنجەرەکەوە نا و گوتی: ’ئەوەتا! نایبینی؟‘.

سەرم بە جامەکەوە نا و ویستم بڵێم قسەی قۆڕ، ئا لەو کاتەدا کوڕەکە قاچی تێکئالا، کەوت و لە نزیک سەماورەکە لەو گۆڕە تەخت بوو. من و سێوەر لە ترسان پێمان پیوەنا و قیژاندمان و تا توانیمان ڕامان کرد. ئەو کوڕە گەنجە ئێستاش لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا بوو، بنێس و ڕەنگزەرد، ڕێک وەکو ئەو مرۆچکە دارینانەی بە زەحمەتێکی زۆرەوە بۆ نوێژەبارانە دروستمان دەکردن و هەرچی دەمانکرد دوا جار جێیەکیان

لەپاڵ یەک دەچوو و هەڵدەوەشانەوە.

سێوەر لچکی کراسەکەمی ڕاکێشا و گوتی: ‹ئاسۆ ڕاکە›.

دیسان ئەمجارەش هەردووکمان تا ئەو شوێنەی هەناسەمان بڕی کرد قیژاندمان و ڕامان کرد، هەڵبەتە هەر چەند مەترێک بوو زۆری نەبرد، کە دووبارە کەوتینەوە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکە و ناچار ماین هەر لە دڵی خۆمان بقیژێنین و ڕابکەین.

پیاوێک بە چاوانی بادەمییەوە، لووتێک، کە هێندەی توورێکی بچوک دەبوو و سمێڵی پان و خۆڵەمێشی بوون، لە پێش ئێمە دەڕۆیشت و دەستی کچۆڵەیەکی گرتبوو و لەژێر لێوەوە تێی هەڵکردبووە سیاچەمانە. چاوی پڕ لە ژن و ڕۆژنامە و شەراب بوون و هەر جارێک پێڵووی لێک دەنان ژنێکی لەنێو برژانگە ڕەش و ڕاکشاوەکانیدا دەشاردەوە، ژنێکی زراوی باڵابەرز...

نازانم تۆ، بەڵام ڕاستیت بووێت من ترساوم، کەمێک زیاتر لە پێشتر و بیر و هزرم هەر لەسەر ئەوەیە کەسێکیش بەهۆی ئاوارەیی و بە پێدزە دەستی تۆی گرتووە و وا لەگەڵ خۆیدا دەتبات؛ کەسێک، کە لەو پیاوە دەچێت خۆی خزاندووەتە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکە، لێوی باریکن و چاوی بە ئەندازەی ئەبرۆکانی درێژ بوونەتەوە و بیری هەر لەسەر تۆ و سێوەر و پێڵاوکانییەتی و من ئامادەم سوێند بخۆم، کە ئەو پێڵاوانەشی لە دوکانی عەلای پێڵاوفرۆش خیت کردوون**.

عەلا ڕێک لە ڕاستەبازاڕی هەڵەبجە، لە تەنیشت قەسابییەکەی کاک هەیاس، دوکانی پێڵاوفرۆشی هەبوو. دوکانەکەی زۆر گەورە نەبوو، بەڵام تا بڵێی پێڵاوی جۆراجۆر و لە هەموو ڕەنگانی لێ هەبوون. سیوەریش پێڵاوەکانی خۆی هەر لەوێ کڕیبوون و ئێمە هەردووکمان لە بەر سمێڵە پان و پۆڕ و چاوە زەقەکانی پێمان وا بوو، کە دەبێ پیاوێکی گرنگ بێت؛ لەوانەی، کە عومەری شەهلا زۆر حسێبی بۆ دەکردن و مرۆڤ وا دەزانێت هەر کارێکی بڵێی لە دەستیان دێت، بەڵام وا نەبوو. ئەو تەنیا هەر بۆ ئەو ژنانەی، کە کەمێک چاوبگێڕی و سەرەدیقانەیان دەکرد، کەسێکی گرنگ بوو.

دوو کوڕە گەنج دەستیان خستبووە نێو گیرفانی شەلوارە فشوفۆڵەکانیان و بە چپەچپ لەگەڵ یەکدیدا قسەیان دەکرد. پێدەچوو ئەوانیش ئەو کچێژگەیە بناسن، کە ئەو کابرایە بە ‹دڵنیا› بانگی دەکرد، بەڵام پیاوەکە نا، پێنەدەچوو ئەو بناسن. یەکێک لەو دوو کوڕانە، کە کەمێک باڵای بەرزتر بوو، ڕدێن و سمێڵی هەبوو و لە گۆشەی لای گوێی ڕاستیدا شوێنی برینێکی بچوک، کە بەرەو ساڕێژبوون دەچوو، بەدی دەکرا. خەریک بوو لە دڵنیا نزیک دەکەوتەوە و شتێکی بە گوێی پیاوەکەدا دەچرپاند، من تێنەگەیشتم چی بوو. ورگی سەلماخانم پێش چاوی گرتبووم و لێندەگەڕا تێبگەم چ دەڵێ. چەند جارێکیش هەوڵم دا خۆم بکێشمە پێشەوە، بەڵام بۆم نەکرا. ورگی

سەلماخانم بە شێوەیەکی نائاسایی گەورە بوو و لە شوینی خۆی هەر هەڵدەبەزیەوە.

ماڵی سەلماخانم هەشت ماڵ لەولاتری ماڵی ئێمەوە بوو، ئەو شوێنە دەڵێم، کە پێشتر لێی بووین. بیرمە جاران زۆر پێدەکەنی و کاتێک پێدەکەنی دوو ددانی زێڕ و دوو ڕیز ددانی سپی و ڕێکی سەرەوە و خوارەوەی بەدەر دەکەتن. چاوی گەورە و گەش بوون و سەیر دەدرەوشانەوە، بەڵام ئێستا هیچ شتێکم لەو سیما جوانەی، کە ئیدی تەواو پەشێو و پەنما بوو بیر نەدەهاتەوە. تەنیا ئەوەم دەزانی کەوا ڕوخساری پەنماوە و درزی تێکەوتوون. بەعسییەکان هاوسەرەکەیان کوشتبوو و تاقانە براکەشی هەر لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەی خۆیاندا مەرگ بەربێنگی لێ گرتبوو و یەکێک لە خوشکەکانیشی گێلۆکە بوو و هەمیشە خەمی پێوە دەخـوارد، بەڵام من دواتـر لە ئێران تێگەیشتم، کە ئەو منداڵێکی ئۆتیزمی بووە و بە پێچەوانەی تێڕوانینی ئەوانی دیکە بە هیچ شێوەیەک کچێکی گێل نەبووە و نییە.

بەفر هێشتا هەر بێ ئامان تێی دەکـرد. کەشەکە سارد بوو و سەرما پێستی مرۆڤی شەقار شەقار دەکرد. دەستی سـێوەرم بـەردا و دەستم خستنە نێو گیرفانەکانم. چەند کاتژمێرێک دەبوو، کە هەستم دەکرد دوو ئەنگوستی دەستی ڕاستم لێ بـوونـەوتـەوە و دروسـت لەسەر دووڕیانـەکەی

شار، لەو شوێنەی، کە شار قژی خۆی دەڕنیەوە و هاواری دەکرد، "ڕاکەن، مەرگ سواری سەر پشتم بووە"، بوونەتە دوو کوکوختی و لە نێو بەفردا بە دوای دەنگی سیاچەمانەدا دەگەڕێن.

گیرفانەکانم گەورە بوون و جێی پەنجەی دە دوازە کەسیان بۆ جووڵاندن و ژەنینی ئامێری مۆسیقا و جووڵەی لەو شێوەیە تێدا دەبووەوە، بەڵام ساردیش بوون و ئەوەندەم ئومێد لەسەر هەڵنەدەچنین، کە پەنجەکانم گەرم بکەنەوە.

چەند جارێک دەستم لە گیرفانم دەرهێنان و فووم پێداکردن و دووبارە خستمنەوە نێو گیرفانم. ئیدی نەمدەتوانی بڕۆم. پاڵەپەستۆی خەڵک و سەرما هەردووکیان پێکەوە هێزی ڕۆیشتنی نەک هەر هی من، بەڵکو هی زۆر خەڵکی دیکەی نەهێشتبوو.

سەری خۆم هەڵبڕی، دەستی دایکمم ڕاوەشاند و گوتم: ’من ئیدی ناتوانم بڕۆم‹.

دایکم زۆر بە هێمنی و خوێنساردانە سەری خۆی نەوی کرد، هەردوو دەستی خستنە سەر سەرم و گوتی: ’چارەیەکمان نییە! دەبێ بڕۆین‹.

سەرمم لە نێو دەستەکانیدا جووڵاند و بە ناڵاندنێکەوە گوتم: ’ئاخر تا کوێ؟ ئەو سەد و چل و شەش کیلۆمەترە ڕەنگە قەت تەواو نەبێت‹.

دایکم بە هێواشی گوتی: ’نیگەران مەبە، تەواو دەبێت، جارێ دەبێ بڕۆین، بڕۆین تا ئەو شوێنەی بتوانین زیندوو بمێنینەوە و...‘.

دایکم قسەی لەگەڵ دەکردم، بەڵام منی نەدەبینی. نیگای لەژێر ئەو هەموو شتە پووچ و بێبەندوبارانەدا بەجێ دەما و من هەر وام هەست دەکرد ئەمە دایکم نییە کەوا لەگەڵ مندا دەدوێت، بەڵکو خودی مەرگە و لەسەر شێوەی دایکمە و وا بە هێمنییەوە لێوی دەجووڵێنێت.

هەواسی لانەواز بە عارەبانەکەی و بەو سێوە مێخەکڕێژەی، کە چەند زستانی پێشتر لە یارەکەی خۆی وەریگرتبوو و ئێستا بزری کردووە، ملی ڕێگای گرتبوو.

دایکم دەستی لەسەر سەرم هەڵگرت، سەری خۆی بۆ لای هەواسی لانەواز وەرسووڕاند و هاواری کردێ: ‹کاک هەواس، بۆ یارمەتیدانی سەلماخانم پێویستمان بە عارەبانەکەتە›.

هەواس تیا مابوو. نیگای لەسەر بەفرەکە بوو و بیر و خەیاڵیشی چەندین کیلۆمەتر لێرە دوورتر بووکەبەفرینە، یان سەهۆڵی لە بەهەشت دروست دەکرد و بە هەموومانی دەفرۆشت، بێگومان نیوە قیمەت...

کاک هەیاس دەسکی عارەبانەکەی گرت و هاواری کرد: ’مەگەر گوێت لێ نییە هەواس؟ ئەوە نییە دەڵێن پێوستمان بە عارەبانەکەتە‘ و بە خێرایی لێی خوڕی و دایە پێش خۆی.

یەکێک گوتی: ’لەیلا‘.

من ئیدی بێدەنگ بووم. لە دایکم جیا بوومەوە و بۆ لای هەواس چووم. هەواس خێرا ئاوڕی دایەوە، دەستێکی بە قژە تەنکەکەیدا هێنا، کە بە لایەکدا شانەی کردبوو، چاویلکەکەی دەرهێنا و خاڵێکی بچوکی چاویلکەکەی سڕی و سڕی، دیار بوو هەر بە دوای ئەو دەنگەدا دەگەڕا، کە دەیگوت: ’لەیلا‘ و نازانم بۆ هەموومان وامان هەست دەکرد کەوا هەواس هێشتاش بە دوای ئەو سێوەمێخەکرێژەدا دەگەڕێت، کە یارەکەی لە ڕێبەندانی پار پێیدابوو و ئەو ئێستا ونی کرد بوو.

سەلماخانم سێ جار تا هێزی تێدابوو قیژاندی و کەمێک دواتر زارۆکەکەی لە دایک بوو. کوڕ بوو. خوشکەکانی چەند کاتژمێرێک دواتر ناویان لێ نا ’سەرەخۆرە‘ و چیدیکە پێویستیان بە عارەبانەکەی هەواسی لانەواز نەما.

کوڕە گەنجێک هەر لەو کاتەی لە هەڵەبجەوە بەڕێ کەوتبووین تا ئێستا پارچە پەڕۆیەکی بە بەر دەمییەوە گرتبوو و بێپسانەوە دەگریا. فرمێسک لە چاوی چەپی ڕێچکەیان بەستبوو و بە چاوی ڕاستیشی، کە خێل بوو جۆرێک سەیری مرۆڤی دەکرد، کە دەتگوت میرغەزەبە و هەر ئێستا نا ئێستا دەیەوێت بە تاوانی دزیێک قۆڵبەستت بکات، کە هەرگیز نەتکردووە، بەڵام ئەو هەرگیز کەسی قۆڵبەست نەکرد و دەستی لە گریان هەڵنەگرت. من دەمناسی؛ یەکێک لە شاگردەکانی

چایخانەکەی حەسەنی سمێڵ قیت بوو، دەنگیشی زۆر خۆش بوو. ڕۆژانی پێنجشەممە لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی کارکردنی بوون. هەڵبەتە بەخشیشی باشیشی وەردەگرت. عومەری شەهلا و نۆکەرەکانی، دوانیوەڕۆی زۆربەی پێنجشەموان لە چایخانە کۆ دەبوونەوە و ئەو گۆرانی بۆ دەگوتن و زۆری‌شی دەهێنانە سەما. سێوەر زۆربەی پێنجشەموان لە ماڵ نەدەبوو و هەر جارێک من و ژێهات لە پشت چایخانەکە، دەچووینە سەر تەنەکەیەکی بچوک و بە پێوە دەوەستاین و لەودیو پەنجەرەوە تەماشای سەمای عومەری شەهلا و گۆرانیگوتنی ئەو کوڕەمان دەکرد، بەڵام هەر جارەو یەکێک گوێچکەی توند با دەداین و لەسەر ئەو تەنەکەیە دەیهێنایینە خوار و هەردووکمان بە گریانەوە دەمان گوت: 'تۆبە، جارێکی دی وا ناکەین›.

عومەری شەهلا نەڕاندی و گوتی: 'حەرامزادە! لەگەڵ ژێهات لەپشت چایخانەی حەسەنی سمێڵ قیت چ ناماقوڵییێکتان دەکرد؟'.

گوتم: ‹نەمزانی جارێکی دی وا ناکەم!›.

عومەری شەهلا دەستی بەرز کردەوە و ڕوو لە دایکم گوتی: 'هەمووی....'.

قسەکەی خــوارەدەوە. مەست بوو، ڕێک وەک هەموو پێنجشەموانی تەمەنی. دایکم زاتی قسەکردنی هەر نەبوو، ئەو

هەر بەو سەرخۆشییەیەوە شەلواری لێ هێنامە خوارێ و پشتی هەردوو پاژنەی پێی داغ کردم. ئێستاشی لەگەڵدا بێت شوێنی داغکردنەکە وەکو دوو هێڵی بە تەک یەکەوە هەر دیارە و هەر جارێک لەسەر پشت بنووم وەکو ئەوەی بتەوێت قەمامێکی کۆن هەڵبوەشێنیەوە ئاوا دەنگی قرچەقرچی دێت و جومگە و ئێسقانی پێم بە ژان دەخات.

«ئەو ساڵە ساڵی تاریکی بوو، تاریکی و نەهامەتی. لەو ساڵە بەدواوە بیرم نایەت باڵندەیەک هاتبێتە لای هەڵەبجە، یان پەپوولەیەک لە ترسی عومەری شەهلا وێرابێت باڵ ببزێوێت؛ ئەگەرچی لە هەردوو دیوی بستۆکەکەدا گوڵی ئاشتی ڕواون و جەنگ تەواو بووە.

سێوەر بانگی دەکردم. وەک ئەوەی ژێرئاوگەڕێک** بانگی کەسێکی نوقمبوو بکات، لێ من لە بەر زوقم و سەرما نەمدەتوانی لە خەڵکەکە جیا ببمەوە و بچمە لای. سێوەر سێ جاری دیکەش بانگی کردم و دواجار بە ناچاری خۆی هاتە لام، دەستی ڕاکێشام و گوتی: 'هۆشت لە کوێیە؟'.

گوتم: 'لە هیچ شوێنێک›.

سێوەر گوتی: 'ئاسۆ، ئێمە هێشتا هەر هاوڕێین، وانییە؟'.

گوتم: 'ئەی چۆن! ئەوە چ قسەیەکە دەیکەیت؟'.

سێوەر توند دەستی ڕاکێشام و بە ئاماژەی دەستی خەڵکانێکی پیشان دام، کە بەفر و مەرگ دەفتەری ژینی

پێچابوونەوە. هەموویان بە پانایی ئەو دەشتە وەکو پەڕێک، کە با لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبن، لەو ناوە کەوتبوون، لەسەر دەم؛ بە بێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە ئەو ئاسمانەی ژوور سەریان، کە وەکو ژێرپیاڵە ساف ساف بوو.

سێوەر گوتی: 'ئاسۆ، بەڵام من پێم وایە، کە ئێمەش دەمرین، وەکو ئەم خەڵکە و هاوڕێیەتیمان کۆتایی دێت. تۆ پێت وا نییە؟'.

سەیری بەرپێی خۆم کرد و گوتم: 'نازانم›.

سێوەر دەستی خستە ژێر چەناگەم و گوتی: 'لەگەڵ تۆمە. سەیری ئەم مردووانە بکە›.

سەرم وەرسووڕاند و گوتم: 'مردوو دیتنی بۆ چییە؟'.

حەسەنی سمێڵ قیتم بیر کەوتەوە، کە لەژێر وێنەی لە چوارچێوەگیراوی دایناسۆردا وەستابوو و بە عومەری شەهلای دەگوت: 'جا مردن بینینی دەوێت؟'.

عومەری شەهلا ڕۆژنامەی بۆ گەڕاندەوە و گوتی: 'بۆ نا، بە تایبەت لەداردراوەکان! تۆش وەرە بیانبینە›.

حەسەنی سمێڵ قیت ڕۆژنامەکەی لە عومەری شەهلا وەرگرت، قەدی کرد، داینایە سەر مێز و گوتی: 'چ جیاوازیی هەیە! مردوو، مردووە، چ لەسەر دەم کەوتبێت، چ بەپێوە وەستابێت!'.

سێوەر بەتوندی ڕایهەژاندم و دووبـارە گوتی: ‘ئاسۆ، سەیرکە مەرگ تا ئێرە هاتووە›.

چاویلکەیەکی ڕەشی گەورە لەسەر بەفر کەوتبوو و ئەو هەموو شوێنپێیە و هەزاران تنۆک خوێن لە شێوەی دڵ و لە دەوروبەریشدا تا چاو بڕ دەکات تەرم لە دوای تەرم، کە بەفر و زوقم سەر و گەردنیانی داپۆشیبوو و هەر یەکێکیان بگری بەدڵنیاییەوە پرسیارێک لە مێشکیدا بەجێ مابوو.

پێم وایە دایناسۆر دڵی هەموویانی خواردبوو و لە هەر دوو کەسان سێیەمیان تەنانەت نەیتوانیبوو ڕاشبکات. ئەوەندە لە هەموو لایەکەوە مردووم بینیبوون، کە ئیدی پێم وانەبوو کەس زیندوو مابێت، تەنانەت سێبەری...

سێوەر گوتی: ‘ئەرێ ئاسۆ، تۆ بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟‘.

نەمتوانی وەڵامی سێوەر بدەمەوە، خۆی هەر وەڵامێکیشم نەبوو بیدەمەوە. خۆم لە جەستەی هەر مردووێکدا دەبینییەوە، کە لە بەرامبەر مەرگدا لاواز و دەستەوەستان بوو. لە ژیانمدا وەکو ئەمڕۆ هەستم بە نائومێدی نەکردبوو. خۆم وەکو ئەو زیندەوەرە دەهاتە بەر چاو، کە کەوتبێتە نێو خوێواکێکی تیرەوە. لەنێو تەرمەکاندا چاوم بە دوای خۆمدا دەگێڕا و بەرچاوم ڕەشکەوپێشکەی دەکرد، پێیەکانم گۆد و زارم وشک بووبوو. سێوەر هەر خەریک بوو ڕایدەهەژاندم و لەگەڵ هەر ڕاهەژاندن و جووڵەیەکیدا بۆنی کەسکوون و تیژی عەرەقم

بۆ دەهات و دیسان عومەری شەهلای بە بیر دەهێنامەوە، کە لەسەر کورسییێک لە بنەبانی چایخانەکە پاڵکەوتووە و جگەرەی فلتەرداری خستووەتە نێوان دوو لێوە گۆشتنەکانی و خەریکە بیر لە هەموو ژنانی جیهان دەکاتەوە و پێک لەسەر پێک هەڵدەدا و حەسەنی سمێڵ قیت بە چەکمەکانی، کە بۆ پێیەکانی گەورەن و ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوەیە، لەو لاوە بە دوو چاوی ڕەش و گەورەی، کە تەرمی پیاوێکی لاوازی باڵابەرزی لەداردراویان تێدا بەدی دەکرا، سەیری عومەری شەهلای دەکرد.

دایکم بە ڕاکردن بۆ لای من دەهات و دەیگوت: ʼچاوت دابخە›.

بەڵام من نەمدەزانی چاوم دابخەم و لە سێوەر ڕامابووم، کە لە ترسان هەڵدەلەرزی، ڕێک وەکو چرۆ، بەڵێ چرۆ، ئەو کچۆڵەیەی سەربازانی عێراقی دەستە بچکۆلەکانیان خستنە نێو دەستی شێخێکی لەندەهۆری عەرەب و مستێک پارەیان لەجیاتی وەرگرت.

باوکم هاواری کرد و گوتی: ‹›ئاسۆ چاوت بنووقێنە‘›.

وەلێ من نەمدەتوانی چاوم لەسەر ئەو سەربازە ڕەش و بێڕەزایە هەڵگرم، کە دەستە گەورەکانی بە سینگ و مەمکی ژنان و کچانی گەنجدا دەهێنا و سەربازێکی دیکە، کە بە پێڵەقە وەرگژابووە پیاو و مێرمنداڵەکان و دەیگرتن و فڕێی دەدانە نێو

چاڵی گەورە و قووڵی بە چەک و چاوی عەرەبی دەورەدراو، ئەو چاوانەی، کە دڕندەییان لێ دەباری... ئەرێ من هەموو ئەمانەم لە ‹ئەنفال›، لە پشتی کامیۆنەکەی عومەری شەهلادا دەبینین.

دایکم هاواری کرد: ‹ئاسۆ، چاوت بنووقێنە›.

ویستم چاوم بنووقێنم، بەڵام نەمدەتوانی، یان ڕەنگە نەمویستبێت؛ نازانم، تەواو بیرم نییە. چاوی سێوەر خەریک بوون سپی هەڵدەگەڕان و لێوی دەلەرزین. دایکم بانگی کردم و بانگی کاک هەیاسیشی کرد، کە هەر لەوێ لەتەنیشت دایکم بوو و هەوڵی دەدا چەقۆیەک لە گیرفانی دەربهێنێت، کە گەورە و تیژ بوو...

کاک هەیاس چەند جارێک بەدەوری من و سێوەردا خولایەوە و کەمێک دواتر، هەر بەو چەقۆیەی، کە بەزەحمەت لە گیرفانی دەریهێنابوو، لەسەر ئەو بەفرە نەرمەدا بازنەیەکی کێشا و سێوەری خستە باوەشی و دوور کەوتەوە؛ بۆچی وای کرد، نازانم!

کاتێک کاک هەیاس دوور دەکەوتەوە، شتێک، کە بە لای ڕەشییێکی کەم ڕەنگدا دەیڕوانی، بە قاچەکانیدا هەڵگەڕا و لەسەر شانە پانوپۆڕەکانیدا دەرچوو، بە دروستیی نازانم خێو بوو، جنۆکە بوو، ڕۆح بوو چی بوو! لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا نیم داخۆ جگە لە من کەسی دیکە بینیبێتی، یان نا.

له زەینی مندا کاک هەیاس هەمیشە پیاوێکی لەپ پانی بالابەرز بوو، بە ڕوخسارێک، کە زیاتر ڕیشێکی درێژ دایپۆشیبوو و ساڵ وەختی ساڵ کڵاوێکی لە سەر دەنا و چاویلکەیەکی گەورەی دەکردە چاوە ڕەشەکانی، کە ئاوی سپییان هەبوو و ئێستا بەرامبەری من تەنیا سێبەرێک بوو، کە سێوەری بە باوەشەوە بوو و دەڕۆیشت.

داهێزانێکی سەیر سواری سەر پشتم بووبوو. نێو دڵم تاریک و چاوم هیچ شوێنێکی نەدەبینی. دەتگوت کەسێک فوو بە کونە گوێیەکانمدا دەکات و با لەنێو مێشکمدا گڤەگڤی بوو و وڕەوڕی تایەی کامیۆنەکەی عومەری شەهلا و ڤرەڤڕی ئەو فڕۆکەیەی بە بیر دەهێنامەوە، کە بە دوو پەروانەوە لە ئاسمانەوە بەسەر شاردا دەڕشایەوە. بە دروستیی نازانم، بەڵام پێم وایە خەونم دەبینی. لە خەونمدا مردبووم و بە زلـلان وەرگەڕابوومە ڕوومەتەکانی خۆم و دەمگوت: 'هیچ کەس لەنێو خەونی خۆیدا نامرێت و...'.

دایکم دوو جار بەتوندی زلـلەی لێ دام و گوتی: 'زووبە ئاسۆ، چاوت بکەرەوە!'.

بەزەحمەت چاوم کردنەوە. دایکم لەتەنیشتمەوە وەستابوو و من لەسەر عارەبانەکەی هەواسی لانەواز ڕاکشابووم. دوو پەتۆی بچوکیان تێوەرپێچابووم، کە نازانم هی کێ بوون. دایە خەجێ لە لای ڕاستی عارەبانەکەوە وەستابوو و هەر دەستی

دایکمی دەگوشی و دەیگوت: 'سوپاس خوایە...'.

کچێکی گەنج، کە کەمێک لەولاتر لەسەر تەلیسێکی گەورە دانیشتبوو، بە دەنگی بەرزەوە گوتی: 'سوپاس بۆ خوا...' و پاشان چەند جارێک نەینۆکێکی** بچوکی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا و لە خۆی ورد بووەوە. پێنەدەچوو مەبەستی خۆنواندن، یان شتێکی دیکە بێت. پێم وایە دەیویست وەک ئەوەی چۆنە ئاوا بمێنێتەوە و ئەمە نیشانەی ئەمەکدارییێکی گەورە بوو بەرامبەر بە قیافەی خۆی هەیبوو، کە ئێستا ترس کەمێک شێواندبووی. نازانم بۆ، بەڵام لە هیکڕا وەک ئەوەی کارێکی قێزەونم کردبێت، سەرم لەبەرخۆم نایەوە، لەسەر عارەبانەکە هاتمە خوار و لەگەڵ هیچ شت و هیچ کەس تا گەیشتینە ‹عەنەب› قسەم نەکرد و...

شارۆچکەیەکی لە شێوەی زەمەقی، بەڵام کەمێک گەورەتر و فراوانتر، خانووەکانی باریک و لاکێشەیی بوون، کاتێک ئەو خانووانەت دەبینی بیرت بۆ زلەشقارتە دەچوو، کە دەسووتێت، بەڵێ، ئەمە عەنەب بوو لە دوورەوە خۆی پیشانی ئێمە دەدا.

زریانێک هەڵی کردبوو، دەچووە ژێر جلەکانمان و بۆ پێشەوە پاڵی پێوە دەناین. دوو دوو و سێ سێ بە یەکەوە نووسابووین. ترس بە لۆقەلۆق بە شان و ملماندا هەڵدەگەڕا و لەسەر تەوقی سەرمانەوە دەیگوت: 'مەرگ'.

منیش ترسابووم، نەک هەر ترس، زراوم چووبوو، ڕێک دووسەد و پەنجا و شەش هیکتار، ئەو ڕۆژە و ڕۆژەکانی دواتریش، من پێم وانییە ترس شتێکی ئاسایی بێت. هەموو کەس ڕەنگە ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت ترسی تاقیکردبێتەوە، بەڵام ترسەکانی من کەمێک زیاتر لە ناخمدا مابوونەوە و من هەرچی دەمکرد دەروەستیان نەدەهاتم.

حەسەنی سمێڵ قیت دەیگوت: ‹ترس وەکو خواردن وایە، دەبێ بیخۆیت و قووتی بدەیت›.

بەڵام من وا هەست دەکەم ترس بوونەوەرێکی زیندووە، کە شان بە شانی مرۆڤ دەڕوات، دادەنیشێت، دەخوات و دەخواتەوە، مرۆڤ دەبێ هەموو جێی بەدەنی دەم بێت تا بتوانێت ئەو هەموو ترسە بخوات و نەخۆشیش نەکەوێت.

«ترسەکانی من هەندێ جار لە شەوان وەکو سێبەریان لێ دێت، لەسەر دیوارەکاندا دەسووڕێنەوە، لە بەرچاومدا دەردەکەون و چەند ساتێک دواتر لە پشت سەرمەوە دەمرن، ئەو دیمەنە ئەوەندە دووبارە و سێبارە دەبێتەوە، کە شەوم لێ تار دەکەن و خەوم دەزڕێنن، دروست وەک ئەو شەوانەی، کە عومەری شەهلا لە ماڵە و مەستە، بەڵام ئەمە هەر تەنیا بە تۆ دەڵێم. نامەوێت دایکم بۆنی ئەو شتە بکات. پێم خۆش نییە گرفت و نیگەرانییێکی تازەی بۆ چێ بکەم، دڵنیام، کە تۆ لەمە تێدەگەیت و هیچ شتێکی پێ ناڵێیت...“.

پیاوێکی گەنج، کە کڵاوێکی ڕۆخداری لە سەر نابوو و دەستماڵێکی کردبووە دەمامک و دەم و گەردەنی خۆی پێ پێچابوو، لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا دەخولایەوە و لەتە نانی بچوک بچوکی دەدایە منداڵان و دەستی بە سەریاندا دەهێنا و هێوری دەکردنەوە و لە هەوادا بە دەست شێوە و دیمەنی بووکەڵە و مرۆچکەی پێکەنیناوی دەکێشان و دەیهێنانە پێکەنین، هەر خوا دەزانێت چەندە پێم خۆش بوو دەست بە سەری منیشدا بێنێت و منیش بخاتە پێکەنین و لەتە نانێکیش لەو نانانە بداتە من، بەڵام نەیدا.

هەمووومان برسیبووین و دەکۆکین. با و زریان هەڵیکردبوو و بۆ هەر لایەک دەچووین مەرگ پێشتر لە ئێمە گەیشتبوو، بارگەی خستبوو، چای تازەی دەم کردبوو، نێرگەلەی دانابوو و ئێمەش دەبوا لەهەمبەر ئەو شانوشکۆیەیدا کڕنۆش بەرین و...

مەرگ ’عەنەب‘یشی جوویبوو و دەری دابووەوە. تا چاو بڕی دەکرد تەرمی مرۆڤ بوو، بە ڕوخساری ڕەشداگەڕاو و ئاوساوەوە وەک گزرەی بڕدراو و مۆرانە لێدراو کەوتبوونە سەر یەک، ڕێک وەکو هەڵەبجە...

عەنەب پەرێشان و شەپرێو بوو، ڕێک وەکو دوایین پەڕی دەفتەری مەشقی منداڵانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی. لە بۆنی بارووت و تەرم و بەرد بترازێت هیچی دیکە نەبوو. هەموو ئەو

کەسانەی بە ڕاکردن گەیشتبوونە ئەوێ و ئەوانەی پێشتریش لەوێ بوون، چاویان وەکو مردووەکانی دیکە پڕ بوو لە ماسیی زەردهەڵگەڕاو و تەنانەت بەو بەفر و سەرمایەش تەرمەکان ئاوسابوون، کرم و وردە زیندەوەریان کەوتبوونێ...

جاری وا هەیە دەبێ متمانە بە گیانداران بکەیت، نازانم بۆ! بەڵام گرنگیمان بە قووقەی ئەو کەڵەشێرەی نیوەشەو نەدابوو، خۆ ئەگەر متمانەمان پێ کردبا، ئاوا ناچار نەدەبووین خەون بە مەرگ و بە عومەری شەهلاوە ببینین...

دەنگی شیوەنی ژنێک ئەو ناوەی گرتەخۆ و دەنگێکی نزمتری ژنێکی دیکەش بیسترا، کە دەیگوت: ‹ئەمە بێویژدانییە، کە گشتمان باجی پردێک بدەین›.

ئێمە دەمانزانی مەبەستی پردی زەڵمە و هەموومان دەمانزانی، کە ئاوارەیی وەکو نیشانەیەک بە نێوچاوانمانەوە لکێندراوە، نەک هەر پردی زەڵم، بەڵکو هیچ پردێکی دیکە ناتوانێت ئەو نیشانەیەمان لێ جیا بکاتەوە. ئێمە بۆ مردن ئافرێندرابووین، ئەو پردە چ ڕووخێندرابا، چ نەڕووخێندرابا، ئێمە دەمانزانی، کە پرد بۆ دایناسۆر هیچ بایەخێکی نییە. ئەو تەنیا دەیویست ئەو دەستەی بۆ ئێرانییەکان درێژ کراوە بشکێنێت، کە شکاندی.

هەوا بۆنی لێفی سووتاو و بۆنی دەمی گەنیوی لێ دەهات، هەر ئەمەش بوو، کە لە دایکم و چەند کەسێکی دیکە بترازێت،

هەموومان هەناسەبڕکێمان پێ کەوتبوو. توند دەستمم بە دەم و لووتمەوە گرت. نەمدەویست ئەو بۆنانە بکەم و وەکو ئەوانی دیکە سەرودڵم تێک هەڵبێن. ماسکەکەم بەسەر دەمی دایکمەوە بوو و ئەو زۆر دوورتر لە من پاڵی بە تاوێرە بەردێکەوە دابوو، کە زیاتر لە لاشەی جانەوەرێک دەچوو سەرما ڕەقی کردبێتەوە تا تاوێرە بەرد. ڕەوشی دایکیشم هیچ لە هی من باشتر نەبوو، هەر ئەوە نەبێت، کە ئەو هێڵنجی نەدەهات، بەڵام کۆکە ئارامی لێ هەڵگرتبوو و نەیدەتوانی بە باشی هەنگاو هەڵێنێت.

ئێستا ئاپۆرەکە وەک دیاربوو زۆرتر بووبوو و هەموو خەڵکەکە بەخێراییێکی سەیر ڕایاندەکرد. من لەژێر میچی ئەو ئاسمانە زیوینەدا نائومێدانە چاوم بۆ دایکم دەگێڕا، کە پاڵی بە تاوێرە بەردێکەوە دابوو و ئێستا هەرچەندی سەیرم دەکرد نەمدەدۆزییەوە. نەمدەتوانی بیدۆزمەوە. لەنێو ئاپۆرەی ئەو هەموو خەڵکەدا ون بووبووم، زۆریان ون بووبوون و ئەگەر ناوداریی عومەری شەهلا نەبایە خوا دەزانێت لەنێو ئەو قەرەپستانەیەدا چیم بەسەر دەهات، وەک ئەوەی بەسەر زۆر لە منداڵانی دیکەدا هات.

پیاوێک دەستی گرتبووم و بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشام و دەیگوت: 'من یارمەتیت دەدەم، تەنیا تۆ چاوت بنووقێنە›.

چاوم نووقاندبوون، بەڵام دوو جۆگەلەی بچوک لەژێر پێڵووەکانمدا دەربووبوون، خەریک بووم هۆڕهۆڕ دەگریام و ئەو پیاوە پێی وابوو نزگرەم گرتووە. شتێک لەژێر قاچەکانمدا دەخزی و هەر ساتمەم دەبرد. بە ئارامی پێڵووم خستنە سەر یەک و سەیری بەرپێی خۆمم کرد. وەی خوایە چ دەبینم! هەموو تەرمی مرۆڤ بوو و من بەسەر ئەو تەرمانەدا دەڕۆیشتم. هەمووان هەر ئەو کارەیان دەکرد. تەنیا کچەکەی سەلماخانم، کە گێلۆکە بوو ئەو کارەی نەدەکرد و دواجار لەنێو تەرمەکاندا بە جێما و کەس ئاگای لێ نەما.

ڕەوشم تەواو تێک چووبوو و هەر دەرشامەوە. دەتگوت هەموو دونیا لە یەک خاڵدا کۆبووەتەوە و ئەویش عەنەب بوو. تەرمێکی زۆری ئاوساو لەسەر یەک کەڵەکە بووبوون. لە مانگا و مەڕ و سەگ و وڵاغەوە بگرە تا مرۆڤ، هەموویان تارماییەکانیان تێکەڵی یەکدی بووبوو و پانتایی کۆڵان و جادەکانیان داپۆشیبوو.

نەک هەر تەنیا ئێمە، بەڵکو هەر کەسێکی دیکە ئەم دیمەنەی بینیبایە زەندەقی دەچوو. گەورەکان بەردەوام دەڕشانەوە و بچوکەکان لەگەڵ ئەو هەموو چەقاوەسوویی و بێعاریەیان تا و لەرزیان گرتبوو و تاکەیان خەریک بوو لە پەلوپۆی دەخستن. لەسەر هەر دەوەنێک، بانێک، بەردێک، درەختێک قەلەڕەشێک

هەڵنیشتبوو و شیوەنی دەکرد. مەرگ هێندەی ئەو دیمەنە کرێت و تاڵەی ئەوێ بەئازار نەبوو، خۆشحاڵم، کە تۆ لەوێ نەبوویت، دەنا دەبوا هەموو تەمەنت بەدوای چارەسەری ئەو هێڵنجانە عەوداڵ بووبایت، کە لە عەنەب گرفتاریان دەبوویت، ڕێک وەکو ئێستای من.

***

٤

ئەوە زیاتر لە چەند بەشە قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم، بەڵام هێشتا ڕاستییەکەم پێ نەگوتوویت، لانی کەم هەموو ڕاستییەکە؛ پێم وایە زووە، کە لەگەڵ تارمایی عومەری شەهلا ئاشنا ببیت. دەترسم خەو و خەیاڵت تامی نەهامەتی و بەدبەختی بگرن و سێبەرت دوور بخرێتەوە بۆ مەملەکەتێک هەر هەشت هەزار ساڵ جارێک تەنیا چەند کامیۆنی گەورە و ڕەنگ خۆڵەمێشی پێدا تێدەپەڕن، ئەویش بە مسۆگەری بۆ بردن و هەڵڕشتنی مرۆڤ و زیندەبەچاڵکردنیان لەنێو گۆڕی گەورە، زۆر گەورە، شوفێرەکانیش گشتیان قژسوور، کڵاویان بە سەرەوە، مەست و ناوی هەمووانیش بەدڵنیاییەوە عومەری شەهلایە.

ئەمە یەکەم جار بوو، کە بیستنی ناوی عومەری شەهلا لە دەمی کەسێکی بیانییەوە نەیدەترساندم. بەپێچەوانەوە، سامی ناوەکە لە ناخی دڵدا جێی دەکردەوە، بەڵام لە ناخی دڵی دایکم نا، لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی لەبەر خاتری عومەری شەهلا منیان لە کەوتنە ژێر دەست و پێ و لەناوچوون

دەربـاز کـردووە، کەچی زۆر تـوورە بـوو، لێی دام، جنێوی دامیَ و گوتی: «لە هەر شوێنێک ناوی عومەری شەهلات بیست بێدەنگ دەبیت، وەک ئەوەی هەرگیز ئەوت نەبینبێت، تێگەیشتیت؟» و ئینجا دووبارە بەتووڕەییەوە سەیرێکی ئەو پیاوە چاو زەقەی کردەوە.

ئەگەرچی نەمدەزانی بۆ لێم دەدرێت و بۆچی دایکم لەوەی، کە ساغ و سەلامەتم خۆشحاڵ نییە، لە چاوی ورد بوومەوە، کە پڕ بوون لە نیگەرانی و گوتم: ‘سەرچاو دایە›. ڕێک وەکو سەگێک، کە باش ڕاهێندرابێت.

ئەو ڕۆژەی، کە من و باوکم و دایکم و خەڵکی لادێکانی ماوەتیان سواری زیلی عەسکەریی کردین و بە ناوی بردنمان بۆ سەر سنوور، بۆ بیابانی نوگەرە سەلمانیان بردین، عومەری شەهلا شوفێری یەکێک لەو زیلە سەربازییانە بوو. قژێکی ژەنگاویی هەبوو و زمانی هەمیشە بۆنی دووگی لێ دەهات.

کاتێک گەیشتینە بیابانی نوگرە سەلمان، ئەو من و دایکمی لە پشتەوەی زیلەکە شاردینەوە و یەک دوو ژنی دیکە و خەڵکەکەی ڕادەستی سەربازانی عێراقی کرد و لەوێ بە فرت و فێڵێک، کە هەر خۆی دەیزانی دوور کەوتەوە. لەوساوە تا بەرەبەیانیی ئاوارەبوونمان، کە ڕێک دەبووە دوو ساڵ، ئەو مێردی دایکم بوو و من هەموو نیوەشەوان گوێم لە هنکەهنکی هەناسەکانی ئەو و نسکەنسکی گریانەکانی دایکم دەبوو...

دایکم هێشتا هەر بەتووڕەییەوە سەیری دەکردم و من بارێکی قورسی تووڕەییم لە ناخی خۆمدا هەڵگرتبوو و بۆ ئەملا و ئەولام دەبرد و هیچیشم نەدەگوت. وام هەست دەکرد چاڵێکی گەورە و قووڵ لە بوونمدا دروست بووە و هاکا یەکێک پاڵی پێوەنام و فڕێی دامە خوارەوە و ئێسکوپروسکم لەباڵ یەک هەڵوەشانەوە و ئیدی تەواو ناتوانم بیر لە ڕۆیشتن و ڕاکردن بکەمەوە...

دەمویست پاڵ بە کەسێک، یان شتێکەوە بدەم، هەواسی لانــەواز، کە ئێستا لـە لای ڕاسـتمـەوە بـوو، بۆ ئـەم کـارە بژاردەیەکی هێندە گونجاو نەبوو، ئەگەرچی دڵێکی گەورەی هەبوو و دەکرا جێی خەڵکێکی زۆری تێدا بکرێتەوە، بەڵام لە خەیاڵی مندا، ئەو هەمیشە دوو دەستی هەبوون بۆ لێدان و دوو قاچیشی هەبوون بۆ ڕاکـردن و... ئێستاش دەستی سێوەری توند گرتبوو، بە سەختیی بەو نێو بەفرەدا دەڕۆیشت، کە لەژێر پێماندا وەکو لۆکەی پەڕەکراو نەرم بوو و قاچی زۆربەی ئەو خەڵکە ڕۆدەچووە نێو ئەو لۆکە سارد و نەرمە و بەرزکردنەوە و دەرهێنانی ئەگەرچی کارێکی ئەوەندەش سەخت نەبوو، تەنیا کەمێک سەبر و حەوسەڵەی دەویست، کە ئێمە نەمانبوو.

پیاوێک، کە پێدەچوو کەمئاوەز و گێلۆکە بێت لەنێو ژناندا دەخولایەوە و خۆی لە سینگ و ڕانی ژنەکان دەخشاند؛ بۆرە

پیاوێک بوو ڕەنگ و ڕوخساری دەتگوت تۆزی چیمەنتۆی لەسەر نیشتووە، چاوی لە چاوی پشیلە دەچوو و کڵاوێکی ڕۆخداری وەک کڵاوی بیانییەکانی بە سەرەوە بوو و...

ئەو تەرزە ڕەفتارە لەو کات و ساتەدا مایەی گاڵتەجاڕی بوو، بەڵام چونکە خەڵکەکە دەیانزانی کابرایەکی ناتەواوە و لەسەرخۆ نییە، هەر گوێیان پێ نەدەدا، تەنانەت هەندێکیان لەو ڕەوشە نائاساییەشدا بەنەرمیی پێی پێکەنین...

ئاسمان دەتگوت سەرمای خواردووە، هەر فنەفنی بوو و لە کونە لووتییەوە بەفری بەسەردا دەباراندین.

ئەوانەی پێشتر لە من، بەوێدا تێپەڕیبوون هەموویان لەنێو بەفردا ڕەق بووبوونەوە و مردبوون، لە دواوەمەوە شتێک، کە لە گەسکێکی گەورە دەچوو، بە شێوەی بازنەیەک گەڕاپێچی دەکرد و هەموو شتێکی دەکردە گەرد و تۆز و ڕایدەماڵی، بەو ناوە و بە ڕۆخی جادەکانی وەردەکرد و لە هزرمدا جگە لە بۆنی خاک و پووشوپەڵاش هیچ شتێکی دیکەی بە جێ نەدەهێشت. ویستم توند خۆم بە دایکمەوە بنووسێنم، لە ترسی ئەوەی ئەو گەسکە گەورەیە منیش فڕێ بداتە قوژبنێک و لە یادەوەریی دایکم و سێوەر و زۆری دیکە بسڕێمەوە، بەڵام ژنێک توند دەستێکی لە شانم دا و گوتی: 'سەیری بەرپێی خۆت بکە، تووتکە سەگ!'، پاشان توند پاڵی پێوەنام و

بەتووڕەییەوە گوتی: 'هەموو نەهامەتییەکانمان لەژێر سەری ئێوەیە! ئەی بۆ ئێوە نامرن؟'.

سەرم بەرز کردەوە و لە ژنەکە ڕامام. من بەوە ڕاهاتبووم، کە کەس خۆشی نەوێم، نەشمدەزانی ڕقم لە کەس ببێتەوە، بەڵام دەمویست بەگژ ئەم ژنەدا بچمەوە و شتێکی پێ بڵێم، لێ هەرکە ویستم شتێک بڵێم، دایکم دەستی خستە سەر دەمم و قسەکەم لە شوێنی خۆیدا مایەوە و لەنێو دەممدا توایەوە.

ژنەکە وەرسووڕا و دەستی ڕاوەشاند و بەتووڕەییەوە سەیرێکی دایکمی کرد و تووڕەییەکەی تف کرد و پشتی کردە ئێمە و ڕۆیشت. چاوی شین و گەورە بوون. ئەوەم باش لە بیرە. ژنێکی چوارشانەی کەڵەگەت بوو و سەر و گەردنی بە شاڵگەردەنێکی درێژ داپۆشیبوون، بەڵام پدووەکانی دەبریقانەوە. پێم وایە لە بیری چووبوو تاخمە ددانە دەستکردەکەی بخاتەوە دەمی. لچ و لێوی لۆچیان تێکەوتبوو، لۆچی درێژ و ڕاکشاو، من لە دڵی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە نەکا سێوەریش ددانی نەیەن و ئەویش لچ و لێوی لۆچاوی ببن و ئاوا بەتووڕەییەوە سەیری هەموومان بکات.

ئاسمان بە پانایی خۆیەوە هەروا نەهامەتیی دادەباراند و بڕانەوەشی نەبوو و بۆی هەبوو دیسان بباریێت. دونیا بووبووە دۆزەخ و بۆ هەر لایەک دەچووین شوێنی لەوێ خراپتریش هەبوو.

لەمدیوەی چیاکان سەدام لەسەر بەرزاییێکەوە وەستابوو، بە پانتۆڕێکی سەوز و دەستکێشی بۆکسوەشێنی و شانە پانوپۆڕەکانی بە هەردوو لایدا شۆڕ بووبوونەوە. خەریک بوو سەیری دەکردین، بەتووڕەیی، لەبن سمێڵە پانەکانییەوە بە ئێمە و بەو بەفرەی، کە خۆی تێوەرپێچابووین و هەر تەواو نەدەبوو، پێدەکەنی.

لە کیسەڵێکی پیر دەچووین، کە پیریی هێز و بڕستی ڕۆیشتنی لێ بڕیبێت. لەژێر ئەو نیگا قورس و ئەو بەفر و باڕێژە سەختەدا، هەموو شت هێند سست و بە خاوی تێدەپەڕی، کە دەتگوت وا خەون دەبینیت و هەرچی تەقەللا دەدەیت ناتوانیت بەئاگا بێیت و زیاتر ڕۆدەچیە خەوەوە و یەکێک مسۆگەر بە دەنگێکی نزم بە گوێتدا دەچرپێنێت و دەڵێت، "قەل فڕی...".

سەدام هێشتا هەر لەجێی خۆی بوو. لەو بەرزاییە دانیشتبوو و برێشکەی دەکرۆشت و لەگەڵ کرۆشتنی هەر دانە برێشکەیەک، وەک ئەوەی بیەوێت بڵێ، "هەمووتان...". و توند دەمی خۆی دەجووڵاند، بەڵام هیچی نەدەگوت، تەنیا پێدەکەنی. سەرم نایە بەر خۆم، خۆم بە دایکمەوە نووساند و لە عەردەکە نز بوومەوە. هەمووان نز بووبوونەوە، هەمووان جگە لەو چەند ژنەی، کە کەمێ لەولاتر پێکەوە چپەچپیان بوو و ئێستا ئیدی ژمارەیان زۆرتریش بووبوو. ئەو ناوە هەموو

شوێنپێ و سێبەر بوو. وەک بڵێی هەموو شتێک سێبەری هەبوو، تەنانەت بەفریش، بەڵام هیچ کام لە سێبەرەکان هی خۆیان نەبوو، خەیاڵ بوون و با لە هەوادا بەملا و بەولایدا دەسووڕاندن و سەدام هەموو ئەمانەی بە چاوە سوور و زەقەکانییەوە دەبینین.

بەلەز دەستم بە ڕوخسارمدا هێنا، بۆچی، نازانم! دەمویست دڵنیا ببمەوە، کە هەم، بەڵام چ گرنگییێکی هەبوو! دامنا هەبووم! جیاوازییێکی ئەوتۆی بۆ حاڵی من نەبوو. ڕاستییەکە ئەوەبوو، کە مەودام لەگەڵ مەرگدا لە هەنگاوێک زیاتر نەبوو. دونیا خەریکبوو بەخێرایی لە من دوور دەکەوتەوە و من لە کاتێکی نادیاردا گیرم خواردبوو و بەجێ مابووم.

جادەکە جێی پێداڕۆیشتنی ئەو هەموو خەڵکەی نەبوو، کە هەر یەکێکیان بە شێوەیەک هەوڵی مانەوەی خۆی دەدا. دایکم دەستی ڕاکێشام و لەگەڵ خۆی بۆ کەنار جادەکەی بردم و بە وردی ئاگاداری ئەوە بوو، کە دووبارە تەنمان بە تەنی کەسێکی دیکە نەکەوێت و...

چارەیەکم نەبوو، دەبوا پێ بە پێی دایکم بڕۆم. هەر بوەستابام قاچم دەبوونە بەرد و ڕۆدەچوونە نێو بەفر و قەلەڕەشکە بە داوەڵم تێدەگەیشتن و لەسەر شان و ملمدا دەنیشتنەوە و لەنێو سەرمدا لانەیان دەکرد و مسۆگەر هەمووشیان پێکەوە دەیانگوت، ”مەرگ، مەرگ...“.

سێوەر بەسەر شانی باوکیەوە بوو و ناچار نەبوو وەکو من ڕابکات؛ ئەوەش ختووکەی هەستی بەخیلیمی دەدا و نەمدەتوانی سەیری بکەم، بەڵام ژێهات لەگەڵ شەش برای دیکەی وەکو فریشتە بن چووبنە زیارەتی پێغەمبەرێک، لە دەوری دایکیاندا بازنەیان بەستبوو بۆ ئەوەی نەبادا بەفر هێز و گوڕی ڕۆیشتنیان لێ بسەنێت و بەجێ بمێنن لەناو...

ڕێگایەکی زۆر ڕامان کردبوو، زۆر لەوە پتر، کە بیرمان لێی دەکردەوە. ماندوویێتی لە ڕوخساری هەموومان دەچۆڕایەوە، لەنێو دەمی هەر یەکێکمانەوە جنێوێکی تەڕوبڕ هەبوو، کە بەدڵنیاییەوە دەمانویسیت بە کەسێکی بدەین، بە یەکێک، کە باش دەمانزانی کێیە.

پیاوێک لەدوای دایکمەوە دەڕۆیشت، لەبەرخۆیەوە تێیهەڵکردبووە گۆرانی. دەنگی لە دەنگی نێرییێک** دەچوو تازە ڕیشی هاتبێت، لەو جۆرانەی، کە مەحموودی قەساب گۆشتیانی هەرزانتر دەفرۆشت و پێچکەکانی بۆ یاریی جگێنە** لەولا دادەنان. کڵاوێکی پەشمینی ڕەشی لە سەری نابوو و ڕیشی تەواو هێندەی ڕیشی هەشت پیاوی پرسەدار هاتبوو. دایکم ترسا، کە نەوەک ئەوە هەر عومەری شەهلا خۆی بێت، بۆیە دەستی منی ڕاکێشا و خۆی خزاندەوە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکە و لەژێر لێوەوە هەر دەیگوت: 'یا غەوس!'.

سەرم هەڵکێشا و گوتم: 'جادەکە وا تەواو دەبێت›.

دایکم دەمی هێنایە بن گوێم و گوتی: ’وس، هێواش! هۆشت تەنیا هەر لەسەر ڕۆیشتنت بێت. لەوسەر دووڕیانەوە لەوانی دیکە جیا دەبینەوە...‘.

لەژێر لێوەوە گوتم: ’ئەی سێوەر و...‘.

بەڵام خۆ دایکم گوێی لە دەنگم نەبوو. خۆی کووڕ کردبووەوە و بەرەو ئەو دووڕیانە پێی هەڵێنابوون و خێرا خێرا دەڕۆیشت، کە من پێم خۆش نەبوو بیگەینێ، بەڵام گەیشتبووین.

جادەکە لە دووڕیانێکدا کۆتایی دەهات، هەر ڕێگایەکی بەرەو جوگرافیایەکی جیاواز دەچوو، کە ئەگەر حەسەنی سمێڵ قیت لەوێ بایە دڵنیام بیرەوەرییێکی لەبارەیەوە دەبوو بۆمان بگێڕێتەوە و دەستمان دەخستە ژێر چەناگەمان و بە دەمی نیوەکراوەوە دەمانگوت، ’ئێ! دەی...“.

ئەو کۆمەڵەیەی ئێمە بەسەر دوو دەستەدا دابەش بووین. ڕێک لەو دووڕیانەدا دەستەیەک، کە ژمارەیان زۆریش نەبوو بەرەو لادێکانی لای مەریوان و هەورامان ڕۆیشتن و ژمارەیەکی دیکەش ڕێگای چیاکانی دالانی و پاوەیان گرتە بەر. ئێمە ڕێگای دووەممان هەڵبژارد، ڕێگای دالانی و بەفر و قوڕ و چڵپاو. ئێمە بریتی بووین لە من و دایکم، کە زۆر لەوانی دی لەپێشتر ڕامان دەکرد و دوور دەکەوتینەوە و لەدوامانەوە دایە خەجێ و زیاتر لە سێسەد کەسی دیکە ڕایان دەکرد، من

جگە لە سێوەر، ژێهات و ژمارەیەکی کەمی دراوسێکان و ئەو پیاوەی گۆرانیی دەگوت و ئەو کچەی، کە بە هۆی ئەوەوە گوێی خۆشەویستەکەیان بڕیبوو و چەند ڕۆژ دواتر کاک هەیاس لێکی مارە کردن، ئەوانی دیکەم نەدەناسین.

«بەفربارین هەشت کاتژمێر درێژەی کێشا و ئێمە هەشت کاتژمێر لەنێو ئەو بەفرەدا هەڵلەرزین»، ئەمە قسەی ئەو پیاوە بوو، کە لەتەنیشت کاک هەیاسەوە ڕاوەستابوو و چاوی بە کاتژمێرە دەستییەکەیەوە نابوو و هەر دەیگوت: ’بەفر‹.

با هەڵیکردبوو سەر و قژی ئاڵۆز کردبووین و بڕبڕەی پشتمان لە سەرمان دەیتریواند، بەڵام هەندێکمانی وەکو قرچەقرچی برێشکەبرژاندن ئاوا خستبووە دانەچۆقە، هەڵبەت ئەوانەی، کە جلی کەمتریان لەبەردا بوو، زیاتر هەڵدەلەرزین و چۆقەچۆقی ددانیان بوو. ئێمە لەناوەڕاستی ڕێگاکە بووین. ئەگەر زریان و باوبۆرانەکە لێ گەڕابایە ئەو چەند شاخە ببڕین، کە لەپێشمان بوون، دەمانتوانی لە گوندی بیارە شەو بکەینەوە، بەڵام دەنگی گریانی منداڵان و برسێتی و ڕاکردنی چەند کاتژمێری، ناچاری کردین، کە هەر لەوێدا لەنێو دارهەنارەکانی گوندی بیارە بمێنینەوە و چاوەڕی بکەین تا زریانەکە لێ بکاتەوە و...

کاک هەیاس، سێوەری لەسەر قەلاندۆشی** خۆی هێنایە خوار و گوتی: ‹دەبێت شوێنێک بگرین دەنا باوبۆران

هەمووومان لوول دەدات و لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچمان دەدات›.

دایکم بەتووڕەییەوە گوتی: ‹ئەو زریانەش هەر بە ئێمە دەوێرێت!›.

ئەو پیاوەی، کە پێشتر گۆرانیی دەگوت و ڕیشی بە ئەندازەی ڕیشی هەشت پیاوی پرسەدار درێژ بوو، سەری بە جۆرێک بۆ لای وەرسووڕاند و وەک ئەوەی شتێکی ون کردبێت و گوتی: ‹دونیایەک، کە خوا لە مرۆڤەکانی زیز و تووڕە بێت چ چاوەڕوانییێک لە زریانەکەی دەکرێت؟›.

دایکم لێوی خۆی گەست و گوتی: ‹تۆبە، بمانبەخشە خوایە!›.

هەواسی لانەواز هاواری کرد: ‹لە نزیک یەکەوە دانیشن. یەک دوو کاتژمێری دیکە گورگ سەر و کەللەیان بەدەر دەکەوێت›.

گورگ لە هزری هەر یەکێماندا واتایەکی تایبەتی هەبوو، من پێم وابوو مەبەستی هەر ئەوانەیە، کە مورتەزا چەند ڕۆژ پێشتر قسەی لەبارەیانەوە کردبوو.

سێوەر هێشتا هەر وڕوکاس بوو و دەگریا، بەڵام ئێمە لە دەوری ئەو ئاگرانەی، کە کاک هەیاس و چەند پیاوێکی دیکە کردبوونیانەوە و بڵێسەیان ئەوەندەش بەرز نەبوو، بازنەمان بەستبوو، دەستە دەستە و بازنەی بچوک وەک ئەو سواڵکەرانەی لە بەردەرگای مەرقەدێکدا دادەنیشن.

دایکم هێشتا هەروا بێدەنگ بوو و من خۆم لەنێو جلەکانمدا گرمۆڵە کردبوو. چەکمەکانمم داکەندبوون و لە نزیک ئاگرەکەدا دامنابوون تا کەمێک نەرم ببنەوە و لەبەر یەک بچن و چیدی قاچم نەگرن. وتار و ڕادەربڕینەکان ئێستا ئیدی گەرمداهاتبوون و هەر کەسە و هەڕەمەکیانە ڕای خۆی دەردەبڕی و سەبارەت بە سبەینێ و بەڕێکەوتنەوەی دووبارەمان قسەی خۆی دەکرد. کاک هەیاس خەریکی ژێرکردنەوەی سێوەر بوو و هەواسی لانەوازیش سەبارەت بە ئێران قسەی بۆ دەکردین و لەگەڵ هەر وشەیەکیدا چنگێک ئومێدی بە کێڵگەی دڵمان وەردەکرد.

دایکم دەستێکی لەژێر چەناگەم دا و گوتی: ’ئاسۆ، هەر لەم بستۆکەیە ئاودیو بین ئیدی نامرین، عومەری شەهلا ئیدی هەرگیز ناتوانیت بماندۆزێتەوە›.

دایکم لەوەی بەردەوام بەدڵنیابوونێکەوە پێی دەگوتم ئێمە نامرین، ئازاری دەکێشا و من باش ئەوەم دەزانی.

دەستی دایکمم گرت و گوتم: ’ئەی- ئەی باپیرە؟‘، بینیم دایکم ڕووی گرژ بوو.

گوتم: ’ڕێی تێدەچێت بەدواماندا بێت؟‘.

دایکم سەری داخست و گوتی: ’مرد، بەر لەوەی فڕۆکەکان بێن›.

گوتم: ’چۆن؟‘.

دایکم گوتی: 'وەرەمی...› و قسەی خۆی خواردەوە.

دایکم بە دروستی و دڵنیاییەوە قسەکەی نەکرد و من بڕوام نەهات باپیرە بەو هێز و بڕستەی، کە هەیبوو و لە منی دەدا، مردبێت.

گوتم: 'باوەڕ ناکەم!'.

دایکم گوتی: 'چی؟'.

گوتم: 'ئەوەی، کە باپیرە مردبێت›.

بەڵام ئەم جارە دایکم بە خاترجەمییێکی زیاترەوە گوتی، کە باوکی عومەری شەهلا مردووە و بە پێویستی نازانێت زیاتر لەبارەیەوە ڕوونکردنەوە بدات. هەوڵی دەدا من بە شێوەیەک دڵنیا بکاتەوە، کە خۆم ئەو دڵنیاییەم نەبوو و دەبوا باوەڕیشم کردبا، کە باپیرە مردووە و هەموو بەدگومانییەکانی لەگەڵ خۆی بردوونەتە ژێر گڵ، بەڵام هەرچی دەمکرد بڕوام نەدەکرد.

توند لچکی کراسەکەی دایکمم گرت، پاڵم دا پێیەوە و ویستم شتێک بڵێم، بەڵام نەمتوانی، نەدەکرا. باپیرە بە مستێکی ئامادە و دەمێک، کە جنێوێک وەکو جگەرەیەکی داگیرسێندراوی بەلایەکیدا لار بووبووەوە، هەمیشە لە نێوانی ئەو پرسیارانەی، کە مافم هەبوو بیانکەم، یان ئەوەی، کە دەمتوانی بیڵێم وەستابوو، ئەمەش وەکو زۆر شتی دیکە بوێری و ئازایەتیی منی بەچۆکدا هێنابوو. سەرم نایەوە بەر

خۆم و لەبن لێوەوە لەگەڵ خۆمدا کەوتمە قسەکردن؛ باش لە یادمە ئەمە تاکە کارێک بوو، کە ئارامی دەکردمەوە و بۆ ماوەیەکی باش هەموو شتێکی لە مێشکمدا دەسڕیەوە.

خەوم دەهات، بەڵام نەمدەوێرا چاوم لێکنێم. هەر چاوم دادەنانە سەر یەک ڕۆ دەچوومە نێو بەفر و دەنگی شیوەن و ناڵەم لە گوێیاندا دەزرینگایەوە، دەمگرتە باوەش و ڕێک لە ناوەڕاستی زۆرانبازیی دوانیوەڕۆی بەر دەرکی ماڵمان، دیسان لە عەرزی دەدام و لێم دوور دەکەوتەوە. لە هەموو لاوە وێنە و دیمەنگەلێکم لێ نزیک دەکەوتنەوە؛ وێنە و ڕوخسارگەلێکی ڕەش و ڕزیو، بە دەمی خوار و خێچ و لێکداپچڕاو و چاوانێک، کە زەرداویان لێ دەچۆڕایەوە. مێشکم لەنێو ئەو هەموو دەنگانەدا دەتوایەوە و لە کونی گوێمدا دەهاتە دەر. بۆنی خاک و گیاکەڵە و بۆگەنیوی دەمی مرۆڤ لە شوێنێکی دوورەوە دەهات و لووتی پڕ کردبووم. کەڵەشێرێک هەشت جار بەرامبەرم قووقاندی، دروست وەکو دەنگی هەشت لێدانی توند لە دەرگای بەدبەختی و پاشان ئەو خەڵکەی دەوروبەرم تا پێیان پێوە بوو ڕایان دەکرد و فڕۆکەیەک بە دوو پەروانەیەوە بەدەوریاندا دەخولایەوە و من هەر دەمقیژاند و هەموو جارێک دەنگم بە چەشنێک لە گوێچکەمدا دەزرینگایەوە، وەک ئەوەی پیاوێکی بەهێز لەپشت دیوارێکی پان و گەورەوە لە گیانەڵادا بێت.

دایکم ڕای هەژاندم و دوو جار گوتی: ‘ئاسۆ›.

منیش دوو جار لەجێی خۆم هەستامەوە و دووبارە دانیشتمەوە، ڕێک وەکو بووکەڵەیەک، کە قورمیش کرابێت.

دایکم دووبارە گوتی: ‘ئاسۆ›.

ئەم جارە من سەرم بەرز کردەوە و لەو پریاسکەیە ڕامام، کە لە نێو دەستی ژێهاتدا دەتگوت باڵندەیەکی تووڕەیە و باڵ لێک دەدا.

ژێهات بۆ لای ئێمە دەهات، کە نزیک بووەوە گوتی: ‘خاتوو زریان، ئەمە دایکم بۆی ناردوویت›.

ئەمەی گوت و خێرا گەڕایەوە شوێنی پێشووی لای دایک و براکانی، وەک ئەوەی منی هەر نەبینیبێت. پێم وایە هێشتا هەر لێم تووڕە بوو، بەڵام ئەم بابەتەم زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو، چونکە شتگەلێکی گرنگتر هەبوون، کە دەبوایە بیریان لێ بکەمەوە، یەکێک لەو شتە گرنگانە، هەستی برسێتی بوو، کە خەریک بوو وەکو مارمێلکە بە سەر و ملمدا هەڵدەگەڕا.

هێند تاریک بوو دەتگوت شەو ڕژاوەتە نێو قژم و بۆی هەیە هێشتاش زیاتر تاریک دابێت، یەکێک لەو نێو تاریکییەدا بە کەلەجانەوە** باسی ژیان و مرۆڤایەتی دەکرد، کە دەتگوت چەندین سەدەیە هیچی نەخواردووە و تا زیاتر ئەو وشە و دەستەواژانەی هەڵدەقورتاند زیاتر برسیی دەبوو. دەنگی وەڕینی چەند سەگێکیش لەو سەگانەی بۆنی مرۆڤ دەکەن و

لە هەر کوێیەک بێت دەیدۆزنەوە، دەهات.

سەرم هەڵبڕی و لەو نانەی نێو پریاسکەکە، کە ژێهات بۆی هێنابووین، پارووێکم خستە دەممەوە و سەیرێکی ژێهاتم کرد، کە خەریکبوو بۆ لای کاکی دەڕۆیشت و کاکی تەواو سەرقاڵی شکاندنی لکێکی گەورەی درەختێک بوو، کە هێشتا هەر تەڕ بوو.

دایە خەجێ بازێکی دایە لای ئەو ژنەی، کە لەدوایەوە بوو و هەر دوو دەستی دابوونە بەر خۆی و دەڕشایەوە. سێوەر چاوی هەڵدەگلۆفین، کە بە هۆی دووکەڵی ئەو دارە تەڕانەی دەیانخستنە سەر ئاگرەکە، سوور هەڵگەڕابوون و گوڕگوڕ ئاویان لێ دەهات. کاک هەیاس چەقۆکەی بە دەستەوە بوو و هەر دەیکردەوە و دایدەخستەوە. من هەروا دەمخوارد و دایکم ڕووگرژ بوو و پشتی لە من کردبوو و لە خاڵێک ڕامابوو، نازانم بۆ نەدەگریا و هاواری نەدەکرد.

حەسەنی سمێڵ قیت کتێبێکی تەنکی بەدەستەوە بوو. کتێبەکەی خستە نێو باخەڵی و گوتی: 'ستالین ئەو هەموو خەڵکەی تەنیا لەپێناو ژنێکدا کوشت و...!'.

عومەری شەهلا گوتی: 'دەهێنێت' و سوێندی خوارد، کە لەوەش زیاتر دەهێنێت.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ‹دڵخوازەکانی ئەو هەموو خەڵکە چی! ئەوان چییان لێ دێت؟› و سەیری لای دایکمی کردبوو.

عومەری شەهلا گوتی: ‹کوڕە حەسەن ئەو هەموو کتێبە مەخوێنەوە، تێک دەچیت!›

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ‹کتێب لە ژنیش پێویستترە› و پێکەنی. قاقا پێکەنی.

من نەمدەزانی ستالین کێیە و نەمدەزانی بۆچی ئەو هەموو خەڵکەی لەپێناو ژنێکدا کوشتووە و نەمدەزانی بە ڕاستی ئەوە دەهێنێت، یان نا، بەڵام پێم خۆش بوو منیش یەکێک لەو کتێبانەم هەبایە و پێم خۆش بوو لە هەموو جێگایەک بم تەنیا ئەو جێیە نەبێ، کە عومەری شەهلای لێیە.

هەواسی لانەواز تا حەز بکەیت ڕۆژنامەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوون، ڕۆژنامەی وا، کە هیچ کامیان عەرەبی نەبوون و هەواسی لانەوازیش خوێندەوارییەکەی ئەوەندە نەبوو، کە سەر لەو خەتە سەیروسەمەرانە دەربکات.

دایە خەجێ گوتی: ‹ئەوە باسی چی دەکات؟›.

هەواسی لانەواز گوتی: ‹مەرگ› و ڕۆژنامەکەی وەرگێڕا و وێنەیەکی گەورەکراوی پیاوێکی پیشان دا، کە چوارشانەیەکی بە سام بوو. قاچێکی خستبووە سەر تەرمی ژنێکی گەنج و قاچی دیکەی لەنێو چاڵێکی ڕەش و قووڵدا خوار بووبووەوە

و پێکەنینێکی تەوساوی لەسەر لێوان بوو.

دایە خەجێ گوتی: 'هەمووومان خەون بەو چاڵانەوە دەبینین!'.

ژنێکی کەڵەگەتیشمان لەگەڵدا بوو بە دەموچاوێکی خڕی وەکو قارچک، کە خەمی خەڵکەکەی زیاتر دەکرد. باش تەماشای هەمووومانی کرد و گوتی: 'ئێستاش هەمووومان لەنێو هەمان چاڵداین' و ڕووی کردە دایکم و نێوچاوانی تێک نا.

شتێک لە ناخمدا دەکشا، درێژ دەبوو و دیسان دەگەڕایەوە شوێنی خۆی، ڕێک وەکو کشانی قژی دایکم کاتێک بەتووڕەییەوە دەیبەست، دایکم بۆ جاری سێیەم قژی خۆی بەست و گوتی: 'هیچ نییە، نیگەران مەبە!'.

دایە خەجێ دەستێکی بە قژی دایکمدا هێنا و گوتی: 'باشە ئەمە چییە؟ بۆچی سەیری ئەو بەدبەختە دەکەیت؟'.

ژنەکە دوو جار تفی کرد و بە دەنگی بەرزەوە گوتی: 'ناپاک!'.

دایە خەجێ بەتووڕەییەوە دەستی بۆ لای دایکم درێژ کرد و گوتی: 'ئەم بێچارەیە لەبەر شەرمی خۆی هیچ قسەیەک ناکات، بەڵام من قسە دەکەم، لەجیاتی ئەو و هەموو ئەو کەسانەی نەیانتوانی قسە بکەن و...'.

ئەوەم بە مافی خۆم دەزانی، کە هەستم و شتێک بڵێم، بەڵام دایکم دەستی ڕاکێشام و گوتی: 'دانیشە و...'.

وشەی ’دانیشە‘م هەمیشە بە ڕوودا دەدرا. بیرم نایە ئەم وشەیەم لە هیچ شوێنێکی دیکە بیستبێت، یان جگە لە من بۆ کەسێکی دیکە بەکار بردرابێت. من لەجێی خۆم دانیشتمەوە و دایە خەجێ هەستا و بۆ لای من هات و ڕوو لە ژنەکە گوتی: ’ئاسۆ، ئەنفالیش کارەساتێک بوو وەکو ئەم کارەساتەی ئەمڕۆ لە هەڵەبجە ڕوویدا و بەپێچەوانەی بۆچوونی تۆ ئەنفال ناوی هیچ شار، یان شوێنێکی دیاریکراو نییە. کەسانێکی کەمی وەکو من و دایکی تۆ توانییان لەو کارەساتە دەرباز بن›.

دایکم خێرا هەستا و دەستی خستە سەر دەمی دایە خەجێ و گوتی: ’توخوا دایە خەجێ، ئێرە جێی ئەو باسە نییە›.

دایە خەجێ دەستی بۆ لای ژنە کەڵەگەتەکەی، کە پاڵی بە منەوە نابوو درێژ کرد و گوتی: ’ئاسۆ چ گوناهێکی هەیە، کە هەر ڕۆژەو بە دەستی یەکێکەوە لێدان بخوات و جنێوی پێ بدرێت و... ئێستا، کە ئیدی عومەری شەهلا نییە، بەس نییە، ئاخر بۆچی هەر دەترسیت؟‘.

دەستی دایکم دەلەرزین. وەک پاڕانەوە کردبوونیەوە و دەیگوت: ’من نامەوێت تا ماوە ڕابردوو کنوکەو بکات و هەڵداتەوە و ئەو ڕوخسارانە دەربێنێت، کە تەنیا هەر ئاییندەی وێران دەکەن. ئێمە بەم زووانە دەگەینە ئەودیو و ئیدی هەموو شتێک تەواو دەبێت›.

ئەمە درێژترین قسە بوو، کە لە دایکمم بیستبوو. ئەو هەمیشە لە یەکێک لەو دوو ڕەوشەدا بوو: یان ئەوەتا لەبەر خاتری من لە باپیرە دەپاڕایەوە، یان قوڕگی دەگیرا و بۆ خۆی و بۆ باوکم، کە لەنێو ئەو چاڵە قووڵەدا دوایین هەناسەکانی لەژێر پۆستاڵەکانی عومەری شەهلادا هەڵکێشابوون دەگریا، من ئێستا ئەوم لە ڕەوشی سێیەمدا دەبینی، کە بەلامەوە نامۆ بوو. پێم خۆش بوو بە دایکم بێژم، دایە گیان خۆم هەموو ئەمانە دەزانم، بەڵام بێدەنگ بووم و ئێستا پێم سەیرە بۆچی ئەو ڕۆژە هیچم نەگوت، بۆچی پێم نەگوت لە کونی بچوکی پشتی ئەو زیلە نەفرەتییەوە، هەموو ڕووداوەکانم بینیون...

ئایندە بۆ من وەک بنێشتێک وابوو، کە ڕابردووی منی تیادا کاوێژ دەبووە و دەهات بە قوڕگمەوە دەنووسا و هەموو جارێک زۆری نەدەما بمخنکێنێت، یەکێک بە دەنگێکی پیاوانە بانگی دەکردم.“ئاسۆ“ و من دیسان بە ترسەوە لە خەوی سەنگینم ڕادەپەڕیم و...

دایە خەجێ شانی دایکمی گرتبوون و توند ڕایدەهەژاندن. قسەی پێدەبڕی و خێرا خێرا پێی دەگوت: ’زریان، بۆچی ڕاستییەکەی پێ ناڵێیت؟‘.

دایکم دەستی هەڵبڕین و ڕایوەشاندن و هاواری کرد: ’کام ڕاستی دایە خەجێ؟ ڕاستی ئەوەیە، کە من و ئاسۆ پێکەوەین و عومەری شەهلا و باوکی هەردووکیان مردوون‘.

دایە خەجێ هـاواری بەسـەردا دەکـرد و بە توورەییەوە دەیگوت: ’بەڵام ئەو مافی خۆیەتی هەموو شتێک بزانێت! کێ دەزانێت داخۆ سبەی، یان دووسبەی چی ڕوودەدات؟‘.

هەموو خەڵکەکە تەماشایان دەکردین، واقورماو و توورە، ژنەکە لیکی دەمی قووت دایەوە و لە دایکم نزیک کەوتەوە و دەستی خستە سەر شانی و دایکم ئیدی هیچی نەگوت، تەنیا گریا. هەموومان گریاین، بۆ خۆمان و بێگومانم بۆ ئەو کەسەی، یان ئەو شتەی، کە لەو چاڵە قووڵە ژێر گڵ دراوە و ئێمە ئیدی نەمانبوو و...

دایە خەجێ ڕووی لە ژنەکە کرد و گوتی: ‹هەر کاتێک شتێک لە زەویـدا بڕوێنیت شین دەبێت، گوڵێک دەدات، درەختێک دەڕوێت، هەمووتان سەیری ئەم درەختانە بکەن، زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار درخت دەبن، کە هەر یەکەیان بە ڕازێکـەوە، بە کلیلێکەوە هاتوونەتە ئێرە. هەر کەسێک لـەولایـەوە بێت درەنـگ، یـان زوو دەبێتە درەخـت. سەرتان بە زەویەوە بنێن، گوێ لە خاک بگرن، دایکێک هێشتا خەریکە شیر دەداتـە ساواکەی، دەمی پڕ بووە لە خاک و خۆڵ؛ کچێک بۆ خۆشەویستەکەی خەریکی چنینی سێوی مێخەکڕێژە؛ باوکێک لەگەڵ کوڕەکەی بۆ سەفەر دەچێت؛ ژنێک بە هەموو ڕۆشناییەکانی دونیاوە دووگیانە و چاوی بڕیوەتە دەرگا تا هاوسەرەکەی دەگەڕێتەوە ماڵ. کەسێک وا

بانگمان دەکات، گوێتان لێیە؟'.

دەستم بە قوڕگمدا هێنا و شێلام. زارم وشک بووبوو و تامی خاکی لێ دەهات. چاوم لەسەر بەفرەکە ون بووبوون و نائومێدی ڕۆ چووبووە قووڵایی ناخمەوە و چوار ناڵە بۆ پێشەوەی دەهاژۆت و منیش هیچم لە دەست نەدەهات، هیچ کارێک... هەستام. ویستم بڕۆم لێ هەواسی لانەواز دەستی گرتم و دایکم بە قوڕگی پڕ لە کوڵەگرییەوە گوتی: 'ئاسۆ'.

دایە خەجێ بە دوو هەنگاوی خێرا بەنێوماندا سووڕایەوە، دەنگی هەڵبڕی و گوتی: 'ئێمە هەمووومان خەوتبووین، کە زیلەکان هاتن و هەر چوار دەوری گوندیان لێ گرتین. بە پێلەقە لە ماڵەکانمان بەژوور کەوتن و گشتمانیان ڕاکێشایە دەرەوە. کچەکانمانیان جیا کردنەوە، ژنانی جوان جوانیش هەروا، بردنیان، هەر دەبێ بۆ شێخەکانی عەرەب و... نازانم! ئەوانی دیکەشیان بە خورتی سواری زیلەکان کردن. من ئاڵتوونەکانمم دانێ، هەر هەمووی، بەڵام عومەری شەهلا...' و دایە پڕمەی گریان، گریانێکی بەکوڵ و ناخهەژێن...

کوڕە گەنجێک هاواری کرد: 'یەکێک بێت ئەم دارانە ببڕێت' و دواتر دەستەکانی لێکخشاندن و و پێکەنی.

دایکم لەژێر لێوەوە گوتی: 'سیروان'.

من سەرم وەرسووڕاند و کاک هەیاس گوتی: 'دایە خەجێ توخوا بهێڵە ئەم شەوەی ئاوارەییەمان ڕۆژ بکەینەوە'.

یەکێک پرسی: 'پاشان چی ڕووی دا؟'.

پیاوێک تەسبیحەکەی دوو جار بەدەوری دوو پەنجەیدا بادا و گوتی: 'هیچ نەبێ لە شوێنێک تۆتکە بکە و دانیشە›.

هەواسی لانەواز دەستی منی بەردا و بە چیلکەیەکی درێژ ئاگرەکەی تێکوەردا.

ئەوانی دی هەموومان لە دایە خەجێ ڕامابووین و ئەویش هێشتا هەر دەگریا. شوێنێکی چۆڵ لەتەنیشت دایکم و ئەو ژنەی لە عەنەب بە منی گوت توولە سەگ هەبوو، دایە خەجێ هاتە ئەوێ.

ژنەکە دەستی دایە خەجێی گرت و گوتی: 'دەی، ئەی دواتر چی ڕووی دا؟' و بەدوای ئەویشدا چەند کەسێکی دیکە یەک سەدا گوتیان: 'دەی، دواتر چی ڕووی دا؟'.

دایە خەجێ جگەرەیەکی لە بەرپشتوێنی دەرهێنا، شقارتەی لێدا، پێی کرد و مژێکی قووڵی لێ دا؛ ئەوەندە قووڵ، کە چاڵ کەوتە هەردوو لا ڕوومەتی، بە شێوەیەک، کە وات دەزانی دەموچاویان بە توندی گوشیون. بە هەمان حاڵەتی دەموچاوی، سۆتەکی جگەرەکەی تەکاندە سەر عەرزەکە و بە دەنگێکی تووڕەوە گوتی: 'چاڵەکان گەورە بوون و زیلەکان خەڵکەکەیان وەکو شتێک، کە بۆ فڕێدان داندرابێت، ئاوا لەنێو ئەو چاڵانەدا ڕۆدەکرد. جاری وا هەبوو دەستێک دەشکا، سەرێک بەر شتێک دەکەوت، قاچێک درزی دەبرد و... جاری

واش هەبوو هەندێ لە چاڵەکان زۆر قووڵ نەبوون و ئەمە پەیوەندی بە ویژدانی ئەو کەسانەوە هەبوو، کە چاڵەکانیان هەڵکەندبوو.. بەم شێوەیە دواجار ئەوەندە خاک و خۆڵیان بەسەردا دەکردین تا هەناسەمان لەبەر دەبڕا و لە پەلەقاژە دەکەوتین و...‘.

دایکم و کاک هەیاس و ئەو ژنە کەڵەگەتەش، کە لە عەنەب پاڵی پێوە نابووم و بە دەنگی بەرزەوە پێی گوتبووم، ’توولە سەگ»، دەگریان.

لە یادمە دایکم، کە هەموو جار نوێژی دەکرد، لەگەڵ خۆی، یان لەگەڵ خوا قسەی دەکرد و دەیگوت، «خوا ئاگای لە هەموومانە“ و من نازانم، کە خوا بۆ ئاگای لە ئێمە نەبوو؟ ئەمە پرسیارێک بوو، کە هەمیشە مێشکی قۆنداغە دەکردم و دەیخەواند و تا نەچم بە بیانوویێک کارێک بکەم، کە لەجێی خۆی نەبێت، بەڵام ئێستا کاتی بوو. یەکێک لە پەنجەکانمم، کە بیرم نییە کامەیان بوو، خستە دەمم و گوتم: ’ئەی کاتێک، کە ئەنفال دەکراین، خوا بۆ ئاگای لە ئێمە نەبوو؟‘.

دایکم یەکپێ هەستا و دوو شەپازللەی خێواندە بناگوێم و هەر بەو خێراییەش گەڕایەوە لای دایە خەجێ و بەر لەوەی شتێک بڵێت دەستی خستە سەر دەمی ئەو و گوتی: ’تۆ ئەو خوایە کفران مەکە›.

کەسایەتیی بێگانە لەپشت پێڵووەکانی دایە خەجێ سەنگەری گرتبوو و لە دەرفەت دەگەڕا ئاشووبێک بنێتەوە و شۆڕشێکی ساختە بەرپا بکات و لاپەڕەی ژیانی هەموومان پێکەوە بپێچێتەوە. من بەخێرایی نیگام لەسەر دایە خەجێ گواستەوە و سەرمم لەبەر خۆم نایەوە، دەستمم خستە ژێر چەناگەم و لەو ژنە باڵابەرزە ڕامام، کە لەو لا دەستی بۆ بەرز کردبوومەوە و بە ڕوومدا پێدەکەنی. زەردەخەنەی ئەو ژنەم باش لە یادە. دوای ئەو شەوە ئیدی هیچ کەس بەو شێوەیە بە ڕوومدا پێنەکەنیوە و هیچ کەسیش دەستی بۆ بەرز نەکردوومەتەوە. ئەو شەوە جگە لە هەشت کەس، هیچ کەس وەک پێویست نەخەوت. ئەو هەشت کەسەش هەر یەکەو بە جیا خەونیان بە زیلێکی خۆڵەمیشییەوە بینیوە. جادەکە تەواو بووە و یەکێک توند بۆ ناو زیلەکە پاڵی پێوەناون. لەناو زیلەوە دەیان دەستیان بۆ درێژ کراوە، دەنگی گوللەیەک لەو ناوە هاتووە و هەموویان پێکەوە ناڵاندوویانە.

خەڵکەکە ئیدی ڕۆچووبوونە نێو گۆشەگیریی خۆیانەوە. دەنگی ڕاوێژ و گوتاردانیان کز بووبوو و هەریەکە بەتەنیا پەنای بردبووە بەر ئۆردوگای یادەوەریی خۆیەوە. خەو بەسەر هەندێکیان و بەفریش بەسەر هەمووماندا باریبوو. لەبەر دووکەڵی جگەرە و ئەو هەڵمەی لە پەتۆی تەڕ بەرز دەبووەوە، ئەو ناوە بۆر هەڵگەڕابوو.

ئێستا ئیدی زۆر لەو خەڵکە تێڕوانینیان لەبارەی من و دایکم گۆڕابوو. لە گشت لاوە هەر دەستی خەڵک بوو بە میهرەبانییەوە لەو نێو تاریکییەدا بۆمان درێژ دەکرا و هەر دەست بوو دەیسپاردینە دەستی دیکە و لەنێو خۆیاندا جێیان بۆ دەکردینەوە.

هەوا سارد بوو و بەفر هەروا دەباری. هەواسی لانەواز و کاک هەیاس و چەند پیاوێکی دیکە توند توند مژیان لە جگەرەکانیان دەدا، قسەیان دەکرد و سەیری من و دایکمیان دەکرد. شێوەی یەکێکیان بە مامۆستاکەمان دەچوو. هەڵبەت مامۆستای پۆلی دووەممان، کە بەردەوام دەکۆکی. کۆکەیەکی وەک ئەم کۆکەیەی ئێستای ئێمە، هەر تەنیا کەمێک سووکتر. من هەمیشە بیرم دەکردەوە، کە هەر دەبێت سیلی گرتبێت و خۆیشی دەیگوت ”هی ئاو و هەوای ئێرەیە».

ڕاستیشی دەکرد. زستانی شاری هەڵەبجە، کە دەستی پێ دەکرد، خۆ بڕانەوەی نەبوو، تا بەهارێکی درەنگ هەموو جادەکانی ئەو ناوە کەڵکی ئەوەیان نەدەما هاتوچۆیان پێدا بکرێت، ئەمەش شانسێکی گەورە بوو، هەڵبەت بۆ من و دایکم، چونکە عومەری شەهلا نەیدەتوانی لەنێو ئەو هەموو بەفرەدا ڕێگا بکاتەوە و بگەڕێتەوە ماڵ و...

هەستێکی خراپم هەبوو، ڕێک وەک ئەو هەستەی هەندێک لە ئاژەڵان بەر لە ڕوودانی بۆمەلەرزە، هەیانە. دایکم و یەک

دوو ژنی دیکە خەریکی قسەکردن بوون، نازانم داخۆ بڕیار بوو کێ گوێیان لێ بگرێت، کاتێک، کە هەموویان سەریان بەرەو لای من وەردەسووڕاند و ئاخیان هەڵدەکێشان...

دەنگی لوورەی گورگێک، خەونۆچکەی چەند کەسێکی پچڕاند، کە ڕوخساریان ڕۆ چووبووە نێو تاریکییەوە و خۆیان گورم کردەوە، ئاخر دەبوا ئاگادار بن.

ژێهات ڕاپەڕمی و خۆی گەیاندە نک من و گوتی: ’ئاسۆ، من لێت تووڕە نیم‘.

بۆی پێکەنیم و گوتم: ’دڵنیایت؟‘.

ژێهات گوتی: ’ئەی تۆ؟ تۆش دڵنیایت؟‘.

گوتم: ’لە چی؟‘.

ژێهات گوتی: ’هیچ، وازی لێ بێنە!‘.

سەیریم کرد و بەهێواشییەوە گوتم: ’چی هیچ؟‘.

ژێهات سەری ڕاوەشاند و گوتی: ’هیچ، وابزانم تێکەڵت کردووە‘.

ژێهات ڕاستی دەکرد. تێکەڵم کردبوو، بەتەواوییش تێکەڵم کردبوو. نیگام لە لای دایکم و ئەو سێ ژنەوە بوو و هەموو بیر و خەیاڵم هەر لەسەر ئەو قسەیەی هەواسی لانەواز بوو، کە گوتبووی، جەنگ مرۆڤەکان دەکاتە کاڵا و شتومەک.

ئەو ڕاستی دەکرد. هەموومان بووبووینە شتومەک؛ شتومەکێک، کە تەنیا هێزی ڕاکێشان توانیبووی بەسەر عەرزدا

بمانهێڵێتەوە. ئێمە پێنج هەزار و چوار سەد کەس بووین، کە لەنێو سەری هەر یەکێکماندا سەد و هەشتا و دوو هەزار درەخت دەبڕدرانەوە. گەرد و تڵیشەی بڕینەوەی درەختەکان لەگەڵ هەناسەمان دەردەچوو و دەممان بۆنی خاک و خۆڵی لێ دەهات، هەموومان ئەمەمان دەزانی.

***

٥

لوورەی گورگ دەهات، سەرەتا یەک بوو، پاشان بوونە دوو و ئینجا سێ و ئاوا تا دەهات زیاتر دەبوون و لە لوورەی گورگ بترازێت هیچ دەنگێک نەدەهات.

هەموومان لە دەوری ئاگرەکە پاڵمان دابووە یەک، وەکو میزەڵانێک، کە هەواکەیان بەتاڵ کردبێت، بە ڕوخساری حەپەساو و چاوانێک، کە هەستی نائومێدییان تیادا مۆنجەی دەدا. هەر کەسەو بە شێوەیەک کەوتبووە دۆخێکی تایبەتەوە و بێدەنگیی بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ باڵی بەسەر ئەو کەشەدا کێشابوو.

با بە گوژەگوژ هەڵیکردبوو، لەگەڵ خۆیدا دەنگی تایەی زیلی، کە لەنێو قوڕدا گیر بووبێت و دەنگی خولانەوەی شتێکی بازنەئاسای دەهێنا. من خەریک بووم سەیری سێوەرم دەکرد و سێوەر بیری لای لوورەی گورگێک بوو، کە تا دەهات لێکدەکشایەوە و تا دەهات باریک و زیقنتر دەبوو. دایکم لە ڕۆخ مندا چوارمەشقی دانیشتبوو، دەستی خستبووە سەر

سکی و توند بۆ ژوورەوە پاڵی دەدا و لەسەر یەک لەژێر لێوەوە دەیگوت: "سیروان».

منیش هەموو جار وام هەست دەکرد دایکم تینووە و داوای ئاو دەکات، ئەویش ئاوێکی یەکجار زۆر...

کچەکەی سەلماخانم، براکەی توند گرتبووە باوەش و ڕایدەهەژاند، بەڵکو ژیر بێتەوە، بەڵام بێهوودە بوو. کوڕێژگەیەکی قەڵەوی خەپۆکە، کە هاوپۆلی من و سێوەر بوو و بەردەوام لەدواوە دادەنیشت و دەستی هەر بە کەپوویەوە بوو و هەموو هاوپۆلەکانی پێیان دەگوت بەرمیل، لە لای ڕاستی دایە خەجێ وەستابوو و ئەدا و ئەتواری سەیروسەمەرەی بۆ کچە گەورەکەی سەلماخانم دەردەهێنان، بەڵام ئەو زەینی لە هەموو لایەک هەبوو، تەنیا لای ئەو کوڕە نەبێت، کە لە پۆلی دووەمدا هاوپۆلی من و سێوەر بوو.

دایکم گوتی: ’ئەوە بۆ ژیر نابێتەوە؟‘.

کچەکەی سەلماخانم چەند جارێک دەستی بەسەر شانی منداڵەکەدا داهێنا و گوتی: ’نازانم!‘ و دیسان بە دەوری خۆیدا خولایەوە.

دایکم گوتی: ’برسی نییە؟‘.

دەنگێک گوتی: ’هیچی نەدەنێ، ئەم سەرەخۆرە تا زوو بمرێت باشترە›.

کچەکەی سەلماخانم سەری بۆ لای دەنگەکە وەرسووڕاند و گوتی: 'نازانم. ئەو ژنە لە ئێوارەوە تا ئێستا دوو جار شیری داوەتێ و...'.

من هەرچەندی سەرم هەڵبڕی، ئەو ژنەم نەبینی.

دایکم گوتی: 'بیهێنە ئێرە، ڕەنگە جێیەکی بێشێت!'.

کچەکەی سەلماخانم بە ئاماژەی سەر گوتی بەڵێ و دایکم بەهێواشی گوتی: 'ئاسۆ، بەئاگایت؟'.

بەڵام من چاوم دانابوونە سەریەک و لە مێشکی خۆمدا بیرم لە ژمارەی دوو دەکردەوە، کە بۆچی ڕووداوی ناخۆش لەدوای ژمارەی دووەوە ڕوو دەدەن. ئەو جۆرە شتانە هەندێک جار بە مێشکی مندا دەهاتن، گەورە دەبوون و بە هەموو لادا پەرت دەبوون و من هیچ کات وەڵامێکم بۆیان نەبوو. ژمارەی دوو، لە هزری مندا دیوارێک بوو، دیوارێکی ئەستوور و بڵند، کە هەر کاتێک بیویستبا بەسەر مرۆڤدا دەڕما و چەند نەوەی یەک لەدوای یەکی دەپلیشاندەوە.

شەوەزەنگێک بوو چاو چاوی نەدەبینی. هەوا سارد بوو و سەرما بۆنی ڕەقبوونەوەی مرۆڤی لێ دەهات. دایکم دوو جار بەتوندی ڕایهەژاندم و گوتی: ‹ئاسۆ... ئاسۆ، نەخەوی›.

چاوم هەڵێنان. سێوەر لە تەنیشت دایکم دانیشتبوو و هەردووکیان پێکەوە سەیری منیان دەکرد، بە چەشنێک وەک

بڵێی سەیری مردوویێک بکەن.

سێوەر گوتی: 'ترسام، وامزانی مردوویت' و تەماشایەکی دایکمی کرد.

کچە گەورەکەی سەلماخانم هێشتا هەر خەریکی ژیرکردنەوەی براکەی بوو و دەینالآند. دایکم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەژێر لێوەوە گوتی: 'سەرەخۆرە!'.

کورێژگەیەک پێ بە پێی کچەکەی سەلماخانم بە بێئۆقرەییەوە دەستی بە لایەکی ڕوومەتییەوە نابوو و لەبەر ئێشی ددانی دەینالآند. عارەقە لەسەر نێوچاوانی زەنگوڵەی دەکرد و ژنێک بە ڕەفتە گوڵدارەکەی سەری، عارەقەکەی دەسڕی و جنێوی بە یەکێک دەدا.

بروسکە و هەورەتریشقەیەک ئاسمانی شەق کرد و بەفربارین دەستی پێ کردەوە. ژنێک لە ئاسمان ڕاما، سێ جار لەسەر یەک قیژاندی و سێ جار لە مێشکی خۆیدا ئاگری لە خۆی بەردا. چەند کەسێک خەریک بوون ئاگرەکەیان دەکوژاندەوە و هەموویان پێکەوە و یەکدەنگ دەیانگوت: 'خوا ڕەحمی پێ کردین›.

گشتیان پیاو بوون، ئەمە بە سێبەر و ئەو جلانەی لەبەریان بوو دەردەکەوت.

یەکێک زمانی لێ دابووین و شوێنەکەی ئاشکرا کردبووین. فرۆکەکان بێ سەروسەدا گەڕابوونەوە، بەدوای ئێمەدا دەگەڕان

و ڕێک لەبەردەمی خۆیان ئێمەیان دۆزیبووەوە. بۆمبەکان لە کونەلووتیانەوە دەردەردەپەڕین، خێرا و پەیتاپەیتا، وەکو پژمینی کەسێک، کە پەسیوی گرتبێت.

ئیدی هیچ ڕۆشناییەکت نەدەبینی. ئاگرەکان کوژابوونەوە. دەنگی تەقینەوە و زرمەی بۆمباکان ئەو ناوەیان هێنابووە هەژان و دار و بەرد و گیا و... دووکەڵێکی چڕ بەری ئاسمانی گرتبوو.

هەر کەسەو بۆ هەر لایەک بیتوانیبا ڕای دەکرد، پیاو و ژن و پیر و گەنج هەموو لە هەموو. ئێستا زۆر تارمایی لەنێو بەرد و گیاوگۆڵ و... هاتبوونە دەر و لەگەڵ تارماییەکانی دیکەی ئێمەدا ئاوێتە بووبوون و بە دروستی نەتدەتوانی تێبگەیت کامەیان ڕاستین.

جەستەم لەنێو تاریکیدا تواوبووەوە و دایکم بەو هەموو تیژبینییەی خۆی، نەیدەتوانی بمدۆزێتەوە. ترس وەکو مێردەزمەیەک، کە لەنێو سەندوقێکی کۆن و دێریندا دەرپەڕیبووبێت، دووبارە هاتبووەوە ویزەم. هاوارم دەکرد، هەمووان هاواریان دەکرد، هاواری کز و نووزە لەبەربڕاو، وەک ئەوەی تووشی بەدخۆراکی بووبێت و بەتەنیا نەیدەتوانی تای تەرازووی ترس و نائومێدیمان بهێنێتە خوار؛ هاواری وا، کە لەنێو دەنگی زەندەقبەر و سامناکی بۆمباکان دووچاری هەناسەتەنگیی دەبوو و لە پەلوپۆ دەکەوت و تاکە کارێک،

کە بۆی دەکرا بیکات ئەوە بوو، کەمێک ئەو گوشارەی باری شڵەژان و تووڕەییەمان سووک بکات، هەر تەنیا ئەوەندە. ڕەنگە ئەمە تاکە کارێک بووبێت، کە بتوانین لەبەرامبەر ئەو وەهمانەی توند توند سنگیان دەگوشیین، بیکەین. ئەو بەندەنە لەژێر بۆنی بـارووت و خوێن و بەفردا ون بووبوو و بە دروستی نەمدەزانی لە کام لا پەنام گرتبوو. لەو ناو بەفرەدا لەسەر دەم ڕاکشابووم و زارم پڕی قوڕ و بەفر بووبوو. ترس قاچەکانمی توند بە عـەرزەوە گیرساندبوون، هەرچی دەمکرد نەمدەتوانی هەستمەوە. جووڵەیەکی کیسەڵئاسای شتێکی گەرمم لەسەر پێستی قاچمدا هەست پێ دەکرد. سەرم شۆڕ کردەوە و دەستم بە قاچمدا هێنا. بڕوام نەدەکرد، خۆمم تەڕ کردبوو. نەمدەزانی دەبێ چ بکەم. مێشکم پڕ لە مارمێلکە بووبوو و هەر یەکەو بەلایەکدا دەڕۆیشتن، کە پڕ لە مرۆڤ بوو. هەوڵم دا بڕوا بە خۆم بێنم، کە هیچ شتێکی شەرمهێنم نەکردووە، بەڵام نەدەکرا، نەمدەتوانی. ئەمەش ڕووداوێکی ناخۆش بوو، کە بەدفەڕانە خۆی بە ڕووداوە ناخۆشەکانی دیکەوە لکاندبوو و جیاکردنەوەی لەو ڕووداوانـە لە توانای من بەدەر بوو.

گریان قوڕگی گرتبووم. پێم خۆش بوو بگەڕێمەوە ماڵ و تەخت لێی ڕابکشێم و بخەوم و کاتێک، کە بە ئاگا دێمەوە، هیچ باسێک لە جەنگ و مەیخواردنەوە و عومەری شەهلاوە نەبێت،

بەڵام ئەمە تەنیا هەر ئارەزوویێک بوو وەک ئارەزووەکانی دیکەم، کە بەهۆی هەژاری و ئاوارەییەوە ڕووت و ڕەجاڵ بوو و هیچ جلی لەبەردا نەبوو.

شوان بێکەس دەستیی دانایە سەر شانم و گوتی: 'کچم، هەستە، ڕاکە!'.

سەرم هەڵبڕی، گریام و گوتم: 'دایکم...'.

بەڵام ئەو گوێی لە قسەکەم نەبوو، ڕای کرد و لێم دوور کەوتەوە.

ئەمە یەکەمین جار بوو کەسێک بە من بڵێت، "کچم" و پێشتر تەنیا باوکم ئاوا بانگی کردبووم. بیرمە ئەو ڕۆژانەی، کە تازە هاتبوومە هەڵەبجە، ئەفسانەیەکم سەبارەت بە باوکم بۆ سێوەر هۆنیبووەوە، ئەفسانەیەکی جوان و بەسەروبەر. بە سێوەرم گوتبوو، کە باوکم وەکو باڵندەیەکی لێ هاتووە، چووەتە ئاسمان و لەو ڕۆژە بەدواوە هەر کاتێک باڵندەیەکی کۆچەری بهاتبایەتە ئاسمانی هەڵەبجە، یان دارستانەکانی دەوروبەری، لەگەڵ سێوەر دەچووینە سەر بان و دەستمان بۆ ڕادەوەشاند و هەموو جارێکیش عومەری شەهلا بە تفەنگەکەی دەیپێکا و هەر بە ئاسمانەوە دەیکوشت و ئەو خەونەمان هەر لەوێدا تێدەچوو.

دەنگی باڵندەیەک لە دوورەوە دەهات و لەنێو تاریکی و بۆنی بارووتدا ون دەبوو. بەرەو لای دەنگەکە ڕام کرد، ڕێک

وەکو ونبووێک، کە ڕێگای ماڵی خۆی دۆزیبێتەوە. شوان بێکەسیش هەرچەند گوێیەکانی لە هەڵەبجە بەجێ هێشتبوون، ڕایدەکرد. دەوەستا، هەناسەی تازە دەکردەوە، دادەنیشت و دووبارە ترس دڕندانە و بێپەروا ئاوێتەی هەموو گیانی دەبوو و ناچاری دەکرد ڕابکات، ڕابکات ئەویش نەک بەتەنیا. دەستە ناسک و باریکەکانی نەشمیلی لەنێو پەنجەی پیاوانەیدا توند گرتبوون و بۆ هەر لایەک دەچوو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد.

بۆنی باروت هێشتا ئەو ناوەی بەرنەدابوو، بەڵام فڕۆکەکان ئیدی هەواڵێکیان نەبوو. پێم وایە ماندوویێتی و کاری شەوانە فڕۆکەوانەکانی شەکەت کردبوو و جارێ بەتەمای گەڕانەوە نەبوون. چ بڵێم بەڵکو دڵیشیان پێ سووتابین، یان وایان زانیبێت هەموویان لەناوبردووین و ئیدی ئاژاوەکە تەواو بووبێت! نازانم.

ڕوونترین سات ئەو ساتەی بەر لە هەڵاتنی خۆر بوو. چیاکان وەکو خوریی پەڕەکراو ڕۆچووبوونە نێو یەک و دەشت بووبووە گۆڕستانێکی چەندین هەزارساڵە. سەیری هەر لایەکت دەکرد، هەر تەرم بوو لەو گۆڕە کەوتبوون. تەرمی شێواو، کە دەمیان تژیی بەفر و قوڕ و هاواری خنکاو بوو.

نەمدەتوانی دایکم بدۆزمەوە، وەک ئەوەی هەر نەبووبێت. چەند جارێک هەموو ئەو دەشتەم سەر و بن کرد، ئەو تەرمانەی

لەسەر دەم کەوتبوون، هەڵمگێڕانەوە. بەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا خۆم سمی و تێپەڕیم، بە هەموو دەنگی خۆم گازی دایکمم کرد، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەم بێهوودە بوون.

ترسابووم و ترس هەموو کارێکی پێ دەکردم. بە هەموو هێزی، کە تێمدا مابوو هاوارم کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە. هەر کەسەو بەدوای شتێکدا دەگەڕا؛ یەکێک بەدوای دەستی، یەکێک بەدوای قاچی، یەکێک بەدوای چاوی و... هیچ کەس ئاگای لە هاوارەکانی من نەبوو.

تارماییێکی زراقی بەژن درێژ بەرەو لام دەهات. قاچی ڕاستی چاودێری قاچەکەی دیکەی دەکرد و چوار پەنجەی دەستی چەپی هەڵوەریبوون، من ئەو کاتە ئەوەم زانی، کە ڕوخسارمی خستە نێو هەردوو دەستەکانی.

دەنگێکی نزمی وەکو وردە شووشەی پەنجەرەیەکی شکاو دەڕژایە گوێکانمەوە.

«ئاسۆ».

دەنگی دایکم بوو. هەر لە ڕووی خۆماکییەوە** دەمناسیەوە. زۆر پێویسم بە گریان هەبوو و نەمدەتوانی لە بەرامبەریدا بەرگری بکەم. هاوارم کرد و گریام. دایکم دەستی بە قژمدا داهێنا و گوتی: ‹نیگەران مەبە، ئیدی تەواو بوو›.

لێ خۆ من دەمزانی بەدبەختیی هەرگیز تەواو نابێت. لە دەرگایەکەوە، کە هاتە ژوور، ئیدی ناچیتە دەرەوە و ئەوەندە

دەمێنێتەوە تا باڵندەکان دانەی هەموو ئارەزووەکانمان دەخۆن. باڵندەکان دانـەی زۆربـەی ئارەزووەکانی منیان خواردبوو و ئەم زستانە دایناسۆرسالارانەیە ئیدی بە بەهار ناگات و مسۆگەر نیازی گەیشتنیشی...

دایکم زیاتر دانەوی، سەری لە ڕوومەتم نزیکتر کردەوە و گوتی: 'هەستە ئاسۆ! تا نەگەڕاونەتەوە دەبێ بڕۆین!'.

هـەم دایکـم دەیـزانـی و هـەم منیش، کـە ئـەوان بـۆ هیچ شوێنێک نەڕۆیشتوون. هەر لەم دەوروبەرانە شان بە شانی مەرگ دانیشتوون، چای دەخۆنەوە و قەلوون** دەکێشن و ئێمە خۆڕا خۆمان بە دامەنی ئومێدەوە هەڵواسیوە.

مردووان دەیانالاند و بە نالاندنەوە بۆ ماڵ دەگەڕانەوە و ئێمە هەروا خەمگین و داماو پشتمان تێکردبوون و لێوبەبار و بە ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیو، کە نائومێدی سواخی دابوو، ملی ئەو بەندەنەمان گرتبوو، هەندێکمان بەرەو لای جادەکە هەندێکیش بەرەو چیاکانی دالانی و یەکەمین دێ، کە ڕەنگ بوو بکەویتە سەر ڕێمان، دەڕۆیشتین.

ئۆتۆمبێل و کامیۆنەکان زۆر لـە خەڵکەکەیان پێشتر سوار کردبوو و گەیاندبوونیانە ئاقاری پاوە و نەوسوود، هەڵبەت زیاتر پیر و منداڵیان بردبوون. زۆری دیکەش وەکو ئێمە خۆیان لە جادەکە نـەدابـوو، لە ترسی ئـەوەی نەبادا ڕووبـەڕووی سووسەکارانی عێراقی و پێشمەرگەکان و...

ببنەوە و بەخورتی بیانگێڕنەوە دواوە، بۆ ئەو جێگایەی، کە تەنیا مەرگ باوەشی بۆ کردبووینەوە. ئەگەرچی دیار نەبوو داخۆ لەودیو مەرزیش چ هەلومەرجێک چاوەڕێمان دەکات. بەهەرحاڵ ئێمە خۆ چارەیەکی دیکەمان نەبوو، دەبوا بڕۆین.

ئێمە لەو کۆمەڵەیە بووین، کە ڕێی چیاکانمان گرت و دەشتمان بە هەموو تەرمەکانەوە، کە تا چاو بڕی دەکرد هەر تەرم بوو، جێهێشت، نەک لەبەر ئەوەی هەستی مرۆڤدۆستیمان تێدا مردبێت، یان چەمەری** و پرسەداریی نەزانین، نا، تەواو بە پێچەوانە، بەڵام بە ڕاستی لە ڕاکردن بەو لاوە کارێکی دیکەمان لە دەست نەدەهات. هەر ئێستا نا ئێستا بۆی هەبوو فڕۆکەکانی عێراقی بگەڕێنەوە و قەلاچۆمان بکەن و ئەمە تەنیا گۆشەیەک بوو لە کارەساتەکە، کە ئێمەی خافڵگیر کردبوو و تۆ دەتتوانی بیری خۆتی بێنیەوە. دەزانی، سەرەتا منیش وەکو تۆم بیر دەکردەوە. باوەڕم نەدەکرد خوێندنی کەڵەشێر لە نیوەشەودا لەسەر بانی ماڵێکدا شتێکی باش نەبێت، بەڵام ئێستا ڕێک ئەوە سی و یەک ساڵە هەر کاتێک کەڵەشێرێک لە نیوەشەو لەسەر بانی ماڵێکدا بخوێنێت، بەیانییەکەی ئەو شارە جێ دێڵم و ڕوو دەکەمە مەملەکەتێکی دیکە، کە ناوی زۆر لەو مەملەکەت و شارانە هەر نازانم و ناوی زۆریشیانم لە یاد نەماوە.

دایکم گوتی: 'یانی چی، کە لە یادت نەماوە؟'.

سەیرێکی دواوەم کرد. هەوڵم دا ناوی ئەو پیاوەم بیر بێتەوە، کە هەوڵی دا من هەڵبگرێت و لەوێم دوور بخاتەوە، بەڵام بیرم نەهاتەوە. دایکم هەروا چاوەڕێ بوو شتێک بڵێم، بەڵام هیچم نەگوت. لەو دەمەدا ژنێکم بینی، کە داهاتەوە و تاکە گوارەیەکی لەسەر بەفرەکە هەڵگرتەوە، کەمێک دەستی لێ خشاند و پێکەنی و من گوێچکەکانی شوان بێکەسم کەوتنەوە یاد، کە مامی خۆشەویستەکەی لە هەڵەبجە بڕیبوونی و ئەو ئیدی گوێی لە دەنگی کەس نەدەبوو.

دایکم دەستی خستە ژێر چەناگەم و ویستی بڵێ، "گرنگ نییە"، کە من دەستم بۆ لای ئەو ژنە درێژ کرد و گوتم: 'شوان بێکەس!' و نازانم بۆ دایکم وای زانی شێت بووم.

دایکم چووە لای کچەکەی سەلماخانم و گوتی: 'ئەی بۆ ناڕۆین؟'.

کاک هەیاس بە حەسرەتەوە گوتی: 'ناتوانین تەرمەکان لەو گۆڕە بەجێ بهێڵین›.

هەواسی لانەواز گوتی: 'هەڵکەندنی ئەم هەموو گۆڕە زۆری پێدەچێت و ئێمە ئەو کاتەمان نییە›.

کاک هەیاس گوتی: 'ئەی چی بکەین؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'یەکەم دەبێ ژن و منداڵەکان بگەیەنینە شوێنێک، کە مەترسیی لێ نەبێت›.

پیاوێکی قەڵەوی درێژ لەپشت سەری هەواسی لانەواز هاتە دەر و کاک هەیاس بەهێواشی سمێڵی خۆی جووین و ئیدی هیچی نەگوت.

بەفر هەروا دەباری و دونیا بە هەموو دار و درەخت و گیا و... شەپۆلی دەدا و بەدواماندا دەهات، بەڵام ئێمە هەر لەجێی خۆمان بە عەرزەکەوە نووسابووین و لای مردووەکان بووین و دەماننالآند. سەرما بوو. شەکەتییێکی سەیر لە قاچەکانمەوە دەستی پێکردبوو و هەروا هەڵدەکشا. کچەکەی سەلماخانم لەتەنیشت دایکمەوە وەستابوو، دایە خەجێ و چەند ژنێکی دیکەش لەوێ بوون، نەمدەزانی چۆن بەنێویاندا ڕەت ببم و خۆم بگەیەنمە دایکم و بەو هەموو ماندوویێتییە بەرنەبمەوە و...

سێوەر دەستی ژێهاتی گرتبوو و خەریک بوون بۆ لای سێ کوڕیژگە دەچوون، کە یەکێکیان moوزەردەیەک بوو و نووشتەیەکی بە مێخەکچنراوی گۆشتەگیرە و دار ژاڵە و دوعایەکی سێگۆشەی سەوزباو بە سنجاقێکی گەورە لەسەر شانی ڕاستی کراسی هەر سێکیان دوورابوو. سەر شانی زۆربەی منداڵەکان شتی وای پێوە بوو، تەنیا شێوەیان لە یەک جیابوو؛ هی هەندێکیان تەنیا شەوەگیرە بوو، کە ڕێی نزیکبوونەوەی جنۆکە لە مرۆڤ دەگرێت، سێوەر هەمیشە یەکێکی بە گەردنەوە بوو. هەندێکیشیان تەنیا گۆشتەگیرە،

کوژەڵە، mووروەشینە و دارژاڵـە بوون، کە هی چـاووزار و خۆشەویستبوون لای کەسانی دیکەوە بوون، من قەت هیچ کام لەوانەم نەبووە و هەمیشە وام بیر دەکردەوە، کە لەبەر ئەوەیە کەس منی خۆش ناوێت و...

دایکم گوتی: ‹ئاسۆ، هۆشت لە کوێیە؟ بۆ نایەیت؟›.

سەرم وەرسووڕاندە لای دایکم و گوتم: ‹قاچم گۆد بوون».

دایکم داهاتەوە و گوتی: ‹وەرە بە کۆڵ هەڵت بگرم›.

گوتم: ‹نە، دایکە، تەنیا دەمەوێت کەمێک دابنیشم›.

دایکم بەخێرایی ڕاست بووەوە، دەستی لەدەوری ناوقەدم وەرێنا و گوتی: ‹چیوای نەماوە، گەیشتین، سەیر کە›.

ئەم جارە بە ڕاستی گەیشتبووین، هەڵبەتە نەک ئێران، بەڵکو گوندێک، کە زیاتر لە قۆڵێکی شکاو دەچوو تا گوند. ناو کولانەکانی گوند دەتگوت تووشی کارەساتێکی ترسناک بوونەتەوە، چۆڵوهۆڵ و کشومات بوون. سەر بانی خانووەکان زۆر بە جوانی سولاوکەیان بۆ دروست کرابوو، کە بەفر و باراناوی پێدا بڕوات. ئاگری تەنووری هەندێک لە ماڵەکان ئاسمانی بـان سەرمانی گـەرم دەکـردەوە و لـە هەندێکی دیکەیاندا دەنگی شیوەنی ژنێکی کلۆڵ و داماو دەبیسترا.

پیرەمێردێک لەسەر بانی یەکێک لە خانووەکاندا دانیشتبوو. چوارشانەیەکی دەموچاو پێکداقۆپاو و دوو چاوی ڕەشی بەقووڵداچووی هەبوون. تفەنگێکی بە شانی ڕاستیدا دابوو

و دانەیەکی دیکەشی بە دەستی چەپی لەنێو گۆلمەدابوو، بە شێوەیەک چاوی بچوک کردبوونەوە، وەک ئەوەی سەیری وێنەیەکی کۆن بکات، تەماشای ئێمەی دەکرد.

دایکم لێوی خۆی گەست و گوتی: ’بیسمیللا‘.

هەموومان دوو هەنگاو کشاینەوە دواوە. پیرەمێردەکە دەستی بەرز کردەوە و هاواری کرد: ’بوەستن...‘.

هەواسی لانەواز ئەبرۆی هەڵتەکاند و گوتی: ’ئاشکرایە، کە شێتە‘.

دایکم گوتی: ’پێم وایە، دیارە...‘.

پیرەمێرد بەخێرایی لە سەربانەکە هاتەخوار، زاری کەمێک بەش کردبووەوە و هێشتا قسەی تێدا مابوو، چاوی بچوک کردنەوە و لە کاک هەیاسی ڕوانی و لەژێر لێوەوە گوتی: ’نەکا ئێوە پاشماوەکانی...‘ و پاشان لێوی خۆی گەست.

کاک هەیاس گوتی: ’ژن و منداڵەکانمان برسی و ماندوون و...‘.

پیرەمێردەکە دەستەکانی بە حاڵەتی پاڕانەوە کردبوونەوە و بە شلەژاوییەوە گوتی: ’فەرموون.. فەرموون‘، دەستی هەر بەوحاڵەتەی پاڕانەوە بەرەو ماڵەکانی گوند درێژ کردبوون و دەیویست شتێکی دیکە بڵێت، بەڵام نەیگوت.

کاک هەیاس لەنێوان بێدەنگییێکی کورتدا ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: ’ئاخر ئەمانە سەرمایانە‘ و دەستی بۆ ئێمە درێژ کرد.

پیرەمێردەکە گوتی: ‹نیگەران مەبن. لەو ڕۆژەوەی خەڵکەکە گوندی جێهێشتووە، من چاودێریی لە ماڵەکان دەکەم. هەموویانم بە گەرمی هێشتوونەتەوە. فەرموون، فەرموون›.

کاک هەیاس پشتی لە من بوو، بە دروستی تێنەگەیشتم چی بە پیرەمێردەکە گوت، کە پیرەمێرد دەستی خستە سەر چاوی و گوتی: ‹بان چاوم›.

دایکم خۆشحاڵ بوو، ئەگەرچی قاچێکی شەل بووبوو و کۆکە برستی لێ بڕیبوو و دوو کانیلەی بچوکی لەنێو چاویدا دروست کردبوون؛ هەر من دەمزانی خۆشحاڵییەکەی تەنیا بەهۆی دەربازبوونمان و ئەوەوە بوو، کە عومەری شەهلا وای دەزانی مردووین.

دایە خەجێ دەستی دایکمی گرتبوو، توند دەیگوشی و دەیگوت: ‹زریان، ئیدی تەواو، ئەو هیچ کات ئەوە نازانێت، کەمێک خۆڕاگر بە و...› و چاوێکی هەر لە لای من بوو، بەڵام من نەمدەزانی چی تەواو بووە و ئەوە چ شتێکە، کە هیچ کات نایزانم!.

دایە خەجێ دەستی دایکمی بەردا و سەری بۆ لای هەواسی لانەواز وەرسووڕاند، کە سیغاری دەپێچایەوە و زمانی بە پەڕاوییەکەدا دەهێنا. ڕامکردە لای دایکم و دەستیم گرت. سێوەریش دەستی کاک هەیاسی گرتبوو، بەدەوری گونددا دەسووڕایەوە. سەرمام بوو، هەموومان سەرمامان

بوو. ماندوو بووین، گشتمان بە هەزرەتی پیاڵە چایەکی گەرم و جێیەک بووین، کە بتوانین بە ئارامی قاچی لێ ڕابکێشین و بنووین.

پیرەمێردی تاین و چەند پیاوی دیکە و دوو ژنی قەڵەوی چوارشانە جلکیان بۆ هەمووومان هێنا، لێ ئێمە هەرچی لەبەرمان دەکرد بۆمان تەسک بوو، بەڵام ئیدی سەرمامان نەبوو. لە جێیەکدا دانیشتبووین و قاچمان ڕاکێشابوو و پیاڵەیەک چای گەرممان بە دەست و چەند کلۆشەکرمان خستبووە گۆشەی لێو و پرسیارێکیش، کە لەنێو مێشکی هەموومان دەخولایەوە و دەتگوت تایەکی گەرمی گرتووە و هەدادانی نییە.

کاک هەیاس سەری لە پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکانی خانووەکە هێنایە ژوور و زۆر بە هێمنییەوە گوتی: ’کە حەسانەوە وەرنە دەرەوە. دەمەوێت نەشمیل و شوان لە یەکدی مارە بکەم!‘ و گریا.

ژنێک شانی هەڵتەکاند و بە دەنگێکی بەرزەوە پێکەنی. دایکم وەکو دیوار کڕ و بێدەنگ بوو و بە هەردوو دەستی سکی خۆی هەڵدەشێلا. کەس وشەیەکی لە دەم نەدەهاتەدەر، هەمووان بە پرسیارێک، کە مێشکی ئاڵۆز کردبوون، لێوی خۆیان دەگەست و سەیری یەکدیان دەکرد. تێنەدەگەیشتم بۆ لەو ژوورەدا هەمووان لێوی خۆیان دەکرۆژن و دایکم بۆچی سکی خۆی هەڵدەشێلێت و دەناڵێنێت، نەشمدەزانی بەو جلکە

تەسکانەوە لە ژوورەکەدا بمێنمەوە، یان بچمە لای سێوەر، کە خەریک بوو لەم ژوور بۆ ئەو ژوور ڕایدەکرد.

پیاوێکی بـاڵابـەرزی چاوخێلی شەلە، قاچی ڕاستەشی دەلەنگی، کە دەرگای حەوشەی ماڵی پیرەمێردی کردەوە، هەر بە لۆق بەرەو لای کاک هەیاس دەهاتە پێش، یاخەی پیاوەکانی دیکەشی ڕادەکێشا و هەر کفری دەکردن، قسەی وای دەکرد، کە تەنیا هەر خۆی و گەورەکان تێی دەگەیشتن و دەیانزانی واتایان چییە. لە پەنجەرەی ئەو ژوورە گـەورەیـەی، کەوا کەسانێک لە ماندوویێتیدا لێی پاڵکەوتبوون، ئەو ڕەفتارانەم دیتن، کە ئێستا ئەو پیاوە نواندنی. هەڵبەتە پێشتریش، ڕێک لـەو کـاتـەی، کە عـومـەری شەهلا دەستی لە ڕووی دایکم بەرزدەکردەوە و دایکیشم پێیدەگوت: ‹جاش› بینیبوونم.

ئەو پیاوە ناوی نەعمان بوو. کاک هەیاس وای ناو هێنا و گوتی: ‹نەعمان، ناوی خوا بێنە، بە هاتوهاوار هیچ یەک لە مردووەکانمان زیندوو نابنەوە. تۆ سەیری ڕوخساری ئەم خەڵکە بکە، سەیری ڕوخساری ئەم کچانە بکە کەوا کەزی و بسکی خۆیان بڕیوە و لای خۆشەویستەکانی خۆیانیان جێهێشتوون. بڕوانە، نەعمان باش بڕوانە، هێشتا مەمکی دایکانمان شیریان لـێ دەتکێت، خـەم و دڵتەنگی بووەتە پەپوولە و ئاوێتەی دەنگ و هاوارمان بووە و بەرەو هەڵەبجە دەگەڕێتەوە، بەڵام وا فرۆکەیەک لەنێو سەری هەمووماندا

دەخولێتەوە و دەخولێتەوە و تۆوی مەرگمان بەسەردا دەپڕژێنێت، تۆ ناتوانیت نکۆڵی لە هیچ یەک لەمانە بکەیت، نە تۆ، نە هیچ کەسی دیکە. جا خۆ ئەمە یەکەم جاریش نییە کەوا مەرگ و نائومێدی و ئاوارەیی، ئاوا سەخاوەتمەندانە دەبێتە بەشمان. ئێمە زۆر زوو دەگەڕێینەوە هەڵەبجە و تا ئەو ڕۆژە دادێت ناتوانین بهێڵین بەها مرۆییەکانمان وەک پەنیری ماوە بەسەرچوویان لێ بێت و لە دەستمان بچن›.

قەت قسەکردنی وا درێژم لە کەس نەبیستبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو شیپانەی دەرگای ژوورەکەدا وەستابووم و وەک بووکەڵەیەکی پەڕۆیین ئارام و بێدەنگ سەیری کاک هەیاسم دەکرد، کە لەو نێو ژوورەدا دەهات و دەچوو و قسەکانی کۆتاییان نەدەهات. هەر هەوڵی دەدا نەعمان ڕازی بکات، بەڵام بێسوود بوو. کلیلی هۆش و زەینی نەعمان لە هەڵەبجە و لای نۆبووکەکەی بەجێمابوو و هەوڵدانی کاک هەیاس و ئەوانی دیکەش بێهوودە بوو.

شادی و هەڵپەڕکێ وەکو هەر پێویستییێکی دیکە بۆ ئێمە هەم گرنگ بوو هەم پیرۆز؛ سەمایەک، کە هەر جووڵەیەکی بگریت فەلسەفەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو و بۆ کار و چالاکیی ڕۆژانەمان، هێز و گوڕێکی سەیری پێدەبەخشین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەمان مافمان بە نەعمان دەدا و پێمان وابوو زەماوەندی نەشمیل و شوان لەم کات و شوێنەدا زیاد

لە ڕادەی خۆی مایەی پێکەنینە، بەڵام کاک هەیاس زیاتر بیری لە خەوە یاساغەکان و دڵخۆشکردنی ئەو خەڵکە ماتەمگێڕە و دڵخۆشکردن و ئومێدوەبەرنانی ئەو خەڵکە و زۆر شتی دیکە دەکردەوە، کە ئێمە دواتر تێیگەیشتین.

زۆر لە کچەکان لە دەوری نەشمیل دانیشتبوون و هەر یەکە و شتێکی لە بوخچەکەی خۆیدا دەردەهێنا، شانە، کراس، پێڵاو و... قژە بڕدراوەکانی خۆیان شانە دەکرد و بەو لەتە ئاوێنە بچوکانەی، کە لە گیرفانی هەر کیژێکدا دەتتوانی بیاندۆزییەوە، لە چاوە بەقووڵداچوو و لێوە قەڵشیوەکانی خۆیانیان دەڕوانی.

دایکم ئێستا چوارمەشقی دانیشتبوو. پشتی بە دیوارەکەوە دابوو و خەریکی چاککردنی دەموچاوە چواردە ساڵییەکەی نەشمیل بوو. دەستی دەلەرزین، خێرا خێراش هەناسەی هەڵدەکێشا و لەگەڵ هەناسە هەڵکێشانیشدا لەبەر خۆیەوە وردەنزمی دەگوتن. ئەو وردەنزمانە، فرمێسکیان لە چاوی کچە گەنجەکاندا دەهێنا.

دایە خەجێ پاڵی بە دوو سەرینی گەورەوە دابوو و سیغاری دەکێشا. دوو مژی قووڵی لە سیغارەکەی دان و لەکاتێکدا خەریک بوو چای گەرمی فڕ دەکرد، گوتی: ’خەریکی خۆت لەنێو دەبەیت زریان›.

دایکم، چاوێکی کەرکووکییانەی گەشی هەبوون. هەرچەند دەستیشم بۆ ڕاوەشاند، کەچی بەو چاوە گەشە

کەرکووکییانەشییەوە نەیدەتوانی بمبینێت. چەندی خۆ بەرز و نزم کردەوە و... نەیبینیم، هەر هیچ جێیەکی نەدەبینی. خەیاڵەکانی لە جوگرافیایەکی دیکە دەخولانەوە، ئەو تەنیا هەر بە جەستە لێرە بوو و وەک شتێکی جووڵەدار و تەواو.

هەواسی لانەواز ڕاستی دەکرد کە، «جەنگ مرۆڤەکان دەکاتە کاڵا». ئێمە بووبووینە کاڵا، هەر تەنیا گەورەیی کارەساتەکە جیاوازیی نێوانمانی دەردەخست.

لەم گوندەدا، کە دەتگوت قۆڵێکی ڕاکشاو و شکاوە، ئێستا دەتگوت ڕستەی جلکانە و لە هەموو ڕەنگێک خەڵکت دەبینی، کە پرسیارێک لە مێشکی گشتیاندا پەلەقاژەی بوو؛ ئەویش ئەوە بوو: بۆچی ئێرە جگە لەم پیرەمێردە کەسی دیکەی لێ نییە؟ ئایا هەر ڕەبەن بووە و...؟.

بەڵام جگە لە خودی پیرەمێرد، کەسی دی وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدەزانی، پێدەچوو ئەویش نەیەوێت هەموو شتێکمان بۆ باس بکات.

دایە خەجێ گوتی: ’ئاسۆ، هەستە... تۆش بچۆ لای دایکت تا من ناوکی دایکت دێنمەوە و...‘.

جگە لە دایە خەجێ و دایکم، کە چاوی خستبوونە سەر یەک و دەیناڵاند، کەس لە ژوورێدا نەمابوو. دایە خەجێ دەمی خوار کردەوە و گوتی: ‹مەگەر لەگەڵ تۆم نییە؟ هەستە، دەرگای ژوورەکەش لەدوای خۆتدا دابخە› و بە شێوەیەک

سەیری کردم، کە نەمتوانی هیچ بڵێم. هەر ئەوە بوو هەستام، لە ژوورەکە چوومە دەر و بەرەو کۆڵان پێم پێوەنا و...

بۆنی مێخەک و بۆنی دووکەڵ ئەو ناوەی داگرتبوو. ژمارەیەکی زۆری ژنان لە حەوشەدا وەستابوون و خەریکی چێشتلێنان بوون. پیرەمێردەکە سێ مریشک و هەندێک برنج و ئەو کەمە شتەی لەماڵە چۆڵەکاندا مابوو، هەمووی بۆ هێنابوون.

هەواسی لانەواز لەوێ نەبوو. لە بەرزایییێکدا ئاگرێکی گەورەی کردبووەوە و پشتی کردبووە ماڵان و لێی دانیشتبوو و گۆرانیی دەگوت. من و سێوەر بۆ لای شوان بێکەس دەچووین، کە کوڕە گەنجەکان دەوریان گرتبوو و هەڵدەپەڕین. زۆر لەو خەڵکە هەڵدەپەڕی، زۆریان جگە لە من و سێوەر و دایکم و دڵبەر، کە لەسەر بانی یەکێک لە خانووەکاندا دانیشتبوو و لە خەیاڵیدا کتێبی هەڵدەدایەوە.

کوڕە لاوەکان دەستی یەکدییان گرتبوو. دەستگرتنێکی سەیر. هەموویان ڕوویان لە لایەک بوو و قاچیان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەو سەر بەفرەدا دەدا و دیمەنێکی مایەی تێڕامان و جوانیان پێک هێنابوو. سیمایان زیاتر لە بووکەڵەی یاریی دەچوو، کە دەستێکی لێزان و جادوویی بیان جووڵێنێت.

دوو پیاو ئەملا و ئـەولای شـوان بێکەسیان گرتبوو و بەرەو لای نەشمیلیان دەبرد. سێوەر و منداڵەکانی دیکەش لەدوایانەوە دەڕۆیشتن و چەپڵەیان لێ دەدا و پێدەکەنین، بەڵام من و چەند کوڕێکی دیکە زەینمان هەر لای کچێک بوو، کە لەسەر بانی یەکێک لە ماڵەکاندا وەستابوو زنجیرە چیاکانی دالانی دەژمـاردن. مێشکی پڕ بوو لە جەنگەڵ و باڵندە و لە چاویدا کتێب دەبیندرا و لاپەڕەکانی هەڵدەدرانەوە. ناوەکەیم دەزانی. کوڵمی خڕ و پێستی هێندە سپی بوو مێوژی ڕەشی بخواردبا لێیەوە دیـار بـوو. دڵێکی شووشەیی بە گەردنیدا هەڵواسیبوو، بۆیە وام هەست کرد، کە دەبێ ناوی دڵبەر بێت.

کەسانێکی زۆرم بیر دەهاتنەوە، بە پاڕانەوە هاتبوون و زۆر زوو تێپەڕیبوون، بەڵام ڕاستگۆیانە بێژم بۆ مانەوەی دڵبەر لە هزر و یادەوەریمدا زۆرم هەوڵ دابوو، ئەگەرچی خۆ دەشمزانی ئەم کارە هێندە پێویست نییە. ئەو لەو بەرەبەیانەی ئەو ڕۆژەوە، کە بە لەچکەکەی خۆی خنکاند، تا ئەمشەو هەموو ڕۆژێک من لەو شەقامە درێژ و تاریکەی زستانی ساڵی ١٩٨٨دا، لەگەڵ تارماییەکەیدا دەژیم و شان بە شانی دڕۆم.

لەو ڕۆژەوە، کە مەرگ هاتبووە سەرمان، دڵبەر یەکەمین کەس بوو، کە دوای مردنی توانیبووی لەنێو گۆڕدا ڕابکشێت. تەرمەکانی دیکە گشتیان هێشتا لەو گۆڕە کەوتبوون و ئێمە

بۆ هەر شوێنێک بچووباین ڕۆحی ئەوانیشمان لەگەڵدا دەهات و دەیاننالاند، نالاندنی دڵتەزێن و بێ بڕانەوە، کە هەر ناڵەیەک هەشت زامی قووڵی لە جەستەی زەویدا جێدەهێشت.

ژنێک هەشت دانە هێلکەی بە شێوەیەکی تایبەت لە بەردەرگای ماڵێک دانابوون. نەشمیل بە نازێکی ژنانەوە، قاچی دانایە سەر هەر هەشت هێلکەکە و لەگەڵ شوان بێکەس چووە ژوورەوە. کاک هەیاس بە دەنگێکی بەرز شتێکی بەسەردا خوێندن و ئەوانی وەکو دوو هاوسەر بە هەمووان ناساند.

گشتمان بۆ حەوشەی خانوویێک، کە لەوانی دیکە گەورەتر بوو، گەڕاینەوە. دەرزیت لە حەوشە هەڵدابا بە عەرزی نەدەکەوت. ژنەکان چووبوونەوە ژوورەکان و پیاوەکان کاسەی شۆربای گەرمیان دەست بە دەست دەگێڕا تا خواردن بەسەر هەموویاندا دابەش بکەن و کەس برسی نەمێنێتەوە. من لەتەک دایکمدا لە یەکێک لە ژوورەکان، کە پێدەچوو ژووری میوانان بێت و شتەکانی بە جوانی لەسەر یەکدا داندرابوون، دانیشتبووم. بالیف و پشتی لە دۆرماندۆری ژوورەکە هەڵنرابوون و هەر بالیفێک و هەر پشتییێک کەسێک پاڵی وێدابوو، کەسێکی خەمگین و ماندوو. ژوورەکە کشومات بوو. هەمووان لە خەیاڵدانی خۆیاندا مژیان لە سیغاری تاڵ و تفت دەدا و وا دەکۆکین، کە مرۆڤ دەیویست بداتە پڕمەی گریان و لە هەر جێگایەک بێت تەنیا ئێرە نەبێت و...

هەواسی لانەواز لەنێو شیپانەی دەرگاکە وەستابوو و خەریکی ژماردنی ئەوانەی ژوورەوە بوو، بە شێوەیەک پەنجەی لەسەر هەر یەکێکماندا دەهەژاند وەک ئەوەی هەر یەکێکمان زیاتر لە هەشت کەس بین و ئەمەش ژماردنەکەی لێ ئاڵۆز دەکرد، بۆیە پەنجەی بۆ کیژۆڵەیەک ڕادا و بەتووڕەییەوە پێی گوت: ’لە شوێنێک تۆتکە بگرە. ئەوە زیاتر لە هەشت جار بتان ژمێرم... ئەم جارە لەجێی خۆت بجووڵێیت گوێت دەبڕم›. دیسان دەستی بە ژماردن کردەوە و دواجار هەرچەندی کردی نەیتوانی بزانێت چەند کەسین...

سەرم وەرسووڕاندە لای دایکم و گوتم: ’ناوکت هاتەوە جێ؟‘.

دایکم هیچی نەگوت، تەنیا سەری هەژاند و لە عەرزەکە ڕاما.

هەواسی لانەواز هاواری کرد: ’ئاسۆ، هەستە لە پەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوە بکە بزانە کەس لە کۆڵان نییە›.

دایکم سەری هەڵبڕی و من ویستم دووبارە لێی بپرسم، ناوکت هاتووەتەوە جێ، یان نا، بەڵام دایکم دووبارە سەری داخست و لە عەرزەکە نز بووەوە، هەستام و سەرم وەرسووڕاند و هەر لە پەنجەرە بچوکەکەوە، کە ڕووەو کۆڵان دەکرایەوە، سەیری دەرەوەم کرد. کۆڵان چۆڵ و هۆڵ بوو، تەنیا تا بڵێی شوێنپێ لەو سەر بەفرەدا جێمابوون، هەروەها

لۆرییێکیش، کە ڕووەو گوند دەهات. خێرا بەری خۆم بۆ لای دایکم وەرسووڕاند و گوتم: ’ئۆتۆمبێلێک وا بەرەو گوند دێت و...“.

هەواسی لانەواز قاچی چەپی بەرز کردەوە و بەسەر دوو ژن و سێ کوڕیژگەدا بازی دا و بە ڕاکردن خۆی گەیاندە لای پەنجەرەکە. دایکم دەستی دانایە سەر سکی و ناڵاندی. بۆ ماوەیەکی کورت ژوورەکە بێدەنگ بوو، تاریک داهات و لە چاوقوچانێکدا دووبارە هەرا و دەنگەدەنگ سەری هەڵدایەوە و کەس گوێی لە کەس نەدەبوو! کاسەی شۆربا دەست بە دەست دەڕۆیشت و قەف قەف هەڵمی لێ هەڵدەستا. هەر کەسە و بۆ لایەک دەچوو و شتێکی دەگوت، کە نازانم چی بوو.

دایکم دەگریا و هەر دەیگوت: ’تازە لەنێو چووین. مانەوەمان لێرە هەڵە بوو›.

دایە خەجێ دەستی لە شانی دەدا. ژنێکی دیکەش هەمان ئەو قسانەی دایکمی کردن و سەری وەرسووڕاند و ئاماژەی بە هەموومان کرد، کە ئیدی دەرفەتی ڕاکردنمان نییە و ئۆتۆمبێلەکە گەیشتووەتە نێو دێ، تەواو کار لە کار ترازاوە و... کاک هەیاس بەخێرایی بەسەر قادرمەکان کەوت. پەنجەی بە دەمیەوە نابوو و بە هەمووانی دەگوت: ’وسسسس!‘.

پیاوێکی کەڵەگەت لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و چەند پیاوێکی دیکەش دوای ئەو دابەزین. یەکێک لەو پیاوانە، کە نازانم کێ بوو و پشتی لە لۆرییەکە بوو، گوتی: ’ئەمیر، کامە لەم خانووانە ماڵی بابە مەردوخە؟‘.

پێم وایە ئەمیر وەڵامی نەدایەوە، چونکە هیچ دەنگێکی دیکەمان لەو پیاوانەوە گوێ لێ نەبوو. کاک هەیاس خێرا ڕووی لە هەموومان وەرگێڕا و هەوڵی دا تێبینیی نەکەین، کە ئەویش بە ئەندازەی ئێمە ترساوە. گۆشەی پەردەکەی بە دوو پەنجە گرت و گوتی: ’لێرە هیچ مەترسییێک نییە، نیگەران مەبن... خۆم...‘.

هێشتا کاک هەیاس قسەکەی تەواو نەکردبوو، کە دەنگێک لە حەوشەکەوە گوتی: ‹مەترسن ئەمانە ئێرانین›.

من و سێوەر بەر لە هەمووان هاتینە دەر و لە هەیوانەکە ڕاوەستاین، ئەوانی دیکەش بەدواماندا هاتن. سێوەر دەستی گرتم و بە ترسەوە گوتی: ’ئاسۆ، تۆ بڵێی چی ڕووبدات؟‘.

گوتم: ’ئەگەر بمانگرن دڵنیابە بەنداوێکی گەورە لەسەر ئاوی سیروان دروست دەکەن و ئێمەش لە دیوارەکانی دەگرن›.

ئەم قسانەی ئێستا من بە سێوەرم دەگوتن، هی سەلما خانم بوون، کە بەر لەوەی سێ جار بقیژێنێت و بمرێت بە دایکمی گوتبوون.

سێوەر ڕووی تێکردم و گوتی: ‹ئەم قسانەت هەر گاڵتەن وایە؟›.

گوتم: ‹خۆم لە سەلماخانمم بیستووە...›.

سێوەر گوتی: ‹من نامەوێت لە دیوارم بگرن. من خۆ قوڕ و بەرد نیم کە...›.

دەستم دانایە سەر دڵم و گوتم: ‹منیش نامەوێت، بەڵام...›.

سێوەر قیژاندی و و ڕایکردە لای کاک هەیاس و من دەستم هەروا لەسەر دڵم بوو و لەو پیاوە ئێرانییانە ڕامابووم، کە بە واقوڕماوییەوە سەیری ئێمەیان دەکرد و دەیان پرسی: ‹ئێوە تا ئێستا لە کوێ بوون؟›.

کاک هەیاس قسەی بەو کابرایە بڕی، کە پێم وایە ناوی ئەمیر بوو و گوتی: ئێمە لە هەڵەبجەوە هاتووین... بە ڕێگای نێو چیا و دارستانەکاندا! ئێستا ئێوە پێمان بڵێن بۆچی هاتوونەتە ئێرە؟›.

سێوەر لەپشت کاک هەیاس خۆی وێکهێنابوو. پشتی لە من بوو و دەگریا و پێم وایە نەیدەزانی کەوا منیش هێندەی ئەو ترساوم، یان ڕەنگە بشیزانیبێت و بە لایەوە گرنگ نەبووبێت.

دەستم بەرز کردەوە و گوتم: ‹سێوەر›.

بەڵام سێوەر وەکو کیسەڵ چووبووە نێو قەپێلکی خۆیەوە و وەڵامی نەدامەوە. ئەو پیاوە گوتی: ‹خاڵۆ گیان، ئێمە بۆ بردنی کاک مەردوخ گەڕاوینەتەوە›.

پیرەمێرد لە خوار پلیکانەکەدا، پێڵاوەکانی کردنەوە پێی و گوتی: ’من بۆ هیچ شوێنێک نایەم. ئێرە خاکی منە. هەر لێرە دەمێنمەوە، تا ئەو ڕۆژەی هەموو ئەوانی دیکەش دەگەڕێنەوە›.

وەڵامی ئەو پرسیارە ، دیسان سەری هەڵدابووەوە و ئێمە دەمانتوانی ئەمە بە ڕوونی لە چاوی پیرەمێردەکەوە، کە لە دوو پەنجەرەی کراوە دەچوون، ببینین.

کاک هەیاس دەستی بۆ پیر و منداڵەکان درێژ کرد و گوتی: ’خوا خێرتان بنووسێت! ئێستا، کە دەتانەوێت چاکە بکەن، ئەمانە لەگەڵ خۆتاندا ببەن›.

بزەیەک کەوتە سەر لێوەکانی ئەمیر و گوتی: ’بان چاو باوکە گیان! ئێمە هەمووتان دەبەین، هەڵبەت دەبێ سەبر بگرن تا لۆرییەکە دەگەڕێتەوە›.

من نەمدەویست لەگەڵ ئەمان و بەو لۆرییە بڕۆم. بانگی سێوەریشم نەکرد، بە پەلە ڕامکردەوە ژوورەوە و پەتووێکی گەورە و ئەستوورم ڕاکێشایە سەر خۆم. ژنێکی کەڵەگەتی چاوگەشی قژزەرد، سەری هێنایە ژێر پەتۆکە و گوتی: ’بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟‘.

دەستم خستە سەر سەرم و بە دەربڕینێکی پچڕپچڕ، وەک لاڵەپەتەیەک، گوتم: ’بە-بە بە- ددد-و-ا-ی سەری خۆمدا دەگەڕێم›.

ژنەکە حەپەسا و چاوی لێ زەق بوونەوە و گوتی: 'بیسمیللا!' و خێرا خێرا لە ژوورەکە چووە دەرێ.

چاوم دەزوورانەوە، دەستم دەیانتریواند، پشتم هەڵدەلەرزی و هەستم بە سەرما دەکرد، دڵم خەریک بوو لە یاخەی کراسەکەمەوە بێتە دەر و قاچم وەکو دوو ماسیی مردوو لەژێر پەتۆکە ڕاکشابوون؛ لەگەڵ ئەوەشدا نازانم بۆ هەر وام هەست دەکرد کەوا سەری خۆمم ون کردووە و هەرچی بە دوایدا دەگەڕێم ناتوانم بیدۆزمەوە.

دایکم دوو جار گوتی: 'ئاسۆ'.

لێ من هەردوو جارەکە وەڵامم نەدایەوە، هەرچەندە دەمزانی کاتێک بانگم دەکات سەری هەڵدەبڕێ و تا دێت زیاتر دەکۆکێت و بەو کۆکەیە سوور هەڵدەگەڕێت و هەناسەی دەگیرێت.

دایکم چەند جارێکی دیکەش بە قووڵی کۆکی و دواتر دەستی هێنایە ژێر پەتۆکە و داینایە سەر سەرم و گوتی: 'ئاسۆ، سەرت چەند گەرمە!' و دیسان کۆکی.

سەرم لەژێر پەتۆکە دەرهێنا و گوتم: 'بەڵام دایە من هەست دەکەم سەرمم لێ ون بووە، لە شوێنێکی زۆر دوور لێم ون بووە...'.

دایکم دەستی کێشا بە سەرمدا و گوتی: 'خاکم وەسەر...' و گریا و ئیدی هیچی نەگوت، منیش هیچم نەگوت، نەمدەتوانی

هیچ بڵێم. وشە وەکو تامی گەزۆ بە زمانمەوە نووسابوون و لەنێو ددانەکانمدا گیر دەبوون. حەزم لێ بوو بگریم، بەڵام نەدەکرا، نەمدەتوانی. لەوە دەترسام یەکێک بهێت و بمدۆزێتەوە و من و دایکم بەخورتی بخاتە پشتی ئەو لۆرییە گەورەیە و...

هەواسی لانەواز هاواری کرد: 'کەس بەجێ ماوە؟'.

ژنێک گوتی: 'بوەستن منیش دێم'.

چەند پیاوێکی بەتاقەت لەگەڵ هەواسی لانەواز، منداڵ و پیرەکانیان سوار دەکردن و لۆری بە ڕێ کەوت. سێوەر لای دایکی مایەوە و دایە خەجێشیان لەگەڵ نەچوو، هەر لەوێ لە تەک دایکم، کە لە ترسی سێبەری عومەری شەهلا دەلەرزی، مایەوە.

هەواسی لانەواز کڵاوەکەی کردەوە سەری، جگەرەیەکی خستە نێوان لێوە گۆشتنەکانی و ڕووەو هەڵەبجە ڕاوەستا و گریا. شتێک لە هزریدا دەسووتا، دووکەڵی لێ هەڵدەستا و جامی چاویلکەکەی دادەپۆشی. چاوی نەدەبیندران، لێ من تێبینیم کرد کەوا خەریکبوو دەگریا. وێنەیەکی بچوکی بە دەستەوە بوو و پەنجەی پێدا دەهێنا و من ئەوەندەی لە مێشکی خۆمدا هێنام و بردم، بیرم نەهاتەوە خاوەنی وێنەکەم لە کوێ بینیوە...

نەمدەزانی ئەم شەویش فڕۆکەمان دێنەوە سەر، یان نا. ترس هێشتا هەر وەکو خۆی بوو، تۆزقاڵێک چییە بەری

نەدابووم، بەڵام ئەو پیاوە ئێرانییە بە کاک هەیاسی گوتبوو، کە ئاسمانی ئێرە سەلامەتە و سیوەر ئەمەی بە گوێمدا چرپاندبوو و من دووبارە خۆم خستبووەوە ژێر پەتۆ و خەوم لە خۆم خستبوو. نەمدەزانی داخۆ ئەو پیاوە ڕاست دەکات، یان نا، بەڵام قسەکانی بە چەشنێک بوون، کە متمانەی پێ بکەیت.

وا بزانم ڕەوشی دایکم باشتر بووبوو.. دایە خەجێ خەریکی دڵدانەوەی بوو و دەیگوت: ‹نیگەران مەبە زریان، هیچ شتێک ڕوو نادات›.

ویستم شتێک بێژم، بەڵام تاقەتم نەبوو، تاقەتی هیچ کەسم نەبوو. سەرم هەروا لەژێر پەتۆیەکی تەنکی زەرددا بوو. ئەوەندە زەرد، کە هەستت دەکرد بۆنی لیمۆی لێ دێت. چاوم دانانە سەر یەک و لە نێوان ئەو زەردییە و بۆنی لیمۆدا بەزۆر خەوم لە خۆم خست، خەوێکی قووڵ و درێژ...

باشتر وایە تۆش بچیت بخەویت. ڕەنگە قسە دووبارەکانی دایە خەجێ ماندووت بکەن و سبەی، کە ئێمە دەگەینە ئێران، تۆ بەجێ بمێنی و ئاوارەیی پێڵاوەکانت بکاتە پێی و بڕوات.

***

٦

چەند کچە گەنجێک چووبوونە سەر بان و پێکەوە و یەکدەنگ قورئانیان دەخوێند. کچەکان هەر یەکەو سێوێکی مێخەکڕێژی بەدەستەوە بوو، کە هەواسی لانەوازیش پێشتر یەکێکی لێ ون بووبوو و هێشتاش هەر بەدوایدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە و ئەوەندە بەسۆزەوە ‹گەوهەرێ گیان گەوهەرێ›** دەچڕێت، کە مرۆڤ پێی خۆشە لە ناخی دڵەوە بگریت.

کاک هەیاس پشتی بە دیوارێکەوە دابوو، کە بۆی هەبوو هەر ئێستا نا ئێستا بڕمێت و چەند نەوەیەک بکاتە ژێر داروپەردووی خۆیەوە. باپیرە بە بێدەنگی لە کونجێکدا دانیشتبوو و هەنارێکی بەدەستەوە بوو، ژنێکیش بە شەلەشەل دەهات و دەچوو و هەناری دنک دەکردن و دنکەکانی گوڕ دەکردنە ناو مەنجەڵێکی گەورە و پاشان مەنجەڵەکەی دادەنایە سەر گوڕکێک، کە ئاگرێکی گەورەی تێدا کرابووەوە و بە دەستێک دار و چیلکەی ڕەپێش ئاگرەکە دەکردن و ئاگرەکەی خۆش دەکرد و بە دەستی دیکەی سەری خۆی دەخوراند.

لەنێو ئەو هەموو هەنارەدا، نیگام کەوتبووە سەر ڕوخساری باپیرە و تەکانی نەدەخوارد، نیگام ڕێک لەسەر چاو و دەم و لچی، کە ڕەقهەڵاتبوون، گیرسابووەوە. دایکم بەردەوام سیخورمەی لە تەرۆکم دەدان و دەیگوت: 'هەستە، مردوو خۆ سەیرکردنی ناوێت و...'.

لە هەر چوار لای حەوشەکە، بە نەرمی دەنگی سەردولکان دەهات، کە لە ناڵاندن دەچوو، ناڵاندنی ئەو پشیلانەی عومەری شەهلا دەیخەساندن و بەخورتی دەمی لێکدەکردنەوە و مەی دەرخوارد دەدان و...دایکم دووبارە سیخورمەیەکی لە تەرۆکم ژەند و گوتی: 'لەگەڵ تۆمە، هەستە'.

پەتۆکەم لەسەر خۆم لادا. دایکم لەتەنیشتم دانیشتبوو. ڕەنگی بە ڕوانەوە نەمابوو و ئیدی هیچی نەدەگوت، تەنیا سیخورمەکەی ئامادە بوو بۆ لە کەلەکەدانم و... بەڵام سێوەر سەری لەناو دەرکە هێنابووە ژوور و بە ئاماژەی پەنجەی دەیگوت: 'ئاسۆ، زووبە وەرە دەرێ!'.

ژنێک لە بەردەرکە خەریکبوو دەزووی بە دەرزییەوە دەکرد و ژنێکی دیکەش پارچەیەکی سپیی دەبڕی و بە ژنەکەی دیکەی دەگوت: 'هەموو شتێک کاتی مردن بۆنی ئەو شوێنەی لێ دێت، کە یادەوەرییت لەگەڵیدا هەیە!' و من لە دڵی خۆمدا گوتم: 'کەرکووک'.

سێوەر گوتی: 'دە وەرە ئیدی'.

گوتم: ’بۆ کوێ؟‘.

سێوەر گوتی: ’یەکێک مردووە!‘.

جا من بە چیم زانیبایە، کە ئەو مردووە دڵبەرە.

سێوەر گوتی: ’خۆی خنکاندووە!‘.

گوتم: ’کێیە‘.

سێوەر بەدڵنیاییەوە گوتی: ’هەمان ئەو کچەی، کە خەیاڵدانی پڕ بوو لە باڵندە و دارستان و لە نیگایدا کتێب، کە پەڕەکانی هەڵدەدرانەوە.

من نەمدەزانی داخۆ سیوەر ئەم شتانە چۆن دەزانێت و نەمدەزانی، کە دواجار چی ڕوودەدات. دوو هەنگاو کشامە دواوە و سەرم لەبەر خۆم نایەوە و بۆ هەر چوار لای خۆمم ڕوانی و...

سێوەر گوتی: ’بەدوای چییدا دەگەڕێیت؟‘.

گوتم: ’بەدوای سێبەری خۆمدا! ئەرێ تۆ سێبەری منت نەبینیوە؟‘.

سێوەر پێکەنی و بە پێکەنینەوە گوتی: ’چییە لێت گۆڕاوە!‘ و سەری بادا.

شانم هەڵتەکاند و بەتووڕەییەوە گوتم: ‹پێتوایە شێت بوومە؟ ئەگەر سێبەری خۆتت لێ ون دەبوو... ئەگەر...‘.

سێوەر دوو جار بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە و گوتی:

ʼدە زووبە دەی، وەرە با بڕۆین، بە خوا ئێستا وەختی ئەو گەلحۆییە نییە!ʻ.

ئێستا ئیدی سێبەرم لە گشت جێیەک بوو و لە هیچ جێیەکیش نەبوو و سێوەر نەیدەزانی، کە هەبوونی سێبەر چ گرنگییەکی هەیە، یان ڕەنگ بێت بشیزانیبێت و خۆی لێ لە گێلی دابێت.

سێوەر توند دەستی ڕاکێشام و گوتی: ʼڕاکە ئاسۆ، درەنگە درەنگ!› و بە چەشنێک جەختی لەسەر ئەم وشەیە کردەوە وەک ئـەوەی مەبەستی بێت بڵێ، ”ئـەو خۆگنخاندنەت لە چییە!...».

چەند پیاوێک لە بەر دێ لەتەک زیارەتگایەکدا چاڵێکی قووڵیان هەڵکەندبوو و چەند پیاوی دیکەش تەرمێکیان خستبووە سەر دارەبازێک و هەموویان پێکەوە بەرەو ئەو چاڵە دەچوون، کە هیچ لە گۆڕ نەدەچوو، بەڵکو زیاتر وەک قۆرتێک بوو، کە بۆ شوشتنی ئاژەڵ هەڵکەندرابێت.

پەڕۆیەکی سپی لە تەرمەکە وەرپێچرابوو و لەو دوورەوە بۆ من ئاسان نەبوو دەستنیشانکردنی ئەوە بکەم، ئەم تەرمە تەرمی دڵبەر بێت، بەڵام دڵە شووشەییەکەی دڵبەر بە دەستی کوڕە گەنجێکی لاوازی لێوبەبارەوە بوو، کە چاوی لە چاوی قاز دەچوون و ئێستا هەر بەو چاوانەی، کە لە چاوی قازیان دەکرد، سەیری ناوەوەی گۆڕێکی دەکرد و دەستی بەو دڵە

شووشەییەدا دەهێنا و دەگریا.

دوو پیاوی کورتەبالا تەرمەکەیان شۆڕ کردەوە نێو گۆڕەکە و کەمێک دواتر ئەو کوڕە گەنجە بە سەردەستی کراسەکەی فرمێسکی چاوی خۆی سڕینەوە، تۆزێک داهاتەوە و دڵە شووشەییەکەی لەگەڵ چەنگێک بەفر خستە ناو گۆڕەکە و پیاوەکانی دیکە بە قوڕ و شلتاوی بەفر و سەهۆڵ دایانپۆشی. یەکێک گوتی: ‹بۆ گیانی کۆچکردوو، فاتیحە.›

هەمووان فاتیحایان خوێند و هیچ کەس نەیدەزانی ئەو کچە غەمگینە، کە خۆی خنکاند و لە ژیان ڕایکرد، ناوی دڵبەر بوو.

دایە خەجێ گوتی: ’ئەو کچە...‘ و هەرچی هەوڵی دا بە بیری نەهاتەوە ناوی چی بوو.

لێ من بەهێواشییەوە گوتم: ’دڵبەر›.

دوو لۆری بە دوای یەکدا هاتبوونە نێو دێ، دوو لۆریی گەورۆنەی ڕەنگ سوور، بە دونیایەک جلوبەرگ، پەتۆ، خواردمەنی و زۆر شتی دیکەش، کە بەدڵنیاییەوە زۆرلەو شتانە هەر بەکەڵکیشمان نەدەهاتن؛ بەمەشەوە هەموویمان لەو دوو شوفێرە قەڵەو و کورتەبنە دەموچاوخڕ و سمێڵ و ڕیشتاشراوە وەردەگرتن و لای خۆمان گلمان دەدانەوە.

دڵبەر لەنێو ئەو گۆڕە تاریکەدا خەوتبوو و خەڵکەکەش لەدەوری ئەو دوو لۆرییە سوورە گەورۆنەیە،

دەخولانەوە و دوو دوو پێکەوە قسەیان دەکردن. ژێهات خەریکی تایەی یەکێک لە لۆرییەکان بوو و هاواری دەکرد و دەیگوت: 'بە خوا بێعەیبن و هیچیان پەنچەر نین!'.

یەکێک خێرا دەیگوت: 'ئەی ئەو تایەی دیکە چی؟' و هەر ئەو قسەیەی دووبارە دەکردەوە.

سێوەریش لەگەڵ هەواسی لانەواز و چەند کەسێکی دیکە بەرەو لای لۆرییەکان دەچوون، کە لەدوای لۆریی یەکەمەوە بوو و هەر چواردەوریان بە تیسمارێکی شین داپۆشیبوو. دایکم هێشتا لەسەر بەرزاییێکدا وەستابوو. سەری دەتگوت سەرکی گوڵەبەڕۆژەیە بە هەموو لایەکیدا دەسووڕاند و بانگی دەکردم و من نەمدەزانی بۆچی وام هەست دەکرد ئەگەر ڕووم بۆ ئەولا وەرگێڕم، زەینی لێ دەبڕێم و کەمتر پەرۆشم دەبێت و کەمتر بانگم دەکات.

دایە خەجێ چووە سەر گۆڕی دڵبەر و چەپکێک مێخەکی چنراوی دانایە سەر گۆڕی و گەڕایەوە. کەمێک دواتر کوڕە گەنجێک هەشت جار بە مست ئاوی بەسەر گۆڕی دڵبەردا پڕژاند و هێندەی وەرزێک گریا. هەموومان گریاین، هەواسی لانەواز لە هەموومان زیاتر فرمێسکی ڕشتن.

دەنگی ڤڕەڤڕی تایەی لۆرییەکان بەرز بووەوە، شوفێری یەکێکیان بە دەنگێکی بەرز لەگەڵ یەکێکدا قسەی دەکرد، تەنیا هەر قاچی لە ئێمە دیار بوون. دوای کەمێک گیرۆبوون،

هەمووان سواری لۆرییەکان بوون. هەمووان جگە لە من و کاک مەردوخ، کە هەرچی ئەو پیاوە ئێرانییانە پێداگرییان کرد لەگەڵیاندا بڕوات، گوێی نەدانێ و تا دەهات بەدڵنیابوونێکی زیاترەوە دەیگوت: 'ئێرە خاکی منە. خاک وەکو منداڵی مرۆڤ وایە! مرۆڤ منداڵی خۆی بەجێ ناهێڵێت، بەجێی دەهێڵێت؟'.

ویستم ڕابکەم و لە لۆرییەکان دوور بکەومەوە، بەڵام پێم لـەدووم نەدەهاتن و ڕۆچووبوونە نێو ئەو بەفر و قوڕەی ئەوێ. بۆنی خاک دەهات، نازانم لەکوێوە دەهات و کەپووی پڕ کردبووم و من هەر هۆقەهۆقم بوو و هێڵنجم دەهاتنێ. سێبەرم بە دەورمدا دەخولایەوە و لە بەرچاوم دەبووە دوو و دەبووەوە یەک و دوور دەکەوتەوە، دوور و دوورتر...

دایکم پشتی دەشێلام و هیچ پێی وانەبوو بترسم. کاک هەیاس مستێک ئاوی پڕژاندە دەموچام و هەواسی لانەواز پەتۆیەکی دەرهێنا تێی وەرپێچام و خستمیە سەر کۆڵی و بەزەحمەتێکەوە خستمیە ناو لۆرییە سوورەکە، کە هەمووی داپۆشرابوو و جگە لە گۆشەی لای ڕاستی دەرکەکەی و دایە خەجێ لەوێ بوو و دەیتوانی لەجیاتی هەموومان هاوار بکات و تووڕەیی خۆی بە با بکات.

ڕەوشم کەمێک باشتر بووبوو، بەڵام هێشتا دڵەڕاوکێم بوو. ئارەزووی ئەوەم دەکرد لە هەر جێگایەک بم جگە لەنێو ئەم لۆرییە، بەڵام خۆ ئەمە هەر تەنیا ئارەزوویێک بوو وەک هەموو

ئارەزووەکانی دیکەم. ئۆتۆمبێلەکە ئیدی وەڕێ کەوتبوو و وردە وردە لە گوندەکە دوور دەکەوتەوە، تاکە وێنە و دیمەنێکی بەجێماوی ئەو گوندە، کاک مەردوخ بوو، کە وەک پەیکەرێکی بەفرینە لەسەر بانی ماڵەکەی خۆیدا وەستابوو و خەریکبوو دەتوایەوە و بچوک و بچوکتر دەبووەوە...

جادەکە باریک بوو، وەک تووڵەمارێکی بەهێز لەژێر تایەی ئۆتۆمبێلەکاندا غلۆر دەبووەوە، لەقەلەقی دەکرد و دەنگێکی وای لێوە دەهات، کە مرۆڤ هەستی دەکرد دەهۆڵ لەنێو سەری دەکوتن. سێوەر لەنێو ئەو لۆرییەی ئێمەدا نەبوو. هەر هیچ منداڵێکمان لەگەڵدا نەبوو. دایکم پاڵی بە دوو پەتۆوە دابوو و قاچی بە سکییەوە نووساندبوون. دایە خەجێ خەریکبوو قژی بۆ دەهۆنیەوە، دەیویست بە قردێلەیەکی ڕەشی بچوک کەزییەکانی گرێ بدات و هەرچیی هەوڵی دەدا بۆی نەدەکرا. حەزم لێ بوو لەتەک یەکێکدا قسە بکەم، بەڵام جگە لە دایکم هیچ کەس لەنێو لۆرییەکەدا نەبوو، کە قسەکانم ببیستێت. سەرمم خستە سەر شانی دایکم و گوتم: ’دڵبەر بۆچی خۆی خنکاند؟‘.

دایکم گوتی: ’دڵبەر؟‘.

من لە بیرم چووبوو، کە ئەو تەنیا لە خەیاڵی مندا ناوی دڵبەر بوو و دایکم ئەوەی نەدەزانی، بۆیە بەدڵنیاییەوە گوتم: ’بەڵێ، دڵبەر!‘.

دایکم گوتی: 'نایناسم'.

گوتم: 'بەڵام خۆ دایە خەجێ گوتی ئەو خۆی خنکاندووە! خۆم بیستم'.

دایە خەجێ قردێلەکەی لە شوێنێکی کراسەکەی گیر کرد و بەگرژییێکەوە گوتی: 'جا چ گرنگییێکی هەیە؟'.

من لە دڵی خۆمدا گوتم، "بێگومان، کە گرنگی هەیە! خۆزگە نەمردبایە!".

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: 'ئەو کەسەی، کە لە ناخی خۆیدا کۆتایی هاتبێت، ئەگەر دونیا ببێتە بەهەشتیش ئیدی بۆ ئەو هیچ گرنگییێکی نییە'.

عومەری شەهلا گوتی: 'مرۆڤەکانیش مێژووی بەسەرچوونیان هەیە، یەکێک درەنگتر یەکێک زووتر'.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: 'مێژووی بەسەرچوونی مرۆڤەکان پەیوەستە بە دڵخوازەکەی خۆیانەوە'.

عومەری شەهلا پێکەنی و هەموومان دەمانزانی، کە ئەو هیچ کات ڕێکەوتی بەسەرچوونی نییە و هیچ کات بێ یار و دڵخواز نابێت و...

دایکم سوور هەڵگەڕابوو. دەستی بە سکییەوە بوو و دەینالاند و من پێم وابوو دیسان ناوکی کەوتووە و... بەڵام دایە خەجێ پێی وابوو تای لێیە و بە پەڕۆیەک باوەشێنی لێ دەکرد.

دایکم گوتی: 'هەوا چەند سارد بووە!'.

دایە خەجێ سەری ڕاهەژاند و من تێبینیم کرد پەنجەکانی گۆد بووبوون و هەر خەریکبوو بیانخاتە بن باڵییەوە.

دایە خەجێ دایکمی ڕاهەژاند و گوتی: 'زریان، عومەری شەهلا ئیدی دەستی بە ئێوە ڕاناگات، خاترجەم بە!'.

لێ دایکم لەپڕێکدا زەرداوێکی زۆری هێنایەوە و ڕەنگی بە ڕووانەوە نەما. دایە خەجێ بە دەنگی بەرزەوە گوتی: 'نەفرەت لە عومەری شەهلا!'.

ژنێک لە لای ڕاستی دایکم هەر دوو دەستی لە ئەژنۆی وەرێنان و گوتی: 'ژنی بەدبەخت!'، هەر خێراش ڕووی بۆ لای کچە گەورەکەی سەلما خانم وەرسووڕاند و درێژەی بە قسەکەی دا: 'هەڵبەتە عومەری شەهلاش تەقسیری نییە! ڕەنگە کەسێک، یان شتێک وای لێ کردووە، کە ئاوا ناپاکی لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییەکاندا بکات، هەر شتێکی ئاوایە!'.

کچە گەورەکەی سەلما خانم چاوی وێک هێنانەوە و گوتی: 'کە ئاوا!'.

دایکم چاوی داخستبوون و بێدەنگ بوو. دایە خەجێ بە تووڕەییەوە سەری بۆ لای ژنەکە سووڕاند، کە سەیری منی کردبوو و منیش بیرم دەکردەوە داخۆ ئەم ژنەم لە کوێ بینیوە و هەرچەندی دەمکرد نەمدەزانی بۆچی بیرم نایەتەوە، کە ئەم ژنە لە کۆمەڵەکەی ئێمە بووبێت.

من زۆر لەو ژنە باشترعومەری شەهلام دەناسی. زۆر باشم بە بیرە، کە چۆن هەموو ڕۆژێک سەروچاوی خۆی دەمامک دەدا، لە ماڵێ دەردەکەوت و بەو پشتێنە سێ گرێیەی، کە بەدەوری کەمەری خۆیدا دەیئاڵاند، ساف وەکو دارێکی وشک لەسەر کورسییێکی چاخانەی حەسەنی سمێڵ قیتدا دادەنیشت و لەو دیو جامی هەڵمگرتووی پەنجەرەی چاخانەکەوە بە چاوە ڕەش و بەقووڵداچووەکانییەوە چاودێریی خەڵکی دەکرد و بەئەسپایی سەری هەڵدەکێشا و تا ئەو دەمەی دەگەڕایەوە ماڵ دوو بەستە سیغاری بێ فلتەری بە با دەکردن و دووکەڵەکەی بۆ ئاسمان دەنارد، من هەموو ڕۆژێ بەم چاوانەی خۆم ئەمانەم بە ڕوون و ئاشکراییەوە دەبینین؛ بۆیە قسەکانی ئەو ژنەم نە قبوڵ بوون و نە بڕواشم پێی هەبوون.

دایکم خەوتبوو. دایە خەجێ سیغاری یەکەمی کێشابوو و خەریکی پێچانەوەی هی دووەم بوو و زمانی بە پەڕاوییەکەدا دەهێنا. هیچ کەس لەنێو ئەو بێدەنگی و ئەو دووکەڵەی سیغارەدا ئاگای لە من نەبوو و من خەریک بووم سات بە سات هەیۆلایەکم لە عومەری شەهلا لە هزری خۆمدا دروست دەکرد، هەیۆلایەک، کە هەر وەختێک سەرم بەرز دەکردەوە، لە چاوقوچاندنێکدا ڕوخساری دەبووە هەزار پیاوی تووڕە، ڕۆ دەچووە نێو تاریکی و من هەموو جارێک نەمدەتوانی لە

بەرامبەریدا هیچ کاردانەوەیەک پیشان بدەم.

کچە گەورەکەی سەلما خانم براکەی بە باوەشەوە بوو و لەگەڵ کوڕە گەنجێکدا خەریکی چپەچپ بوو. هێشتا دەمی تامی پیازی سوورەوەکراوی شۆربای دوێنێ شەوی لێ دەهات و نیگای لەسەر دەستی کوڕەکە بوو و خۆی بە چیلکەیەک مژوول** کردبوو و دەیگوت: ‹چیوای نەماوە، کە بگەین!›.

کچەکەی سەلما خانم بێدەنگ بوو و بەو دوو چاوانەی، کە لە بەڕوو دەچوون، سەیری منی دەکرد و من دەنگی بیرکردنەوەکانیم لە بنەبانی لۆرییەکە دەبیست، کە بێپسانەوە دەیگوت، "دایناسۆر».

بەفر کەلێنی نەدەدایێ و بەتەما نەبوو خۆش بکات. دایە خەجێ پەتۆیەکی دیکەشی بەسەر دایکمدا دابوو و پەتۆکەی پێشتر لە گۆشەیەکی ئۆتۆمبێلەکە هاتبووە دەر. کچە گەورەکەی سەلما خانم چاوی وێک هێنانەوە و دڵسافانە گوتی: 'وەرە ئێرە!'.

تاقەتیم نەبوو، تاقەتی هیچ کەسم نەبوو. بە نابەدڵییەوە ئاوڕم لێ دایەوە. دەزانم کارێکی باشم نەکرد، بەڵام بە ڕاستی تاقەتیم نەبوو. سەرمم خستە سەر سنگی دایکم و چاوم دانانە سەر یەک. خەونم بینی دایکم مردبوو و عومەری شەهلا لەسەر کورسییێک لە بنەبانی چاخانەکەی حەسەنی سمێڵ قیت دانیشتبوو و جگەرەی دەکێشا. سەری وەک قەفەزێک لێ

هاتبوو و پەنجەی خستبوونە نێو قژی و بە ڕقەوە سەیری هەموو کەسی دەکرد. چاوی بە من دەکەوت و وەکو شێرێکی برسی، کە پەلاماری ئاسکێک بدات، ڕاوی دەنام و دەیگرتم و توند قورگی دەگوشیم و من وەکو کەتیرەیەکی تیر بە عەرزەکەوە دەنووسام و قەلەڕەش لە سەرم هەڵدەنیشتن و یەکدەنگ دەیانقیژاند: 'مەرگ›.

قاچەکانم جووڵاندبوون و لەگەڵ هەر جووڵاندنێکیاندا ژنێک، کە لە تەنیشت دایکم بووە، وەکو دیوارێکی درزبردوو ڕووخاوە و دیسان هاتووەتەوە سەر خۆی. ئەو کاتە بوو، کە زانیم وا خەون دەبینم. زللەیەکم لە ڕوومەتی خۆم دا و هەوڵم دا هەستمەوە، بەڵام نەدەکرا، نەمدەتوانی. قاچم لە لچکی کراسەکەی دایکم گیر بووبوو، وام هەست دەکرد بە شتێکەوە گرێ دراوم. لە دڵی خۆمدا (وە ئین یەکادو)م خوێند و بانگی خوام کرد. دەمم پڕ بوو لە خۆڵ و بەینی ددانەکانم قوڕ و شلتاویان لێ دەچۆڕا. دووبارە بانگم کردەوە و ئەم جارە لە خەو ڕاپەڕیم. چاوم کردنەوە و لە چاوی دایکم ڕامام، کە ئیدی نیشانەی ژیانیان تێدا نەمابوو.

کچە گەورەکەی سەلما خانم هەر دوو قۆڵی توند گرتبووم و ڕایدەوەشاندم و من نیگام هەر لەسەر دەرگای لۆرییەکەوە بوو، کە یەکێک کردبوویەوە. لۆری لە ڕۆخ جادەکە ڕاگیرابوو و هەمووان خەریک بوون دادەبەزین. بۆنی ماسیی مردوو

لەنێو لۆرییەکە دەهات و مەرگ لە چاوی دایکمەوە دەچکا. سەرم لەسەر شانی دایکم هەڵگرت، ڕووم بۆ لای وەرگێڕا و دەستەکانیم گرتن. دەستی هەر وەکو دوێنێ سارد بوون و سەرما لە پەنجەکانییەوە دەتکایە نێو جلەکانمەوە.

دایە خەجێ بە ئارامی دەستی بەسەر چاوی دایکمدا هێنا. ویستی چاوی دابخات، بەڵام هەر کارێکی کرد چاوی ڕاستی نەقوچا و نەقوچا. کوڕە گەنجەکە و کچە گەورەکەی سەلما خانم منیان بۆ گۆشەیەک برد و و چەند پیاوێکی دیکە دایکمیان، کە ئیدی منی نەدەبینی، لەناو لۆرییەکە هێنایە خوار. دایە خەجێ سەرمی توند خستە نێو دەستەکانی و گوتی: ‹خوا سەبووریت بدات!›.

خوا لە کاتی مردنی کەسێکدا سەبووری بە کەسانی زیندوو دەدات و واتای ئەمەش ئەوە بوو، کە دایکم مردبوو و من دەبایە لەنیو ئەو هەموو مردووەدا زیندوو بمابام و بۆ ئەو زیندووبوونەش سوپاسی خوام کردبا و...

قسەکانی دایە خەجێ خەریکبوو تووڕەیان دەکردم. توند دەستمم لەنێو پەنجە باریکەکانی ڕاکێشایە دەر و بەرەو لای دایکم ڕام کرد. هەواسی لانەواز لێکلێکە لە ڕوومەتی خۆی دەدا و دەگریا، بەڵام دایکم هەروا بە چاوێکی کراوەوە خەونی بەو مردووانەوە دەبینی، کە تا سەر سنوور لەگەڵ ئێمەدا هاتبوون و هێشتاش هەر دەیانویست لەگەڵماندا بێن و من

هەرچەندەی ڕامدەوەشاند و ڕامدەوەشاند بە ئاگا نەدەهاتەوە.

کوڕە گەنجەکە و کچە گەورەکەی سەلما خانم و چەند کەسێکی دیکە منیان بۆ لایەک برد، کە لە لۆرییەکانەوە دوور بوو و من هەروا ڕوومەتی خۆم دەڕنییەوە و لە خۆم دەدا و بانگی دایکمم دەکرد. باوەڕم نەدەکرد. دایکم تا چەند ساتێک پێشتر قسەی لەگەڵدا دەکردم و ئێستا دایە خەجێ زۆر بەدڵنیاییەوە دەیگوت لە خۆشیان دڵی لە لێدان کەوتووە و من هەرچی بیرم دەکردەوە تێینەدەگەیشتم بۆ دەبێت کەسێک لە خۆشیان دڵی بوەستێت و...

گریان قوڕگی گرتبووم. یەک بە دەشتی شارەزوور و هەڵەبجە هاوارم کرد، قیژاندم، گریام، بانگی خوام کرد و لەگەڵ هەر هاوارکردنێکمدا بەفری چیاکانی داڵانی دەتوایەوە و سێڵاوێکی بەخوڕ ڕاسا و ڕێک چەند مانگ دوای ئەو سێڵاوە بێوینەیە دوو وڵات ڕوومەتی یەکدییان ڕاموسی و ئاشت بوونەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەموو ڕۆژێک لە جۆگە و جۆبارەکانی هەڵەبجەدا، زەردە ماسی زاوزێ دەکەن و گەرا نەزۆکەکانی خۆیان لە دەریا و زەریاکانی جیهاندا دادەنێن.

کاک هەیاس چەقۆکەی لە گیرفانی دەرهێنا. لەپڕ ژنێک قیژاندی و ژنێکی دیکە هاواری کرد: 'ڕاکەن، فڕۆکەکان گەڕانەوە'. هەموو خەڵکەکە بۆ لای لۆرییەکان و منیش بۆ لای دایکم، کە هێشتا چاوی ڕاستی هەر کراوە بوو و

خەریک بوو تەماشای ئاسمانی پڕ لە فڕۆکەی نۆدشە**ی دەکرد، ڕامان کرد؛ ئەو ئاسمانەی، کە کابرای ئێرانی گوتبووی سەلامەتە و ئێستا هیچ باسێک لەو سەلامەتییە لەگۆڕێ نەبوو. فڕۆکەکان دەهاتن و دەڕۆیشن، لە هەر هاتنێکیاندا ڕوخساری گەلێک کەسیان لەگەڵ خۆیاندا ون دەکرد؛ ڕوخسارگەلێک، کە هەرگیز خراپەیان لەگەڵ ژیاندا نەکردبوو و ئێستا وا ژیان خراپە لەگەڵ ئەواندا دەکات، ئەویش تەنیا بەهۆی بوونی ئێمە لەوێدا...

شوان بێکەس ڕایکردە لای لۆرییەکە و بۆ لای تاوێرە بەردێک ڕای دام، کە لە ڕۆخ جادەکەوە بوو و دوو ژنیش تەرمی دایکمیان ڕاکێشایە لای دیکەی جادەکە و لۆری لە ماوەی چاوتروکانێکدا پارچە پارچە بوو و پارچەکانی بەهەوادا هەڵچوون.

جارێکی دیکەش دایکم منی لە مردن دەربـاز کردبوو، کەسانی دیکەی ناو لۆرییەکەش هەروا، بەڵام خۆی بەو چاوە کراوەیەوە لە مەرگ نز بووبووەوە و بزەیەک بەسەر لێویەوە بوو.

ئەو سەد و حەفتا و شەش کیلۆمەترە تەواو نەبووبوو، تەواویش نەدەبوو. ئێمە هەروا بە ڕێگاوە بووین و هەر ڕامان دەکرد. هەمووان ڕایان دەکرد، هەر کەسەو بۆ لایەک. من هێشتا لای ئەو تاوێرە سەرمم خستبووە نێو هەردوو دەستم

و دەگریام. شوفێرە قەڵەوەکەی ئەو لۆرییەی، کە هیچی بەر نەکەوتبوو، دەستی دانایە سەر شانم و گوتی: ‹هەستە ڕۆڵە گیان! تا درەنگ دانەهاتووە دەبێ بڕۆین›.

سەرم هەڵبڕی. هەمووان بەرەو لای لۆرییەکە دەچوون، بێجگە لە دایکم کەوا هێشتا لە ڕۆخ جادەکە بوو و بە چاوی ڕاستی تەماشای منی دەکرد. هەستام و ڕامکردە لای کاک هەیاس و بە گریانەوە گوتم: ’تو خوا با دایکیشم سوار بکەین›.

کاک هەیاس بە هێواشی و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە گوتی: ‹بەڵێنی مەردانەت دەدەمێ، کە دایکیشت سوار دەکەین و لێرە بەجێی ناهێڵین› و گریا.

کاک هەیاس، گازی کردە شوان بێکەس و هەواسی لانەواز و پێی گوتن: ‹پەلە بکەن! با پێکەوە ئەم تەرەمە هەڵگرین›. شوفێرەکە بە ڕاکردن هاتە لای کاک هەیاس و گوتی: ’ناتوانین تەرمەکە ببەین، خێراکەن خۆتان سوار بن، خێراتر...‘.

کاک هەیاس بە تووڕەییەوە دەستی ڕاوەشاند و گوتی: ’کاکە، من بەڵێنی شەرەفم بەم کوڕیژگەیە داوە، ناتوانم بەڵێنەکەم بشکێنم. دەبێ دایکیشی لەگەڵ خۆماندا ببەین، هیچ چارەیەکمان نییە›.

شوفێر ورتەورتێکی کرد، سەری داخست، چووە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و لەو ئاوێنە گەورەیەی، کە بە دەرکەی ئۆتۆمێلەکەوە بوو، چاوی بڕیە کاک هەیاس و هەواسی

لانەواز، کە خەریک بوون دایکمیان بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە دەهێنا.

هەواسی لانەواز هاواری کرد: ‹ئاسۆ، زووبە، دەستت بدە منێ› و من هەردوو دەستم بۆ هەواسی لانەواز درێژ کردن تا ڕامکێشێت و سواری لۆرییەکە بم. سوار بووبووم و ئۆتۆمبێل خەریکبوو بەڕێ دەکەوت، خێرا و بە هەڵبەز هەڵبەزەوە، وەک ئەوەی ڕاویـان نابێت، بەڵام ئێمە بیرمان لە خێراڕۆیشتنی لۆرییەکە هەر نەبوو، تەنیا دەمانتوانی بیر لە مەرگ بکەینەوە و لەو فڕۆکانە و هەڵبەزینەوەی ئۆتۆمبێلەکە، کە هەر ئێستا نا ئێستا بۆی هەبوو یەکێکمان پەلار ببین و بکەوین و...

سەرم خستبووە سەر سنگی دایکمەوە، کە ئیدی بەرز و نزم نـەدەبـووەوە و نـەدەجـوولا. چـاوم داخستبوون و بە هەنسکەوە بەسەر خۆمدا هاوارم دەکرد. سێوەر هاواری کرد: ‹ئاسۆ، ئاسۆ›.

سەرم بڵند کرد. سێوەر ماچی کردم و گوتی: ‹سوپاس بۆ خوا، وامزانی مردوویت. هەستە، گەیشتین›.

لەجیاتی سنگی دایکم سەرم لەسەر سنگی کچە گەورەکەی سەلما خانم بوو. وامدەزانی خەون دەبینم. بە هەردوو دەستم چاوم هەڵگلۆفین و هاوارم کرد: ‹ئەی دایکم؟!›.

کچە گەورەکەی سەلما خانم گریا و بە گریانەوە دەستی بۆ لای کاک هەیاس درێژ کرد. بەلەز لە لۆرییەکە دابەزیم و ڕامـکـردە لای کـاک هـەیـاس، کـە خاکەنازێکی گـەورەی

بەدەستەوە بوو و لەگەڵ هەواسی لانەواز و چەند پیاوێکی دیکە خەریک بوون گۆڕ بۆ دایکم هەڵبکەنن، گۆڕێک، کە کەمێک درێژتر و پانتر لە جەستەی دایکم و من لە ڕۆخ ئەو گۆڕە گەورەیە دەگریام. فرمێسک تنۆک تنۆک بە ڕوومەتمدا غلۆر دەبوونەوە و دەڕژانە نێو گۆڕی دایکمەوە و تێکەڵی وردە کڵووی بەفرەکە دەبوون و کاک هەیاس تاو نا تاوێک ناچار دەبوو ڕاست بێتەوە و دەست هەڵبگرێت، دیسان دەست بە هەڵکەندن بکاتەوە.

لەنێو ئەو هەموو چی بکەم چی نەکەمانەی ناو مێشکم گیرم خواردبوو. حەزم لێ بوو کەسێک بیتوانیایە لەو دڵەڕاوکێیەم دەربێنێت و ترسم بڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەم کارە جگە لە خۆم بە کەس نەدەکرا. ڕێکەوتی بەسەرچوونی دایکم تەواو بووبوو و ئێستا ئەمە ڕاستییەکە بوو، ڕاستییێکی جیاواز؛ ڕاستییێکی تاڵ و ئازاربەخش، ڕاستییێکی هاوشێوەی خەونەکانم، هاوشێوەی تەنیایی و ترس و ڕۆژانی بێ دایکیم و...

نەمدەتوانی کات ڕابگرم. چرکەکان بەلەز دەگەیشتنەوە خولەکەکان و وەکو وردە چەو لەنێوانی پەنجە چکۆلەکانمەوە هەڵدەوەرین و من نەمدەتوانی ڕێ لەو هەموو خۆڵە بگرم، کە دەچووە ناو دەمی دایکم، ئەو کەوتە ژێر تەپۆلکەیەک لە خاک و خۆڵ و چیرۆکێکی پڕ لە ناسۆری بۆ بەجێهێشتم.

ئێستاش هەندێ جار لە خەونەکانمدا دەیبینم. کەمێک قەڵەوتر و پیرتر بووە، رێک وەکو ئێستای خۆم. هەردووکمان لەژێر دار هەنارێکدا ڕاکشاوین، ئەو هەڵدەستێت و بەرەو کەرکوک دەڕوات، بۆ ئەو شوێنەی لێی لەدایک بووە، بۆ شوێنی یادەورەییەکانی. دەستی کچۆڵەیەک دەگرێت، کە هەست دەکەم من بم و دووگیانە و کۆرپەیەکی دیکەی حەوت مانگەی هەڵگرتووە».

نەهامەتی شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، گوێی بە کات و شوێنیش نەدەدا. کاتێک، کە دەهات مرۆڤی ڕاپێچی نێو گێژەنی خۆی دەکرد و لە ئاوێکی ساردی هەڵدەکێشا و سێبەری مرۆڤی هەڵدەگلۆچاند. نەهامەتی ڕووی تێکردبووم و لە ناخەوە فڕیی دابوومە دەرەوە و هیچ کەس ئەمەی نەدەزانی، هیچ کەس جگە لە سێبەرەکەی خۆم نەبێت، کە وەک کاغەزێکی تەنکی شەمزاو هەڵگلۆچێندرا بوو و ئیدی لە هیچ شوێنێک بەدی نەدەکرا.

من لە ناخی خۆمدا تەواو بووبووم و کەس ئەمەی نەدەزانی و نەیدەزانی، کە سێبەرم نییە و هەر ئەوەندەیە خۆم وا دەنوێنم، کە سێبەرێکم هەیە و... پێم خۆش بوو بۆ لایەک بڕۆم. نازانم بۆ کوێ، هەر شوێنێک، کە بتوانم، کە بتوانم لە خۆم، لە تۆ، لە هەمووتان و لەو ئاسمانەی، کە لە بان سەرم بوو دوور بکەومەوە، بەڵام مەگەر مرۆڤ بە بێ سێبەر تا

کوێ دەتوانێت بڕ بکات و دوور بکەوێتەوە، دوور و دوورتر...

هەمووان چاویان بڕیبووە سەر کاتژمێرە دەستییە بچوکە زەردەکانیان، کە هێشتا بە دەستیانەوە بوو، پەنجەیان پێدا دەهێنان، پیشانی یەکدییان دەدا و بە بێ تێبینیکردنی چرکەژمێرەکان، کە لەسەر ژمارە دوودا خەوتبوون، دەیانگوت:

«ئەرێ بۆ ناخولێتەوە؟» و هیچ کەسیش نەبوو، کە وەڵامیان بداتەوە. زۆری نەبرد لەم کارەشدا بێئومێد بوون و کاتژمێرەکانیان بە بن گوێی خۆیانەوە نا، تا گوێ لە چرکە چرکی چرکەژمێرەکان بگرن، بەڵام نا هیچیان نەدەبیست.

لەوبەری دێ هەموو شتێک لەژێر بەفردا مردبوو و لەمبەرەی دێش هەتاو مرۆڤی دەبرژاند و هەناسەی لێ دەبڕی. هەناسەبڕکەم پێ کەوتبوو، هەر هۆقەهۆقم بوو و دایە خەجێ وایدەزانی نزگرەم گرتووە. هەر قسەی بۆ دەکردم و بە دەست خێرا خێرا پشتی دەشێلام، بە شێوەیەک، کە قۆڵنجێکی کۆن بشکێنێتەوە و هەرچی دەیکرد نەیدەتوانی.

لەوسەری دێ چەند لۆرییێک بەدوای یەکدا ڕێک ڕووبەڕووی ئێمە ڕیزیان بەستبوو و ڕاگیرابوون، دروست وەک ئەو منداڵانەی، کە لە ڕۆژی یەکەمی کردنەوەی خوێندنگەدا ڕیز دەبن. پێنج پیاوی باڵابەرزی ڕێشتاشراو خەریک بوون سەندوقی سێویان لە لۆرییەکان دەهێنانە خوار، بەنێو ئێمەیاندا دەگێڕان و دەگەیشتنە ئاست هەر یەکێکمان

بەخورتییش بایە دانەیەکیان دەرخوارد دەدایەن.

سەرم بە سنگی دایە خەجێوە نابوو و سەیری پێڵاوی ئەو پێنج پیاوە کەڵەگەتە ڕیشتاشراوانەم دەکرد، کە هەر پێنجیان لە یەک دەچوون و چوار دەوریان هەموو قوڕ و چڵپاو و وردکە بەرد بوو و یەکێک لەو پێنج پیاوە ئێستا پاڵی بە درەختێکەوەدابوو، کە پێم وایە دارگوێز بوو و دایە خەجێ دەیگوت دارسنجووە**. کابرا بە پلوکە بەردێک قوڕی لە پێڵاوەکانی دەکردەوە و فڕێی دەدایە بەردەمی خۆیەوە و...

کوڕێکی گەنج دەستی چەپی بە سەرمدا هێنا و گوتی: 'کوڕە لاو، بگرە ئەم سێوە بخۆ!'.

من بەهێواشی سەرم بۆ لای درەختەکە وەرسووڕاند و ئەو قسەکەی خۆی دووبارە کردەوە. دایە خەجێ سێوەکەی لێ وەرگرت، سوپاسی کرد و تێیگەیاند، کە دایکم مردووە و ئێستا لە ڕەوشێکی باشدا نیم و دڵم تێکهەڵداوێت و ناتوانم هیچ شتێک بخۆم.

کوڕە گەنجەکە سەری دانەواند و بە دەربڕینێکی نەرمتر گوتی: 'زۆر بەداخەوە' و ڕۆیشت.

بیرم دێتەوە حەسەنی سمێڵ قیت پێشتر لەبەردەم چایخانەکەی خۆیدا سوێندی خواردبوو، کە هەموو شتێکی ئەم دنیایە مردووە و گوتبووی ناکرێت ژن بیت و لە دونیایەکدا بژیت، کە هەموو شتێکی هی پیاوە، پێم وایە هەموو خەڵکەکە

پێی پێکەنیبوون و منیش بیرم لە کچبوونەکەم و ئەو جلە کوڕانەیەی، کە دەمپۆشین و هەروەها قژم، کردبووەوە...

لەو ساڵە بەدواوە ئیدی قژم گەشەی نەکرد و دوای ئەوەی لە دەستەکە جیابوومەوە ئیدی هیچ کەس نەیزانی، کە من کچم جگە لە عومەری شەهلا...

گوندی شێخ ڕەش دەتوانم بڵێم هاوشێوەی گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە بوو، بەهەمان چیلە** و هەمان شێواز و دارهەنارەکانەوە. شێوەزاری دانیشتوانی ئەوێ هەورامی بوو و ئەمە هەستێکی خۆشی بە هەمووان دەبەخشی، جگە لە من...

دەربازبووانی بۆمبارانەکانی چەند ڕۆژەی ڕابردوو ئێستا بۆ بەردەوامیدان بە ژیان، هەر یەکەی ئاراستەیەکیان گرتبووە بەر و دەڕۆیشتن. شوان بێکەسیش دەستی ژنەکەی خۆی گرتبوو و بەو دڵنیاییەی، کە لە دەنگیدا هەیبوو، بەوانی دیکەی دەگوت: ‹ئێمە بەرەو کامیاران دەڕۆین، کەس لەگەڵ ئێمەدا دێت؟›.

کچەکەی سەلما خانم هاواری کرد و گوتی: ’ئێمەش لەگەڵ تۆدا دێین، من و ئەرکان و براکەم›.

ئەرکان ناوی ئەو کوڕە گەنجە بوو، کە لەنێو لۆرییەکە بەردەوام لەگەڵ کچە گەورەکەی سەلما خانمدا چپەچپی دەکرد و من ئەمەم ئەو کاتە زانی، کە دەستی کچە گەورەکەی سەلما خانمی گرت و نازانم بۆ وام هەست کرد، کە ئەو بەو قاچە

خواروخێچانەی ناتوانێت کچەکەی سەلما خانم ببەستێتەوە بە ژیان.

هەواسی لانەواز گوتی: ’ئەی بۆ لێرە نامێنیتەوە؟‘.

ئەرکان دەستێکی بە سەری خۆیدا هێنا و گوتی: ’بیرکردنەوە لەو هەموو قوربانییانە لێناگەڕێت بخەوم... ئەم ناوە پڕ بووە لە...‘ و قسەکەی قووت دایەوە و لە عەرزەکە ڕاما.

هەواسی لانەواز ویستی شتێک بڵێت، بەڵام نەیگوت. لەسەر عارەبانەکەی دانیشت و بەری خۆی دایە ئەو جادەیە، کە پێم وایە دەچووەوە هەڵەبجە و لەژێر لێوەوە گوتی: ”لەیلا«.

کاک هەیاس و سێوەریش ماوەیەک دواتر چوونە گوندی سەریاس. چەند کەسێک چوونە مەریوان و کۆمەڵێکیش گوازرانەوە بۆ ئۆردوگاکانی کرمان، بەڵام من و دایە خەجێ و نزیکەی بیست کەسی دیکە هەر لەوێ لەو گوندەدا ماینەوە و...

نازانم بۆنی ئەو سێوانە جگە لە من، هەموو ئەو خەڵکەی هێنابووە هێڵنجدان، یاخود سێو گەدەی هەمووانی سەراوبن کردبوو، هەموو خەڵکەکە بە پلە و ڕادەی جیاواز تووشی دڵ تێکهەڵچوون بووبوون. بۆنی ڕشانەوە و بۆنی سێو و... ئەو ناوەی داگرتبوو و ڕەوشی مامر و کەڵەشێرەکانی گوندیش تا دەهات زیاتر تێکدەچوو. دەستم خستە سەر لووتم و کەمێک دوورتر لە خەڵکەکە پاڵم بە تاوێرە بەردێکەوە دا، کە لەبەر

پەنجەرەی ماڵی ژنێک بوو، بێوەژنێک، کە هەشت منداڵی سەرکە و بنکەی هەبوون.

دایە خەجێ دەیگوت: 'ناخۆشی، تواناکانی مرۆڤ دەگۆڕێت، پشوودرێژی دەکات، ڕای دەهێنێت، ئارامیی پێ دەبەخشێت' و نازانم بۆ هیچ یەک لەو خەسڵەتانە لە مندا نەگۆڕابوون، لانی کەم هێشتا نەگۆڕابوون. وڕ و نائارام، بەدەوری خۆمدا دەسووڕامەوە. لە دووپشکێک دەچووم بازنەیەکی ئاگریان بەدەوریدا کێشابێت. چەنگم لە قژم گیر دەکرد و ڕامدەکێشا، هاوارم دەکرد و جنێوم بە دونیا و بنیا دەدا و هەر جارێک دایە خەجێ دەستی دەگرتم، من بە بوێرییێک، کە مەگەر مرۆڤ زیاتر لە خەونەکانیدا هەیبێت، سەرم بۆ لای وەردەگێڕا و تووڕە و داواکارانە هاوارم دەکرد: "دایکە...».

دایە خەجێ دەگریا و من دووبارە هاوارم دەکرد: "دایکە".

کات خەریک بوو لە دەست دەچوو. دایکم لەنێو گۆڕێکی گەورە و تاریکدا خەوتبوو و من بۆ گەڕاندنەوەی، هیچم لە دەست نەدەهات. ماندوو بووم. زیاتر لە کەسێک دەچووم کەوتبێتە بەر لافاو و ڕێگای چوونەوە ماڵی لە بیر چووبێت، لەبیرچوونەوەیەکی ئازاربەخش...

سێوەر لام دانیشتبوو، سارد و بێدەنگ، ژێهات کەمێک لەولاتر بە ئاماژەی پەنجە ئەو چادرانەی پیشان دەدام، کە دوای هەشت کاتژمێر لەتەنیشت مزگەوتەکەوە بۆیان هەڵدابن.

دایە خەجێ دەستی گرتم و گوتی: ’هەستە با بچینە ناو ئەو چادرە، کەمێک بخەویت حاڵت باشتر دەبێت‘.

چەند جارێک ویستم هەستم، بەڵام هەرچیی هەوڵم دا نەمتوانی و بە تەواویش بیرم نایەت بۆ؟.

پیاوێک بۆ لامان دەهات. سێوەر سەیری پێڵاوەکانی خۆی کرد و گوتی: ’عەلا؟‘.

سەرم زیاتر هەڵبڕی. کابرا تا دەهات نزیکتر دەبووەوە. قاچی ڕاستی خراپ دەشەلی و ڕوخساری تەواو لە عەلای پێڵاوفرۆش دەچوو.

من بەهێواشی گوتم: ’عەلا‘.

سێوەر گوتی: ’ئاسۆ، تۆش تێگەیشتیت؟‘.

پیاوەکە بە دەنگێکی نەرم گوتی: ’شتێکتان پێویست نییە بۆتانی بێنم؟‘.

نە من و نە دایە خەجێ و نە سێوەر وەڵامی ئەو پیاوەمان نەدایەوە و ئەو وایزانی هەر سێکمان لاڵین و بە هێمای دەست قسەکەی خۆی دووبارە کردەوە و تێیگەیاندین لەناو مزگەوتەکەیە و ئەگەر کارێکمان هەبوو دەتوانین لەوێ بیدۆزینەوە و...

سێوەر هەستا و چووە لای هەواسی لانەواز، کە هێشتا هەر لەسەر عارەبانەکەی خۆی دانیشتبوو و تەسبیحێکی بەدەستەوە بوو بای دەدا. پیاوەکە ڕۆیشت و من بە یارمەتیی

دایە خەجێ بەزەحمەت هەستام. بۆ لای چادرێک چووین، کە گەورە و دڵگیر بوو.

ئەو شەوە بە دڵتەنگی و گریانەوە دەستی پێ کرد، سەخت تێپەڕی و من و دایە خەجێ تا بەیانی نەنووستین؛ هۆیەکەشی سەرما، یان خراپیی جێگاکەمان نەبوو، هەر یەکەمان بە جۆرێک خەومان زڕابوو. من چاوم بڕیبووە میچی چادرەکە، بەڵام نیگام لە شوێنێکی دوورتر گیرسابووەوە و هەر کاممان ڕۆچووبووینە نێو دڵتەنگییەکانی خۆمان و دەگریاین و جنێومان بە یەکێک دەدا، بە دەنگێک جنێومان دەدا، کە زیاتر لە غەرغەرەکردنی خوێواک دەچوو، نەک دەنگی مرۆڤ و...

کاک هەیاس دوو جار کۆکی، سەری هێنایە نێو چادرەکە و گوتی: ‹ئاسۆ، دایە خەجێ، شتێکتان پێویست نییە؟›.

دایە خەجێ بە هەنسکەوە گوتی: ’نا، خوا خێرت بنووسێت‘ و سەری ڕاوەشاند.

کاک هەیاس گوتی: ’ئاسۆ، پێت خۆشە ئەمشەو لای سێوەر بخەویت؟‘.

بە ئاماژەی سەر گوتم: ’نا‘ و گریام و بیرم هاتەوە، کە چەند لەسەر قسەکردن لەگەڵ سێوەر بە دەستی کاک هەواسی لانەواز لێدانم خواردبوو و جنێوم پێ درابوو.

کاک هەیاس گوتی: ’هەر چۆن پێتان خۆشە... گوتم ڕەنگە پێت خۆش بێت بێیتە لای ئێمە و...‘ پاشان مڵچەمڵچێکی

کرد و درێژەی بە قسەکانی دا: ‹بۆ من تۆ هیچ جیاوازییێکت لەگەڵ سیوەردا نییە. خوای لێ خۆش بێت دایکت زۆر چاکەی بەسەرمانەوە هەبوو›.

سیوەر دەمی لە گوێچکەم نزیک کردەوە و گوتی: ‹ئاسۆ، زووە، جارێ مەخەوە! هەستە با بچین یاریی بکەین. ژێهاتیش لەوێیە› و پاشان خێرا لە چادرەکە چووە دەرەوە.

کاک هەیاس نیگەرانی من بوو، ئەمە بەدڵنیاییەوە دەڵێم و کاتێک بینی قسەکانی زیاتر دەمخەنە گریان، بە هەردوو دەست کێشای بە ئەژنۆکانیدا، لەتەک دایە خەجێ دانیشت و لەگەڵ مندا گریا.

ئەو شەوە غەمناکترین شەوی ژیانم بوو. پێم خۆش بوو لە هەر جێیەک بام تەنیا لەوێ نەبام، دەمویست یەکێک توند ڕایهەژاندبام و لەو خەوە قووڵ و غەمگینەی بە ئاگا هێنابام. ڕامکردبایە کۆلان و دایکم بە دەنگی بەرزەوە بیگوتبا، «ئاسۆ، بڕۆ بانگی دایە خەجێ بکە و...».

کاک هەیاس هەستا، پستەپستێکی لەبن گوێی دایە خەجێ کرد و پاشان بە دەنگی بەرزەوە گوتی: ‹کەواتە من دەڕۆم. ئەگەر کارێکتان هەبوو بانگم بکەن› و ڕۆیشت.

دایە خەجێ هەروا سیغاری دەپێچایەوە. ئەوەندە ئاسوودەییم لە سیمایدا بەدی دەکرد، کە چی وای نەمابوو خۆم بخنکێنم، بە هەمان ئەو ڕەفتەیەی، کە دڵبەر خۆی پێ

خنکاندبوو، بەڵام دایە خەجێ بە هەمان ئەو ئاسوودەییە و بە دەم سیغار پێچانەوە، ڕووی لە من بوو و دەیگوت: ‹خۆشویستن زیان بە دڵ و دەروونـی مرۆڤ دەگەیەنێت. ئاسۆ، زریان تۆی زۆر خۆشدەویست و هەر ئەو خۆشویستنە زۆرەش زیانی بە دڵی گەیاند. بێچارە زریان، تەواوی ئەو دوو ساڵەی، کە لە هەڵەبجە بوو و ژنی عومەری شەهلا بوو، ڕۆژەکانی بە ترس بەسەر بردن و شەوەکانیشی بە هەنسک و نەفرەت. ئەم دواییانە، کە پێی زانی دووگیانە، لە ترسی ئەوەی عومەری شەهلا پێ بزانێت خواردن و خەوی نەبوو، لەبەر ئەوەش لە گەیشتن بە ئێران شاگەشکە بووبوو، بەڵام زریان بە هۆی خۆشحاڵی زۆرەوە نەمرد، کۆرپەکە لە سکیدا مردبوو و...›.

ڕووم بۆ لای دایە خەجێ وەرسووڕاند و ئەو ڕێک هەشت جار لە چادرەکە چووە دەرێ و دووبارە هاتەوە ژوورێ و لە نزیک ئەو شوێنەی، کە ڕاهاتبوو دابنیشێت، دانیشت و دیسان هەستا و لەژێر لێوەوە گوتی: ‹سەرەخۆرە›.

زۆر سەیر تاسابووم. لە ناخمدا هێشتا هەر شەو بوو و هیچ تروسکاییێکم بەدی نەدەکرد؛ من لەوە نەدەگەیشتم دایە خەجێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەی دەزانی بۆ ئاوا چەنگ لە ناخم گیر دەکات و ئاوا دڵم ئازار دەدات. تا دەمویست بیر لە قسەکانی بکەمەوە، یان هیچ نەبێت قسەیەک بکەم، شتێک بەر

سنگم دەکەوت و هەموو شتێکی لە هزر و بیرمدا دەڕماندە سەر یەک و پەرتوبڵاوی دەکرد و چاڵی هێند قووڵ و تاریکی لە ناخمدا دروست دەکردن و من هەر جارەی دەکەوتمە نێو یەکێکیان و لە تاوی گیانی خۆم پەلەقاژەم دەکرد، بەڵام ئەو چاڵەی، کە دایە خەجێ لە ناخمدا هەڵیکەندبوو زۆر گەورە و زۆر قووڵ بوو و من هەرچەندەش بەهێز بام نەمدەتوانی لێی بێمە دەر. تووڕەیی تا دەهات زیاتر لە ناخمدا دەجووڵا و بەرەو ئەو کۆرپەیە دەچوو، کە لە سکی دایکمدا بوو و ئەگەر بهاتایەتە دونیا مسۆگەر ڕۆژێک لەنێو دڵی دایکمدا جێگایەکی بۆ خۆی دەکردەوە و ئێستا سەری دایکمی خواردبوو.

باوەڕم نەدەکرد دایکم دووگیان بووبێت. ئاخر ئەو سکی ساف ساف بوو و من ئەوەم لە هەموو کەس باشتر دەزانی. هەر خوا دەزانێت چەندە دڵم بۆ باوکم و ئەو شەوانەی تا ڕۆژ دەبووەوە دەیخستمە سەر قاچەکانی و ڕایدەژاندم و قسەی بۆ دەکردم و دایکم هەموو جارێک پێی دەگوت: ‘سیروان، نازاندی** مەکە، کە لە ماڵ نابیت گڕوو دەگرێت و من بەتەنیا دەرەقەتی نایەم!’.

باوکم دەستێکی بەبن سمێڵیدا دەهێنا و دەیگوت: «ئاسۆ دڵەکەی منە!’.

من سەرم دەخستە سەر دڵی و لەژێرەوە چاوم لێی دادەگرت و ئەویش نەرم نەرم پێدەکەنی.

دایە خەجێ دەستی دانابووە سەر شانم، ڕووم بۆ وەرگێڕا. ڕوخساری وەکو شووشەی هەڵمگرتوو وابوو. هەم پێدەکەنی و هەم گرژ دەبوو و مرۆڤ نەیدەزانی بێدەنگ بێت، یان بقیژێنێت!.

بوخچەیەکی لەتەنیشتم دانابوو و بە ئەدایەکی نەرمەوە، کە هەر ئەوە بوو دەبیسترا گوتی: ‹ئەمە ئەمانەتی زریانە›.

دایە خەجێ منی بە پەتی دڵنیاییەوە هەڵواسیبوو و ئێستا خەریکبوو بە سەرسەختییەوە تەماشای دەکردم. سەرم نایەوە بەر خۆم و دایە خەجێ بەر لەوەی لە چادرەکە بچێتە دەر، گوتی: ‹یادگاری دەبێت بپارێزرێت، بیانپارێزە›.

سێ ڕۆژ دواتر بوخچەکەم کردەوە. بووکەڵەکەمی تێدابوو، لەگەڵ چەند دەستە جل، بازنەکان، زنجیر و ئەنگوستیلەکەی دایکم، کە دواتر لافاو هەموویانی لەگەڵ خۆیدا برد. بووکەڵەکەم توند گرتە ئامێزم و ئەو شەوە تا بەیانی دوور لە چاوی هەمووان گریام و گریام، بەیانییەکەشی لە ماندوویێتییان نەمتوانی لەنێو جێ بێمە دەر و لەو ئاهەنگەی، کە بۆ جەژنی نەورۆز ئامادە کرابوو بەشدار ببم.

ڕێوڕەسمی ئەو ساڵە لەبەر ئێمە و ئەو کەسانەی لە نۆدشە مردبوون، بە سادەیی بەڕێوە چوو؛ هەر کەسە و لە سەربانی ماڵی خۆی لەنێو تەشتی بچوکدا ئاگرێکی کردەوە و منداڵان بەدەوری ئاگرەکەدا بازنەیان بەستبوو.

کەمێک دوورتر لە دێ، چەند پیاوێک، کە پشتێنی سێ گرێیان بەستبوو، دەستی یەکدیان گرتبوو و هەڵدەپەڕین و پیاوێکیش لە پێشیان وەستابوو و بە ڕیتمێکی تایبەت چەپڵەی لێ دەدا، سێبەری دەگەیشتە ناوەڕاستی دێ و ڕۆدەچووە نێو جۆگاکە، ون دەبوو، دیسان دەردەکەوتەوە و بەسەر شان و یاڵی دێدا هەڵدەگەڕا. هەمووان دڵخۆش بوون و ئەم دڵخۆشییە تا شەو لە نیوەش تێپەڕی بەردەوام بوو.

ئەو پارچە کاغەزانەی، کە دایکم خستبوونیە نێو گیرفانە فشوفۆڵەکانی شەلوارەکەم، هیچ بەهایەکیان نەبوو. پارەی ئێرانی لە هی خۆمان جیاواز بوو و بە کردەوە ئەو پارچە کاغەزە پان و درێژانە بە کەڵکی هیچ نەدەهاتن. ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەموویانم لەبری کەمێک نان دانە ئەو کابرا چاوزەقەی، کە لە عەنەب یارمەتیی منی دابوو. ئەو بەڕاستی کرێگرتەی عومەری شەهلا بوو و دایکم ئەمەی دەزانی.

دایە خەجێ کاتێک پێی زانی ئەو هەموو پارەیەم لەبری کەمێک نان داوەتە ئەو کابرا چاوزەقە، کە ئیدی درەنگ داهاتبوو. ئەو کابرا چاوزەقە بەو پارەیەی من و چەند کەسێکی دیکە، چەند کاتژمێرێک دەبوو شێخ ڕەشی بەجێ هێشتبوو و کەس بە تەواوی نەیدەناسی و نەدەزاندرا بۆ چ لایەک ڕۆیشتووە...

ئەو شەوە و چەند شەوی دوای ئاهەنگی نەورۆز هیچ کاممان نەمانتوانی بخەوین، هەڵبەت نەک لەبەر ئەو کابرا چاوزەقە، بەڵکو بیری ئاوارەیی و ئەو هەموو مردووە نەیدەهێشت بخەوین. هەر چاومان بخستبانە سەر یەک، لە کۆڵان و شەقامەکانی هەڵەبجە بووین و دیسان نائومێدانە ڕامان دەکرد و قەلەڕەش لە هەموو لایەکەوە بۆمان دەهاتن و شیوەنیان دەکرد. تامی دەممان تاڵ دەبوو و بۆنی سێو و گیابۆگە ڕۆدەچووە مۆخی ئێسقانەکانمان و هەر جارە و یەکێکمان دەیقیژاند و تا بەیانی دەدا بێپسانەوە دەیگوت: «مەرگ».

لە ئێران جەژن بوو و ڕێک سێزدە ڕۆژ، یان ڕەنگە زیاتریش، پشووی گشتی بوو، بەڵام جەنگ خۆ پشووی تێدا نەبوو و هەر وەک خۆی بەردەوام بوو. تا چەند کیلۆمەترێک هیچ دکتۆرێک لە شێخ ڕەش و ئەم ناوەدا نەبوو، بەو ڕەوشەی جەنگ و پشووی نەورۆزە، ئەو چەند کیلۆمەترەش بۆی هەبوو ببێتە سەد کیلۆمەتر و کەس بڕستی بڕینی ئەو هەموو ڕێگایەی هەر نەبوو.

کاک هەیاس بە هەواسی لانەوازی گوتبوو، ژنێک لە سەریاس دەرمانی گیایی دەفرۆشێت و دایە خەجێ بۆ پەیداکردنی دەرمانی خەونەکانمان چووەتە لای، بەڵکو بتوانێت دەرمانێک بێنێت و لە دەستی ئەو خەونە لەیەکچووانە

ڕزگارمان بکات. منیشی لەگەڵدا چووبووم، هەڵبەت زیاتر بۆ بینینی سیۆەر. ئەو ڕۆژە نە سیۆەر و نە ئەو ژنە لە سەریاس نەبوون و هەردووکمان دەست لە ئەژنۆ بەرەژێر گەڕاینەوە شێخ ڕەش و لەو ڕۆژە بە دواوە هیچ کاممان تا ماوەیەک خەونمان بە هەڵەبجەوە نەبینی و دواتریش بە ڕاسپاردە و ڕێنوێنی دایە خەجێ بەر لەوەی بنووین، کەمێک مێخەک و ڕازیانەمان بۆن دەکرد و بەو شێوەیە هیچ خەونێکمان نەدەبینی.

***

٧

بیرکردنەوە لەوەی، کە دایکم دووگیان بووبێت، ئازاری دەدام، ئاخر ئەو سکی ساف ساف بوو، من لە هەموو کەس باشتر ئەمەم دەزانی. مەحاڵ بوو دایکم منداڵێکی دیکەی لە من خۆشتر ویستبێت، خۆی ئەمەی چەندین جار بەگوێمدا چرپاندبوو و ئێستا دایە خەجێ هێند بەدڵنیاییەوە دەیگوت، کە دایکم دووگیان بووە، مرۆڤ لەجێی خۆی دەتاسێت. من تەواو تاسابووم. ئاسمانی بیرکردنەوەم ئەوەندە بەرتەسک بووبووەوە، کە نەمدەتوانی هیچ باڵندەیەکی ئومێد هان بدەم پێیدا بفڕێت، نەدەکرا، نەمدەتوانی. قسەکانی دایە خەجێ کاری خۆیان کردبوو. سووک و سادە و بێ ئازاری ویژدان. لەو ڕۆژە بەدواوە کارم بووبووە چوونە سەر گۆڕی دایکم، ڕۆژی هەشت جار و هەموو جاریش توند دەستم بە گۆڕەکەیدا دەهێنا و ئارەزووم دەکرد، کە سکی ساف ساف بایە. سکی هەروا ساف ساف بوو و لە گۆڕەکەیدا هیچ دەنگێکم نەدەبیست.

بیرمە ئەو ڕۆژەش، کە سێوەر لە شێخ ڕەش ڕۆیشت، چووبوومە گۆڕستان، دڵتەنگ بووم و هەر بەو دڵە تەنگەمەوە بۆ جاری هەشتەم لەسەر گۆڕی دایکم ڕاکشابووم و بە پچڕپچڕییەوە هەناسەم هەڵدەمژی و بەتووڕەییەوە دەمدایەوە. لەو شوێنەی منی لێ بووم ئاسمان یەکجار نەوی بوو و سێوەر لەو خوارەوە بەرەو گۆڕستان دەهات. ئەو ڕۆژە بڕیار بوو کاک هەیاس و سێوەر لە شێخ ڕەش بڕۆن و من هەموو ئەو ڕۆژە لەسەر گۆڕی دایکمدا ڕاکشام و قسەم لەگەڵ هیچ کەسدا نەکرد، تەنانەت لەگەڵ سێوەریشدا، کە ڕوومەتی ماچ کردم و گوتی: 'ئاسۆ، هیچ کات لە یادت ناکەم' و لە ناخی دڵیەوە گریا، بێگومان بۆ من گریا، بۆ خۆی و هاوڕێیەتیمان، کە هەردووکمان باشمان دەزانی تەواو بوو و کۆتایی هاتووە.

لە دڵی خۆمدا گوتم: "خۆشم دەوێیت' و بە ترسەوە لە دەوروبەری خۆمم ڕوانی، ترسام هەواسی لانەواز لەوێ بێت و دیسان دارکاریم بکات. لەسەر خۆشویستنی سێوەر و دایکم دارکارییم بکات و نەشتوانم بڵێم ئاخ، بەڵام کەس لەوێ نەبوو، تەنانەت سێوەریش. ئەو ئیدی ڕۆیشتبوو، بەو گریانەشەوە، کە قوڕگی گرتبووم و بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک لە جێگایەک دەتەقیەوە و سەری دەکرد...

ئای، کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی درێژ بوو، هەر تەواو نەدەبوو و نەدەبوو. سێوەر ڕۆیشتبوو و من ڕێک بە ئەندازەی دە

یاریکەری دۆڕاو لەژێر ئەو ئاسمانە ڕەنگ مسییەی، کە خۆر خەریک بوو دەیتواندەوە، بە تووڕەییەوە جنێوم بە دونیا و بنیا دەدا، هاوارم دەکرد و دەگریام، بۆ هەموو شتێک گریام جگە لە خۆم.

دایە خەجێ لە تەپۆلکەکەی ڕووەو گۆڕستان بەسەر کەوتبوو، بە قورگی پڕ لە گریان و نێوچاوانی کوریشکاوی، هاواری دەکرد و دەگریا. گوتی: 'تاکەی؟'.

لەسەر گۆڕی دایکم هەستام و گوتم: "چی؟'.

دایە خەجێ گوتی: 'دەتەوێت تا کەی لەوێ دابنیشیت؟'.

گوتم: 'تا ئەو کاتەی لێرە دەڕۆین›.

دایە خەجێ نزیکتر بووەوە و گوتی: 'بۆ کوێ؟'.

من نازانم بۆ دەستم بۆ چیاکەی بەرامبەری گۆڕستان درێژ کرد و گوتم: 'کەرکووک'. و دایە خەجێ پێی وابوو دەڵێم، "هەڵەبجە".

دەستی دایە خەجێ ئێستا لەسەر شانم بوون و توند توند دەلەرزین و دەیگوت: 'ئێمە ڕامان نەکردووە تا بگەڕێینەوە›.

گوتم: 'ئێمە...'.

دایە خەجێ دەستی لەسەر شانم هێنانە خوار، دوو هەنگاو دوور کەوتەوە و بە دەنگی بەرزەوە هاواری کرد: 'بیری مردنت کردووە، یان لێدانەکانی عومەری شەهلا؟ ئاسۆ، دایکت مردووە، خاک و خۆڵی هەڵەبجە سووتاوە و گەڕانەوەی ئەوێ

وەک خواردنی مەرگەمووش وایە؛ تێبگە! دەتەوێت سەدام دووبارە فڕۆکەکانی بنێرێتەوە سەرمان و سەرکوتمان بکات و قورگمان بگوشێت و هەناسەمان لەبەر ببڕێت و...، یان عومەری شەهلا؟ باشتر وایە لێرە بمێنینەوە و تەنیا ئومێدەوار بین، بەڵکو بارودۆخ باشتر ببێت›.

سەرمم نایە بەر خۆم و گریام، بەڵام ئەمجارە بۆ خۆم، بۆ سێوەر، بۆ دایکم و دەستم ڕاوەشاند و گوتم: ’من ئێرەم پێ خۆش نییە. لێرەش لە هەموو لایەکەوە هەر بۆنی مەرگ دێت!‘.

دایە خەجێ دەستی خستە ژێر چەناگەم و گوتی: ’تۆ ئەمەت لە ناخی دڵەوە نەگوت، وایە؟‘.

لە ناخی دڵمەوە نەمگوتبوو، بەڵام نازانم بۆ سەرم ڕاوەشاند و بە دڵنیاییەوە گوتم: ’من ڕقم لە ئێران دەبێتەوە‘ و دایە خەجێ تەنیا سەیری کردم، سەیرکردنێکی درێژ و ئاسایی، ئیدی من لەو شێوە سەیرکردنەی تێگەیشتم، کە ئەویش دەڕوات، وەکو هەموو ئەوانی دیکە ئێرە بەجێ دێڵێت و بۆ پەشیمانکردنەوەی ئیدی زۆر درنگە.

ئەو ڕۆژە درێژە بۆ شەوەکەی دایکردە باران، ئەمە ڕێک دوای مانگێک و چەند ڕۆژ بوو، بیرم نایە تنۆکێک باران باریبووبێت، ئەویش بەم شێوەیە. لە چادرەکە هاتمە دەر، هەمووان هاتبوونە دەر. هیچ کەس بارانی وای بە بیر نایە.

لێمشت هەستان و چادرەکانمانی لەگەڵ خۆیدا ڕامالین، ئێمە ناچار بووین پەنا ببەینە بەر بەرزاییەکان. هەموو شتێک ڕەسەر ئاو کەوتبوو و مەلەی دەکرد. میچی هەندێ لە خانووەکان ڕمایە سەر یەک و لاشەی ئاژەڵان بەسەر ئاوەوە بوون و بەدەوری خۆیاندا دەخولانەوە. ماسی سەمایان دەکرد و بە سەر ئاوەکەدا هەڵدەبەزینەوە و پێلی گەورە و بچوکیان دروست دەکرد. درەخت ڕاستە و ڕاست لەگەڵ لێمشتدا دەڕۆیشتن. باران گۆڕەکانیشی ڕامالیبوو و تەرمەکانی یەک یەک و دوو دوو لە گۆڕ دەرهێنابوو. ڕوخساری هەمووان لە ترسان سوور هەڵگەڕابوو. باران گۆڕی دایکیشمی ڕامالیبوو. ڕوخساری بەدەرەوە بوو و هەروا پێدەکەنی. دەستی چەپی لەسەر سکی بوو و من هەر بیرم لەو کۆرپەیە دەکردەوە، کە لە سکیدابوو و بۆی هەبوو ڕۆژێک لە دڵی دایکمدا جێگای من بگرێتەوە و ئێستا ئیدی سەری دایکمی خواردبوو.

باران وەک گۆزەی سەرنخوون دەباری و ئێمەش لەو بەر بارانە هەڵدەلەرزین. دەنگی هەموومان تێکەڵ یەک دەبوو و وەک ناڵە و نوسکەنووسکی گیانداران دەگەڕایەوە قوڕگی خاک و باران و سێلاو ئەویشی ڕادەماڵی.

سەرمام بوو، هەڵدەلەرزیم، ئێسقانەکانم دەیانتریواند. دەستی دایە خەجێ لەسەر نێوچاوانم بوو و بە هەواسی لانەوازی دەگوت، کە سینگم هەوی کردووە و من نەمدەزانی

دەژیم، یان نا و نەمدەزانی دواجار چی ڕوودەدا. تەنیا ئەوەم دەزانی کەوا لەژێر ئەو چادرە گەورەیەدا لەبن پەتۆ بووم، دروست مانگێک و چەند ڕۆژ دوای ئەو بارانە و هەرچی گیادەرمان هەبوو پێیان دەدام، لێ بێهوودە بوو. یەکێک لەو ڕۆژانەی، کە دۆخم بە تەواوی تێک چووبوو، دایە خەجێ چەند ژنێکی لەگەڵ خۆیدا هێنانە نێو چادرەکە. جامێک و هێلکەیەک و پارچە خەڵوزێکی لەبەردەم یەکێکیان دانا و لە تەنیشتمەوە دانیشت. ناوێکی بە ژنەکە دەگوت و ژنەکەش ناوەکەی لەسەر هێلکەیەک دەنووسی. (ڕووناک، نووسیم؛ سێوەر، نووسیم؛ جەیران، نووسیم؛ عومەری شەهلا، نووسیم) و لەپڕ هێلکەکە ترۆقی و زەردێنە و سپێنەکەی پڕژایە سەر دەموچاوم. من چاوم هەڵێنان و ژنەکە بەخۆشحاڵییەوە سەرێکی بەدەورمدا سووڕاند و سێ جار فووی لە ڕوخسارم کرد و پاشان ڕووی بۆ لای دایە خەجێ و ژنەکانی دیکە وەرسووڕاند و بە فیزێکەوە گوتی: ’بینیتان گوتم چاووزار لێی داوە!›.

دایە خەجێ گوتی: ’خوا خێرت بنووسێت!‘، ئینجا دەستی ژنەکەی ماچ کرد و شتێکی خستە نێو دەستی و هەستا. هەموویان سەڵەواتیان لێ دا و ئەو پشتاوپشت کشایەوە و لە چادرەکە چووە دەر، ڕێک وەک ئەوەی لە زیارەتی شوێنێکی پیرۆز دەچنە دەر، ئاوا بەئەسپایی و بەڕێزەوە...

سێ ڕۆژ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی و من حاڵم باشتر بوو و توانیم لە چادرەکە بێمە دەر. ئەو ڕۆژە دایە خەجێ لەنێو چادرەکە نەبوو، نازانم لە هیچ شوێنێک دیار نەبوو. دەوروبەری چادرەکان چۆڵ بوو و ژنان بۆ هەڵکەندنی گیا دەرمانەکان چووبوونە کەژوکێو. سێ کچۆڵە بە جلوبەرگی یەکدەست و یەکشێوە لەبەردەم مزگەوت قاچیان درێژ کردبوو و پێکەوە یاریی (هەکل مەکل)یان دەکرد. ژنێکی وردیلە لەو لای چادرەکانەوە دەنگی هەڵێنا و گوتی: ’ئێشت بە کێ هەیە کوڕی باش؟‘.

دەستم هەڵتەکاند و گوتم: ’دایە خەجێ›.

ئەو هەر گوێی لێ نەبووم. کیسەیەکی گەورەی، کە پێم وایە ئارد بوو و چارۆگەکەی سپی کردبوو لەسەر سەری دانابوو، دایگرت و هاواری کرد: ’لەگەڵ تۆمە، گوتم کارت بە کەسێک هەیە، ڕۆڵە گیان؟‘.

من ئەم جارە هەموو هێزی خۆم کۆ کردەوە و بە دەنگی بەرزەوە گوتم: ’نا›.

هیچ هەواڵێک لە دایە خەجێ نەبوو. پێم وایە دیسان تووشی لەبیرچوونەوە بووەتەوە و لەبیری کردووە بۆ کوێ و بۆ چ کارێک لە چادرەکە چووەتە دەر. چەند جار بە هەموو دەنگی خۆم بانگم کرد و دەوری چادری خۆمان و چادرەکانی دیکەش گەڕام، بەڵام ئەو لە هیچ شوێنێک نەبوو، دەتگوت

بووەتە دڵۆپێک ئاو و بە عەرزیدا چووەتە خوار. چوومە سەر بەرزایییێک و تا دەنگم تێدا بوو بانگم کرد، بەڵام هیچ هەواڵێک لە دایە خەجێ نەبوو، کە نەبوو.

کوڕێژگەیەک لە ناو زەوییێکی بچوک و چۆڵدا کەوتبووە دوای دوو مریشک و سێ مراوی. دوو کوڕێژگەی دیکەش لەولاتر بە دارێک عەردیان هەڵدەکەند و سەریان ڕادەوەشاند. یەکێکیان هەستا و لەسەر پەنجەی پێی وەستا، بە تووڕەییەوە دەنگی خۆی گڕ کرد و گوتی: 'هۆۆۆی کوڕە، هێندە هاوار مەکە!' و دەستی بەرز کردەوە بە ئاماژەی پەنجە هەڕەشەی لێ کردم.

ویستم وەڵامی بدەمەوە، بەڵام لەو کاتەدا ژنێک، کە تەشتێکی گەورەی دانابووە سەر سەری و هەردوو کوڕێژگەکەی لەگەڵ خۆ بردن و هەرسێکیان لێم دوور کەوتنەوە، بەڵام ئەو کوڕێژگەیە هەر ئاوڕی لێ دەدامەوە و پەنجەی لێ ڕادەوەشاندم.

ڕووت لە هەر لایەکی دێ دەکرد، دووکەڵێکی تەنک لەگەڵ بۆنی نان و چەوری لە لوولەی زۆپای ماڵاندا بەرز دەبووە و لە هەوادا سەمای دەکرد. هەوا خۆش بوو. خۆر بە ئاسمانەوە نووسابوو و بە گەرمای دڵگیری خۆی ختووکەی ئێسقانەکانی دەدایەن.

گەڕامەوە لای چادرەکان، دەستپاچە و نیگەران بووم. کەمێک لەبەر زارکی چادرەکە دانیشتم و چاوەڕێی دایە خەجێم کرد، بەڵام ئەو نەگەڕایەوە و نیازی گەڕانەوەشی نەبوو. نەمدەتوانی لە هیچ جێگایەکدا تۆتکە بگرم و ئارامم لێ هەڵگیرابوو. چوومە لای هەواسی لانەواز و داوام لێ کرد، کە لەگەڵمدا بێت بە دوای دایە خەجێدا بگەڕێین، بەڵام ئەو گوتی، کە دایە خەجێ لەگەڵ ژنانی دیکە چووەتە دێی هەوار و ڕەنگە دوو سێ مانگی پێ بچێت تا دەگەڕێتەوە.

ئەبرۆم بۆ سەرەوە بردن و گوتم: ‘بۆچی؟‘.

هەواسی لانەواز پشتی کردە من و گوتی: ‘ژیان و بژێوی سەختە‘ و سەری بەسەر کۆنەڕادیۆیەکدا گرت.

گوتم: ‘ئەی من چی؟‘.

هەواسی لانەواز گوتی: ‘ئەوە نییە منت لە لام؟›.

لە دەستەکانی هەواسی لانەواز ڕامام و گوتم: ‘ئاخر!‘.

هەواسی لانەواز نەیدەزانی، کە من چەند لەو دوو لەپە پانانەی کاتێک، کە بەرزی دەکردنەوە دەترسم، یان ڕەنگە بشزانێت و بە ڕووی خۆیدا نەهێنێت.

هەواسی لانەواز دەستی خۆی بە پەڕۆیەکی سوور پاک کردنەوە، ڕووی خۆی وەرسووڕاند و گوتی: ‘ئاخر چی؟ ها؟‘. نەمدەزانی دەمەوێ دابنیشم، یان بڕۆم. بروسکەیەکی تووڕەیی لەژێر یاخەمدا چەخماخەی دا و بە گەردنمدا هەڵگەڕا

و بەسەر ڕوخسارمدا پەخش بوو. بە خێرایی سەرم داخست و لەو بنێشتە ورد بوومەوە، کە نازانم کەی بە پەنجەمەوە نووسابوو.

هەواسی لانەواز ڕادیۆ کۆنەکەی، کە کەمترین لێکچوونی لەگەڵ ڕادیۆ بچوک و گیرفانییەکەی خۆیدا نەبوو و نازانم هی کێ بوو، بە بن گوێیەوە نا و بە وەڕەسییەوە گوتی: ‘دڵنیا بووەوە، کە حاڵت باشتر بووە، بۆیە ڕۆیشت. نیگەران مەبە! من لێرەم›.

ویستم شتێک بڵێم، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە. تووڕەییەکەمم بە فووکردنێک دەردا، بە قاچی ڕاستم دوو پێلەقەی توندم لە تایەی پێشەوەی عارەبانەکەی هەواسی لانەواز دا و ئەبرۆم تێک نان.

هەواسی لانـەواز گوتی: ‘تۆ نەتدەتوانی لەگەڵ ئەواندا بچیت. ئەو گوندی هەوارە تایبەت بە ژنانە و... هەڵبەت ڕەنگە هەواری تایبەت بە کوڕانیش هەبێت. من شارەزای دابونەریتی ئێرە نیم›.

ئەو ساڵە، ساڵی مـەرگ بـوو؛ ساڵی تاریکی، کە مرۆڤ تەنیا دەرفەتی ئەوەی هەبوو بیر لە مردن بکاتەوە و دایکم نەیدەتوانی لەنێو ئەو هەموو مۆتەکەیەی مەرگ و تاریکییەدا، باپیرە بـەو هەموو ڕەشبینییەی، کە هەیبوو وکاتێ مرد هەمووی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، ڕازی بکات، کە ئیدی جلی

کوڕانە نەپۆشم و لێبگەڕێت وەکو کچ بمێنمەوە.

نیگام بە هەمان ئەو بەدبینییەی، کە لە نیگای باپیرە و عومەری شەهلادا هەبوو، لەسەر هەواسی لانەواز گواستنەوە و بەرەو گۆڕستان، بۆ سەر گۆڕی دایکم ڕۆیشتم، بەڵام باران گۆڕەکانی ڕامالّیبوو و دیاریکردنی ئەوەی کامە گۆڕ هی دایکمە بۆ من ئاسان نەبوو؛ لەبەر ئەوە ناچار بووم دەست بەسەر گشت گۆڕەکاندا بێنم و دواجاریش تێنەگەیشتم کێ بە کێیە و گۆڕی دایکم کامەیە.

نازانم چەندە لەو سەر تەپۆلکەیەدا دانیشتبووم و ڕۆچووبوومە نێو خۆم. ساتەکە ساتێکی زۆر تاریکی بەر لە خۆرئاوابوون بوو. ئاسمان تا دەهات پتر ڕەش دادەگەڕا و هەموو گۆڕەکان دەیانناڵاند. دایە خەجێ چەند ڕۆژ زیاتر بوو نەگەڕابووەوە و بەتەمای گەڕانەوەش نەبوو، بەڵام من هەروا لەسەر گۆڕێکدا دانیشتبووم و هێشتا هەر بیرم لەو فڕۆکەیە دەکردەوە، کە لەو ڕۆژە ساردەدا بە ورگی هەڵاوساوییەوە کەوتبووە وێزەمان و ئێمەی شاربەدەر کرد.

غەڵبەغەڵبێک کەوتبووە ناو دێ و ئێستا بە تەپۆلکەکەدا هەڵدەگەڕا، تا دەهات زیاتر دەبوو، دەڕژایە نێو قژم و زەین و هەستمی لەو هەموو سەروسەدایەی، کە مێشکی داگرتبووم، بەرەو خۆی ڕادەکێشا و... بە پەلەپەل گەڕامەوە ناو دێ. دەوری چادرەکەی ئێمە و زۆر لە چادرەکانی دیکەش تەواو

قەرەباڵغ بووبوو. کەسانێکی زۆر فانۆسیان بەدەستەوە بوو و بە خێرایی دەهاتن و ماندوو و شەکەت، کیسەڵئاسا دەڕۆیشتن و لەنێو تاریکیدا ون دەبوون. قیافەی گشتیان نارۆشن بوو.

پیاوێک پاڵی بە دیواری مزگەوتەوە دابوو و بە جگەرەیەک جگەرەیەکی دیکەی پێ کرد و خەریک بوو دەیدایە دەستی پیاوێکی دیکە، کە وەکو خۆی کەڵەگەتێکی تێکسمراو بوو و سێبەرەکەی تا بەردەم چادرەکەی ئێمە درێژ بووبووەوە و هەر دەیگوت: ”ژنەی بەستەزمان!“.

دەنگی ئاخ و ناڵین ئێستا زیاتر بووبوو. دەنگەکە لەنێو چادرەکەی ئێمە بوو. هەواسی لانەواز گوتی: ’هیچ نییە... دایە خەجێ...‘ و خێرا ڕایکردە لای کابرایەک، کە سکوردی** مەڕێکی گرتبوو و بە دەنگی بەرزەوە دەیگوت: ’ئەمە باشە؟ کاک هەواس...‘.

”قاچی چەپی شکاوە و ڕوخساری کەمێک زامدارە. لە چیا هەڵدێراوە و دە لەو ژنانەی چووبوونە هەوار بۆ ئێرەیان هێناوەتەوە». ئەمە قسەی ئەو ژنە باڵابەرزە بوون، کە لە تەنیشت چادرەکە وەستابوو هەر سەری خۆی دەخوراند و نەیدەهێشت بچمە ژوورەوە.

پیاوێک، کە هەمووان بە کوێخا بانگیان دەکرد و وەکو کاک هەیاس کەڵەگەت بوو و چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو بوو، زۆر زوو نیگەرانیی هەموو خەڵکەکەی ڕەواندەوە. کوێخا دوو

پیاو و ژنێکی لەگەڵ خۆیدا بردە ژوورەوە و بە دڵنیاییەوە بە هەمووانی گوت: ’هیچ نییە، سوپاس بۆ خوا، حاڵی باشە›.

هەر زوو ئێسکە شکاوەکانی دایە خەجێیان هەڵبەستنەوە و چای پونگەیان بۆ هێنا و خواردییەوە و چەند کاتژمێرێک دواتر هەموو خەڵکەکە بڵاوەیان کرد و من هەموو ئەو چەند کاتژمێرە سەبرم گرت تا کاری هەمووان تەواو دەبێت و ئینجا بتوانم بچمە ناو چادرەکە. لە چادرەکە چوومە ژووریّ و دایە خەجێم ماچ کرد، هەڵبەتە ئەمە بڕیارێکی لەناکاوی بیّ هیچ هەستی خۆشویستن بوو و خۆیشم هێشتا نازانم بۆچی ئەو شەوە درێژ و ساردە دایە خەجێم ماچ کردبوو و بۆ بەو ماچکردنەی ئەوەندە خۆشحاڵ بووبووم.

سەرم لە دایە خەجیّ نزیک کردەوە و گوتم: ’چووبوویتە کویّ؟‘.

دایە خەجیّ بە بێحاڵییەوە دەستی بە ڕوومەتمدا هێنا و بە هەناسەتەنگییەوە گوتی: ’ئیدی چ گرنگییێکی هەیە؟‘...›.

دەستی دایە خەجێم گرت و سەرم ڕاوەشاند و گوتم: ’ئەی بۆ هیچت بە من نەگوت؟‘.

دایە خەجیّ ناڵاندی و بە ناڵینەوە گوتی: ’ئاخر خەوتبوویت!‘.

گوتم: ’باشە بۆ خەبەرت نەکردمەوە؟‘.

دایە خەجیّ گوتی: ’دڵم نەهات، لە خەودا پێدەکەنیت!‘.

چاوم وێک هێنانەوە و گوتم: ’پێکەنین؟‘.

دایە خەجێ قاچی چەپی شکابوو، لێی ڕوانیم و گوتی: ’تۆ نەتدەتوانی لەگەڵمدا بێیت...› و چاوی هەڵگلۆفی. گوتم: ‹دەزانم... هەواسی لانەواز پێی گوتم، کە ناچار بوویت بڕۆیت و نەتتوانیوە من لەگەڵ خۆتدا بەریت›.

دایە خەجێ گوتی: ’بێچارە هەواسی لانەواز!‘ و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

پەتۆیەکی دیکەم بە دایە خەجێدا دا و گوتم: ’من لێرەم تۆ بخەوە!‘.

دایە خەجێ دووبارە سەیری قاچی چەپی کرد، کە شکابوو و درێـژەی بە قسەکردن دا، ورد و پوخت. ئـەو شـەوە تا درەنگانێک نەخەوت و لەبارەی خۆی، سەردەمی منداڵیی و زۆر شتی دیکە، کە پیری بە خشکەیی لەبیری بردوونەتەوە، قسەی بۆ کردم و دواجـار لەنێو قسەکانیدا ئاخێکی قووڵی هەڵکێشـا، چاوی دانانە سەر یەک و خەوی لێ کەوت.

من هەرگیز بە بیرم نایەت کەس بەهۆی شکانی قاچی چەپییەوە مردبێت. بـاوەڕ ناکەم تۆش شتێکی وات بە بیر بێت، بەڵام بۆ بەیانییەکەی ئەو شەوە، دایە خەجێ بەهۆی شکانی قاچی چەپی مرد و هەر لەوێ لە تەک گۆڕەکانی دیکە، گۆڕێکیان بۆ ئەویش هەڵکەند، بەڵام هیچ کات باران گۆڕەکەی ئەوی ڕانەماڵی، لانی کەم من شتێکی وام نەبینی و بیرم نایەت.

گـۆڕی دایـە خەجێیان لـە لای پێشـەوەی گۆڕستانەکە

هەڵکەند، نزیک گۆڕێکی کۆن و گۆڕی منداڵێکی چوار ساڵە، کە هەمان شەو بە ڕشانەوە مردبوو.

گریان قوڕگی گرتبووم. پێم خۆش بوو سەرم بە دیوارێکدا بدەم، هاوار بکەم، بناڵێنم و... بەڵام نەدەبوو، نەمدەتوانی. کوێخا دەستی دانابووە سەر شانم و بە دەنگێکی گەورە دەیگوت: 'پیاو خۆ ناگریەن!'.

ویستم بڵێم، کە من پیاو نیم، هەر ناشمەوێت پیاو بم، بەڵام هەرکە سەرم بەرز کردەوە و لە چاوی ڕامام، پەشیمان بوومەوە. سەرم داخست و گەڕامەوە لای چادرەکە و لەوێ هەر لە بەر زارکی چادرەکە دانیشتم، دوور لە چاوی هەمووان لە دڵی خۆمدا بۆ دایە خەجێ و بۆ دایکم گریام.

«هەموو ئەوانەی پێیان دەگوتن 'عێراقی' پێکەوە مردبوون، هەر تەنیا سەدام مابوو و جەنگیش هەر بەردەوام بوو. ڕۆژانە گۆڕەکان زیاتر دەبوون و ژمارەی ئاواران بەرز دەبووەوە، کەسیش نەیدەویست ئەو ڕاستییە ببینێت؛ ئەمە هەم کوێخا دەیزانی و هەم تەواوی ئەو کەسانەش، کە پەنای ئێمەیان دابوو و...".

پارچە ئاوێنەیەکی بچوک لە قوژبنی لای ڕاستی چادرەکە کەوتبوو. هەڵمگرتەوە. هی دایە خەجێ بوو. دوێنێ شەو خۆی پیشانی دام و گوتی، کە ساڵانێک بەرێ کوڕە گەنجێکی ئەرمەنی پێی داوم، هەموو جارێ، کە یەکدیان بینیوە دایە

خەجێ لە شەرمان نەیتوانیوە تەماشای چاوی بکات. کوڕەش وای زانیوە، کە دایە خەجێ گێلۆکەیە، بۆیە هەر لەوێ جێی هێشتووە و ئیدی ون بووە، لەو ساڵەوە تا دوێشەو دایە خەجێ ئەو پارچە ئاوێنەیەی هەر پێ بووە. ئێستا ئیدی ئاوێنەکە لای من بوو و منیش نەمدەزانی چۆن لە لای خۆمی هەڵبگرم، کە لافاو نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات، ڕاستییەکەی نەمدەزانی داخۆ دایە خەجێ دەیەوێت من یادگارییەکەی لای خۆم بپارێزم، یان نا...

ئاوێنەکەم هەڵگرت و سەیری ڕوخساری خۆمم کرد، کە لە بنیادەمم نەدەکرد. بیرم هاتەوە، کە دایکم هەمیشە دەیگوت: "ئەگەر زۆر لە ئاوێنە بڕوانیت، چاوی ئەوبەری ئاوێنەکە دێنە دەر و چاوت دەخۆن".

چاوی ئەوبەری ئاوێنەکە لە من نز بووبوونەوە و خەریک بوون چاوانم بخۆن. ڕووم وەرگێڕا. هەواسی لانەواز گوتی: 'هیچت پێویست نییە؟'.

سەرم ڕاوەشاند و گوتم: 'نا!'.

هەواسی لانەواز دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا و گوتی: 'مەڕیشم بۆ کردە قوربانی، بەڵام بێهوودە بوو. کەسێک، کە بیەوێت بمرێت دەمرێت. ئێمەش هیچمان لە دەست نایەت...'.

من دەمزانی مەبەستی دایە خەجێیە و دەمزانی بیری ئەو هەموو مردووە سەبر و قەراریان لێ هەڵگرتووە.

گوتم: 'ئێستا چی ڕوودەدات؟'.

هەواسی لانەواز چاوی چەپی هەڵگلۆفی و گوتی: 'نازانم›.

لە ئاسمانی بان سەرمان دەنگی شەقەی باڵی پێنج هەزار و چوار سەد باڵندە دەهات، کە هەموویان بە ڕەوە بەرەو هەڵەبجە دەفڕین. دەنگیان هێندە لە نزیکەوە دەهات، وات دەزانی خۆت هەڵتفڕاندووون و بە ئاسمانت خستوون. هەواسی لانەواز دەستی ڕاوەشاند و من دوو هەنگاو لە چادرەکە دوور کەوتمەوە. هەواسی لانەوازیش دوور کەوتەوە. پیرەمێردێک لەسەر بانی خانووێکدا ڕاوەستابوو و دەستی چەپی کردبووە هەنوانی چاوی و دەستی ڕاستیشی بۆ ڕادەوەشاندن. لە چاوتروکانێکدا هەموو باڵندەکان بوون بە فڕۆکەی جەنگی و بەرەو هەڵەبجە و ئاسمانی عێراق شۆڕ بوونەوە و خەڵکی دێیەکە بە دوایاندا وەکو بارانێک، کە بەسەر گردێکی لمیدا ببارێت، بۆ ماڵەکانیان سەرەژێر بوونەوە.

هەواسی لانەواز گوتی: 'ئەگەر شتیکت پێویست بوو پێم بڵێ› و ڕۆیشت.

منیش گەڕامەوە ژێر چادرەکە و بە درێژایی ئەو ڕۆژە خۆم لەژێر پەتۆکەی دایە خەجێ شاردەوە، لە خۆم، لە هەواسی لانەواز، لە هەمووان خۆم شاردەوە. هەمان ڕۆژ چەند کەسێکی گرنگ لەوانەی، کە ئاشکرا بوو کاربەدستن و کەسانی سەر بە دەزگای خێرخوازی بوون و کوێخا پێی

دەگوتن کاربەدەستانی دەوڵەت و... هاتن سەر لە ئۆردوگای ئاوارەکان و گوندی شێخ ڕەش بدەن. چەند دکتۆریکیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، سێ پیاو و ژنێک بوون، کە یەکێکیان هەر لە خۆیەوە لە چادرەکان بەژوور دەکەوت و ئەوانی دیکە (یاللا)یەکیان دەگوت و ئینجا دەهاتنە ژوور. هاتنە چادرەکەی ئێمەش، من خەوم لە خۆم خست. گرانایی دەستێکی گەرم و نەرم کەوتە سەر نێوچاوانم، کە پێم وایە ژن بوو، بەڵام من هەر چاوم نەکردنەوە، ئەو گوتی: 'تای لێ نییە و حاڵی باشە›.

یەکێک لەو پیاوانە منی ناسیەوە و لە ژوور سەرمدا دانیشت و باسی منی بۆ هاوڕێکانی کرد و گوتی، کە لە هەڵەبجە یارمەتیم داون، تا ژێرزەمینی چایخانەکەی حەسەن سمێڵ قیت بدۆزنەوە. کابرا دەمی ڕانەدەوستا هەر قسەی دەکرد و من لە دڵی خۆمدا بۆ خۆم، بۆ دایکم، بۆ دایە خەجێ و بۆ ئەو هەموو بەڵا و نەهامەتییانەی بەسەرم هاتبوون گریام، بەڵام چاوم هەروا داخستبوون و...

حەسەنی سمێڵ قیت نۆکەری عومەری شەهلا بوو، بەڵام نۆکەرێکی جێ باوەڕ، جێ باوەڕ لەو ڕوانگەیەوە، کە چاکەی بۆ هەموو کەس هەبوو جگە لە خۆی، بەڵام سێبەری عومەری شەهلای هەمیشە بەسەرەوە بوو و ئەمەش خەڵکەکەی دڕدۆنگ دەکرد و متمانەیان پێ نەدەکرد.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ‹خاتوو زریان، هەر کاتێک ویستت لە هەڵەبجە بڕۆیت، من دەتوانم یارمەتیتان بدەم؛ خەڵکم هەیە بۆ ئەم کارە›.

بەڵام دایکم هەموو جار گومانی لێ دەکرد و وایدەزانی ناپاکیی لێ دەکات و دەیەوێت بەم کارەی، خۆی لای عومەری شەهلا شیرین بکات و...

بەڵام دایە خەجێ زۆر جار سوێندی خواردبوو، سوێندی بە گۆڕی کوڕ و هاوسەرەکەی خواردبوو و گوتبووی: "زریان، حەسەن کەسێکی باشە، نیگەران مەبە!".

لەگەڵ ئەوەشدا دایکم هەر باوەڕی پێ نەکردبوو. من دەمزانی، کە ئەو کتێب دەخوێنێتەوە، زۆر سەفەر دەکات، بە پیاوبوونی خۆی دڵخۆش نییە و بە دڵنیاییەوە لە ژیانیدا هیچ کات پێی خۆش نەبووە کەسێکی وەکو عومەری شەهلا بناسێت. ئەمانە هەموو هۆکار بوون، کە من باوەڕ بە سوێندەکەی دایە خەجێ بکەم و ماف بە دایکم نەدەم.

چادرەکە کەسی تێدا نەمابوو. چاوم کردنەوە. هەواسی لانەواز لە پێش چادرەکە باسی مردنی لەناکاوی دایکم و دایە خەجێ و تەنیایی منی بۆ ئەوانە دەکرد و داوای لێ دەکردن، کە ئەگەر بتوانن یارمەتیم بدەن. پیاوێکی کورتەبنەی سەر قرژن، کە خاڵێکی گەورەی بە نێوچاوانەوە بوو، دوو جار سەری لە چادرەکە هێنایە ژوور و من هەر دوو جارەکە بە

پەلە چاوم داخستن و کابرا گوتی: ‹سبەی بە نامەیەک ئەمە بە فەرمانگەی چاودێریی کۆمەڵایەتی ڕادەگەیەنم›.

ئەو پیاوانە ڕۆیشتبوون و بێدەنگی باڵی بەسەر ئەم ناوەدا کێشابوو. هەواسی لانەواز بێپەروا لە چادرەکە بەژوور کەوت و ئەو بێدەنگییەی شکاند و گوتی: ‹هەستە شتێک بخۆ، ئاوا لە پەلوپۆ دەکەویت! ئەم شتانەش ئەوانە هێناویانە، لێرەیان دادەنێم، خۆت هەڵیان بگرە› و ڕۆیشت.

هێواش سەرم لەژێر پەتۆکە هێنایە دەر. چەند کیسەکی گەورە لای زارکی چادرەکە بوون. هەڵمگرتن بردمنە بنەبانی چادرەکە. کەمێک میوە، چەند قوتوێکی کامپوت، چەند دەستە جلێکی کوڕانە، کەمێک دانەوێڵە، نینۆکبڕ، سابوون و زۆر شتی دیکەش لەنێو ئەو کیسانە هەبوو، کە بێگومان بە کەڵکم دەهاتن.

خەریکی هەڵڕشتنی کیسەکان بووم، کە هەواسی لانەواز گەڕایەوە و گوتی: ‹نەخەوتووی؟ وەرە، خواردنم بۆ هێناویت!›.

چاوم لەسەر ڕوخساری هەواسی لانەواز بوو و نەدەجووڵام. هەواسی لانەواز ترسا و لە بەر خۆیەوە گوتی: ‹بیسمیللا!›.

گوتم: ‹ئەم شتانەیان هێناوە کە... بە فەرمانگەی چاودێری ڕادەگەیەنین، مەبەستیان چییە؟›.

ئەو دووبارە لەبن لێوانەوە گوتی: ‹بیسمیللا!›.

منیش قسەکەیم پێ بڕی و گوتم: 'خۆم بیستم و...'.

هەواسی لانەواز ڕووی تێ کردم و وەک ئەوەی شتێکی ترش لە دەمیدا بێت، ویکی هێنایەوە و گوتی: 'واتە تۆ ئەو هەموو ماوەیە بە ئاگا بوویت؟'.

سەرم بۆ لەقاند و گوتم: 'بەڵێ، تەنیا پێم خۆش نەبوو چاوم بکەمەوە، هەر ئەوەندە›.

هەواسی لانەواز هەردوو دەستی لە پشتەوە گرتن و گوتی: 'فەرمانگەی کۆمەڵایەتی نازانم چ جۆرە شوێنێکە، بەڵام بڕیارە خێزانێکی باشت بۆ بدۆزنەوە. خۆ ناکرێت تا ماویت هەر لەنێو چادردا بژیت و... هەڵبەت ئێستا ئەم شتانە زۆر گرنگ نین. جارێ نانەکەت بخۆ و نزا بکە، کە تا زووە سەدام لەنێو بچێت و ئێمە بتوانین بگەڕێینەوە هەڵەبجە›.

هەواسی لانەواز ئەمەی گوت و هەنگاوێک کشایە دواوە. مگێزم لە خواردن نەبوو. دەمویست بە پێیان بڕۆم، ڕابکەم و لە دەستی هەرچی مەرگ و ئاوارەییە ڕابکەم و دوور بکەومەوە، بەڵام مرۆڤی بێ سێبەر مەگەر تا کوێ دەتوانێت بڕوات!.

پشتم بە پەتۆکانی گۆشەی چادرەکەوە دا و دەستم لە ئەژنۆم وەرێنان و هەواسی لانەواز گوتی: 'بخۆ! ئەو منجەمنجەت لە چییە؟'.

گوتم: 'بۆ چما شەو داهاتووە؟'.

هەواسی لانەواز پێکەنی و دیسان سەری بەسەر ئەو چەند لاپەڕانەی ڕۆژنامە داگرتەوە، کە نازانم لە کوێی هێنابوون و گوتی: 'ئاماری قوربانییەکان خەریکە لە ملیۆن ڕەت دەبێت. پێم وایە دەبێ گۆڕەکان بکرێنە دوو ئەوەندە و تەنانەت سێ ئەوەندە' و لە هزری خۆیدا دەیویست، کە من بڵێم، ڕاست دەکەیت و سوپاس بۆ خوا، کە ئێمە زیندووین...'، بەڵام من هیچم نەگوت. باش دەمزانی کەوا ڕۆژنامەکان درۆ دەکەن و ئامارەکە زۆر لەوە زیاترە.

ڕۆژنامەکان تەنیا تەرمەکان دەبینن و دەژمێرن، هیچیان ئەوە نازانن، کە دەبێ هەر مردوویێک بە دە کەس، بەڵکو زیاتریش دابنێن. هەر کەسێک، کە دەمرێت هەموو خەون، ئارەزوو، دڵخواز، ژیان و ئایندەی و... لەگەڵ خۆیدا دەباتە ژێر گڵەوە...

***

٨

ئەو شەوە شەوێکی سارد بوو.

تەمێکی چڕ تا نێوقەدی دێی گرتبوو. ڕۆشناییێکی کز لە جامی پەنجەرەکانەوە دەردەچوو و لەنێو تەمەکەدا ون دەبوو. قسەکانی هەواسی لانەواز وەکو کەڵبەی گیانداری‌ێکی دڕندە بە گیانمدا ڕۆ دەچوون، دیار نەدەمان و دووبارە قەپاڵیان لێ گیر دەکردمەوە. خراپ پەشۆکابووم و نەمدەتوانی خۆم لە دەست ئەو دڵەڕاوکێیە دەرباز بکەم. بیری چوونە سەنتەری چاودێریی کۆمەڵایەتی و نزاکردن بۆ لەنێوچوونی سەدام، وەکو مارمێلکە بە سەر و ملمدا هەڵدەگەڕا، خۆی لە میچی چادرەکە دەخشاند، بەنێو چادرەکەدا وەردەبوو و دووبارە هێرشی بۆ دەهێنامەوە، بەڵام هەواسی لانەواز هەروا سەری بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە بوو، کە نازانم لە کوێی هێنابوون و بە پەنجە، مردووەکانی دەژمارد و هیچ زەینی لای من نەمابوو. مەیلی خواردنم نەبوو. سکم ڕەق بووبوو و ئازارێکی زۆری هەبوو. پێم وایە سکم پێچی دەدان، بەڵام لە

مزگەوتەکە دوور بووم و تاریکی پەتۆیەکی تەڕی لە قاچان لوول دەدام و دەیخستم. چەند جارێک دەستم دایە فانۆس و تا بەردەم چادرەکە چووم و دیسان گەڕامەوە و دواجار لەناچاری هەر لەویّ لە بـەردەم چادرەکە دانیشتم و خۆم لەو ڕەقبوونی سک و ئازار و ئازار و ئازار قوتار کرد، بەڵام پێچخواردنەکەم هەر هەبوو، تەواو نەدەبوو. هەوڵم دا ڕاکشێم. وامدەزانی ئەگەر بخەوم بیرم دەچێت، کە کوێم دێشێت، بیرم دەچێت، کە دایکم لە خەنی خۆشیان دیقی مەرگی کردوە و دایە خەجیّ لە چیا هەڵدێراوە و قاچی چەپی شکاوە و ئێستا ئیدی مردووە و بڕیار وایە منیش لەم ڕۆژانە ببەنە سەنتەری چاودێریی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمەش سوودی نەبوو. خەوم لیّ نەکەوت و حاڵم خراپتر بوو.

هەواسی لانەواز هەستا، ڕۆژنامەکەی دەق کرد، تا بەردەم چادرەکە چوو و وەک ئەوەی شتێکی گرنگی بیر کەوتبێتەوە گەڕایەوە گوتی: ‹ئەگەر دەترسیت وەرە چادرەکەی من... ئەگەر پێشتخۆش بێت با هەر لێرە لات بمێنمەوە›.

ویستم بڵێم بمێنەوە، بـەڵام پێڵاوی لیّ هەڵکێشان و لە وەڵامی قسەکەی خۆی بە پێکەنینەوە گوتی: ‹هەڵبەت پیاو لە هیچ ناترسن!›.

هەواسی لانەواز زۆر لەمێژ بوو باوەڕی بەوە هێنابوو، کە من کوڕم و لەسەر ئەمەش هەمیشە لەگەڵ سێوەر شەڕی

بوو و ئەو شەڕانەش هەر بە سێوەر کۆتاییان نەدەهات، بەڵکو هەندێک جار دەگەیشتە دارکاریکردنی من و جنێودانی کاک هەیاسیش.

هەواسی لانەواز لە کاک هەیاس گەورەتر بوو، ساڵانێکی زۆر پێشتر دڵخوازەکەیان دابوو بە پیاوێکی عەرەبی ڕەشەچەفتەی ورگن، کە پارەیەکی زۆری هەبوو. لەبەر ئەوە لەسەر سێ شت زۆر هەستیار بووبوو: 'یەکێک کوڕبوونی من و ئەوەی دیکە قەڵەویی لە پیاواندا و هی سێیەمیش دینارەکانی، کە ئەگەر لە گیانی خۆی خۆشتری نەویستبان کەمتر خۆشی نەدەویستن. ئەم بابەتانە سێوەر ئەو کاتەی، کە لەژێر دارتووەکانی گەڕەکی قاوەچییان دانیشتبووین بۆی باس کردبووم و منیش بۆ خەڵکی دیکەم گێڕابوونەوە.

بەهاری پار ساڵ چەند باڵندەیەکی سەیر بە دەنووکی درێژ و شاپەڕی زەرد، وەکو جووتەکانی مەحموودی قەساب، لەنێو لک و چڵی شاتووەکانی گەڕەکی قاوەچییان هێلانەیان دروست کردبوو و من و سێوەر تا ماوەیەک نەمانتوانی لەژێر ئەو دارتووانە دابنیشین و لەگژ خەیاڵان ڕۆ بچین، یان لەبارەی شتە گرنگەکانەوە بدوێین؛ گرنگترین باسوخواسی ئەو کات لەبارەی دەنگی گوللە و ژێرزەمینەکەی چاپخانەی حەسەنی سمێڵ قیت بوو، کە دیار سەرنجمانی بۆ ڕاکێشابوو.

گەرچی لە چەند باڵندەیەک زیاتر نەبوون و هیچ ئازارێکیان بۆ کەس نەبوو، بەڵام نازانم بۆ هەر کەس بە گەڕەکی قاوەچییاندا تێدەپەڕی، بەردێک، پەلارێک، فلتەری جگەرەیەک و... تێ دەگرتن و هەڵیدەدان، کە لەسەر کەللەی کەسێک بنیشنەوە! زۆر کەسیش وەک ئەوەی دیمەنێکی وروژێنەری فیلمێکی عەرەبی بینیبێت، دینارێکی بۆ ئەو کەسە دەهاوێشت، کە باڵندەکەی لەسەر دەنیشتەوە و ئەمەیان وەک کەفارەی گوناهێکی خۆیان لێک دەدایەوە و سەریان لەبەرخۆیان دەنایەوە و خێرا خێرا پێیان هەڵدەهێنا و لەژێر لێوەوە سرتەکیان دەکرد؛ لەبەر ئەوەش بوو، کە من و سێوەر هەموو جار ناچار دەبووین لە دوو کۆڵانی خوارەوەتری چایخانەی حەسەنی سمێڵ قیت، لەبەردەم ماڵی تۆفیقی چاو شووشە، چاوەڕێی دیار بکەین تا دێت و باسی ئەو بابەتە گرنگانەمان بۆ بکات، کە تەنیا عومەری شەهلا و باوکی بۆیان هەبوو قسەیان لەبارەوە بکەن.

ئەو ڕۆژە تا نزیکەی نیوەڕۆ دیار نەهات و من و سێوەر بەناچاری گەڕاینەوە ماڵ. لە بازاڕ نزیک کۆڵانی کوتاڵفرۆشەکان هەواسی لانەواز وەک جنۆکە پێشی پێ گرتین، سێوەر هەر ئەوی بینی دەستی لەناو دەستم دەرهێنا، چەند هەنگاوێک کشایە دواوە و هەواسی لانەواز خێرا بۆ لای من هات و سیوەری تێر جنێو کرد و منیشی خراپ دارکاری

کرد، ئەوەندەی لێدابووم، کە کاک هەیاس تا مانگێک شەرمی دەکرد خۆی پیشانی دایکم بدات و چاو ببڕێتە چاویەوە.

دایکم تازە تێگەیشتبوو، کە کوڕبوون چ دەردەسەرییێکە بۆ من، بۆیە بووکەڵەی بۆ کڕیم و نزیکەی هەشت ڕۆژ لەبەر باپیرە پاڕایەوە، کە ڕێگە بدات جلی کچانە بکەمە بەرم، بەڵام باپیرە نەچووە ژێرباری و هەموو جار بە تووڕەییەوە پێی دەگوت، نابێت من دەبێ وەک پیاو بار بێم و گەورە ببم...

پێم وا نییە لە خەودا لەنێوجێگا بێمەدەر و بڕۆم، لەو بارەیەوە تەواو دڵنیام، کەچی چەند ڕۆژ پێش ئێستا هەواسی لانەواز لە ناوەڕاستی دێ بەخێرایی بۆ لام هات و پێشی پێ گرتم، دوو دانە شەپازەللەی توندی خێواندە بناگوێم و گوتی: ’بۆ نیوەشەوان لە چادر دەچیەدەر؟‘.

دەستم دانایە سەر گوێم و بە گریانەوە گوتم: ’نە، من نەبوومە، بە خوا من نەبوومە...‘.

هەواسی لانەواز لەدوڕ چاوم نز بووەوە و گوتی: ’من خۆ کوێر نیم!‘. هێند دڵنیا و لێبڕاوانە ئەمەی گوت، کە لەجێی خۆم حەپەسام.

لە جێی خۆم ڕەق هەڵاتبووم. دەمم وەکو مردووان بەش بووبووەوە و نەمدەتوانی هیچ شتێک بڵێم. کابرایەکی وردیلە دەستی بۆ لای عارەبانەکەی هەواسی لانەواز ڕاداشت و گوتی: ’کاک هەواس، دواجار ئەمانە بە چەند؟‘ و دوو پەنجەی

لێک خشاندن و سەری لەقاند.

هەواسی لانەواز پەنجەی بە نیشانەی هەڕەشە لێ ڕاوەشاند و گوتی: 'بە یەک دەگەینەوە، خۆت دەیبینیت و...' و سەری بۆ لای کابرا وەرسووڕاند و گوتی: 'پێنج دانە...'.

ئەو شەوە و دوو شەوی دواتریش هەواسی لانەواز لە چادرەکەی مندا خەوت و بەو پشتێنەی، کە هەمیشە دەیبەست و بۆنی ئەو خەنەیەی لێ دەهات کاتێ، کە تازە لە دایک بووبوو دایاننابووە سەر ناوکی تاکو زووتر بنفێتەوە... توند دەستمی بە دەستی خۆیەوە بەستەوە و... تا خەوی لێ کەوت یادەوەرییەکانی سەردەمی گەنجێتیی خۆی بۆ گێڕامەوە، ئەو کاتەی، کە عاشقی کچێک بووە بە ناوی لەیلا و من لەگەڵ هەر قسەکردنێکیدا هەستم دەکرد هەر ئێستا هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و خەوی لێ دەکەوێت و سبەینێ بە هۆی شکانی قاچی چەپی دەمرێت، ڕێک وەکو دایە خەجێ لەو دوایین شەوەدا... بەڵام هەواسی لانەواز خۆ هەرگیز نەچووە چیا، قاچی چەپی نەشکا و لە کاتی قسەکردندا ئەو هەناسە قووڵەی هەڵنەکێشا و نەخەوت، لانی کەم من ئەم شتەم بە بیر نییە.

لە دەنگی هاواری هەواسی لانەواز بەئاگا هاتم. خۆم و ئەوم لە جادەیەکی بەردڕێژکراودا بینی، کە ڕوو لە هەڵەبجە بوو. من ئەو کاتە زانیم لە خەودا دەڕۆم و دواتر ئەو دەمەی، کە ماریا خانم گوتی: 'دەبێ ئەم نەخۆشییەت چارەسەر

بکەین'. ناڕازی نەبووم.

هەواسی لانەواز تا هێزی هەبوو هەواری دەکرد و من نەمدەزانی ئەو هەموو تووڕەییەی لە کوێ پاشەکەوت کردووە، کە هەر تەواو نابێت. سەرم داخست و ئەو بەتوندی ڕایهەژاندم و گوتی: 'چیت بەسەر هاتووە کوڕە؟ تۆ خۆ ئاوا نەبوویت! لە خەودا نەدەڕۆیشتیت، ئاخر چ دەردێکتە، کە ڕووەو ئەولایە دەڕۆیت؟'.

سەرم هەڵبڕی و گەتم: 'بمبوورە! من هەڵەم!'.

نەمدەزانی بەرەو کام لایە دەڕۆم و نەمدەزانی بۆچی داوای لێبوردن دەکەم و بۆچی هەواسی لانەواز لەجیاتی بکێشێت بە بناگوێمدا خەریکە دەگرییێت.

هەواسی لانەواز سەرمی بە سنگی خۆیەوە نووساند، منی بردەوە چادرەکە و هەموو ئەو ماوەیە هەر گریا. نازانم، ڕەنگە لە شەرمی ئەوە بێت، کە کاتی خۆی لە هەڵەبجە لەبەر سێوەر دارکاریی دەکردم. نازانم بەڵکو شتێکی دیکەش بێت و من عەقڵم پێیدا نەشکێت، نازانم، لەوانەشە...

هەواسی لانەواز جگەرەیەکی داگیرساند، قاچی خستە سەر قاچ و گوتی: 'خەوڕۆیشتن وەکو عاشقبوون وایە، مرۆڤ تووشی بەڵا دەکات!'.

گوتم: 'عاشقبوون؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'تۆ سێوەرت خۆش دەوێت؟'.

گوتیم: 'سێوەر؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'ئەرێ، سێوەر، مەگەر نەتبیست؟'.

سەرم داخست و هیچم نەگوت.

هەواسی لانەواز گوتی: 'دەمزانی!' و خۆی مۆن کرد.

من سێوەرم خۆشدەویست، بەڵام ئەو ئیدی لە خەیاڵمدا نەبوو. تەنانەت لە خەونەکانیشمدا نەبوو. تەنیا هەندێ جار مۆتەکەی عومەری شەهلا لەنێو هەزارانی دیکەدا جیا دەبووەوە و وەکو مێردەزمە خۆی بەسەر خەونەکانمدا دادەدا و پرزەی لێ دەبڕیم. هەر کاتێک ئەو تارماییەم بیر دێتەوە، کە لەنیو ئەو هەموو کەللەسەرە بەسەریەکداکەوتووەدا دەردەپەڕی و دەیدامە بەر پێلەقە و تێهەڵدان و لەگەڵ هەر هاوارکردنێکمدا دەمم پڕ دەبوو لە خۆڵ و بۆنی خاک و خۆڵ هەموو شوێنێکی دادەگرت و لەپڕێکدا لەسەر بەفر و شلتاودا دەخلیسکام و دەروازەی هەندێ شارم بە ڕوودا دەکرانەوە، کە نە سەرەتایان هەبوو نە کۆتایی و تاریکی قووتی دەدام و هەزار پەڵەی خوێن دەگەیشتنەوە یەک و دەکەوتنە سەر چەکمەکانم و لەنێو ئەو تاریکییەدا جانەوەرێکی بێڕەزا لە سکم دەردەپەڕی و بەرەو لای گۆڕی دایکم، کە هێشتا سەری بەدەرەوە بوو، دەچوو. کاتێک سەرم هەڵدەبڕی خۆم لە جادەیەکی بەردرێژدا دەبینیەوە، کە ڕووەو هەڵەبجە دەچوو و هەموو جارێک هەواسی لانەواز توند دەستی ڕادەکێشام و

دەیگوت: ’بۆ کوێ دەچیت؟‘ و من دیسان ڕۆدەچوومەوە نێو تاریکی... و لەو نێو تاریکییەدا نە سێوەر هەبوو نە دایکم...

لە لاپەڕگەی دێ درەختێکی گەورە هەبوو، کە دونیایەک پەڕۆیان بە لکەکانیدا گرێ دابوون و کچێک هەموو دووشەموان دەهات، پارچە پەڕۆیەکی سەوزی لە لکێکی درەختەکە گرێ دەدا و لەژێر لێوەوە پستەپستێکی دەکرد و دەڕۆیشت. کچەکە ناوی ’زیلان‘ بوو، کاتێک پێدەکەنی ددانەکانی سەیر دەبریسکانەوە. قژێکی ڕەشی هەبوو و دەیکردە کەزی و بە هەردوو لای شانیدا شۆڕی دەکردەوە و هەموو جارێک منی دەخستەوە یادی کەزییەکانی دایکم، کە عومەری شەهلا لەسەر ئەوەی ویستبووی لە هەڵەبجە ڕابکات، لەبنەوە بڕیبوونی.

ئەو ڕۆژەی دایکم ویستی ڕابکات و شوێنی عومەری شەهلا بە پێشمەرگەکان بڵێت، عومەری شەهلا هەموو پرچی دایکمی بڕیبوو و هەڕەشەی لێ کردبوو، کە سواری هێسترێکی دەکات و بە دەوری شاردا دەیگێڕێت، ئەم هەڕەشەیە هەترەشی دایکمی برد و وازی لە ڕاکردن هێنا. من قژەکەیم هەڵگرتەوە و تا ئەو کاتەی هەڵەبجەمان بەجێهێشت هەر لەنێو سەرینەکەمدا پاراستبووم.

لەسەر بەرزاییێکدا دانیشتبووم و سەیری زیلانم دەکرد، کە پەڕۆکانی بە پارێزەوە بە لکی درەختەکەوە گرێ دەدان

و لەژێر لێوەوە لەگەڵ خۆی، یان ڕەنگە لەگەڵ درەختەکەدا قسەی دەکرد.

زیلان سەری بۆ لای من وەرسووڕاند و گوتی: ‹هۆی کوڕیژگە، تۆش لەگەڵ ئەمانی؟›.

گوتم: ‹لەگەڵ کێ؟›.

زیلان گوتی: ‹ئاوارەکان›.

گوتم: ‹بەڵێ!›.

زیلان گوتی: ‹من ناوم زیلانە، ئەی تۆ؟›.

گوتم: ‹ئاسۆ›.

زیلان سەری بۆ لەقاندم و گوتی: ‹ناوێکی چەند خۆشە! تۆ خواستێکت نییە؟ پارچەیەک گرێ نادەی؟›.

شانم هەڵتەکاندن و گوتم: ‹نە!›.

لێ زیلان زیاتر لە هەشت جار پێداگریی کرد، دوا جار قبوڵم کرد و زیاتر لە درەختەکە نزیک کەوتمەوە و بۆ ئەوەی نەمبەنە سەنتەری چاودێریی کۆمەڵایەتی، دوو پارچەم بە لکێکی باریک، کە شۆڕبووبووەوە سەر زەوی، گرێ دان.

زیلان پێکەنی و گوتی: ‹سەنتەری چاودێری خۆ شوێنێکی خراپ نییە!›.

گوتم: ‹خۆت چوویتە ئەوێ؟›.

زیلان سەری بۆ لای درەختەکە وەرسووڕاند و گوتی: ‹ڕاستییەکەی نا، قەت نەچوومەتە ئەوێ، بەڵام دڵنیام، کە

شوێنێکی خراپ نییە!'.

گوتم: 'ئەگەر نەتبینیوە چۆن دڵنیایت؟'.

زیلان گوتی: 'شاهۆ پێشتر کارمەندی ئەوێ بوو›.

زیلان ئەمەی گوت و دیسان پێکەنی و ئیدی هیچی نەگوت.

شاهۆ خۆشەویستیی زیلان بوو و چەند مانگێک بوو چووبووە بەرەکانی جەنگ و زیلان هەموو لکەکانی ئەو درەختەی لە پەڕۆی سەوز وەردابوو. من هەرگیز شاهۆم نەبینی، بەڵام وا هەست دەکەم گەنجێکی باڵابەرزی دەمبەخەندە بووبێت. من ئەم وێناکردنەی شاهۆم لە مێشکی خۆمدا دروست کردووە و تۆش دەتوانیت بە هەر شێوەیەک، کە پێت خۆش بێت وا وێنای بکەیت. زیلان ئەم هەڵبژاردنەی داوەتە هەردووکمان.

هەواسی لانەوازیش کردبوویە خوو هەموو ڕۆژێ دەهاتە پای درەختەکە، ئەگەر ڕۆژێک نەهاتبا و پەڕۆی خۆی بە درەختەکەی شێخ سەڵان گرێ نەدابا، ئەو شەوە تای لێ دەهات و تا ڕۆژ دەبووەوە دەبایە من نەنووم و لە پشت سەریدا دابنیشم و قاچی بخەمە نێو ئاوی سارد و هەوڵ بدەم تایەکەی دابەزێنم.

هەواسی لانەواز لەژێر لێوەوە گوتی: 'وای چاوی ئەم کچە چەند بە چاوی لەیلا دەچن!'.

گوتم: 'کێ؟'.

گوتی: 'کەس نا!'.

من تێگەیشتم زیلان دەڵێت.

گوتم: 'چ بوو؟ بۆ ڕۆیشت؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'کێ؟'.

گوتم: 'لەیلا'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'تۆ سێوە میخەکڕێژەکەی منت نەبینیوە؟'.

گوتم: 'هێشتاش خۆشت دەوێت؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'مەگەر دەشێت مرۆڤ بوونی خۆی خۆش نەوێت؟'.

من ئەوسا تێگەیشتم، کە مرۆڤەکان ئەگەرچی ئەم دونیایەش جێ بهێڵن، هێشتاش هەر خۆشەویستن.

سێ مانگ و دە ڕۆژی پێ چوو تا لە سەنتەری چاودێرییەوە هاتن، تەواوی ئەو سێ مانگ و دە ڕۆژە جگە لە دوایین ڕۆژ نەبێت، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ زیلان دەچوومە چیا، بۆ هەموو گۆڕەکان تەنیا یەکێکیان نەبێت، کە زۆر گوڵی لەسەر ڕوابوون، گوڵم هێنان، گوڵی زەرد و سوور و سپی، هەموو جار هەستم دەکرد گۆڕ، گۆڕی دایکمە، بەڵام خۆ وا نەبوو. ژنێکی گەنج لە سەحەری سپێدەوە تا ڕۆژ ئاوا دەبوو لەتەک ئەو گۆڕە دادەنیشت، لانکێکی شکاوی دەژاند و باسی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی دەکرد و جار جار فرمێسکێکی

دەڕشت و شیعرێکی دەچڕی و هەندێک جار شەکەت و داماوانە هەردوو دەستی لە ئەژنۆی وەردەهێنان و بێدەنگ دەبوو، بێدەنگییەکی درێژ...

هەواسی لانەواز بەیانیی زوو چووبووە لای دێی سەریاس و گوتبووی، کە هەر دەبێت کاک هەیاس ببینێت و زوو دەگەڕێتەوە. منیش پێم خۆش بوو بچم، تاسەی سێوەرم کردبوو، بەڵام نەمتوانی ئەمە بە هەواسی لانەواز بڵێم و ئەو بە پەلە پێڵاوەکانی لێ هەڵکێشان و دوور کەوتەوە.

«گومانی تێدا نییە ئەو کاتەی پیاوێک بەیانیی زوو لە ماڵ دەردەچێت، خێراخێرا پێڵاو دەکاتە پێی، جگەرە دەکێشێت، کڵاوەکەی دەخاتە سەری و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، ئەوە مسۆگەر دیارە کارێکی گرنگی لەپێشە، هەواسی لانەوازیش یەکێک لەو جۆرانە بوو و...».

هەواسی لانەواز ڕۆیشتبوو و منیش بەتەما نەبووم بچمە شاخ. زیلان گوتبووی ئەمڕۆ گواستنەوەی کچێکی دراوسێیانە و من ناتوانم بێم. منیش پێم خۆش نەبوو بە تەنیا بچم. لەسەر بانی ماڵی زیلان دانیشتم و سەیری ئەو مەنجەڵە گەورانەم کرد، کە خەریک بوون وەسەر ئاگریان دەنان. کوڕە گەنجێک لە نێوەڕاستی حەوشەی ماڵێکی تەنیشتدا هەرایەکی نابووەوە و دەینەڕاند. تازە ڕیشی هاتبوو، دەنگێکی گڕی هەبوو هەر جنێوی بە پیاوێک دەدا، کە دیار بوو ناوی زانکۆ بوو. پیاوێکی

دیکە، کە باڵای کەمێک لەو کورتتر بوو، بەخێرایی خۆی لێ نزیک کردەوە، یاخەی گرت و گوتی: ’ناماقووڵیت کرد خوێڕی! مەگەر تۆ کێیت و چ کارەییت؟‘.

کوڕە گەنجەکە بە دەنگێک هەستت بە لەرزینی دەکرد، گوتی: ’ڕۆژین بۆ هیچ شوێنێک ناڕوات›.

کابرا دوو شەقازەللەی توندی کێشا بە پشتەملی کوڕە گەنجەکە و پاڵی پێوەنا بۆ نێوەڕاستی حەوشەکە. دوو ژن و پێنج پیاو پێکەوە هاتنە ماڵەکە. یەکێک لە پیاوەکان چەپکە گوڵێکی بە دەستەوە بوو و ئەوانی دیکە هەر یەکەو تفەنگێکیان بە شانەوە بوو. کابرا یاخەی کوڕە گەنجەکەی بەردا و کوڕەکە وەکو پارچە سەهۆڵێک بخەیتە نێو دۆلکەیەکی ئـاو، ئاوا توایەوە و لەنێو قەرەباڵغییەکەدا ون بوو. کەمێک دواتر دوو ژنەکە لەگەڵ کچێک، کە تارایەکی سووری بەسەردا درابوو لە ماڵەکە هاتنە دەر و هەموویان سواری ئۆتۆمبێلێکی گەورەی ڕەش بوون. ئۆتۆمێلەکە کەوتە ڕێگا و بەخێرایی دێی بەجێ هێشت و دوور کەوتەوە.

زیـلان هاتبووە نێو حەوشەکە. جامێکی پڕ لە ئـاوی بە دەستەوە بوو و بە دوای ئۆتۆمبێلەکەیدا ڕشت، بەڵام نازانم بۆ چاوی هەڵگلۆفین و گریا.

لەو سەربانە هاتمە خوار، بۆ لای زیلان چووم و گوتم: ’بۆ دەگریت؟ ئەی زەماوەند کەی دەست پێ دەکات؟‘.

زیلان ئەبرۆی تێک نان و بە وەڕسییەوە گوتی: ’بووکێک، کە خوێنبایی بێت کوا زەماوەندی بۆ دەکرێت؟‘.

گوتم: ’خوێنبایی چییە؟‘.

گوتی: ’واتە کەسێک لە باجی تاوانی کەسێکی دیکە بدەن›.

گوتم: ’وەکو زەڵم؟‘.

زیلان خۆی خڕ کردەوە و هیچی نەگوت. هەڵبەتە لەسەر هەقیش بوو. ئەو نەیدەزانی زەڵم چییە و نەیدەزانی، کە ئێمە هەموو وامان بیر دەکردەوە، کە باجی زەڵم دەدەین و نەیدەزانی، کە ئێرانییەکان پردی زەڵمیان ڕووخاند، بەو ناوەی، کە ڕێگە لە سوپای عێراق و عومەری شەهلا بگرن و خەڵکی بپارێزن، بێگومان دیارە ئەوەشی نەدەزانی عێراقییەکان لە ئاسمانیشەوە بێت پرد دروست دەکەن و هەر جۆرێک بێت خۆیان دەگەیەننەوە هەڵەبجە و ئاوا قڕمان دەکەن.

زیلان بووبووە ژنێکی نائومێد و خەمگین، بە چاوانی ماندوو و باڵایەکی وەک داربەڕووی بڵند و تازە هەڵچوو و قژێک، کە بە هەردوو لای شانیدا هاتبووە خوار. دەستیم لە خۆوە ڕاکێشا و گوتم: ’بچینە سەر چاکەکە نەزر بکەین؟‘.

زیلان بە هەمان چاوانی نیگەران و ماندووییەوە گوتی: ’نا، ئێستا نا!‘.

سەرمم داخست و گوتم: ’کەواتە من دەڕۆم›.

بۆ نەچوونە سەنتەری چاودێری دوو تیسمارم لە

پارچەکانی زیلان لە درەختی تاین کردنەوە و بۆ خۆم دووبارە لە درەختەکەی شێخ سەلانم گرێ دان و حەوت جار بە دەوری درەختەکەدا سووڕامەوە و گوتم، "یا غەوس" و بە خۆشحاڵییێکی لە ڕادەبەدەر بەرەو گۆڕستان گەڕامەوە.

ناو دێ هەروا قەرەباڵغ بوو، دروست وەک چەند کاتژمێرێک پێشتر. هەر ماڵێکت دەبینی دوو کەسی لێ دەهاتنە دەر و یەکێک دەچووە ژوورەوە. ئۆتۆمبێلێک بە گڕەگڕ خەریک بوو دەهاتە نێو دێ و ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە دوایەوە هەر هۆڕنی لێ دەدا. پیاوێک ڕۆچووبووە کورسیی پێشەوە و کابرای شوفێر بە تووڕەییەوە دەستی ڕادەوشاند و دەینەڕاند: 'لادەن!'.

بە خێرایی ناوەڕاستی جادەکەم بەردا و بە تەپۆلکەکەی گۆڕستاندا هەڵگەڕام تا ئۆتۆمبێلەکە بتوانێت ڕێگای خۆی ببڕێت.

پیاوێک لە لای چادرەکەی مندا وەستابوو. قەد و قامەتی لە هەواسی لانەواز دەچوو، بەڵام ئەو نەبوو. کوڕە گەنجێک بە شڵەژاوییەوە بەرەو گۆڕستانەکە دەهاتە سەرێ. بالابەرزێکی لاواز بوو. گۆناکانی بە قووڵداچووبوون و تازە خەریکبوو ڕیشی دەردەکرد. دیاربوو میزی دەهات و هەر ئاوا بە ڕۆیشتنەوە میزی دەکرد و نیوەی میزەکە بە شەلوارەکە، کە هی خۆی نەبوو، دەکەوتەوە. لەبن هەورازەکەی گۆڕستاندا

کەمێک خۆی کوورڕ کردەوە و گوتی: 'ئاها، کوڕە ئاسۆ ئەوە تۆیت؟'.

سەرم وەرسووڕاند و گوتم: 'بۆ چ بووە؟'.

ئەو دەستی بۆ لای چادرەکان درێژ کرد و گوتی: 'هۆو ئەو پیاوە کاری پێتە!' و یەکسەریش بۆ لای دێ گەڕایەوە و من هەر چەندە چاوم گێڕا تێنەگەیشتم مەبەستی کامە پیاو بوو. پیاوگەلێکی زۆر لای چادرەکان بوون و سێبەریان لەنێو چادرەکاندا بەدی دەکرا و لەو نێوەدا دەهاتن و دەچوون و...

لێ سێبەری ئەو پیاوە باڵابەرزە هێشتا لە تەک چادرەکەی مندا وەکو پەیژەیەک بە دیوارێکەوە هەڵنرابێت، قیت وەستابوو. پیاوەکە شتێکی خستە نێو دەستی کوڕەکە، چووە نێو چادرەکە و من بەرم بۆ لای دوو پیاوی دیکە وەرسووڕاند، کە بە بێڵ و قازمە خەریکی هەڵکەندنی گۆڕێک بوون نە قووڵ بوو، نە درێژ و...

تاریکی تا دەهات خەریکبوو زیاتر باڵی خۆی بەسەر ڕووناکیدا بکێشێت، پەلوپۆی دەهاوێشت و لەنێو هەوراندا دەهاتە دەر. نرکە و ناڵەی خەمناکی ژنێک دێیەکەی گرتبووە خۆی. گوێم لێ بوو یەکێک تا هێزی تێدا بوو هاواری کرد و گوتی: 'خۆی سووتاندووە!'.

من بۆ نێو چادرەکان پێم پێوەنا. زیلان خەریک بوو بۆ لای من دەهات. چەند تنۆکێک خوێن بە سەر ڕومەتییەوە وشک

بووبوون. داوای پارچە جاوێکی دەکرد و هەر کەسی دەبینی پرسیاری هەواسی لانەوازی لێ دەکرد. بۆ لای چووم و گوتم: ‹چی بووە؟›.

دەست و دەمی زیلان دەلەرزین. بە هەمان لەرزینەوە گوتی: ‹ڕۆژین، ڕۆژین خۆی سووتاندووە. کاک هەواس لە کوێیە؟›.

گوتم: ‹نازانم! پێم وایە چووە نێو چادرەوە. بوەستە بانگی دەکەم›.

چەند جارێک زیاتر بانگم کرد، بەڵام هەواسی لانەواز وەک دیوار بێدەنگ بوو.

زیلان گوتی: ‹ئاسۆ، بەڕاست تا لە بیرم نەچووە، دوو پیاو لە سەنتەری چاودێرییەوە هاتبوون، بە دواتدا گەڕان، کاتێک نەتیاندۆزیەوە، ڕۆیشتن›.

دەمم بەش بووەوە و وەک ئەوەی چەناگەم لەجێ چووبووبێت ژانی گرت. زیلان دەستی دانایە بان سەرم و گوتی: ‹نیگەران مەبە! دوو منداڵی دیکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردن، هەڵبەتە یەکێکیان ناوی تۆی نووسی و گوتی، کە چەند ڕۆژێکی دیکە دەگەڕێنەوە›.

گوتم: ‹چەند ڕۆژ؟›.

زیلان گوتی: ‹نازانم! ئەی ئەو هەواسی لانەوازە لە کوێیە؟›.

گوتی: ‹نازانم›.

زیلان سەری داخست، گریا و ڕۆیشت و من لە بیرم چوو پێی بڵێم، کە دوو لە پەڕۆکانتم لە درەختەکە کردنەوە و بۆ خۆم گرێم دانەوە.

سەرم هەڵبڕی. هەواسی لانەواز گوتی: 'عاشقی بووم!'.

گوتم: 'ئێ چی بووە؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'خۆی سووتاند، ڕێک سێ مانگ و دە ڕۆژ دوای هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەو عارەبە ورگنە دەوڵەمەندە'.

گوتم: 'بۆچی؟'.

هەواسی لانەواز هیچی نەگوت. چاوی داخستن و بە بێدەنگی لە ناخەوە گریا و من نەمتوانی هیچ کارێکی بۆ بکەم.

زیلان دووبارە گەڕایەوە و گوتی: 'پەیدا نەبووەوە؟'.

گوتم: 'کێ؟'.

زیلان گوتی: 'هەواس'.

گوتم: 'نازانم لە کوێیە! لە سپێدەوە، کە بە هەشتاوییەوە پێڵاوەکانی لێ هەڵکێشان و بەرەو دێی سەریاس ڕۆیشت، تا ئێستا نەمبینیوە و هەرچەندی بانگی دەکەم لە هیچ شوێنێک نییە، دەڵێی هەر نەبووە و...'.

زیلان قسەی پێ بڕیم و گوتی: 'وازی لێ بێنە! ئەویش لە ڕێوییەکانی ئەم ناوچەیە دەچێت. مرۆڤ فریو دەدات و خۆی ون دەکات'.

چاوی زیلان دەتگوت گۆمی خوێنن و هـەردوو دەستی کردبوونە مست و لە ڕکان دەلەرزی. تۆنی دەنگی نائاسایی بوو. گریان هەوکی گرتبوو، بەڵام ئەم جارە نەیتوانی بگرییێت و من لە جیاتی ئەو لە ناخمەوە گریام...

هەواسی لانـەواز لە سەری سپێدەوە بۆ کارێکی گرنگ چووبووە گوندی سەریاس، بۆ لای کاک هەیاس و سێوەر و هێشتاش نەگەڕابووەوە. زیلان ڕۆیشتبوو و من لەبەردەم چـادرەکـەدا وەکـو دارێـکی وشـک قیت وەسـتـابـووم ڕووم کردبووە لای چەپی گۆڕستان و ئاوا چاوم مۆلەق مابوون و چاوەڕێی گەڕانەوەی هەواسی لانـەواز بـووم، بەڵام ئەو نەهاتەوە و من لە سەرمان ناچار بووم، بچمەوە نێو چادر و لەوێ چاوەڕێی بکەم.

هەیکەلێکی جانەوەرئاسا لە گۆشەیەکی تاریکی چادرەکەمدا خۆی هەڵکورماندبوو، وەک ئەوەی سەما بکات، یان شتێکی لەو شێوەیە. دەستەکانی شێوەیەکی سەیریان هەبوو. بیرم کردەوە ڕەنگە هەواسی لانەواز بێت گەڕابێتەوە. گوتم: ‹کاک هەواس، تۆ لێرەیت؟ ئەی بۆ دەنگ ناکەیت و وەڵام نادەیتەوە؟›.

هەواسی لانەواز فتیلەی چراکەی هەڵکێشا.

«ئەی کوا دایکت؟».

دەنگ دەنگی عومەری شەهلا بوو. قیافە هەمان قیافەی جاران، هیچ نەگۆڕابوو. بە نیگایەکی داماوانە و دەمی کراوەی

وەک ئەو کەسانەی، کە چەندین ڕۆژ نائومێدانە لەژێر داروپەردووی خانووێکی ڕووخاودا مابنەوە، لە ڕوخساری عومەری شەهلا ڕامام، ئەو لووتی بە لووتمەوە نا و بە تیزەبزەیەکی درێژەوە، کە زیاتر هێڵنجی دەهێنام، گوتی: ’بۆ لاڵ بوویت؟ پرسیم کوا دایکت؟‘.

وشە لە بنی قوڕگمەوە گیریان خواردبوو و دەرنەدەهاتن، دەبوونە هەڵم، لەسەرمەوە دەردەچوون و لەگەڵ هەناسەی عومەری شەهلادا، کە بۆنی ئاردەنۆکیان لێ دەهات تێکەڵ دەبوون و بە هەوادا بڵاو دەبوونەوە. سەرمام بوو، دانەچۆقەم بوو و دەنگی بەیەککەوتنەوەی ددانەکانم دەهات. چاوم ڕەشکەپێشکەیان دەکرد و لەگوین بوو هەر ئێستا نا ئێستا گیانم لەژێر قاچەکانمدا بخلیسکێ و بۆی دەرچێت، بەڵام عومەری شەهلا وای دەزانی خۆم لە گێلی داوە و لێکلێکە پرسیارەکەی بە بن گوێمدا دووپاتە دەکردەوە و بە تووڕەییەوە دەیگوت: ‹دایکت لە کوێیە؟›.

من بۆ هەزارەمین جار وەڵامم دایەوە: ’مردووە! گۆڕەکەی هەر لێرەیە!‘.

لێ عومەری شەهلا بڕوای نەدەکرد. شەقازلەیەکی توندی خێواندە بناگوێم و دوو پێلەقەشی بە تەرۆکمدا کێشان و جنێوی پێ دام.

نیوەی شەو بوو.

تاریکی و سەرما گسکی لە عەرزی دەدا و هەواسی لانەواز هێشتا نەگەڕابووەوە و بەتەمای گەڕانەوەش نەبوو؛ ئەمە لەو بێدەنگییەوە، کە لەودیو چادرەکەوە خۆی مات دابوو، بەدی دەکرا.

لەژێرەوە لە عومەری شەهلا، کە هێشتا نەخەوتبوو و خەریک بوو ڕیشی دەتاشی ڕامابووم. هەندێک جار سەری بۆ لای من وەردەسووڕاند و خۆی لێ مۆڕ دەکردمەوە و دووبارە سەیرێکی دەرگای چادرەکەی دەکردەوە و نیازی خەوتنیشی هەر نەبوو.

دایکم ڕاستی دەگوت، کە «پانتایی ڕووخساری عومەری شەهلا هەزاران هیکتار بوو، بۆ هەر کوێیەک دەچووین دیسان دەگەیشتینەوە سەری لووتی و ئەو دیسان بۆنی ئێمەی دەکرد».

دایکم هەمیشە ڕاستی دەکرد و من نازانم بۆ هەموو جارێ بە قسەکانی پێکەنیبووم.

عومەری شەهلا دەموچاوی بە پەڕۆیەکی گوڵدار سڕی، کە لە گیرفانی شەلوارەکیدا دەری هێنا و گوتی: 'ئێستا ئیدی ناترسیت؟' و دەستی بە سەروچاویدا هێنا.

لە کاتێکدا دەست و دەنگم دەلەرزین گوتم: 'شاریان بۆمباران کرد... ئێمە ڕامان کرد...'.

عومەری شەهلا گوتی: ’من ئەو هەموو ڕێگایەم بڕیوە تا ئێوە بدۆزمەوە‘.

درۆ وەکو منداڵێکی شەش مانگە لە چاویدا پێدەکەنی و جامی متمانەمی بە عەرزیدا دەدا و دەیشکاند؛ لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە قبوڵکردنی چارەیەکم نەبوو.

پێم وابوو ئێسقانێکم لەجێ چووبوو. پێدەچوو یەکێک لە قاچەکانم بێت و نازانم بۆ دەستم ژانی دەکرد، دەلەرزی و دەیتریواند.

عومەری شەهلا توند دەستی ڕاکێشام و گوتی: ’هەستە، با بڕۆین‘.

ویستم بڵێم بۆ کوێ، بەڵام زۆر زوو پەشیمان بوومەوە. ترسام دیسان بکێشێت بە بناگوێمدا و دوو پێلەقەی دیکەشم لێ بدات و دیسان بە تووڕەییەوە دەستی لە هەوادا بهەژێنێت و بڵێت، «لە ئێستاوە تا من پێت دەڵێم لاڵ دەبیت و لە بیر خۆتی دەبەیتەوە ڕۆژێک قسەت کردبێت و...».

دایکم بە ڕووگرژییەوە گوتی: ‹عومەری شەهلا دێوێکە، کە هەرگیز ناتوانی تێی بگەیت کەی تینووە و کەی تێر!‘.

پێکەنیم و گوتم: ’ئەمە خۆ تێگەیشتنی ناوێت‘.

دایکم مۆڕەیەکی لێ کردم و نێوچاوانی تێک نا و گوتی: ’ئاسۆ، نەتبینم ڕۆژێک لەگەڵ عومەری شەهلا بۆ هیچ شوێنێک بڕۆیت، تێگەیشتیت؟‘.

گوتم: ‹ئەدی ئەگەر ناچاری کردم؟›.

دایکم گوتی: ‹ناماقووڵی! خۆ زمانت لە دەمدایە، شەلیش نیت، یەکسەر وەرە و بە منی بڵێ!›.

گوتم: ‹بە چاوان›.

ئێستا نە شەل بووم، نە کتک** زمانی قرتاندبووم، بەڵام دایکم لە هیچ شوێنێک نەبوو و عومەری شەهلاش بەدوای خۆیدا ڕادەکێشام و منیش نەمدەتوانی هیچ بڵێم، نە بە ئەو، نە بە خۆم، نە بە دایکم و نە بە هیچ کەسی دیکە...

سێبەری ئەوی بنیادەمە لەو نێوەدا نەدەجووڵا، دەتگوت هەموو خەڵک بووەتە تەمێکی چڕ و بە عەرزیدا چووەتە خوار. دونیا کشومات بوو. سەرما لەودیوی چادرەکاندا مابووەوە و لە گۆڕی کچێک، کە زیلان بە ڕۆژین ناوی دەهێنا، ئاگرێک بڵێسەی دەدا. دەتگوت هەرچی ڕوحلەبەرە لەم شەوەدا مردووە، هەر هەمووان جگە لە عومەری شەهلا و من...

عومەری شەهلا سیخورمەیەکی لە تەرۆکی کوتام و گوتی: ‹کەمێک پێت هەڵێنە! ئاوا ناگەینە هیچ شوێنێک›.

سەرم بۆ لای گۆڕستان وەرسووڕاند و گوتم: ‹دایکە›.

عومەری شەهلا گوتی: ‹خواحافیزیی لێ بکە› و پێکەنی و درێژەی دایێ: ‹لە شارە گەورەکاندا پارەی باش دەست دەکەوێت! هەڵبەت زیندووەکان... مردووەکان خۆ ناتوانن پارە پەیدا بکەن›. هەمدیسان پێکەنییەوە.

من لەسەرەخۆ گوتم: ’بۆ مەگەر چەند پارچە کاغەز بە چ کەڵک دێن؟‘.

عومەری شەهلا گوتی: ’گوێم لێ نەبوو، بەرزتری بڵێ›.

گوتم: ’هیچ‘ و گریام.

عومەری شەهلا سیخورمەیەکی دیکەی خێواندە تەرۆکم و گوتی: ’خێراتر، درەنگ داهات›.

ئۆتۆمبێلێک لە ڕۆخ جادەکە وەستابوو، لەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەی، کە لە هەڵەبجەشدا هەبوون. ڕەنگی سپی بوو، بەڵام مۆدێلەکەی نازانم و ناچارم لەخۆوە مۆدێلێک بڵێم، هەرچەندە پێم باشترە ئەوە نەکەم، چونکە من زۆر سەر لە ئۆتۆمبێل و مۆدێلەکانیان دەرناکەم و ڕەنگە سەر لە تۆش تێک بدەم و هەمیشە بە دوای ئۆتۆمبێلێکدا بگەڕێیت، کە سپی بێت و مۆدێلەکەی بگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ و لە مارکەی کادیلاک بێت و ئێستا لە هیچ شوێنێک پەیدا نەبێت و بەم شێوەیە هەرگیز نەگەیتە ئەوەی مەبەستتە.

پیاوێکی قەڵەوی سەر کەچەڵ لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتبوو، کڵاوێکی نەخشێندراوی لە سەربوو و لەژێر لێوەوە هەر ورتەورتی بوو، وەک ئەوەی وێرد، یان دوعای بەڵاگێڕی بخوێنێت و بەردەوام نووکی سمێڵە کورت و تەنکەکانی دەقرتاندن و دەیجوین.

نەمدەتوانی بە خێرایی عومەری شەهلا ڕێگاکە ببڕم. قاچەکانم لە دووم نەدەهاتن و دوو هێڵی هاوتەریبیان لە دوامدا جێ دەهێشت. شوفێرەکە لە ئۆتۆمبێل دابەزی و دەرگای بۆ عومەری شەهلا کردەوە. من لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتم و عومەری شەهلا لە پێشەوە و بە دڵنیاییەوە بە شوفێرەکەی گوت: ‹بەڕێ بکەوە! یەکەم جار دەچینە ماڵی شێخ عەدنان›.

نمەنمە باران دەباری و بە جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە دەکەوت، بەڵام پێنەدەچوو بەردەوام بێت. سەرم بە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە نا و ئەو پیاوە قەڵەوە سەر تاسە لە ئاوێنەکەوە سەیری کردم و لێوی لێ هەڵتەکاندم. فێڵبازییێک لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا و چاوی چەپی، کە قێل** بوو لە هی ڕاستی بچوکتری پیشان دەدا. هیچ پێم خۆش نەبوو بیر لەو و عومەری شەهلا بکەمەوە. لە بیرکردنەوەشدا هەستم بە وەڕەسبوون و شەکەتی دەکرد. چاوم داخستن و هەموو ئەو ماوەیە بیرم لە هەواسی لانەواز و ئەوەی، کە دوێنێ شەو لە کوێ بووە و دایکم، کە حەوت مانگ دووگیان بوو، کردەوە.

هەواسی لانەواز گوتی: 'وەکو بنیادەمانت لێ هاتووە›.

گوتم: 'مەگەر پێشتر وا نەبووم؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'با، بەڵام...'.

نەمزانی بۆ قسەکەی قووت دایەوە و پێکەنی. منیش پێکەنیم. زیلان گریا و هەر سێکمان نەزری خۆمان بە درەختەکەی شێخ سەلّانەوە گرێ دا. من بۆ ئەوەی نەچمە سەنتەری چاودێری و ئەو بۆ زیلان و زیلانیش بۆ شاهۆ...

ئۆتۆمبێلەکە نەترێکی توندی کرد و ڕاوەستا. عومەری شەهلا بە پشتی دەست لە جامی ئۆتۆمبێلەکەی دا و گوتی: 'وەرە خوارەوە. دەبێ دەستە جلێکی بنیادەمانت بۆ بکڕم و...'.

ڕۆشنترین سات ئەوەی بەر لە خۆرکەوتنەوە بوو. تیرێژێکی ڕۆشنایی خزابووە نێو ئۆتۆمبێل و ئاوی لە چاوان دەهێنا. چاوم نیوە کراوە هێشتنەوە، دەسکی دەرگای ئۆتۆمبێلم ڕاکێشا و لە ئۆتۆمبێل دابەزیم و بە مەودایەکی کەمی نزیک لەو، چوومە نێو بازارگەیەکی گەورە و قەرەباڵغ، کە هێشتا دەرابی زۆربەی دوکانەکان هەڵنەدرابوونەوە.

چەند جارێک بە بیانووی هەڵکێشانەوەی شەلوارەکەم ویستم دەستم لەنێو پەنجەی عومەری شەهلا دەربهێنم و ڕابکەم و خۆم لە شوێنێک بشارمەوە و لە دەستی عومەری شەهلا و ئەو پیاوە قەڵەو و کەچەڵە خۆم قوتار بکەم، بەڵام نەمتوانی. شوفێرەکەی بە وردی زەینی هەر لەسەر من بوو و عومەری شەهلاش توند دەستی گرتبووم، وەکو گورگێک، کە بەرخۆڵەیەک بە کەڵبەکانی بە دوای خۆیدا ڕابکێشێت.

لە نێوەڕاستی بازاڕگەکە هەر سێکمان پێکەوە لە دوکانێکدا وەژوور کەوتین، کە جلوبەرگی دووراو و ئامادەی هەبوو و دونیایەک پارچەی ڕەنگاوڕەنگی بە دیواری دوکانەکەیەوە هەڵواسیبوون. سەرم لەبەر خۆم نابووەوە و دەستم لەنێو پەنجە زبر و عەرەقکردووەکانی عومەری شەهلا بوون و نیگام چەسپیبووە ناوکەوە چیمەنتۆکەی دوکانەکە، کە ساف بوو و دەبریقایەوە. عومەری شەهلا توند ڕایوەشاندم و گوتی: ‹ئەو هەموو لە عەرز ڕامانەت لە چییە، ها بگرە ئەمانە لەبەر کە›.

جلەکانم لێ وەرگرت، دەستە جلێکی کچانە، لەچکێکی سوور، جووتێک پێڵاوی پاژنەدار و هەڵبەت هەر تەنیا ڕەنگی سپی هەبوو، هەموویانم هەر لە ژوورۆچکەیەکی بچوک و قەرەباڵغی بنەبانی دوکانەکە، کە تۆپە قوماش و جلە دووراوەکانی لێ داندرابوون، پۆشین.

پیرەمێردی دوکاندار دەنگی هەڵێنا و گوتی: ‹بە بەرت دەکەن کچم؟›.

عومەری شەهلا بە سکەیەک توند لە دەرکەی ژوورۆچکەکەی دا و گوتی: ‹وەرە دەرەوە ببینم›.

سەرمم داخست و لە ژوورۆچکەکە هاتمە دەر.

دوکاندارەکە گوتی: ‹هەزار ماشەڵڵا! کچم، ئەم جلانە تەنیا لە تۆ دێن›.

پیرەمێرد دەشەلی، کامە قاچی بوو نازانم. تەنیا سێبەری لە ناوکەوی دوکانەکە بە خوار و خێچی دەردەکەوت.

عومەری شەهلا سەری هێنایە بن گوێم و گوتی: ‹دەی با بڕۆین›.

ڕوخساری گەنجتر بووبووەوە، ڕەنگە پەنجا ساڵ، یان زیاتر. ئاوساوییەکەی ژێر پێستی نەمابوو، کاتێک تیزەبزەی** دەکرد، ددانە زەردەکانی لە جاران ڕێکتر دەردەکەوتن.

پەنجە داغ و زبرەکانی عومەری شەهلا وەکو دەزوولەی** جاڵجاڵۆکە وا بوون. چەسپیبوون بە ئەنگوستە باریک و بێڕۆحەکانی منەوە و هەرچەندەی هەوڵم دەدا پەنجەکانم دەربێنم، زیاتر توند دەبوون و زیاتر دەیگوشین.

کەوتبوومە نێو تۆڕی نەهامەتییەوە،، تۆڕی عومەری شەهلا، کە پێشتریش خەونم پێوە بینیبوو. دڵم تێکئالابوو، هەر لە دوێنێ شەوێوە ڕەنگم بە ڕووانەوە نەمابوو و عومەری شەهلا ئەمانەی نەدەبینی، یان ڕەنگە بشیبینیبێت و خۆی لێ گێل کردبێت. وشە لەنێو دەممدا بۆنیان گرتبوو و نەمدەتوانی زارم بکەمەوە؛ فەرمانی خوائاسایانەی عومەری شەهلا بوو. گوتبووی ئەگەر دەمم بکەمەوە زمانم دەبڕێت و دوو پۆلووی گڕدار دەخاتە سەر پێڵووی چاومەوە و... هەندێک جار وەکو ئێستا لەگەڵ خۆمدا بیر دەکەمەوە، کە ڕەنگ بێت عومەری شەهلا یەکەم بوونەوەرێک بێت، کە خواوەند ئافراندبێتی،

لەبەر ئەوەیە کەوا هەست دەکات مافی خاوەندارێتیی بە سەر هەموو شتێکدا هەیە.

لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبووم، چاوم بە فرمێسکان تەڕ بوون و بەو چاوە فرمێسکاویانەوە سەیری پیرەمێردەکەم دەکرد، کە لە بەردەم دوکانەکەیدا هەروا وەک دارێک چەقیبێت، وەستابوو. دەستێکی بە پشتییەوە گرتبوو و دەستەکەی دیکەی بۆ عومەری شەهلا ڕادەوەشاند.

دایە خەجێ گوتی: ‹خەونەکانی عومەری شەهلا پڕن لە ژن و لە هەر کامێکیان و لە جوگرافیای جیاجیادا منداڵگەلێکی هەن، کە دەبێ کەفارەی هەر هەموویان بدرێت›.

دایکم گوتی: ‹سوپاس بۆ خوا، کە ئاسۆ منداڵی ئەو نییە›.

دایە خەجێ گوتی: ‹زریان، تا زووە بە شووی بدە!›

دایکم مۆڕەیەکی کرد و گوتی: ‹ئەیەڕۆ دایە خەجێ، هێشتا تەمەنی نۆ ساڵانە!›.

دایە خەجێ گوتی: ‹بەڵام جوانکیلەیە! ڕەنگە عومەری شەهلا بەڵایەکی بەسەر بێنیت. لەسەر من هەر گوتنە›.

دایکم گوتی: ‹نا، تا ئەو کاتەی من زیندووم›.

عومەری شەهلا گوتی: ‹ئۆتۆمبێلەکە کلیل دە. ڕەنگە کەمێکمان پێ بچێت. ئاسۆ، دابەزە.

بە بێدەنگی لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم. تەنانەت بە بیریشمدا نەهات بڵێم بۆچی و ڕێک وەکو ئەو بازیچە لە تەختە و پەڕۆ

دروستکراوە شل و شێواوانەی شەوی جەژن، کە تەنیا چەند دەزوویێکیان بە دەست و قاچیانەوە دەکەن و هەر منداڵێک یەکێکیان بە دەستەوە دەگرێت، ئاوا بە دوایانەوە بووم و لە کۆڵانێک چووینە ژوور، کە چوار پێنج ماڵی زیاتر لێ نەبوون و هەر چوار لای دوکان و موغازە بوون و چەند دار هەنارێک لەو سەری کۆڵانەکە نازیان دەکرد، بۆ کێ، نازانم!.

عومەری شەهلا سەری لە گوێم نزیک کردەوە و گوتی: 'شێخ عەدنان هەر شتێکی گوت، دەمت ناکەیتەوە، بە هیچ شێوەیەک. تەنیا بە ئاماژەی سەر وەڵامی دەدەیتەوە، تێگەیشتیت؟'.

سەرم داخست، لە ماڵێک وەژوور کەوتین، کە پەنجەرەکانی وەکو شاڵی پشتی خاوەنەکەی سەوز بوون. پیاوێک دەرگای حەوشەی لێ کردینەوە، کە لاوازێکی ڕیتەڵە بوو، چوار ژنی هەبوون و ئەنگوستێکی پێی چەپی قرتابوو و خراپ دەشەلی. شاڵێکی سەوزی لە پشتی ئاڵاندبوو و تەسبیحێکی شینی بە دەستەوە بوو. عومەری شەهلای گرتە باوەش و گوتی: 'بەخێر بێن کاک ڕەفیق!'.

ڕەفیق ناوێکی دیکەی عومەری شەهلا بوو و منیش وەکو تۆ تازە گوێم لێی دەبوو. نەمدەزانی داخۆ خەریکە چ ڕوو دەدات و بۆچی عومەری شەهلا منی هێناوەتە ئێرە و چ شتێکی لەبن سەردایە. دڵم گەرەکی بوو لە قەفەسی سنگمدا

دەربپەڕێت و هەردوو لەپی دەستم تەڕ بوون و...

چوار ژنی قەڵەو لە چوار گۆشەی حەوشەکەدا دانیشتبوون و سەوزەیان پاک دەکردەوە، هەر ئەوەندە و هیچ پیاوێکی دیکەی لێ نەبوو. چەند ژوورێکی ناڕێک لە دالانێکی باریکدا بە دوای یەکدا ڕیزکرابوون و هەموو شتێکی ئەو ماڵە سەیر لەگەڵ یەکدا ناکۆک بوو.

لە ژوورەوە ئێمە هەر سێ کەس بووین، کەسی چوارەم، کە نازانم کێ بوو و منی باش دەناسی، لە پشت پەردەیەکی ئەستووردا بە پێوە وەستابوو و بەردەوام دەکۆکی. هەر سێکمان لە ژوورێکی پڕ لە کتێب و پارچە و پەڕۆی سەوز دانیشتبووین و لە تەنیشت هەر یەکێکمان بالیفێک داندرابوو و پیاڵەیەک چای کەمڕەنگی گەرمیشمان لە پێش بوو. نیگای من لەسەر گوڵێکی مافوورەکە بوو، کە دوو پەڵەی ڕەشی کەوتبوونە سەر و لەبەر چاوی مندا تا دەهات گەورەتر دەبوون، بەڵام نیگای عومەری شەهلا و شێخ هەموو لایەکی ژوورەکەیان گرتبووەوە و دواجار تێکهەڵنگوتن و گفتوگۆ دەستی پێ کرد. گفتوگۆیەکی نە ئەوەندە درێژ لە نێوان عومەری شەهلا و شێخ عەدناندا دروست بوو و لەو میانەشدا چەند چای دیکە خورانەوە، دوو جار دەنگی مەلابانگدان بەرز بووەوە و شوفێریش نۆ جار هات و چوو و هەر نۆ جارەکەش بە دەنگی بەرزەوە گوتی: ’درەنگ داهات‘ و عومەری شەهلاش

هەموو جارێک لە وەڵامیدا پێی گوت: 'کەمێک بوەستە!'.

شێخ عەدنان بە دەنگێک، کە لە باڵەفرکەی کۆترێکی نێو قەفەس دەچوو، پرسی: 'کاک ڕەفیق، باڵق بووە؟'.

عومەری شەهلا سەیرێکی منی کرد و گوتی: 'بەڵێ، یەک دوو مانگ دەبێت'.

شێخ عەدنان گوتی: 'کچی باش ناوت چییە؟'.

عومەری شەهلا کۆکەیەکی کورتی کرد و گوتی: 'لاڵە، کەسوکارێکیشی نییە. منیش هاتووم خێرێک بکەم ئەگەر خوا بیەوێت!'.

شێخ دەستێکی بە ڕدێنە درێژ و زیوینەکەیدا هێنا و گوتی: 'پیرۆزە'.

کەمێک دواتر کتێبەکەی لێککردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی هەندێک ڕستەی عەرەبی، هەردووکمان تێگەیشتین، هەم من، هەم عومەری شەهلا، تەنیا ڕادەی تێگەیشتنمان لێی لەگەڵ یەکدا جیاواز بوو.

ئەم بیرە کەمێک پێشتر پێم وایە هەمان دوێنێ شەو بە مێشکی عومەری شەهلادا هاتبوو و بە ڕوونی دیار بوو، کە هی خۆیەتی و دواجار خەریک بوو بە ئەنجامی دەگەیاند، بە بێ کەمترین ئازاری ویژدان و... ترس دایگرتبووم، دەتگوت جلی چڵکن لەنێو دڵمدا دەشۆن. ناو سەرم ورمەورمی بوو. دەتگوت ڕێک لە نێوەڕاستی چاخانەی حەسەنی سمێڵ قیت

دانیشتووم و هەموو پیاڵەکانم خستوونەتە نێو ئاوی ساردەوە، دەستم لە سەرمان ڕچیبوون و لێویشم هەروا. عومەری شەهلا نقورچەیەکی توندی لە قاچم گیر کرد و من سەرم هەژاند و شێخ عەدنان خێرا خێرا گوتی: ’پیرۆزە ئینشاڵڵا!‘.

«دایە خەجێم بیر کەوتبووەوە، ئەو شەوەی، کە بەیانییەکەی ناشتیان و گۆڕەکەیان بە خۆڵ و مێخەکی چندراو و چنگێک ڕەزیانە داپۆشی“.

دایە خەجێ گوتی: ’هەموو کەسێک خوای هەیە، تەنیا خواکانیان لەگەڵ یەکدا جیاوازن›.

گوتم: ’چۆن؟ مەگەر ئەوە دەبێت؟‘.

دایە خەجێ گوتی: ’بۆ نابێت؟ ژیلوان، ئەو کوڕە ئەرمەنییە ئێژم، ئەویش خوای خۆی هەبوو، بەڵام خواکەی ئەو لەگەڵ خوای من ئاسمان و ڕێسمان لەیەک جیاواز بوون؛ هەر لە بەر ئەوەش ونم کرد...‘.

گوتم: ’هەموو خواکان میهرەبانن؟‘.

دایە خەجێ گوتی: ’نە هەموویان! ئەوانەی، کە مرۆڤ دروستیان دەکەن ترسناکن، زۆریش ترسناک›.

من لەو ڕۆژەوە هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە، کە خوای عومەری شەهلا و ئەو شێخە دەشێت چەندە ترسناک بێت.

***

٩

شێخ عەدنان چاوی کز بوون و ئەو ترسەی سەر ڕوخساری منی نەدەبینی. سەرم هەڵبڕی و لە ڕوخساری ڕامام، کە هەر ئەوەبوو لەنێو دووکەڵی جگەرەی عومەری شەهلادا دەبیندرا. لێوی سپی هەڵگەڕابوون و قەڵشیبوون. وابزانم بەڕۆژوو بوو، چونکە تا خۆرئاوابوو دەمی لە هیچ شتێک نەدا. نازانم، بەڵکو واش نەبێت، خولقی بە قیافەی عومەری شەهلا تێک دەچوو و هیچی بە ڕووی خۆی نەدەهێنا، ڕێک وەکو من...

هەموو شتێکی سەر ڕوخساری شێخ عەدنان لەگەڵ یەکدیدا هەماهەنگ بوو جگە لە لووتی، کە کەمێک بەوە دەچوو ئاوسابێت، بەڵام چاوی جۆرێک بوون، هیچ کەس سەری لێ دەرنەدەکردن، ئەمە پەیوەندیی بە جامە ئەستوورەکانی چاویلکەکەیەوە نەبوو. نەریت وابوو کەس لە چاوی شێخ ڕانەمێنێت و...

عومەری شەهلا نیگای کەوتبووە سەر پەرداخێک، کە لە پشت سەری شێخ لەسەر ڕەفەیەکی گەورە داندرابوو و دوو دانە ددانی تێدابوو.

گوتی: ’میوانت هەن؟‘.

شێخ دوو جار کۆکی و بە خنکەخنکێک، کە لە سنگییەوە هات، گوتی: ’نە، هیچ کەس‘.

عومەری شەهلا بەو دڕدۆنگییەی، کە هەمیشە لەگەڵیدا بوو، سەری بە هەر چوار دەوری خۆیدا سووڕاند و بە ئارامییەوە گوتی: ’دەبێ چەندتان بدەمێ؟‘.

شێخ چاویلکەکەی کەمێک بەرزکردەوە و گوتی: ’کارێکم نەکردووە! ئەمە چ قسەیە؟ ئێوە لەوە زیاتر مافتان بەسەرمانەوە هەیە‘.

عومەری شەهلا دەمی خوار کرد و گوتی: ’ئاوا خۆ نابێت‘ و پاشان بە خێرایی شتێکی خستە نێو دەستی شێخ و درێژەی پێ دا: ’هەڵبەت شتێکی وا نییە! خوا قسمەت بکات جاری دادێت تۆڵەی دەکەینەوە‘.

شێخ پێکەنی و بە هەمان ئەو پێکەنینەی، کە بەسەر لێوەکانییەوە وشک بوو، گوتی: ’ئێستا ئەم پەلەیەی بۆ چییە؟ ئەمشەو بمابانەوە. نان و ماستێکمان پێکەوە دەخوارد. لە خوای بە زیاد بێت چی زۆر ژووریشمان هەیە بۆ...‘.

عومەری شەهلا گوتی: ’نە، ناتوانین بمێنینەوە، ئێستاش زۆر دوا کەوتووین‘.

شێخ تەسبیحەکەی نۆ جاران بە دەوری پەنجەیدا ئاڵاند و گوتی: ’خوا پشت و پەنات بێت! هەر کاتێک ڕێتان کەوتە ئەم

دەوروبەرە سەرێکیش لە ئێمە بدەن›.

عومەری شەهلا دەستی دانایە سەر چاوی و گوتی: ‹ئێوەش هەروا! هەر کاتێک هاتنە تاران، هەر دەبێ سەرمان بدەن›.

شێخ گوتی: ‹مەگەر ناگەڕێیتەوە عێراق؟›.

عومەری شەهلا هەردوو دەستی خستنە گیرفانی شەلوارەکەی و گوتی: ‹نا، ئێستا نا›.

تاران ئەو شوێنە بوو، کە بڕیار بوو بۆی بچین، هەڵبەت لەو بارەیەوە زۆریش دڵنیا نیم. هەزار جۆر ڕێوی لەنێو ورگی عومەری شەهلا هەن، کە کلکی هیچ کامیان بەوەی دیکە ناخوات و ناتوانم لە قسەکەی دڵنیا بم.

تا شوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی سووڕاندەوە و هێنای و ئێمە سواری بووین، زۆری پێچوو، لەو ماوەیەشدا عومەری شەهلا و شێخ شتگەلێکیان بە بن گوێی یەکدا چرپاند و پاشان زۆر زوو بێدەنگی کەوتە نێوانیان. نیگای هەردووکیان بۆ لای من بوو و منیش بێئەوەی گرنگیان پێ بدەم بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکە چووم و سوار بووم، ڕێک وەک بووکەڵەیەک، کە قورمیش کرابێت.

خۆر ستوونی بە زەوی دەکەوت و ڕەنگێکی وەک خشتی نێو کوورەی بە درەختان دەدا. سێبەری شوفێرەکە لەنێو قاچەکانیدا گرمۆڵە بووبوو. کاتێک، کە بۆ لای ئۆتۆمبێل

دەگەڕایەوە هەنگاوەکانی شل و خاو بوون و بەسەر نێکیدا دەلەنگی، بە جۆرێک وەک ئەوەی مەست بێت، ئا بەم شێوەیە سەری لە جامی ئۆتۆمبێل هێنایە ژووریێ و لە لێوەکانم، کە لەخۆوە دەجوولان ڕاما و گوتی: ’ئەوە ئەو ورتەورتە چییە لەبەر خۆتەوە دەیکەیت؟‘.

چاوم داخستن، وەک ئەوەی هیچم نەبیستبێت وەڵامم نەدایەوە و لەگەڵ خۆمدا کەوتمە قسەکردن...

دایکم وەک کەسێک، کە شتێکی گرنگی ون کردبێت سەیری ڕوخساری کردم و گوتی: ’ئەوە ئەم ورتەورتەت لە چییە؟‘.

سەرم لەقاند و گوتم: ’هیچ! خەریکم بەڵێن بە خۆم دەدەم‹.

دایکم دەستی بۆ لەچکەکەی برد و گوتی: ’چ بەڵێنێک؟‘.

گوتم: ’بەڵێن دەدەم، کە ئەم ڕەوشە زوو دەگۆڕێت‹.

دایکم گوتی: ’کام ڕەوش؟‘ و باش دەیزانی، کە مەبەستم دارکاریکردنی ڕۆژانەی باپیرەیە.

دەستم دانایە سەر شانم و گوتم: ’هەموو بەدەنم...‘.

باپیرە نەڕاندی: ’ئاسۆ‹.

دایکم ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا. پاشان دەستی خستە ژێر چەناگەی و گوتی: ’ئەم ماوەیە بیری هەموومان پڕە لە فڕین و...‘.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ’ئاسمانی نزم، کوا دەرەتانی فڕین دەداتە کەس؟‹.

دایکم مۆڕەیەکی کرد و بە گرژییەوە گوتی: ‹ئەگەر فڕین بزانیت، نزمی و بڵندی ئاسمان زۆر جیاوازی نییە›.

من لەژێر لێوەوە گوتم: ‹فێر دەبم›.

شوفێر گوتی: ‹ئەوە لەگەڵ خۆت چ ورتەورتێکتە ؟›.

سەرم بە خێرایی هەڵبڕی و بە شێوەیەک سەیری چاو و دەم و لچی شوفێرەکەم کرد، کە لە شوێنی خۆی تاسابوو و لەژێر لێوەوە گوتی: ‹بیسمیللا...›.

لە دڵی خۆمدا خەریک بووم بەڵێنم بە خۆم دەدا، کە ئەم ڕەوشە زۆر درێژە ناکێشێت، بەڵام ڕاستگۆیانە بڵێم ئەمە هەر تەنیا دڵدانەوەیەکی کاتی و سەرپێیی بوو و ئەوەندە بەڵێنێکی تۆکمە نەبوو، کە بتوانێت لەو دڵەڕاوکە و نیگەرانیەم دەرباز بکات و ترسم بڕەوێنێتەوە.

گریان قوڕگی گرتبووم، ددانم بە یەک دەکەوتنەوە و دەستم وەک ئەوەی بیانەوێت ئاوازێکی مۆسیقا بژەنن بە شێوەیەکی هاوسەنگ دەجووڵان. دووبارە چاوم داخستن و بە خۆمم گوت: ‹ئەمە هەمووی تەنیا خەونێکە، هەر ئەوەندە و بەس...›.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو، کە نەخەوتبووم و عومەری شەهلا خەریک بوو بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە دەهات و هەڵسوکەوتی هیچ بە کەسانی نێو خەونان نەدەچوو. چاوم کردنەوە و دووبارە دامخستنەوە، ئەم جارە توندتر لە پێشان. وام زانی

ئاوا باشترە و لانی کەم قورسایی نیگای عومەری شەهلا ناکەوێتە سەر ڕوخسارمەوە و سیخورمە لە تەرۆکم نادات.

هەواسی لانەواز دەستی دانایە سەر شانم و گوتی: ’ببوورە! نەمدەویست لێت بدەم. ئاخر لێرە زۆر زوو ناووناتۆرە بۆ کچان هەڵدەبستن و ئێ خۆ سێوەریش کچە ئیدی‹.

ئاورم لێ دایەوە و گوتم: ’گرنگ نییە›.

هەواسی لانەواز پێکەنی و گوتی: ’بە ڕاستی دڵێکی بێگەردت هەیە ئاسۆ...‘.

ویستم بڵێم منیش کچم، بەڵام پیاوانە بەڵێنم بە هەواسی لانەواز دابوو، کە وەکو برایەک ئاگام لە سێوەر بێت و ئەم بەڵێنە پیاوانەیە زیاتر دڵخۆشی دەکردم و هەواسی لانەوازیش زیاتر متمانەی پێ دەکردم، لانی کەم من وای بۆ دەچووم.

دایکم گوتی: ’لە کوێ بوویت؟‘.

وەڵامیم نەدایەوە. تاقەتی هیچ کەسم نەبوو، هیچ کەس جگە لە خۆم.

دایکم پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: ’ئەوە لەگەڵ تۆم نییە؟ لە کوێ بوویت؟‘.

خۆم وێک هێنا و گوتم: ’هیچ جێیەک! تا سەری کۆڵان چووم و زوو گەڕامەوە›.

دایکم گوتی: دەتەوێت سووەزگم** بکەیت؟ هەواسی لانەواز چ کارێکی پێت هەیە؟›.

هیچم نەگوت، هیچیشم نەبوو بیڵێم. دایکیشم ئیدی هیچی نەگوت، تەنیا بە توورەیی و ڕووگرژییەوە دەهات و دەچوو و جنێوی دەدان، لەژێر لێوەوە ناوێکی دەهێنا بە دڵنیایی ناوی هەواسی لانەواز بوو.

قاچی ڕاستم هێشتا هەر دەشەلی و چەند پەڵە پەڵەی شینهەڵگەڕاوی لێرە و لەوێ بە ڕوخسارمەوە مابوون، کە خەریک بوون چاک ببنەوە، بەڵام دایکم هێشتا لە چوونەدەرم دەترسا.

یەکێک گوتی: 'وەرنە دەرەوە، دابەزن›.

عومەری شەهلا گوتی: 'هاوسەرمە، ئەمەش قەباڵەکەی. لاڵە قوربان. ناتوانێت قسە بکات›.

کابرا سەری لە ئۆتۆمبێلەکە هێنایە ژوور، قەباڵەکەی چەند جارێک ئەمدیو ئەودیو کرد و گوتی: 'دەچنە کوێ؟‘.

عومەری شەهلا گوتی: 'تاران، ئەگەر خوا بیەوێت!‘.

سەرم هەڵبڕی پیاوێک بە جلی سەربازی لەو جۆرانەی، کە هاتبوونە هەڵەبجە لە پێش ئۆتۆمبێلەکە وەستابوو و بە وردی خەریک بوو هەموو شتێکی دەپشکنی. ویستم لە ئۆتۆمبێلەکە داببەزم، بەڵام شوفێرەکە گوتی، کە لە شوێنی خۆم دابنیشم، گوتی ئەمە فەرمانە!

ڕقم لە شێوازی قسەکردنەکەی بووەوە، نەک لەبەر دەنگەکەی، نەک لەبەر ئەوەی، کە نۆکەری عومەری شەهلا

بوو و دەنگی بە دەنگی ئەو دەچوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی، کە عەنتەری دەکرد، ڕێک وەکو مامۆستای پۆلی دووەممان...

لە سایدی ئەوبەری جادەکە چەند مینیبووسێک بەڕیز وەستابوون و دەستە دەستە خەڵکیان سوار دەبوو. ڕوخساری هەموویان وەک یەک بوو، بە ڕیشێکی کورت و هەر یەکەو پەڕۆیەکی سەوزی بە نێوچاوانەوە بەستبوو و گشتیان پێدەکەنین.

عومەری شەهلا دەستی کابراکەی ماچ کرد، هاتەوە نێو ئۆتۆمبێل و گوتی: ‹هیچوپووچی ناکەس بەچە! خۆیشی نازانێت بۆ ئۆتۆمبێلی ڕاگرتووە!›.

شوفێر قسەیەک و عومەری شەهلا دوو قسەی دەکرد، هەر خوا دەزانێت بە تەما بوون تا کەی کفر بکەن و جنێو بە دونیا و بنیا بدەن...

نزیکەی بەرەبەیان داهاتبوو. من چەند کاتژمێر زیاتر بوو خەوتبووم و هێشتاش خەوم هەر دەهات. بۆنی چڕە دووکەڵی جگەرە هەوای نێو ئۆتۆمبێلەکەی تاریک داهێنابوو. عومەری شەهلا چاوی بە جامی ئۆتۆمبێلەوە نابوون و بەو تاریکییە لێی دەخوڕی و شوفێرەکە لە تەنشتییەوە ڕۆچووبووە نێو کورسی و خەوی لێ کەوتبوو. ڕۆشناییێکی کز لە نێو ئۆتۆمبێلی دەدا و هەر زوو لەگەڵ دووکەڵی جگەرەکەی لالێوی عومەری شەهلا تێکەڵ دەبوو و ماکی خۆی لە دەست دەدا.

کۆکە ڕکەی لێ گرتبووم و لەگەڵ کۆکین قەفەسەی سنگم وەک هەنبانە سەیر بەرز و نزم دەبووەوە و ئازار تینی بۆ دەهێنام. دەنگێک لە شوێنێکی دوورەوە لە گوێمدا دەزرنگایەوە و دەیگوت: ‹ڕاکە، خێراتر›.

من نەمدەتوانی خۆم لە کورسیی ئۆتۆمبێلەکە بکەمەوە و جیا ببمەوە، وەک ئەوەی لەوێدا توابمەوە. سەرم بۆ هەر لایەک دەسووڕاند پیاوێک لە تەنیشت پیکەبێکەوە وەستابوو، ژنێکیش ڕێک لە نێو کۆمەڵێک تەرمی بەسەریەکدا کەڵەکەکراودا بە دوای کەسێکدا دەگەڕا و هاواری دەکرد. دەنگی لە دەشتێکی کاکی بە کاکی دەزرنگایەوە، دەبووە قەلەڕەش و بۆ لای خۆی دەگەڕایەوە و دەیگوت: ‹مەرگ، مەرگ!›.

هەناسەم نەدەهات و پێنەدەچوو عومەری شەهلا بیەوێت جامی ئۆتۆمبێلەکە بێنێتە خوار. ئێستا ئیدی کۆکە تەواو بڕستی لێ بڕیبووم، کۆکەی قووڵ و لەسەر یەک. هەموو جارێک کۆکەکانی دایکمم بیر دەکەوتنەوە، کاتێک، کە ڕایدەکرد و مەرگ دوای کەوتبوو و دەیلووراند...

شوفێرەکە لە خەو هەستابوو، کەی، نازانم. بەو ڕووەگرژەیەوە لە بنەوە هەر سەیری دەکردم و دەیویست بڵێ مەرگ، بەڵام لە ترسی عومەری شەهلا هەموو جار قسەکەی خۆی قووت دەدایەوە و لە داشبوردی ئۆتۆمبێلەکە

ڕادەما، کە ڕەنگی ڕەش بوو و دەستی عومەری شەهلای پێوە نووسابوو.

بۆ چەند ساتێک هەستم کرد مردووم. نەمانی ئۆکسجین لەنێو سی و ڕاوەستانی لێدانی ترپەی دڵم هەست پێ کرد...

شوفێرەکە هەر دوو چاوی بە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە نان و گوتی: 'لە دەستی دەدەین ها!'.

من تێگەیشتم مەبەستی منە. عومەری شەهلا چارەیەکی نەبوو، یان دەبا ئۆتۆمبێلەکە ڕابگرێت، یان جامەکەی کەمێک بێنێتە خوار و ئەو، بژاردەی دووەمی هەڵبژارد. جامی ئۆتۆمبێلەکەی کەمێک هێنایە خوار و فلتەری جگەرەکەی تف کردە ڕۆخ جادە و کەمێک دواتر دیسان یەکێکی دایە بەر جنێوان، کە نازانم کێ بوو.

هەوای نێو ئۆتۆمبێلەکە کەمێک گۆڕا و ئێستا هەناسەکانی منیش باشتر بوون.

عومەری شەهلا خەریک بوو سەری خۆی دەخوراند، بەڵام شوفێرەکە زیاتر ڕۆچووبووە نێو کورسییەوە و من بۆ نۆیەمین جار چاوم داخستن و بیرم لەوە کردەوە، کە کەسێک ئەگەر قاچی چەپی نەشکابێت و لە خۆشییان دڵی نەوەستابێت چۆن دەمرێت. وێنەی دڵبەرم بۆ چەند چرکەیەک بە زەیندا تێپەڕی، بەو دڵە شووشەییە و ئەو لەچکەی، کە خۆی پێ خنکاند. دەستم بۆ لەچکەکەی سەری خۆم برد.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ’خۆزگە بنیادەمیش وەکو وشتر کۆپانی** هەبایە. ئەو کات بۆ ڕۆژی پێویست تا بیتوانیبا بۆ خۆی خۆشحاڵیی دادەکرد!›.

دایە خەجێ گوتی: ’بنیادەم هەزار کۆپانیشی هەبایە بێهوودە بوو، دواجار ئاوارەیی و مەرگ، هەمووی لێ وەردەگرتەوە...‘.

خەریک بووم بیرم لە مەرگ دەکردەوە، لە مەرگ و ئەو ئومێدەوارییەی، کە من نەممابوو و بە دڵنیاییەوە دیارە لە جێیەک ونم کردبوو. لەچکەکەمم توند لە ملم گرێ دا. وامزانی ئاوا دەتوانم بمرم، بەڵام نە بەو گرێدانە توندە و نە بەو دەست خستنە قوڕگەمەوە نەمردم و... لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە خۆ بەخورتی ناکرێت بمرم. دەبێ ڕێگەیەکی دیکەش هەبێت، بەڵام چ ڕێگەیەک؟ زۆر تراویلکەی ئایندە ڕوویان تێ کردبووم و بە خێرایی بۆم دەهاتن، لێ کز و بنێس بوون و لەنێوەی ڕێگا، نائومێدی بە بێ زەحمەتییێکی ئەوتۆ دەستی لە بیناقاقایان گیر دەکرد و دەیخنکاندن و بۆ دواوەی تووڕ دەدان، بۆ ئەو شوێنەی، کە لێیەوە هاتبوون و لەبن لێفەیەکی تەڕدا دەیخەواند و پەیتا پەیتا پێی دەگوتن، ”دایناسۆر» و من ئێستا ئیدی دەمزانی، کە بەشێکم لە چیرۆکی دایناسۆر و هیچ ڕێگەیەکی دیکەش نییە و ئەگەر زۆریش بە شانس بم، دەبمە یەکێکی وەکو دایکم و دواجار ئەم چیرۆکە لە شوێنێکی خراپ کۆتایی دێت.

عومەری شەهلا توند دەستێکی لێ دام و گوتی: ‹ەۆرزەوە گێرە›**، کە من چاوم کردنەوە و شوفێرەکە پێکەنی و گوتی: ‹بیرم نایە کەس ئاوا خراپ هەورامی گۆ کردبێت›.

عومەری شەهلا لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و تۆپەڵێک دووکەڵ و بۆنی کەسکوونی عەرەقی لەگەڵ خۆیدا لە ئۆتۆمبێلەکە هێنایە دەر و... ڕەنگوڕوو بۆ جامەکان گەڕایەوە.

ئۆتۆمبێلەکە لە کۆڵانێکی بنبەست وەستابوو، کۆڵانەکە سەرێکی دەگەیشتەوە سەر شەقامێکی فراوان، کە لە هاتوچۆی ئۆتۆمبێلدا جمەی دەهات. خانووەکان بە خشت دروستکرابوون، بە دەرگای گەورە و تاک و تەرا درەختێک لە بەردەرگای یەکێک لە ماڵەکاندا هەبوو، جگە لەو وێنە لە چوارچێوە گیراوانەی، کە تیسماری** ڕەشییان پێوەکردبوون و تا چاو بڕ بکات گوڵ و گڵۆپی وردیلەیان پێوە هەڵواسیبوون و پیاوێکی خەمگین ئاوا بە پێوە پاڵی بە دیوارەوە دابوو.

شوفێرەکە شتێکی بە دەستەوە بوو، کە لە جانتا دەچوو، بەڵام جانتا نەبوو و خەریک بوو دەیبردە یەکێک لە ماڵەکانی نێوەڕاستی کۆڵانەکە و هەیکەلی چەند خانووێکی دیکەش، کە کاریان تێدا دەکرا لە دەوروبەردا دەبیندران. خانووەکە دوو دەرگای هەبوون، یەکێک باریک و ئەوەی دیکەیان پان و هەردووکیشیان شین بوون، شینێکی تۆخ...

عومەری شەهلا لەتەک ئۆتۆمبێلەکە وەستا بوو، ڕێک لەبەردەم ئەو دەرگایەی، کە باریک بوو. دەستی خستبووە سەر سنگی و خەریکبوو سڵاو و چاکوچۆنی لەگەڵ پیرەمێردێکدا دەکرد، کە لەسەر بانی ئەو ماڵەی بەرامبەر وەستابوو و سەیری ئێمەی دەکرد. شوفێرەکە دەرگای ئۆتۆمبێلی پێوە دا، هاتە پێشەوە و شتێکی چرپاندە گوێی عومەری شەهلا و ڕۆیشت، بۆ کوێ، نازانم. من پێم وابوو ئەو دەرفەتەی، کە دەمویست ئەمەیە و تا عومەری شەهلا سەری بە چاکوچۆنی لەگەڵ ئەو پیرەمێردەوە گەرمە ڕابکەم و خۆم لە شوێنێک بشارمەوە. چەند هەنگاوێک بۆ دواوە بەرەو لای ئەو شەقامە فراوانە، کە نەمدەزانی ناوی چی بوو و دەگەیشتە کوێ، ڕۆشتم، بەڵام عومەری شەهلا هەر خێرا بە دوو سێ شانقاوی درێژ بەر لەوەی کارێک بکەم خۆی گەیاندمێ و توند دەستی گرتم و وەکو بەچکە پشیلەیەکی برسی بە دوای خۆیدا ڕایکێشام و بردمیە ژوورەوە.

خانووەکە خانووێکی گەورە بوو، بەڵام هەموو شوێنێکی دوو پەنجە تۆز و گەردی لەسەر نیشتبوو. دەتگوت گۆڕخانەیە و بەو هەموو سادەییە ڕواڵەتییەی، کە هەیبوو، کەچی وەک عومەری شەهلا بەسام و ترسناک بوو و پێدەچوو لەو جۆرە خانووانە بێت، کە بۆ کاری زۆر گرنگ دروست دەکرێن، ڕێک وەکو خانووەکەی حەسەنی سمێڵ قیت....

ناوەڕاستی حەوشەکەی پڕی خرتوپرت و مێشومەگەز بوو. سەیری دەرودیوارەکانیم دەکرد، کە تەنیا ڕووکاری دەرەوەی کەرپووچ بوو و ڕووی ژوورەوە یەک بست قەوزە و گیاکەڵە داپۆشیبوو و ئەو قەوزە و گیاکەڵەیە تا دیوارەکانی ئەو سەری حەوشەکەیان گرتبوو. عومەری شەهلا دەستی ڕاستی دانابووە سەر ئەو قەوزە سەوزباوەی بەردەم دەرگای هاتنە ژوورەوە و بە دەستی چەپیشی قاچی خۆی بەوپەڕی دڵەڕاوکێوە ڕادەوەشاند، بە جۆرێک ، کە واتدەزانی دەیەوێت ئەو بەفرەی دوێنێ شەو باریبوو لە پێڵاوەکانی دەکاتەوە، دواتر بێئەوەی ڕووی دەمی لە من بێت گوتی: ’تۆز و خۆڵی ئێرە هەمووی بە هۆی پێستی کەسانی مردووەوەیە‘ و پێکەنی.

بیرمە بەسەختیی تفی دەمم قووت دایەوە، لە عومەری شەهلا ورد بوومەوە و هەر بیرم لەوە کردەوە، کە ڕۆژانە چ کەسێک لەم خانووە گەورە و تاریکەدا دەمرێت، دووبارە زیندوو دەبێتەوە و ئەو هەموو تۆز و خۆڵە لە دوای خۆیدا بە جێ دێڵێت.

باشم بە بیر نایەتەوە بۆچی لە ناوەڕاستی حەوشەکە وەستابووم و بۆچی نەدەجووڵام و لەسەر ئەو پنتە پەمەییەی ناوەڕاستی حەوشەکە چەقیبووم و دەتگوت شتێک توند قاچی گرتبووم و هەرچی تەقەللام دەدایە بەر خۆم بەری نەدەدام.

عومەری شەهلا وەکو قوڕگێکی بریندار نەڕاندی: ’چ

دەردێکتە؟ بۆ نایەیت؟'.

هەر لەجێی خۆم لە دەموچاوی عومەری شەهلا، کە ڕەنگی گۆڕابوو ڕامام. ڕەنگی وەکو خوێنی کەروێشکی لێ هاتبوو و خەریکبوو دەمەیی. خوێنی کەروێشکم لە حەوشەی ماڵی سێوەر بینیبوو. هەواسی لانەواز سەری بڕیبوو و خوێنەکەی دابووە کاک هەیاس تا بیخواتەوە و هەناسە تەنگییەکەی چاک ببێتەوە، بەڵام چاک نەبووەوە، چونکە حاڵی کاک هەیاس هەرگیز چاک نەبووەوە. لانی کەم من بیرم نایەت... هەواسی لانەواز گوتی: 'ئاسۆ، تۆ لە من دەترسیت؟'.

گوتم: 'نابێ بترسم؟'.

هەواسی لانەواز گوتی: 'بمبوورە من نەمدەویست لێت بدەم!'.

گوتم: 'بەڵام خۆ لێت دام›.

هەواسی لانەواز گوتی: 'ئیدی تێپەڕی! بیری لێ مەکەوە›.

سەرم لەقاند و گوتم: 'بەڵام هێشتا گیانم هەر ڕەش و شینە، هەموو بەدەنم دێشێت›.

عومەری شەهلا دەستی ڕاکێشام و گوتی: 'وەرە، پێویست ناکات بترسیت!›.

ئەمەی بە دەنگێکی نزمەوە دەربڕی و لەپڕێکدا ڕوخساری وەکو دە مردوو تووڕە دەرکەوت و بە چاولێکنانێک گۆڕا و بووە شتێکی دیکە. لێم نزیک کەوتەوە، نزیک و نزیکتر...

زیلان گوتی: ‹ئاسۆ، سەنتەری چاودێری شوێنێکی خراپ نییە›.

من بۆ نەچوونە سەنتەری چاودێری دوو جار لە چاکی شێخ سەلان نەزرم کردبوو و حەوت جار بە دەوری درەختەکەیدا خولابوومەوە. زیلان لێم نزیک بووەوە و گوتی: ‹ئاسۆ، چیدی مەچۆ گۆڕستان، دەمت بۆنی خۆڵی لێ دێت.›

خۆم کشاندە دواوە و لەژێر لێوەوە گوتم: ‹هی باکەیە، توند دەشنێ و ئەم خۆڵ و تۆزەم دەخاتە نێو چاو و قورگ و لوتەوە›.

عومەری شەهلا دەستمی خستە نێو پەنجەکانی و لێوی ماچ کردم و گوتی: ‹بۆچی زارت بۆنی خۆڵی لێ دێت؟ بۆنی مردوویێک، کە هێشتا دەستی لە ژیان بەرنەدابێت›. و پێکەنی و چاوێکی داگرت.

کشامە دواوە، بەڵام عومەری شەهلا توندتر ئامێزی لێ دام و پێکەنی، وەکو پڵنگێک، کە خۆی هەڵدابێتە سەر نێچیرەکەی.

سەرمام بوو. دەتگوت لە سەهۆڵاودا هەڵکێشراوم. هەستم دەکرد شتێک لە قورگمدا گیربووە و دەیەوێت دەربپەڕێت، بەڵام هەر زوو پەشیمان دەبووەوە و دەگەڕایەوە بنەبانی قورگمەوە. بەرچاوم سەیر ڕەشکەوپێشکەی دەکرد و تاڵاوێک هەموو زارمی پڕ کردبوو. پێم وایە شەو داهاتبوو، یان من ڕۆچووبوومە نێو تاریکییێکی چڕ و ئەنگوستەچاوەوە. عومەری

شەهلا گڵۆپی پێ کردەوە، کاتژمێرەکە لەسەر ژمارەی دوو وابزانم خەوی لێ کەوتبوو. ڕۆشناییەکە ئازاری چاومی دەدا. چاوم بە نیوەکراوەیی هێشتبوونەوە. عومەری شەهلا پشتی لە من بوو و هەر پێدەکەنی و شتێکی دەخواردەوە، کە پێم وایە ئاو بوو. بە خێرایی سەرم وەرسووڕاند؛ بە کەللە و چڕوچاوێک، کە دەتگوت چیدی هی من نین، یان هیچ کات هی من نەبووبن و من تازە بەوەم زانیبێت، نازانم!.

دایکم گوتی: ’زۆر خۆت پیشانی عومەری شەهلا مەدە!‘.

گوتم: ’بۆ؟‘.

گوتی: ’تۆ هەقت بەو شتانە نەبێت›.

گوتم: ’ئەگەر بانگی کردم؟ یان کاری پێم هەبوو؟‘.

دایکم گوتی: ’وەرە بە من بڵێ›.

عومەری شەهلا گوتی: ’هێشتا خەوتوویت؟‘.

هیچم نەگوت. عومەری شەهلا توند ڕوومەتی ماچ کردم و گوتی: ’چ واتایەکی هەیە، پیاو ژنەکەی خۆی لێی بترسێت؟‘.

توند چاوم نوقاندن، هەناسەم ڕاگرت و ئەو دووبارە گوتی: ’هێشتا هەر خەوتوویت؟ هەستە ئەم جلانە لەبەر، کە دەبێ بڕۆین›.

نەمدەویست چاوم بکەمەوە، بەڵام بە سیخورمەیەک، کە لە تەنیشتی دام بێ دەستی خۆم پێڵووم لەیەک جیابوونەوە و چاوم کرانەوە و ئەو لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

کراسێکی سووری خەت شین و پانتۆڕێکی کوڕانەی، کە دوو گیرفانی گەورەی لە پێشەوە و دواوە هەبوون، لە لای چەپم داندرابوون. هەڵمگرتن و بەر لەوەی عومەری شەهلا دیسان بەسەرمدا بنەڕێنێت و بێتەوە ژوور، کردمنەبەر. لە پێش ئاوینە ڕاوەستام و بۆ چەند چرکەیەک لەو دیمەنەی خۆم، کە تەواو بە کوڕان دەچووم ڕامام. گریام و زۆر زوو لەگەڵ وەڵامی سێیەمین هاواری عومەری شەهلا لە ژوورەکە چوومە دەر. فرمێسکەکانمم سڕین، بەرەو لای حەوشە چووم و سواری ئۆتۆمبێل بووم.

عومەری شەهلا بە شێوەیەک سەیری کردم و گوتی: 'ژن ئەوەندە خۆ لە مێردی خۆی ناترسێت، ئاوا، کە لە خۆ بچێت!›.

دەمویست بمرم، بەڵام نەمردم.

سەرمم داخست و بێدەنگ بووم، وەکو زۆربەی ئەو ڕۆژانەی، کە مەست دەبوو و هەرکە دەگەڕایەوە ماڵ، دایکم دەیبردمەوە ژووری و دەیگوت: 'دەنگت دەرنەیەت، لە ژووریش نەچیەدەر، تێگەیشتیت؟'.

من ئەو شەوە هەمووی لەبن پەتۆ دەمامەوە و هەموو گیانم شەلاڵی عارەقە دەبوو و تەواو لەپەلوپۆ دەکەوتم و بەیانییەکەی دایکم ناچار دەبوو بەخورتی هەشت جام ئاوم بداتێ و دەبایە بیانخۆمەوە و دواجار ئەو هەموو ئاوخواردنەوەیش دادی نەدەدام.

سەرم کەمێک هەڵبڕی و بێ گوێدانە نیگا ژێربەژێر و فیکە درێژەکانی عومەری شەهلا، کە مرۆڤیان دەهری دەکرد، هەموو زەینی خۆم خستە سەر ئەو کۆڵان و شەقامانەی، کە پێیاندا تێدەپەڕین و من تا ئەودەم شوێنی وا قەرەباڵغ و فراوانم نەبینیبوو و بۆ من تازە بوون. شەقامەکان گشتیان جیاواز و قەرەباڵغ بوون، هەر نەشدەبڕانەوە، لەم سەریان دەچوویتە ناو و لە سەرەکەی دی دەگەیشتیتە شەقامێکی دیکە.

شەقامەکان جمەیان دەهات، پڕ لە کەسانێک بوون، کە پێدەچوو بۆ کارێکی گرنگ لە ماڵێ هاتبنە دەر، هەڵبەتە دوو ئەوەندەش لە شەقامەکانی دیکەدا هەبوون، بەڵام هیچ کامیان وەک ئەو شەقامە نەبوون، کە ئۆتۆمبێلەکەی عومەری شەهلای لێ وەستابوو و پێیان دەگوت ژاڵە**.

عومەری شەهلا ئۆتۆمبێلەکەی لە نزیک مزگەوتێکدا ڕاگرت، کیسیەکی دایە دەستم و گوتی: 'ئەم گۆرەوییانە بگرە، فرۆشتنەکەیان زۆر گرنگ نییە بۆ من. تەنیا بڕۆ نێو مزگەوت و هەرچی، کە گوێت لێ بوو مووبەموو بۆ منیان بگێڕەوە!'.

سەرم بادا و گوتم: 'بۆ نموونە شتی وەکو چی؟'.

ڕێگەی ئەوەم هەبوو لە بەرامبەر خۆیدا قسە بکەم، بەڵام زۆر کەم، بۆیە ئاوا بە کورتی پرسیارم لێ کرد و ئەو گوتی:

'زەینت لەسەر جموجۆڵی ئەو سەربازانە بێت و بزانە چی دەڵێن›.

سەرم داخست و هیچم نەگوت. هیچیشم نەبوو بڵێم. زەینم لە جێگایەکی دووتر دەرگیری مشتومڕبوو لەگەڵ ڕاستیی خۆمدا، کە ئێستا ئیدی مردبوو و من هەرچی دەمکرد نەمدەتوانی ژیانی بەبەردا بکەمەوە و لە دەستی ئەو هەموو بارە قورسەی دەروونم دەربازیم بێت.

دەسکی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم گرتبوو، کە عومەری شەهلا لچکی کراسەکەمی ڕاکێشا و گوتی: 'من هەر لەم دەورووبەرانە دەخولێمەوە. نەچی بیر لە هەڵاتن بکەیتەوە!'.

«حەسەنی سمێڵ قیت ڕاستی دەکرد؛ خۆزگە بنیادەمیش وەکو وشتر کۆپانی هەبایە و من ئەگەر یەکێکم هەبایە بە دڵنیاییەوە تا ئێستا بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ و بۆ دەربازبوون لە دەستی عومەری شەهلا زۆر ئازایەتی و ئومێدەواریم خەزن کردبوو...».

عومەری شەهلا گوتی: 'بڕۆ خوارەوە›.

لە ئۆتۆمبێل دابەزیم. عومەری شەهلاش دابەزی. من بۆ لای مزگەوتەکە چووم و ئەو بایدایەوە لای پیاوێکی قەڵەو، کە لەوبەری شەقامەکە بە عەرەبانەیەک دۆندرمەی دەفرۆشت و لەسەر عارەبانەیەکی دیکەش دونیایەک شووتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەر یەک دانابوون و بەو چاوە ڕەش و

دەرپەڕیوانەیەوە، کە دەتگوت دوو پەنجەرەی گەورەی دارینی کراوەن، هەر سەیری منی دەکرد.

مزگەوتەکە زۆر گەورە بوو و گومبەزی هەبوو، دەرگاکانی گەورە بوون و جگە لە لێوارەکانی هەموو لایەکی سەوز بوو و دیوارەکانی کەرپووچی و زەرد و بە نووسینی عەرەبی ئاوەزێڕ و ڕەش ڕازێندرابوونەوە.

ناو مزگەوت قەرەباڵغ بوو، ڕێک وەکو دەرەوە. ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل بە هاوتەریبی دەهاتن و دەچوون. ژمارەیەکی زۆر ژن لەنێو حەوشە سەرقاڵی بەستەبەندیی هەندێک شت بوون، کە کەمێک بە دەرمان و خۆراک و شتومەکی خواردەمەنی دەچوون.

ئوتوبووسێکی سپی لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکە وەستابوو و چەند ئوتوبووسێکی دیکەش لە دوایەوە وەستابوون، خەڵکێکی زۆر لە نێویاندا دانیشتبوو، خۆیان و سەروکەللەی تاس، کڵاوی ڕۆخدار، جانتای گەورە و جلوبەرگی یەکدەست و یەکجۆری سەربازییەوە. بیرمە ئەو ڕۆژە هەنسکم دەدا و بە قورگی پڕ لە گریانەوە لەنێو ئوتوبووسەکاندا خولامەوە و لە ماوەی کەمتر لە یەک دوو کاتژمێردا دوو جین گۆرەویم فرۆشتن، بەڵام نەمتوانی شتێک لەبارەی جموجۆڵ و چالاکییان هەڵبکرێنم، تەنیا تێبینی ئەوەم کرد، کە ئۆپەراسیۆنیان هەیە و دەچنە بەرەکانی جەنگەوە.

کاتێک ئەمەم بە عومەری شەهلا گوت، تا هێزی تێدابوو شەقازللەیەکی لێ دام و گوتی: 'سەگباو! پێم گوتبوویت چاو و گوێت بکەوە. ئەم وڕێنانە بە کەڵکی من نایەن. تۆ دەبا بتزانیبا بۆ چ لایەک دەچن، ئۆپەراسیۆنەکەیان کەی دەست پێ دەکات و...'.

ژنێک لەوبەری شەقامەکە لەنێو ئۆتۆمبێلێکی ڕەشدا دانیشتبوو و سەیری منی دەکرد. عومەری شەهلا لەوبەری شەقامەکەوە بۆ لای من هات. بە دەستێکی گۆرەویی هەڵگرتبوون و ئاوا، کە بۆ ئەم لایە دەهات، پەنجەی دەستیی دیکەی بۆ لای کابرای قەڵەو درێژ کرد، کە عارەبانەیەک دۆندرمە و لە عارەبانەکەی دیکەی شووتی پێ بوون و خەڵکی خستبووە ژێر چاودێرییەوە.

عومەری شەهلا دەستێک گۆرەویی دیکەی پێ دام و گوتی: 'ئەم جارە باش هەستی خۆت ڕاگرە. شتی پووچم ناوێت! ئەگەر گۆرەویشت تەواو کردن، لەو پیاوەیان وەربگرە، دۆستە!'.

ئێستا ئیدی دایناسۆر گۆرەوییەکانی پێ دابووم و خۆی ڕۆیشتبوو و من خەریک بووم بە لچکی کراسەکەم فرمێسکەکانم دەسڕین. لەسەر سەکۆ چیمەنتۆییەکەی لای چەپی بەردەم مزگەوتەکە دانیشتبووم و لە دەستەکانی خۆم ڕامابووم، کە عارەقەیان کردبوو و دەلەرزین.

یەکێک گوتی: ‘ئاسۆ’.

سەرم بەرز کردەوە، بەڵام بێجگە لەو کابرا شووتیفرۆشەی، کە لەوبەری شەقامەکە تەماشای منی دەکرد و چاوی دەکوتان و دەستی لە هەوادا بادەدا، بە شێوەیەک، کە بیەوێت بڵێ، ”من هیچ کارە نیم“ و زمانی نەیدەهێنا، کەسی دیکە چاوی لەسەر من نەبوو.

ئوتوبووسەکان خەریک بوون یەک دوای یەک پڕ دەبوون، لە پێچی شەقامەکە ڕەت دەبوون و ئیدی تەواو، نەدەبیندران. هاتن و چوونی خەڵکیش بۆ نێو مزگەوتەکە کەم بووبووەوە و من هەروا لەسەر سەکۆ چیمەنتۆییەکەی بەردەم مزگەوت، وەکو سواڵکەرێکی تازیەبار دانیشتبووم.

ژنەکە لە ئۆتۆمبێل دابەزی. چەند پاکەتێکی گەورەی بە دەستەوە بوو و خەریک بوو بۆ لای مزگەوت دەهات. لەبەردەم دەرگای مزگەوتدا پاکەتەکانی دایە کابرایەکی کورتەبنە و خۆی لای من دانیشت.

دەستی بە سەریدا هێنام و گوتی: ‘ناوت چییە کوڕی باش؟’.

سەرم بە هێواشی بەرەو ڕووی وەرسووڕاند. چاوی قاوەیی و گەش بوون و پێستی پێدەچوو کەمێک لۆچییان تێکەوتبێت، وەکو مقەبایەکی تەنک، کە کەوتبێتە سەر ئاگر. لێوی بە لێوی دایکم دەچوون، بەڵام تۆنی دەنگی دڵبەری بە

بیر هێنامەوە.

دایە خەجێ گوتی: ’دەنگت مردووان زیندوو دەکاتەوە›.

دڵبەر پێکەنی و گوتی: ’خۆم بەر لە هەموو مردووەکانی جیهان مردووم!‘.

دایە خەجێ گوتی: ’لە کوێت ون کرد؟‘.

دڵبەر گوتی: ’کێ دەڵێی؟‘.

دایە خەجێ گوتی: ’خاوەنی ئەو دڵە دەڵێم، کە بە گەردنتەوە هەڵتواسیوە؟‘.

ئەم جارە دڵبەر هیچی نەگوت و گریا.

ژنەکە گوتی: ’لە کوێ ونت کردووە؟‘.

گوتم: ’کێ؟‘.

ژنەکە گوتی: ’ئـەو گۆرەوییانە دەڵێم، کە بە هۆیانەوە لێدانت خوارد›.

لێ من سەرمم داخست و بێدەنگ بووم.

ژنەکە گوتی: ‹ناوت چییە کوڕی باش؟›.

سەرم هێشتا داخستبوو. نەدەبا قسە بکەم. عومەری شەهلا بە فەرمانێکی خوائاسایانە قسەکردنی لێ قەدەغە کردبووم، مەگەر تەنیا لە بەردەم خۆیدا دەنا بۆم نەبوو قسە بکەم. جگە لەوە ئەو زمانە سێیەمەشم ئەوەندە باش نەبوو، کە تازە فێری بووبووم و قسەشم کردبا لەجیاتی تێبگەیەنم زیاتر سەرم لێ تێک دەدا. سەرم هەڵبڕی و بە جووڵەی دەست تێمگەیاند، کە

ناتوانم بدوێم.

ژنەکە گوتی: 'بۆچی؟'.

من سەرم داخست و بێدەنگ بووم و ئەو چەند وردە کاغەزی لە پێشم دانان و گوتی: 'وەرە، من هەموو گۆرەوییەکانت لێ دەکڕم!'.

دەبایە خۆشحاڵ بم، بەڵام نەبووم و گۆرەوییەکانم دانە ژنەکە و چەند وردە کاغەزم لێ وەرگرتن و خستمنە گیرفانم. گیرفانەکانم گەورە بوون و جێی پارەی فرۆشی ساڵێک، تەنانەت زۆرتری گۆرەویی ژنانە و پیاوانەیان تێدا دەبووەوە، بەڵام لەو هاوینە گەرم و تاقەتپڕووکێنەی ساڵی ١٩٨٩دا، هیچ کات دەستە سڕ و گۆدبووەکانم جێیان لەو گیرفانانەم نەبووەوە.

خۆر بە تاقی ئاسمانەوە گیربووبوو و بڕیاری دابوو مرۆڤ بخنکێنێت. نزیکەی نیوەڕۆ بوو. ئەو ژنە هێشتا لە تەک ئۆتۆمبێلەکە وەستابوو و هەر سەیری منی دەکرد و منیش لە ترسی عومەری شەهلا، کە سێبەرەکەی زووتر لە خۆی دەگەیشتە سەرم، خەریک بوو خۆم تەڕ بکەم، بەڵام تەڕم نەکرد. کابرای شووتیفرۆش لەوبەری شەقامەکە هاتە ئەمبەرە و چەند جووت گۆرەویی دیکەی دامێ و گوتی: 'بگرە. ئەم جارە خۆت وەرە گۆرەوییەکان ببە. کاک ڕەفیق پێی گوتوم هەموویانت پێکەوە نەدەمێ'.

کابرای شووتیفرۆش تەژەیەکی** قەڵەو و چاوزەق بوو و لێوی وەک ئەوەی تازە ئاوی خواردبێتەوە تەڕ بوون. قیت و قۆز دەڕۆیشت و ورگی بۆ ناوەوە دەبردەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ورگی هەڵدەبەزییەوە و دەنگی دەهات.

گۆرەوییەکانم وەرگرتن و سەرم لەبەر خۆم نایەوە. کابرای شووتیفرۆش چووەوە ئەوبەری شەقام و من پاڵم بە دیواری مزگەوتەکەوە دا و لە گۆرەوییەکان نز بوومەوە، کە لە دە جووت زیاتر نەبوون و هەموویان مۆر بوون.

کۆڵان کشومات بوو و شەقامیش هەروا. بێدەنگیی وەکو کەتیرەیەکی تیر بە قیڕ و بەردڕێژەکانەوە نووسابوو. سێبەری پشیلەیەک لەسەر دیواری مزگەوتەکە هەڵبەزدابەزی بوو و سرتەسرتی چەند ژنێک لە گۆشەی لای ڕاستی حەوشەکە بەرگوێ دەکەوت. کەمێک دواتر دەنگی مەلابانگدان بەرز بووەوە و یەکسەر کۆڵان و شەقامەکە جووڵەی تێکەوت و پڕ بوو لە سێبەری ئەو کەسانەی، کە بە خێرایی بەرەو مزگەوت دەچوون، بەڵام سێبەری عومەری شەهلا لەنێو هیچ یەک لە سێبەرەکاندا نەبوو، یان هەبوو و من ئیدی نەمدەبینی. ئێستا ئیدی خۆم تەڕ کردبوو. تەڕیی پانتۆڕەکەم ئەزیەتی دەدام؛ لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە بەرگەگرتنی چارەیەکم نەبوو. شەرمەندە و خەجاڵەت سەرم لەبەر خۆم نایەوە و تا درەنگانی شەو لەوێ لەسەر قاچێک مامەوە. کابرای شووتیفرۆش و ئەو

ژنەش مانەوە. وەک ئەوەی ئەوانیش خۆیان تەڕ کردبێت، لە ترسی چ کەسێک، نازانم. نازانم بۆچی هێشتا هەر لەوێ بوون، ڕەنگە بۆ سووسەکاریش هاتبنە ئەوێ، یان کارێکی لەو چەشنە، تەواو نازانم ڕەنگە... بەڵام هەر سێکمان بە دەستی خاڵییەوە گەڕاینەوە ماڵ، بەو جیاوازییەی، کە کەس بە هۆی کۆنەکردنەوەی زانیاری لێپێچینیەوەی لەگەڵ ئەواندا نەدەکرد، بەڵام من لێدانێکی تەواوم بە دەستی عومەری شەهلا خوارد، ئەو شەوە و چەند شەوی دواتریش...

***

## ١٠

چەند هەنگاوێک لە مزگەوت دوور کەوتمەوە. بڕیارم دابوو ڕابکەم، چۆن و بۆ کوێ، نازانم. تەنیا دەبا پێشتر هەموو شتێکم بە وردی هەڵسەنگاندبا و زەینی ئەو پیاوە قەڵەوەی، کە بەرامبەر مزگەوت بە عارەبانەیەک دۆندرمەی دەفرۆشت و بە عارەبانەیەکی دیکەش دونیایەک شووتی بە ڕێکی لەسەر یەک کەڵەکە کردبوون و زەق زەق منی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، پەرت بکەم، چۆن، ئەوەشم نەدەزانی!. ڕەنگە بمتوانیبا داوای یارمەتیی لەو ژنە بکەم، کە لە تەک ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە وەستابوو، بەڵام ڕاستیت بووێت لەو ژنەش دڵنیا نەبووم و...

سەرم وەرسووڕاند. هیچ کەس لە شەقامەکە زەینی لە من نەبوو. تا دەرفەت بوو دەبوا لەوێ بڕۆم، جا بۆ هەر لایەک بێت. بۆ هەر لایەک، کە عومەری شەهلای لێ نەبێت، بەڵام کوێ؟ نەدەکرا، نەمدەتوانی، من خۆ کۆپانم نەبوو تا سوود لەو ئازایەتییە وەربگرم، کە پێشتر دامکردبێت و بە دڵنیاییەوە

هەنگاو هەڵێنم و دوور بکەومەوە، دوور و دوورتــر... بۆ هەر لایەک دەچووم دەنگی عومەری شەهلا لەنێو سەرمدا هورەهوڕی بوو و بۆ دواوەی دەگێڕامەوە. بۆ دواوە گەڕامەوە. کابرای شووتیفرۆش خەریک بوو ڕای دەکردە لای من. باڵندەکان دانی زۆربەی ئارەزووەکانیان خواردبووم و لەسەر دووڕیانێکدا بە جێ مابووم، کە عومەری شەهلا بۆی دروست کردبووم. هەر کاتێک بمویستبا قاچم کەمێک بخەمە ئەو دیوی، عومەری شەهلا بە قاچە درێژەکانی بیرەکانمی دەفلیقاندەوە و نەمدەتوانی لە جێی خۆم بجووڵێم و... نەجووڵام، لەو شوێنەی لێی بووم ڕاوەستام. کابرای شووتیفرۆش دەستی خستبووە سەر شانم و دەیگوت: ’بۆ کوێ؟‘.

سەرم هەڵبڕی وگوتم: ’توالێت...‘ و زمانم گیرا.

کابرای شووتیفرۆش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە خاترجەمییەوە گوتی: ’توالێت لەوێ نییە‘ و دەستی بۆ لای مزگەوت درێژ کرد و گوتی، کە دەبێ بچمە نێو مزگەوتەوە و...

گوتم: نە، ئیدی پێویستم پێی نییە›.

بەڵام کابرای شووتیفرۆش لێم کەوتە گومان و ترساندمی. دەستێکی بە ڕوومەتمدا هێنا، پێکەنی و گوتی: ’لە من مەترسە›.

ترسابووم و بە ترسەوە چاوم بڕیبووە ئەو ژنەی، کە لەوبەری شەقامەکە بانگی کابرای شووتیفرۆشی دەکرد و

بە خێرایی دەهاتە ئەمبەرە و دەستی ڕادەوەشاند و من پێم وابوو، کە ئەویش هەر دەبێ سیخوڕی عومەری شەهلا بێت.

لە بەردەم مزگەوتدا دانیشتم و هەردوو دەستم خستنە نێو گیرفانی پانتۆڕەکەم و پەنجەکانمم قوچاندن.

ماریا خانم بە نیگەرانییەوە لە تەنیشتمەوە دانیشت و گوتی: ‹دەبێ ئەو خەوڕۆیشتنەت چارەسەر بکەین›.

سەرم داخست و هیچم نەگوت. پێشان تەنیا بە شەوان دەڕۆیشتم، ئێستا نیوەڕۆیانیشی هاتبووە سەر و خوا دەزانێت جگە لە ماریا خانم چ کەسانێکی دیکەش لەوە ئاگادار بوون!.

عومەری شەهلا بە توندی سەری بە دیواردا دام و قژی ڕاکێشام و گوتی: ‹حەرامزادە! بەم وەختەی شەوە بۆ کوێ دەچوویت؟›.

چاوم کردنەوە و بە واقوڕماوییەوە لە ڕوخساری عومەری شەهلا، کە پێلەقەی دووەمـی هەڵێنابوو لە کەلەکەم بدات، ڕامام. هێشتا وڕ و کاس بووم، هێشتا تەواو تێنەدەگەیشتم بۆچی لێم دەدات. چاوی لەژێر ڕووناکیی زەردباوی گلۆپەکە بەسەر ڕوخسارمدا خوشین و گەیشتنە نووکی پەنجەی پێم و دیسان دیمەنەکە لە نوێوە دووبارە بووەوە. دەستم دانایە سەر کەلەکەم و بە پچڕپچڕییەوە گوتم: ‹ببوورە...›.

بـەڵام ئـەو پێلەقەیەکی توندتری بە کەلەکەمدا دا و بە جۆرێک لە ژوورەکە چووە دەرەوە، وەک ئەوەی بۆ کارێکی

گرنگ بانگیان کردبێت. چاوم بە هەر چوار لای ژوورەکەدا گێڕا. هیچ کاتژمێرێک بە دیوارەوە نەبوو. شێوەی ژوورەکەش لەگەڵ شەوانی دیکە جیاواز بوو، بەڵام هێشتا هەر تاریک بوو، یان ڕەنگبێت بەر چاوی من تاریک بووبن و من وام هەست کردبێت، نازانم!.

لە پێش پەنجەرە دانیشتم. دەستێکم بە سەرمەوە گرتبوو و دەستەکەی دیکەم، کە بیرم نایەت دەستی چەپم بوو، یان هی ڕاست، توند دانابووە سەر سکم، کە لەبەر ئازاری زۆر پرزەی لێ بڕیبووم.

ماریا خانم گوتی: ’خۆشت دەتزانی، کە بە شـەوان لە خەودا دەڕۆیت؟‘.

ویستم بڵێم: ’هەواسی لانەوازیش پێی گوتووم، بەڵام وشە وەکو تامی گەزۆ بە پاتی زمانمەوە نووسابوون و نەمدەتوانی هیچ بڵێم›.

ماریا خانم دەستی خستە ژێر چەناگەم و کەمێک بەرزی کردەوە و گوتی: ’تۆ چتە؟ لە شتێک دەترسیت؟‘.

لە چاوی، کە ماندوویێتییان لێ دەباری ڕامام و گوتم: ”نە›.

ماریا خانم گوتی: ’نیگەران مەبە! منیش سەردەمانێک بە شەوان لە خەودا دەڕۆیشتم، بەڵام ئێستا نا، ئەو دەمەی، کە زۆر گەنجتر بووم›.

ڕووم وەرسووڕاند و بە تاسەوە گوتم: ’ئێستا ئیدی نایڕۆیت؟‘.

ماریا خانم گوتی: ’ئێستا نە؛ بۆیە دەڵێم دەبێ ئەو شەوڕۆیشتنەت چارەسەر بکەین‘.

دایکم گوتی: ’فەرموو وەرە ژووری. لەوێیە! کچەکەمە، ئاسۆ‘.

ژنەکە لە لای ڕاستی ژوورەکە پاڵی بە چەند بالیفێکەوە دا و گوتی: ’جامە ئاوێکی گەورە و چەند دانە کلۆشەکر و کەمێک خەڵووز و توێکڵی هێلکەی کوڵاو بێنن و...›.

دایکم چوو شتەکان بێنێت و من لە چاوی ژنەکە، کە دەتگوت چاوی قەلەڕەشن ڕامام. دایکم گوتی: ‹فەرموو ئەمەش ئاو و...›.

ژنەکە پێنج جگی خستنە نێو جامی ئاوەکە و گوتی: ’وەرە پێش کچە جوان، سەیری ناو جامی ئاوەکە بکە و هەرچی من گوتم بە دوای مندا دووبارەی بکەوە‘ و دوو کلۆقەندی خستنە نێو ئاوەکە.

دوو شتی وەک بڵێی دوو چاوی بریقەدار بن لە قوڕگی ژنەکە گیر بووبوون و من هەرچی دەمکرد نەمدەتوانی چاویان لەسەر هەڵبگرم.

ژنەکە توند کێشای بە پشتەسەرمدا و گوتی: ’هۆشت لە کوێیە؟ سەیری نێو ئاوەکە بکە‘.

سەیری نێو ئاوەکەم کرد. کەمتر لە چەند چرکەیەک، شتێکی وەک دوو پەڵەی بچوک لەنێو ئاوەکە کەوتنە هەڵەکەسەما و من لە ترسان چاوم داخستن.

ژنەکە گوتی: ’زریـان خانم، پیاوێک هەنگاو بە هەنگاو بەدوایەوەیە›.

دایکم گوتی: ‹هەواسی لانـەوازە، خۆم دەزانم. نەک هەر وازی لێ ناهێنێت! دوا جار بەڵایەکیشی بەسەر دێنێت›.

ژنەکە گوتی: ’پێم وانییە. بە هەواسی لانــەواز ناچێت. تەواوێک لەو قەبەتر و قەڵەوترە‘.

دایکم کێشای بە پشتەدەستیدا و گوتی: ’دەی باشە، ئێستا دەبێ چ بکەین؟‘.

ژنەکە گوتی: ’هیچ نیگەران مەبن. هەزار ساڵی ڕەبەق لەنێو شووشەیەکدا زیندانیی دەکەم. ناتوانێت هیچ بکات تا...‘.

لەپڕ ئەو دوو پەڵەیە بوونە دوو بیچم و لە چاوی چەپی هەردووکیاندا خوێن دەتکا و چاوی ڕاستیشیان خەوتبوو.

دایکم گوتی: ’بیسمیللا!‘.

ژنەکە زارکی جامی ئاوەکەی بە پەڕۆیەکی ڕەش داپۆشی و گوتی: ’هەڵەم کرد، نەدەبوو بهاتبام! ببوورن زریان خانم، ئیدی من هیچم لە دەست نایەت›.

سێبەری پیاوێکی باڵابەرز کەوتبووە سەر چوارچێوەی پەنجەرە و بە جووڵەجووڵ کورت دەبوو و درێژ دەبووەوە

و ڕۆشنایی ژوورەکەی دەدزی و دەیدایەوە. چاوی ڕاستی خەوتبوو و چاوی چەپی زەق زەق بوو. سێبەری بە عومەری شەهلا نەدەچوو، دەنگیشی هەروا. هەستام چوومە پێش پەنجەرە و ڕاوەستام. لەوسەری حەوشە، کە تاکە گۆشەی بینینم بوو ڕامام. لەژێر لێوەوە گوتم: ‹بیسمیللا!› و سێبەری کابراکە دووبارە بەر دیوارەکە کەوت و هەر زووش بزر بوو.

دەنگێک لە دەرەوەڕا کەشی نێو ژوورەکەی پڕ دەکرد؛ شێوە ئاخاوتنی سەیروسەمەرە و ناڕێک، کە تا ئەوکات لە هیچ شوێنێک شتی وام نەبیستبوو. ئەژنۆم دەلەرزین و لەنێو سەرمدا دەتگوت چل ژن خەریکن چل کەلەقەند دەشکێنن، ورد و خێرا. ئازار بەنێو هەموو گیانمدا دەگەڕا. هەڵوەستەیەکی دەکرد و وامدەزانی تەواو بووە، ڕێک لەو کاتەدا بە عەرزیدا دەدام و قەلێک لەنێو قژمدا دەیدایە باڵەفڕکە و دەیگوت: ‹مەرگ›.

دەستم خستنە سەر قاچم، پاڵم بە دیوارەوە دا و لەسەر ئەو مافوورە کۆنە دەستچنەی نێوکەوی ژوورەکە دانیشتم. سرتەیەکی گڕی پیاوانە گوتی: ‹سبەی دەبێ کارەکە تەواو بکەیت›.

دەنگێکی دیکە، کە نازانم کێ بوو و کەمێک لە دەنگەکەی پێشتر گڕتر و زبرتر بوو، لە وەڵامدا گوتی: ‹کاری هەموویان تەواوە ئیدی. من بۆ خۆم هەر سبەینێ دەگەڕێمەوە عێراق.

هیچ پێم خۆش نییە بۆ تیرەی یاجووج و ماجووج ببمە پەیامبەری عەشق و ئومێد›.

یەکێک گوتی: ’باشترە هەموومان بچین کەمێک پشوو بدەین، درەنگە›.

عومەری شەهلا گوتی: ’شتێک دەخۆن بۆتان بێنم؟‘.

هەموویان پێکەوە گوتیان: ’نە›.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ’دایناسۆرەکانیش مێژووی بەسەرچوونیان هەیە›.

عومەری شەهلا گوتی: ’بۆ نموونە چەند؟‘.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ’پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە، کە لێیان دەترسن›.

ئەمەی گوت و سەیری دایکمی کرد و من دەمزانی مەبەستی عومەری شەهلایە، هەڵبەت عومەری شەهلاش ئەمەی باش دەزانی.

عومەری شەهلا گوتی: ’حەسەن، هێندە مەخوێنەوە! مێشکت تێکچووە ها!‘.

حەسەنی سمێڵ قیت ڕۆژنامەیەکی لەبن باڵی دەرکێشا و گوتی: ’لە جیهانێکدا، کە هەمووی هەر جەنگە، مرۆڤ تەنیا پێڕادەگات ڕۆژنامە بخوێنێتەوە›.

عومەری شەهلا جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند و سووتووەکەی فڕێ دایە سەر ڕۆژنامەکە و گوتی: ’مرۆڤ

تەنیا دەبێ بیر لە پارە بکاتەوە، پارە و هیچی دیکە نا. هیچ شتێک لە پارە گرنگتر نییە›.

نازانم حەسەنی سمێڵ قیت ئەو شەوە بۆ بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت.

سرتە و چپەچپ ڕۆچووبووە نێو بێدەنگییەوە، ئەمە تاکەی، نازانم! حاڵم هیچ باش نەبوو. نەمدەتوانی لە شوێنی خۆمدا تەکان بخۆم. دەتگوت کەوتوومەتە نێو لانکێک و یەکێک خێرا خێرا ڕامدەژەنێت و ناوەستێت. دەرگای ژوورەکە کرایەوە، ڕۆشناییێک بە شێنەیی لە ژوورەکەی دەدا و من زوو چاوم داخستن و هەر چەندی عومەری شەهلا دەستی بەنێو قژمدا هێنا، جنێوی دا و سۆتەکی جگەرەکەی بە دەموچاومدا کرد، نەجوولام.

من پێشتر کەسانێکی زۆرم کوشتبوو، بەڵام تەنیا لە مێشکی خۆمدا و ئەمە هیچ پەیوەندی بە دونیای دەرەوەی منەوە نەبوو، بەڵام بریا پەیوەندی هەبایە و بمتوانیایە عومەری شەهلا بکوژم و لەنێوی ببەم، وام کوشتبا وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبێت، لێ نەمدەتوانی، نەدەکرا...

ماریا خانم دەستی بەنێو قژمدا هێنا و گوتی: ‹لە کەیەکەوە ئاوا لە خەودا دەڕۆیت؟›.

چاوم هەڵێنان و لەو وردە کوریشکانەی، کە لە مەودای دیاریکراودا لە گۆشەی چاویدا دروست بووبوون، ڕامام و

گوتم: 'من لێرە چ دەکەم؟'.

پیاوێک لەولاتر لە ڕۆخ دەرگای مزگەوت وەستابوو و سەیری ئێمەی دەکرد. چەکمەی ڕەشی لە پێ بوون و چەکمەکانی هەمووی قوڕاوی بوون، پێدەچوو دەرلینگی شەلوارەکەی کەمێک دڕابێت.

ماریا خانم گوتی: 'ئەو پیاوە دەربازی کردی. خەریک بوو بکەویتە ژێر ئۆتۆمبێلەوە!›.

سەرم بۆ لای پیاوەکە وەرسووڕاند و ئەو نیگای لێ دزیمەوە و من هەر بیرم دەکردەوە، کە ئەو پیاوەم پێشتر لە کوێ بینیوە و نازانم بۆ ئەو ڕۆژەم بیر کەوتەوە، کە تۆفیقی چاوشووشە تاکە پێڵاوێکی تێگرتم و گوتی: 'تف لە خۆت و عومەری شەهلا!' و من تا گەڕەکی شێخ قادر یەکبێن ڕامکرد و ئێستاش هەر هەناسەبڕکێی ئەو ڕاکردنە زۆرەملێیەم.

خاتوونێکی بەنێو ساڵان کەوتوو، عەبایەکی ڕەشی لە خۆی پێچابوو لە دەرگای مزگەوتەکە هاتە دەر، بە هەر چوار دەوری خۆیدا ڕوانی و بە گورگەلۆقە بۆ لای ئێمە هات و گوتی: 'سڵاو خاتوو میرابی، ئەوە دەڕۆیت؟ حاجی خانم موەدەت کاری پێتە...'.

ماریا خانم سەری هەژاند و گوتی: 'تۆ فەرموو. منیش دێمەوە خزمەتتان›.

ماریا خانم دەستی گوشیم و گوتی: 'ئەگەر پێت خۆش بێت، لەگەڵ مندا وەرە ژوورەوە›.

بە ئەسپایی چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا و گوتم: 'نە، من هەر لێرە دەمێنمەوە›.

ماریا خانم گوتی: 'کەواتە تۆ فراوینت بخۆ تا من دەگەڕێمەوە›.

هێشتا هەنگاوی یەکەمی هەڵنەهێنابوو. دەنگم هەڵبڕی و گوتم: ‹خاتوون، زۆر سوپاس›.

ماریا خانم ئاوڕی دایەوە و گوتی: 'تۆ خەڵکی کوێیت؟'، نازانم بۆ گوتم: 'کەرکووک'. و ماریا خانم هیچ بەلایەوە سەیر نەبوو.

ماریا خانم بە هێمنییەوە گوتی: 'ماریا، بە ماریا بانگم بکە...' و بڕۆ نێو مزگەوتەوە.

هێشتا پارووی یەکەمم نەخستبووە دەممەوە، کە عومەری شەهلا نەڕاندی: 'پەلە بکە، هەزار کارم هەیە›. چاوم بە نێو ژوورەکەدا گێڕا. هیچ هەواڵێک لەو سیبەرانە نەبوو. هیچ دەنگێک لە هیچماڵێکدا نەدەهات، وەک ئەوەی هەر نەبن وابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبووم خۆم بە شێت دابنێم. شەو ئەو کەسانە لە حەوشەی ماڵەکەدا بوون، دەنگیانم بە ڕوونی وەکو هاوار و نەڕەنەڕی عومەری شەهلا بیستبوو و... لانی کەم ئەوە شتێکە، کە لێی دڵنیام!.

عومەری شەهلا دووبارە نەڕاندی: ’زووبە، ئەوە خەریکی چیت؟‘.

بە پەلە بەرەو دەرگای حەوشە ڕام کرد، بۆ لای عومەری شەهلا، کە لەنێو دەرگا وەستابوو و سمێڵی کشت دەکرد و دەیگوت: ’دوێنێ شەو دەتویست بچیە کوێ حەرامزادە؟‘.

سەرم داخست، دەستم دانایە سەر سکم و هیچم نەگوت.

عومەری شەهلا گوتی: ‹دڵنیابە چارەت دەکەم! جارێ بەڕێ بکەوە›.

ئۆتۆمبێلەکەی عومەری شەهلا لە حەوشە نەبوو و تا مزگەوت بە پێیان ڕۆیشتین. سەرم دەسووڕا و چاوم ڕەشکەپێشکەی دەکرد. وەک دیار بوو مزگەوت لەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین زۆر دوور نەبوو. لانی کەم نزیکتر لەو کاتەی، کە بە ئۆتۆمبێل دەهاتین. لە پێچی کۆڵانی شەشەم چووینە سەر شەقامێکی لاوەکی و پێچمان کردەوە و عومەری شەهلا دوو دەرزەن گۆرەوی دایە دەستم و گوتی: ‹کۆتایی ئەم شەقامە دەگاتەوە مزگەوت. زۆر وریابە، بە دەستبەتاڵی نەگەڕێیتەوە ماڵ، تێگەیشتیت؟›.

گۆرەوییەکانم لێ وەرگرت و گوتم: ’سەرچاو!‘.

سەرم داخست و لە پێچی شەقامەکە تێپەڕیم، بەڵام پێم وایە عومەری شەهلا هەر لەوێ بە جێ ما. وابزانم لە لاوە چاودێریی دەکردم، بەڵکو واش نەبێت، چاوەڕێی کەسێک

بووبێت، کە من زۆر باشم دەناسی، بە تەواوی نازانم، ڕەنگە واش نەبێت!

ماریا خانم دەستی دانایە سەر شانم و گوتی: 'تۆ خۆ هێشتا هیچت نەخواردووە؟'.

بیری سێوەرم دەکرد، بیری دایکم، بیری هەواسی لانەواز، کە ئەو شەوە نەگەڕایەوە ماڵ و دایناسۆر منی قووت دا و توانی لەنێو ورگی خۆیدا هەرسم بکات، ئەویش ئاوا بە خەیاڵی ئاسوودە... گریان قوڕگی گرتبووم. کەتبوومە نێو تۆڕی غوربەت، تۆڕی عومەری شەهلا. پێم خۆش بوو بگەڕێمەوە ماڵ و هەموو کۆڵانەکانی شار لەگەڵ سێوەر لێک بدەم و دواتر دایکم لە گەڕەکی قاوەچییان تا کۆڵانی خۆمان بخەمە پێکەنین و پێم بڵێ، "ئاسۆ، تۆ مایەی دڵخۆشیی منی» و منیش نازی بەسەردا بکەم، بەڵام ئەمە هەر تەنیا ئارەزوویێک بوو، ئارەزوویێکی دوور و مەحاڵ، کە تەنیا چیرۆکەکان دەیانتوانی باڵی لێ بڕوێنن و هەڵیبفڕێنن.

ماریا خانم ژێر چەناگەی گرتم و گوتی: 'ئەوە تۆ دەگریت؟ پیاو خۆ ناگرییێت›.

دەستم خستە سەر تەرۆکی چەپم، کە دوێنێ شەو عومەری شەهلا پێلەقەی لێ دا و هێشتاش هەر دەئێشا و گوتم: 'بەڵام من خۆ پیاو نیم!'.

ماریا خانم گوتی: 'وردە وردە دەبیتە پیاو!'.

سەرم داخست و هیچم نەگوت.

ماریا خانم گوتی: ‹ڕێکەوت وا کەوتەوە، کە ئێمە لەگەڵ یەکدا ئاشنا بین›.

بەڵام من وام بیر نەدەکردەوە. هەرچەندە باوەڕم بە شانس و چارەنووس و زۆر شتی لەو جۆرە هێنابوو، کەچی پێدەچوو شتێکی گەورەتر لە شانس و چارەنووس، ماریا خانم و منی ئاشنای یەکدی کردبێت؛ ڕەنگە سیمام بە سیمای نەوەکەی بچێت، کە چووبووە بەرەکانی جەنگ و لە وێنەیەکی سێ بە چوار و جووتێک چەکمە زیاتری بۆ بەجێ نەمابوو، ڕەنگە واش نەبێ، نازانم...

حەزم دەکرد لەگەڵ ماریا خانمدا بدوێم، لەبارەی ڕووداوەکانی دوێنێ شەو و هەموو ئەو شەو و ڕۆژانەی پێشتریش، بەڵام دڵەڕاوکێ ڕێی پێ دەگۆڕیم و هەموو جارێک کەڵبە تیژ و هۆڤناکەکانی ترس، وێنەی عومەری شەهلایان دەهێنایەوە بەر چاوم و بە بیری دەهێنامەوە، کە دایکم مردووە و عومەری شەهلا مسۆگەر لە شوێنێک بە گیرم دەهێنێت و کەوڵم دەکات.

شەویلاگم گرژ بووبوون، وەک بڵێی شتێک نیگای بەو دوو دەرزەن گۆرەوییە قورمیش کردبم، کە عومەری شەهلا پێیدابووم و هێشتا یەکێکم لێ نەفرۆشتبوون. بە لەز ڕابووم و بە شەلە شەل بەرەو لای چەند پیاوێک چووم، کە لەوسەری

کۆڵانێکی تەنگەبەردا هاتبوونە نێو شەقامەکە و لە سەر و سەکۆتیان دیار بوو باری داراییان باشە و گوتم: ’بەڕێزان، گۆرەویی باشم هەن، تکایە دانەیەکی بکڕن‘.

پیاوێکیان، کە باڵای لەوەی دووەم کورتتر بوو و ورگیشی وەکو چاوی تەواوێک دەرپەڕیبوو و پێدەکەنی، گوتی: ’بە چەند؟‘.

گوتم: ’چی بە چەند؟‘.

کابرا پێکەنی و گوتی: ’ئەی بابە! گیانی کەسابەت لە تۆدا نییە ها... گۆرەوییان دەڵێم!‘.

دەستم بە سەرمم داهێنا و گوتم: ’هەرچەندی لە دەستتان دەبێتەوە‘.

گیانی کەسابەت لە مندا هەبوو، باشیش هەبوو، خۆ ئەگەر نەبایە، لەو ماوە کورتەدا ئەو هەموو گۆرەوییانەم پێ نەدەفرۆشران. خەریک بووم تەواو شارەزا دەبووم، پێویستیی کارەکەم بوو دەبا فێری ببم، هەرچەند کوڕبوون، بوێریی ئەنجامدانی زۆر کار بە مرۆڤ دەبەخشێت و ئەمەش بەهرەیەکی تایبەت بوو بۆ من...

کابرا دەستی بردە گیرفانە گەورەکانی و گوتی: ’بێنە هەر تەنیا جووتێکم دەوێت‘.

دوو تمەنییێکم لێ وەرگرت و جووتە گۆرەوییێکم دایێ و دیسان کیسەڵئاسا گەڕامەوە لای دەرگای مزگەوت.

باران نەبارییبوو، بەڵام عەرد تەڕبوو و قاچم لەو نێو ئاوەدا تەڕ دەبوون و دەخلیسکام. دایکم دەستی گرتم و گوتی: ’ئاسۆ، ڕاکە، سەیری قاچەکانت مەکە‹.

سەرم بەرز کردەوە و گوتم: ’دایە ناتوانم ڕابکەم‹.

دایکم گوتی: ’وەرە بە کۆڵ هەڵتگرم. ئەگەر لێرە بمێنیەوە مەرگ چاوت دەردێنێت!‘.

لە دایکمم ڕامابووم و نەمدەزانی ئەو دەڕوانێتە کوێ و بیر لە کێ دەکاتەوە. لە مێشکی مندا ئەو حەوت مانگ بوو دووگیان بوو، لە عومەری شەهلا دەترسا، هەر ڕای دەکرد، دەگریا و ...

لە سێ کۆڵانی ئەولاترەوە بۆنی شیری کوڵاو دەهات. پیاوێک بە شێنەیی خەریکبوو بۆ لای من ڕای دەکرد و لەپڕ لە سەری کۆڵانێک، کە دەنگی حەپەحەپی سەگێک دەهات، ون بوو. ماتۆڕێک بە خێرایی بە تەنیشتمدا ڕەت بوو و گەڕایەوە و من هەرچی هەوڵم دا، کە ڕابکەم، نەمتوانی. ماریا خانم هاواری کرد: ’وریابە!‘ و هەستا.

ژنێکی ڕەقەڵەی لاواز دەستی گرتم و ڕایکێشامە لای خۆی. ماتۆڕەکە سووڕایەوە و بۆی دەرچوو. ژنەکە دەستی گوشیم و گوتی: ’سوپاس بۆ خوا، بە خێر تێپەڕی! زیاتر وریای خۆت بە ڕۆڵە گیان‘ و پاشان عەباکەی کۆکردەوە و لە خۆی وەرپێچا و ڕۆیشت.

هــەوا وەکــو گورگێکی بــرسـی ڕاوی تـاریـکـی دەنـا. دەوروبــەری مزگەوت هەروا چۆڵ بوو. شنەبایەکی نەرمی دەهات و تینوێتیی گەرمای نیوەڕۆی قووت دەدا. هێشتا هیچ هەواڵێک لە عومەری شەهلا نەبوو، بەڵام ئەو پیاوە قەڵەوە هێشتا هۆش و زەینی هەر لای من بوو.

خاتوو ماریا بەرەو لای من ڕای کرد. دەستێکی لە ئاستی شان و سەریدا ڕادەوەشاند و لەژێر لێوەوە شتێکی دەگوت، شتێک، کە تێگەیشتنی بۆ من کەمێک سەخت بوو، بەڵام لەبەر ئازار ڕەنگم شین هەڵگەڕابوو، قاچم دەیانتریواند و نووکی پەنجەی دەستم گۆد بووبوون. ماریا خانم دەستی دانابووە سەر شانم و بۆ لای مزگەوتی دەبردم. چراکان یەک دوای یەک دادەگیرسێندران و شەقام نوقمی نێو ڕۆشنایی کزی گلۆپی دارتێلەکان دەبوو. هەندێک بە هەنگاوی خێرا و هەندێکی دیکە بە هێواشی و لارە لار، لە شەقامەکە بەرەو ماڵ دەبوونەوە.

ماریا خانم گوتی: ‹کوڕی خاس، کەسێک هەیە بە دواتدا بێت؟›.

سەیرێکی ئەوسەری شەقامم کرد وگوتم: ’بەڵێ›.

ماریا خانم گوتی: ’کێ؟‘.

من نەمزانی بۆ گوتم: ’نازانم›.

ماریا خانم گوتی: ’ئێ باشە، تا دێنە دوات بڕۆ نێو مزگەوت. درەنگە و منیش دەبێ بڕۆم شەو ڕاکشاوە و...›.

چەند وشەیەکی دوایی بە ڕوونی تێنەگەیشتم، هەڵبەت زۆریش گرنگ نەبوو، چونکە سبەینێش دووبارە دەمبینییەوە و لێم دەپرسی.

ماریا خانم هەستا و ڕۆیشت و من لەبەر سکئێشە خۆم هەڵدایە حەوشەی مزگەوتەکە و بەرەو توالێت چووم. حەوشەی مزگەوت ڕووناک بوو و چەند پیاوێکی زەبەلاح زەبەلاحی سمێڵ ئەستوور لە دەوری حەوزێکی گەورە لەسەر چیچکان دانیشتبوون و دەستنوێژیان هەڵدەگرت. سەماوەرێک لە تەنیشت دەرگای مزگەوت داندرابوو و گیزەگیزی دەهات و لەگەڵ هەر گیزەگیز و خۆتەکاندانێکدا ماندوێتیی خۆی بە هەوادا فوو دەکرد و کابرایەک لێکلێکە ئاوی لە گەرۆمەی** دەکرد. سێبەرئاسا بە تەنیشتیاندا ڕەت بووم، چەند ساتێک دواتر، کە گەڕامەوە هیچ کەس لەوێ نەمابوو. چراکانی نێو مزگەوت هێشتا هەر ڕۆشن بوون، بەڵام هەموو شتێک لە شەقامدا وەکو گیاندارێکی نیوەگیان ڕۆچووبووە نێوخۆی. قاچم دەلەرزین، چاوم ڕەشکەپێشکەیان دەکرد و دڵتێکهەڵچوون ئەمانی لێ هەڵگرتبووم و هێشتا عومەری شەهلا لەهیچ شوێنێک دیار نەبوو و ئەو پیاوە قەڵەوە شووتیفرۆشەش لەوێ نەمابوو. وابزانم ئەم چەند خولەکەی، کە لێرە نەبووم، عومەری شەهلا هاتووە و خوا خۆی دەزانێت بەهۆی ئەو گۆرەوییانەی، کە نەمفرۆشتبوون و ئەو ماوە کەمەی دیار

نەمابووم، بڕیارە چ بەڵایەکم بەسەر بێنێت.

لە پێش دەرگای مزگەوتدا دانیشتم. هەموو شوێنێک تاریک بوو، تاکوتەرا گلۆپەکانی ئەوسەری شەقام دادەییسان. ترس و تۆقین لە سەروکەللەی ئەو باڵەخانە بڵندانەی ئەوبەر و ئەمبەری شەقامەکە دەتکایە نێو گیانم، نێو قژ و جلەکانم، خێرا خێرا... ویستم ڕابکەم و لەو شەقامە و لە دەست عومەری شەهلا و کابرا شووتیفرۆشەکە، کە دڵنیام بەم درەنگانەی شەو خەوتووە، خۆم دەرباز بکەم. لەناکاو ژنێک لە دەرگای پشتەوەی مزگەوت هاتە دەر. توند دەستی گرتم و گوتی: 'وەرە با بچینە نێو مزگەوت. لێرە هەوا ساردە. ڕەنگە کارێکی بۆ هاتبێتە پێش' و من ئەم جارەش نەمتوانی ڕابکەم. عومەری شەهلا بەو هەموو دەمامکە جیاجیایانەی، کە هەیبوون، لە هەموو جێگایەکدا ئاشنای تایبەتی هەبوون، تەنانەت لە مزگەوتیشدا. من وام هەست کرد، کە ئەو ژنەش وەکو ئەوانی دیکە سیخوڕی عومەری شەهلا بێت.

هاوین بوو، بەڵام سەرمای شەوانی ئێرە، سەیر بە سەرمای زستانەکانی هەڵەبجە دەچوو. چەند جار بە ئەسپایی سەیری سەرێ و خوارێی مزگەوتم کرد و کەمێک دواتر چوومە ژوورەوە. کاتژمێر لە دوو و نیوی شەوی ڕەت دابوو و هێشتا عومەری شەهلا لە چ کونان دیار نەبوو. لە خوار قەفەسەیەک، کە پڕی کتێب بوو، ڕاکشام. خەوم نەدەهات،

بەڵام پێڵووم قورس بوون. چاوم داخستن و لە دڵی خۆمدا ’وە ئین یەکادو‘م خوێند. بێدەنگی گسکی لەو نێوە دەدا و تاریکی ڕۆچووبووە ناخی مرۆڤەوە.

ژنێک لە سووچێکی مزگەوتدا نوێژی دەکرد، ڕووی کردبووە لایەک، هەر دەبێ ڕووگە بووبێت.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ’ڕوو لە هەر لایەک نوێژ بکەیت قبوڵە›.

دایکم گوتی: ’نابێت نا! نوێژ هەر دەبێ ڕوو لە ڕووگە بکرێت›.

حەسەنی سمێڵ قیت گوتی: ’خوا لە هەموو شوێنێکە و ڕووگە لە ناخی مرۆڤەکاندایە، عەرەبستان و عێراق و کوەیتیشی نییە›.

دایکم پێکەنی و عومەری شەهلا مۆڕەیەکی لە هەر سێکمان کرد؛ من و دایکم و حەسەنی سمێڵ قیت، کە لە هەموو جێیەک بوو و ئێستا ئیدی لە هیچ جێیەک نییە. من ئێستا بە دوای ڕووگەیەکدا دەگەڕام، کە لە ناو دڵمدا بوو، هەرچی بۆی دەگەڕام نەمدەدۆزییەوە.

ژنەی تاین عەباکەی خۆی پێدا دام و خۆیشی هەر لەوێ لە تەنیشتمدا ڕاکشا و نووست. نازانم تا کەی لە دڵی خۆمدا ’وە ئین یەکادو‘م خوێندبوو و فووم بە هەوادا کردبوو، کە ژنەکە گوتی: ’بنوو. هەموو شتێک چاک دەبێ‘ و من چاوم

داخستن، لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەمزانی هیچ شتێک چاک نابێت، هەوڵم دا بخەوم و...

سەربازەکە گوتی: ’ناتەوێت لە وێنەکەدا دەربچیت؟‘.

پێکەنیم و گوتم: ’با، بۆ نا؟‘.

سەربازەکە گوتی: ’ئەی ئەم چپەچپەت لە چییە ئاسۆ؟ وەرە دەی!‘.

ڕامکردە لای و باپیرە هات و دەستی گرتم. ئاوڕم دایەوە و تیشکێک دای لە چاوم.

ماریا خانم گوتی: ’هەستە! بۆ لێرە خەوتوویت؟‘.

بۆنی ئسپەند** دەهات، بۆنی ماسییەکانی ڕووباری سیروان و قەنەفڵەکانی گەردنی دایکم. ڕۆشناییێکی چڕ دای لە چاوم و ناچار بووم دەست بە چاومەوە بگرم.

ماریا خانم گوتی: ‹هەستە ئیدی!›.

هەستام. مزگەوت قەرەباڵغ بوو، زۆر قەرەباڵغ. چاوم هەڵگلۆفین و گوتم: ’چی بووە؟‘.

ماریا خانم پێکەنی، ڕوومەتی ماچ کردم و گوتی: ’جەنگ کۆتایی هات!‘ و من پێکەنیم و لە دڵی خۆمدا بۆ دایکم گریام، بۆ دڵبەر و بۆ هەموو ئەو مردووانەی، کە هێشتا هەر لە بیرم بوون.

لێ خۆ ئەمە کۆتایی ڕووداوەکە نەبوو؛ ئەمەیان بە دڵنیاییەوە دەتوانم بە تۆ بڵێم، هەر وەک چۆن بە ماریا خانمم

گوت. ڕاستیی ڕووداوەکە ئەوە بوو، کە عومەری شەهلا ون بووبوو، هەر وەک ئەوەی کەسایەتیی چیرۆکێک ون دەبێت، هەڵبەت ڕاستەقینەتر. من لەبارەی ونبوونی عومەری شەهلا نیگەران نیم. ترسی من لەوەدایە، کە عومەری شەهلا هاتبێتە لای تۆ و بیەوێت خەونەکانی منداڵیت لێ بدزێت و خەونی دەستکرد و پەرێشانیان لە جێ دابنێت، بە جۆرێک، کە تۆ هەرگیز نەتوانی چارەسەریان بکەیت. هەڵبەت منیش توانای چارەسەرکردنیانم نییە؛ لەبەر ئەوەیە، کە بۆ چارەسەرکردنیان لەگەڵ ماریا خانمدا دەچمە فەرەنسا. بێگومان ئەمە دۆخێکی کاتییە. بۆی هەیە خەونەکانم هەرگیز چارەسەر نەبن. بۆی هەیە من، یان ماریا خانم لە شارێک، شەقامێک، کوڵانێک ون ببین، بۆی هەیە لە فەرەنساشدا جەنگێک هەڵبگیرسێت و هیچ کات نەچینە ئەوێ، یان یەکێکمان بە هۆی شکانی قاچی چەپمانەوە بمرین، یان لە خۆشحاڵیدا دڵمان بوەستێت و...

***

پێشتر لە چەند بەشێکدا قسەم لەگەڵدا کردوویت، بەڵام هێشتا ڕاستییم پێ نەگوتوویت، لانی کەم هەموو ڕاستییەکە؛ هەرچەندە هێشتا پێم وایە زووە، کە لەگەڵ تارمایی عومەری شەهلا ئاشنا ببیت.. دەترسم خەونەکانت تامی چارەڕەشی بگرن و سێبەرت بۆ سەرزەمینێک دوور بخرێتەوە، کە هەر هەشت هەزار ساڵ تەنیا جارێک لۆرییێکی گەورە و ڕەنگ

خۆڵەمێشیی پێدا تێدەپەڕێت، ئەویش بۆ بردن و هەڵڕشتنی کەسانێکی زیندوو، بردن و زیندەبەچاڵکردنیان لە چاڵی گەورە، زۆر گەورە و شوفێری هەر هەموویان بە مسۆگەرییەوە سوورکەڵەی کڵاو لەسەرن، مەستن و ناوی هەمووشیان عومەری شەهلایە.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دیکەی وەرگێڕ

١-لیبرالیزم و دیموکراسی، نۆربێرتۆ بۆبیۆ
٢-چیرۆک و چیرۆکنووس، مەنسووری یاقووتی
٣-تایبەتمەندییەکانی کادیر و ڕۆڵی حزب لە پێگەیاندنیدا، (نووسین و ئامادەکردن)
٤-سەلاحەدینی ئەیووبی، یان کورد لە میسر، جۆرجی زێدان
٥-کۆمەڵی مەدەنی- ئازادی، ئابووری و سیاسەت، مووسا غەنی نەژاد
٦-ئانارشیزم، دکتۆر مستەفا ڕەحیمی
٧-ناسیۆنالیزم، ڕیچارد جێی
٨-دیموکراسی لە ڕووی مێژوویی و تیۆرییەوە، ئانتۆنی ئاربلاستەر
٩-ناسیۆنالیزم، فرێد هالیدای
١٠-سەمای مەرگ، بوزورگی عەلەوی
١١-گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ، زوهرە میر تاهیر
١٢-ئاشنابوون بە هیگڵ، پۆلستراتێرن
١٣-ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، پۆل ستراتیرن
١٤-سپێدان ئێرە ئارامە، بۆریس ڤاسیلیڤ، بە هاوبەشی لەگەڵ زرار جۆلا

١٥–یاداشتەکانی ڕۆژانی تەنیایی، گابریل گارسیا مارکیز
١٦–دوو سەدە بێدەنگی، عەبدولحوسەینی زەرینکوب، بە هاوبەشی لەگەڵ مووسا مەمەدەڕەش
١٧–بنچینەکانی فیدرالیزم، ئەسەدوڵلای ئەلەم
١٨–ئاشنابوون بە ئەرستۆ، پۆل ستراتێرن
١٩–محەمەدی قازی کێیە و چیی کردووە، سەید عەلی ساڵحی
٢٠–باشترین هۆنراوەکانی نیچە، کۆکردنەوەی شوجاعەدینی شەفا
٢١–سەرکەوتنی بیر، ئۆرایزن سویت ماردن
٢٢–مرۆڤ و ئاژەڵ، سادقی هیدایەت
٢٣–ئاشانبوون بە دێکارت، پۆل ستراتێرن
٢٤–بڕوانە فورات خوێناوییە، یەشار کەمال
٢٥–ئاوخواردنەوەی مێرووولە، یەشار کەمال
٢٦–کەڵەشێرەکانی بەرەبەیان، یەشار کەمال
٢٧–چیرۆکەکانی شکسپیر، چارلز لام و مێری لام
٢٨–دێو دێو!، بوزورگی عەلەوی
٢٩–تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، عەلیڕەزا سەمیعی وعەبدولکەریم سالکی
٣٠–بەردی سەبووری، سادقی چوبەک

***

ئامادەی چاپ:

١–جەمبەلی کوڕێ میرێ هەکاریان، ئیحسان جۆلەمێرگی، گۆڕین بۆ پیتی (ئارامی)

٢-ڕێگای بێ سەرەنجام، سیروان خەسرەوزادە
٣-سمکۆی شکاک و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ڕزگار بەرفروخت
٤-ماڵی ئیدریسییەکان، غەزالە عەلیزادە

***

**قوربانیی**

**ژماره**

**٢٥٦**